## ١/١) كۆزمانەوانی:

زمان، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بنەمای دروستبونی کۆمەڵە. کۆمەڵێکی بێزمان لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا نادۆزرێتەوە. (کۆمەڵ، کاریگەریی لەسەر زمان هەیە و زمانیش کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ هەیە) (جولیت گارمادی:١٩٩٠ :٢٨)، چونکە رەگی زمان لەناو بنیادی کۆمەڵایەتیدایە و لە کلتوری کۆمەڵ جیانابێتەوە. لەهەر کۆمەڵێکدا کۆمەڵە بنەمایەك هەن پێیان دەوترێ (یاسا)، کۆمەڵی بنەمای تر هەن پێیان دەوترێ (نەریت). هەردوجۆر بنەماکان دەربارەی چۆنیەتیی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵن [عبد على سلمان:١٩٨٥ :٥٩ (لوسی میر)]. واتە بەپێی یاسا و نەریتەکان، کۆمەڵ چۆن دەڕوانێتە ڕەفتارەکانی تاك و بەپێچەوانەشەوە. ئەوەی لێرەدا تەوەری باسکردنە، رەفتاری زمانییە، چونکە سنوری کۆزمانەوانی بەکارهێنانەکانی زمان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەکارهێنانەیە. بە دەربڕینێکی تر کۆزمانەوانی، گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتیی زمان دەدات، واتە کارکردنە لەسەر ئەو یاساو بنەماو پێوانانە کە رەفتاری زمانی بەڕێوەدەبەن. لە دیدی سۆسێرەوە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دروستکەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لە ژێر دەسەڵاتی کەسدانییە، بەڵکو کەسەکان لەژێر دەسەڵاتی زماندان. بەم پێیە زمان دیاردەیەکی تاکگەرایی و کۆمەڵایەتیشە، چونکە هەمو تاکێك بۆ پەیوەندیکردن بەتاکەکانی ترەوە، وەك بەشێك لەیادگەی تایبەتی خۆی، بەکاریدەهێنێت (لطفي بوقربة:٢٠٠٣ : محاضرات فى اللسانيات الإجتماعية). زمان یادگەو بۆتە و چێوەی بیری کۆمەڵە، کۆمەڵ ئەزمون و شارەزاییی خۆی لە زماندا ئەمباردەکات بەمەبەستی گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتو (جولیت گارمادی:١٩٩٠ :٢٨) . کۆزمانەوانی، ئەو لقەزانستییەیە کە لەپەیوەندی و کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە، کۆمەڵیش لەکۆی سەرجەم تاکەکانی پێکدێت، کەهەریەکەیان بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییان، تاڕادەیەك، لەسەر پێکهاتەی ئەو سیستەمە هەیە و بەپێچەوانەشەوە، سیستەمی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر تاکەکانی هەیە. (گەوهەری مرۆڤ، لە زمان و هەستیاری و ژیانی کۆمەڵایەتیدایە)(هادی نهر:١٩٨٨ :٩).

زمان، راستترین لاپەڕەی مێژوی گەلان تۆمار دەکات و رەنگدانەوەی باری ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریی کۆمەڵە. هەرگۆڕانێك لەئاستەکانی بیرو شارستانییەت و ئابوری و کلتوری کۆمەڵدا روبدات؛ لەزماندا رەنگدانەوەی دەبێت. پەیوەندیی نێوان دیاردە زمانی و کۆمەڵایەتییەکانیش بابەتێکی نوێ نییە. قوڵبونەوە بەناو دەربرین و زاراوەو ئیدیەمەکانی هەر زمانێك، زۆر لایەنی شاراوە و تاریکی کۆمەڵەکە ڕوندەکاتەوە، چونکە لەسەرەتای دروستبونی زمان و کۆمەڵەوە کارلێك لەنێوان زمان و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڕێژەیەکی ئەوتۆ کە هەمو دیاردەکۆمەڵایەتی و روداومێژویی و ڕۆژە ناهەموار و پرشنگدارەکانی هەر کۆمەڵێك، لەزمانیدا تۆمار کراون، تەنانەت ئاستی هۆشیاری و بنەما کلتورییەکانی کۆمەڵ لەزماندا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە(هەمو زمانێك، بەئەمانەتەوە، چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئەو گەلە دەخاتەڕو کەقسەی پێدەکات)[هادی نهر:١٩٨٨ :٢٨(محمد الحناش)].

لایەنێکی تری کاری کۆزمانەوانی، پەیوەندیی ڕۆنانی زمانە بە پێکهاتەی کۆمەڵەوە، واتە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ چۆن لە ڕۆنانی زمانەکەدا رەنگدەدەنەوە، چونکە وەکو پێشتر باسکرا کارلێکی بەهێز لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە و وۆرف پێیوایە ( زمان رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵە بەهەمو کێشە پەیوەندیدارەکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان و بەشداریشە لە دروستکردنی ئەو واقیعەدا و سەرچاوەیەکە لە

سەرچاوەكانی دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی، چونكە پەیوەستییەكی بەهێزی بە سیستەمی بەها و كلتوری كۆمەڵەوە هەیە) (لطفي بوقربة:٢٠٠٣). هەروەها (دۆنلاب) لەهەمان روانگەوە سەیری زمان دەكات. بەبۆچونی ئەو(لێكۆڵینەوە لە بنیادی زمانی كۆمەڵێك، لێكۆڵینەوەیە لە شێوەو چۆنیەتیی بیركردنەوەیان، چەمكەكانیان سیمای جیاكەرەوەو هەڵقوڵاو و زادەی بیركردنەوەیانن (حاتم صالح الضامن : ١٩٨٩: ١٤٣). هەروەها لە تێڕوانینی وۆرف دا زمان، تەنیا هۆكارێكی دەبڕینی بیر نییە، بەڵكو زمان بیرەكانیش دروست دەكات، ئێمە بەگوێرەی دابەشكردنە زمانییەكانمان دەوروبەرمان پۆلین دەكەین. (شارستانییەت و نۆڕم و بیروباوەڕ و لایەنە هزرییەكان و رۆشنبیری و جیهانبینیی كۆمەڵ و لایەنە كۆمەڵایەتییەكان، كاریگەرییان لەسەر زمان هەیە)(علي عبدالواحد وافي:١٩٧١ :٩)، زمانیش رۆڵی لە گۆڕینی هەر یەكێكیاندا هەیە. سوسێر دەڵێ: زمان، لەشێوەی فەرهەنگێكدا لە مێشكی قسەپێكەرانیدا وێنە كێشراوە و بەسەریاندا دابەشكراوە، بەشێوەیەك هەمو وێنەكان (نسخة) لەیەكدەچن، واتە شتێكە لای هەمو كەسەكان هەیەو لە نێوانیاندا هاوبەشە، بەبێ ویستی خۆیان دانراوە (لطفي بوقربة:٢٠٠٣). بەدەربڕینێكی تر ئاخێوەرانی زمانێك وەكو یەك قسەدەكەن و بیركردنەوەشیان لەیەكەوە نزیكە، چونكە لە فەرهەنگی مێشكیاندا هاوبەشن و لەیەكدەچن. جیاوازیی ئاخاوتنی چین و توێژەكانیش بۆ جیاوازیی ئابوری و كۆمەڵایەتی و كلتوری دەگەڕێتەوە ، ماریۆ پای دەڵێت (زمان بەپێی چینی ئاخێوەرانی دەگۆڕێت) (حاتم صالح الضامن :١٩٨٩ :٣٨). سروشتی كۆمەڵی مرۆڤایەتی لەسەر جۆراوجۆریی كێشەو دژیەكی دامەزراوە. بەبۆچونی سوسێر زمانیش وەك هەر دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی، رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە و لە دو بواردا ئەو گۆڕانگاری و جۆراوجۆرییە دەنوێنێ :

١. بواری كات و شوێن : ئەو لایەنەیە كە جیاوازیی زمانی و جۆراوجۆریی زارەكان، بە كاریگەریی كات و شوێن دەردەخات .
٢. بواری جۆراوجۆریی كۆمەڵایەتی : هەمو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە كە پەیوەندییان بە سیستەمی كۆمەڵایەتی و چین و توێژو گروپە جیاوازەكانەوە هەیە (لطفي بوقربة:٢٠٠٣).

مرۆڤ بونەوەرێكی خاوەنزمان و بیركەرەوە و داهێنەرە و بەسروشتی خۆی كۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوە لەكۆمەڵدا دەژی و لەژێر كاریگەریی كۆمەڵدایە. (بیركردنەوە، بەژیان و مرۆڤەوە پەیوەستە و كاریگەریی لەسەر رەفتارو پەیوەندییەكانی ترهەیە. بیركردنەوەی كۆمەڵایەتیش ئەو سیما گشتییانە دەگرێتەوە كە لە شێوازی بیركردنەوەی كۆمەڵدا رەنگدەدەنەوە و پەیوەندیی نێوان تاكەكان و ژینگە كۆمەڵایەتییەكە رێكدەخات) [ بەهار زایر محمد : ٢٢ (نبیل عبدالمجید: ٥)] .

لێرەدا پێویست باس لەدوو ئەركی گرنگی زمان بكرێت :

١-١/١ ) ئـەركـی كـۆمـەڵایـەتـی :

زمان بنەماو ئامرازێكی سەرەكیی بنیادنان و تێكدانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە. بەهێزی و لاوازیی پەیوەندییەكانیش بنچینەی رادەی یەكگرتوییی ئەندامانی كۆمەڵە. واتا پەرتەوازەیی و یەكگرتویی لە كۆمەڵدا بە چۆنیەتیی پەیوەندییەكۆمەڵایەتییەكانەوە پەیوەستە. لەلایەكی ترەوە ئەركی كۆمەڵایەتیی زمان، بەهەمو توخمە پێكهێنەكانی كۆمەڵەوە بەندە، لەبەر ئەوە ناكرێ لەدەرەوەی زماندا باس لە ئایین و نەژادو ناسنامە بكەین.

زمان، گەیەنەرو وروژێنەری هەستە، دەربڕینی گونجاومان بۆ دەربڕینیان پێدەبەخشێت. لەلایەکی تریشەوە رەفتاری تاك بەمەبەستی گونجانی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵدا رێکدەخات، جگە لەوەی ئامرازێکی کاریگەرە لە ئاخاوتن و گۆرانی و نوسین و... هتد دا بۆیە پێویستییەکی سەرەکیی کۆمەڵە. هەر بەهۆی زمانیشەوە مرۆڤ لەکۆمەڵدا شوێنی خۆی دەکاتەوە، یان وادەکات پەراوێز بخرێت.

## ١/١-٢ ) ئـەرکـی هـزری :

هزر، سیمایەکی جیاکەرەوەی سەرەکیی مرۆڤ و بونەوەرانی ترە. دەوروبەر سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هزر و بیرەکانی مرۆڤ. هەروەها کلتوریش بەرهەمی هزری مرۆڤە و(پێکهاتەیەکی گشتیی لێکدراو و ئاڵۆزە، کە زانیاری و بیروباوەڕ و هونەر و رەوشت و دابونەریت و هەمو تواناکانی تر دەگرێتەوە کە مرۆڤ وەك ئەندامێك لە کۆمەڵەوە فێریان دەبێت) (موفق ویسی: ١٩٨٩ : ١٩).زمان ئامرازێکی جیهانییە بۆ لەیەکترگەیشتن، هەروەها دیاردەیەکی کلتورییە و بنەمای گشت چالاکییەکی کلتوریشە، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ بەیەکەوەی پەیوەستکردون، بەڕێژەیەك کە ئاڵۆزترین پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە و زمان هەڵگری کلتورە. (ئەو کلتورەی کە زمان هەڵگریەتی، بەری و کۆشش و ئەزمون و شێوازی ژیانی هەزاران ساڵی نەوەکانی ئاخێوەری ئەو زمانەیە(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩ :٦١). واتا زمان، رەنگدانەوە و بەرهەمی هزر و کلتورو رۆشنبیریی ئەو کۆمەڵەیە کە قسەی پێدەکەن. بە دەربڕینێکی تر، زمان رەگەزێکی کلتورە و نەوەکانی هەر کۆمەڵێکیش بەزمان پەروەردە دەکرێن، لەرێگەی زمانیشەوە هزری کۆمەڵیان بۆ دەگوازرێتەوە و چەمکی تریشیان لا دروستدەبێت.

## ٢/١) تاکـگـەرایی و هـەڵـکـردن (گـونـجـان):

پێویستە لێرەدا ئـەوە بڵێین کـە (تاکگـەرایی) لەگـەڵ چـەمکی (ئـازادیی تـاك) دا یەکدەگرێتـەوە. (ئـازادی، بریتییە لـە دەرچـون لەهەندێك سیستەم و پیادەکردن و ڕێزگرتنـی هەندێکی تریـان؛ واتـا ئـازادی ڕەهـا نییـە، بەڵکو ڕێژەییە، بۆیە نابێت هیچ کەسێك لەڕەفتارەکانیدا ڕەها بێت ) (برتراند ڕسل:٢٠٠٦ : ١١٣ – ١١٤). (چەمکی تاك، بەشێوەیەکی واقیعی و هەستپێکراو، تەنیا بۆچونێکی فەلسەفی و تیۆریی نییە، بەڵکو لەئەنجامی گۆڕانە ئابوری و کۆمـەڵایەتییە گشتگیرەکاندا خۆی وەك راستییەکی سـەلمێنراو بەسـەر هزردا سـەپاندووە) (سربست نبی: ٢٠١٠ :١٠٨).

رەفتـاری تـاك، بەرهـەمی هەڵکەوتـەی ژینگەکـەی و بـارودۆخی دەوروبـەری و پێکهاتـەی کەسـێتیی خۆیەتی (رمضان محمد القذافی ـ عبدالسلام بشیر الدویبي : ٢٠١٠ :١٨٠). (هەمو پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیری و هونەری و داهێنانێك، پشت بە تاکە خاوەن بەهرەکان دەبەستێت کە چالاکییەکانیان لـەڕابردودا و تائێستاش بـەردەوام هۆکـارێکی یەکلاکـەرەوە بـووە بـۆ گواسـتنەوەی مرۆڤایـەتی لەوپـەری دواکەوتوییـەوە بـۆ شارسـتانییەت)(برتراند رسل: ٢٠٠٦: ٤٧ – ٤٨). تـاك، لـە هەرکۆمەڵێکدا، خـاوەنی هەنـدێ تایبەتمەنـدیی خۆیەتی، کە لە پێویستی و ئارەزو و خولیاو رەفتارەکانیدا هەوڵی جێبەجێکردن و تێرکردنیـان دەدات. هەنـدێ لەو تایبەتییانە دەشێ لەگەڵ یاساو نەریتە کۆمـەڵایەتییـەکانی کۆمەڵدا یەکنەگرنـەوە و هەندێکیشیان کۆك بن. لێرەدا کێشەی هەڵکردن یان گونجان و نـەگونجانی تاکـەکان دێتـە ئـاراوە. هەنـدێکیان ئـەو تایبەتییانـەی خۆیـان

دەچەپێنن و هەندێکیان دور لەچاوی کۆمەڵەوە پەیڕەویان دەکەن و هەندێکیشیان بەئاشکرا ڕوبەڕوی نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە، ئەوانیش بەزۆری توشی بەرەنگاری و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵ دەبنەوە ( نەبونی داهێنانی تاکەکەس، لەهەر کۆمەڵێکدا، دەبێتە هۆی چەقگیری و چەقبەستوییی کۆمەڵ)(برتراند رسل: ٢٠٠٦ : ٩٣ ). ( جگە لە پێویستییە بایۆلۆجییەکان، کە ژیان دەپارێزن و پاڵنەر و بزوێنەری دۆزینەوە و داهێنانن، زۆربەی پێویستییەکانمان لە کۆمەڵەوە فێردەبین، کە لە کلتورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن. مرۆڤ، لەگەڵ ئەندامانی خێزان و هۆز و کلتورەکەیدا لەیەکدەچن، چونکە لە گروپی کۆمەڵایەتیدا پەروەدە و گەورە دەبێت ) (سونیا هانت ـ جنیڤر هیلتن:١٩٨٨: ٥٣). لەم پرۆسەیەدا، زمان، ڕۆلی سەرەکی دەبینێ لە گونجان یا نەگونجان یان بەرەنگاری یا قبوڵکردنی رەفتارەکان بەرەفتاری زمانیشەوە .

تاك(منداڵ)، لەڕێگەی تێکەڵبون لەگەڵ کەسانی تر و لاسایی و ڕۆڵبینینەوە، کلتوری کۆمەڵەکەی وەردەگرێت، بۆ بنیادنانی ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییانەی کەسێتیی خۆی، بەجۆرێك کەبتوانێت شایانی رەزامەندیی کۆمەڵایەتیی ژینگەکەی بێت. واتا لەپێناوی بون بەئەندام لەکۆمەڵێکدا؛ پێویستە تاك بەپێی ئەویاسایانە رەفتاربکات کە کۆمەڵەکە دایناون. لەبەرئەوە ئەو کەسانەی لە ژینگەی خێزانیی جیاوازدا پەروەردە بون، تایبەتمەندیی خۆیان لە کەسێتی و بەها و دابونەریت و رەفتار و ئاراستە جیاوازەکاندا هەیە (رمضان محمد القذافی ـ عبدالسلام بشير الدويبي :٢٠١٠ :١٨٠).

پراگماتیکییەکان پێیانوایە کە مرۆڤ هەڵگری بیری ئەفرێنەرە و دروستکەر و جێبەجێکەری کاریشە، هەروەها بونەوەرێکی بایۆلۆجیی ـ کۆمەڵایەتییە، وەڵامدانەوەی بۆ وروژێنەرە بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :١١٤)، واتا بونەوەرێکە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لەهەمان کاتدا لەژێر کاریگەریی کۆمەڵدایە. (مرۆڤ، ئەگەرچی بەسروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەهەمان کاتیشدا تاکڕەوە و حەز بەتاکڕەوی دەکات، بۆیە دەشێت پاڵنەرە تاکڕەوییەکانی بۆ کۆمەڵ بەسود بن و زیانبەخشیش بن) (برتراند ڕسل:٢٠٠٦ :١١٥).

تاکەکانی کۆمەڵ، لە ژیانی رۆژانەیاندا، پێویستیان بەکۆمەڵێ یاسا هەیە کە پەیوەندییەکانی نێوانیان رێکبخات بەمەبەستی یەکسانبونیان و پێویستیان بە ڕێنمایی هەیە بۆ چۆنیەتیی رێکخستنی پەیوەندییەکانیان، تابتوانن کام رەفتار گونجاو و پێویستە پەیڕەوی بکەن، تا لە کۆمەڵدا پەسەند بکرێن. بۆ نمونە رەفتارەکانی ژن و پیاو چ وەك هاوسەر، چ وەك دایك و باوك (عبد علی سلمان:١٩٨٥ :٩٨).

تاکەکانی هەر کۆمەڵێك، لەسەر چەندین بنەما و یاسا، بۆ پەیوەندیکردن، رێککەوتون و پەیڕەویان دەکەن. (بەشێوەیەکی گشتی، تاك، دوو جۆر یاسای بەسەردادەسەپێ و پێویستە پابەند بێت پێیانەوە، جۆرێکیان یاسا نوسراوە فەرمییەکانی دەسەڵاتەو جۆرەکەی تریشییان یاسا کۆمەڵایەتی و نەریتەکانی کۆمەڵن کە زۆربەیان نەنوسراون ) (عبد علی سلمان:١٩٨٥ :٩٨) و بەگشتی بەرهەمی بیری مرۆڤن.

تاك، گرنگی و تایبەتیی خۆی لە کۆمەڵدا هەیە، چونکە کۆمەڵ لە سەرجەم تاکەکانی پێکدێت بەسەرجەم تێڕوانین و بۆچونە جیاوازەکانیەوە. هەستکردن بە ئەندامێتی لە کۆمەڵدا پرۆسەیەکی دو رەهەندییە؛ رەهەندێکی تاك و رەهەندێکی کۆمەڵ. بەدەربڕینێکی تر تاك تا چ ڕادەیەك خۆی بە ئەندامی کۆمەڵەکە دەزانێت و بەهای خۆی چۆن دەبینێت و چۆن دەڕوانێتە کۆمەڵەکەی. ڕەهەندەکەی تریشی، کۆمەڵ چۆن دەڕوانێتە تاکەکە و بەهای ئەو تاکە بەبەراورد لەگەڵ تاکەکانی تردا چۆنە و پلەی ئەندامێتییەکەی لە چ ئاستێك دایە. ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەمن کە بەتەواوی لەگەڵ دابونەریتەکانی کلتوری خۆیاندا کۆك بن

و بسازێن (سۆنیا هانت ـ جنیڤر هیلتن:١٩٨٨: ٥٣ ). دەخوازێت پێویستییەکانی تاك دابین بکرێت تا تاکێتیی خۆی لە کۆمەڵدا لە دەست نەدات، بە پێچەوانەوە(تاکێتیی خۆی لە دەست بدات) سیمای جیاوازی لەگەڵ تاکی کۆمەڵێکی تردا نامێنێ ( کاروان عمر قادر :٢٠١٣: ). هەرگیز مرۆڤ لەکۆمەڵێکدا بەختەوەر نابێت کە تیایدا ڕێگا بە ئازادیی کار و بیرکردنەوە نەدرێت( برتراند ڕسل:٢٠٠٦ : ١١٦). ئامرازێکی یەکجار گرنگ و کاریگەر بۆ بنیادنانی ناسنامەی تاك و دروستکردنی رای خەڵك یان ئەندامانی تری کۆمەڵ لەسەر تاك، چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانە( Joanna Thorn:2004: 158). مرۆییەکان پێیانوایە کە مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشیارە، بەئازادی بڕیاری هەڵبژاردنەکانی دەدات و هیواو ئارەزووەکانی لەناخی خۆیدا پەرەپێدەدات و بەپێوەری بەهاکانی، ئامانجێك لەئامانجێکی تر بەگرنگتر دادەنێت. هەروەها دان بەئەرك و بەرپرسیارێتییە ڕەوشتییەکاندا دەنێت و بەگوێرەی یاساکان بڕیار دەدات و نرخی جوانییەکان دەزانێت و بەدوای راستیدا دەگەڕێت (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩: ٦٦).

لێرەدا پێویستە دو چەمکی سەربەم بابەتە رون بکرێنەوە، کە خۆپەرستی و گونجانن:

## ١-٢/١ ) خۆپەرستی : الانانية - Egotism :

واتا حەزکردن بەهێنانەدیی بەرژەوەندییە خودییەکان. ئەم ئارەزوە دەبێتە بنەماو پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی هەندێ رەفتار بۆ پاراستن یا بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کەسییەکان (رمضان محمد القذافی ـ عبدالسلام بشیر الدویبی: ٢٠١٠ :١٩١). هەندێك جار ئەو خەسڵەتە لەتاکدا بەڕێژەیەك چڕدەبێتەوە، لەپێناو بەرژەوەندییە خودییەکانیدا پشت لەبەرژەوەندیی گشتی دەکات و کەسێکی هەلپەرست دەردەچێت، کە سیمایەکی ناپەسەندە.

## ٢-٢/١ ) گونجان :

ئەو کردە کۆمەڵایەتییەیە کەتیایدا ڕێککەوتنێك لەسەر پێویستی و ئارەزوەکان لەنێوان تاك و کۆمەڵدا پەیڕەو دەکرێت، بەشێوەیەك بتوانن بەیەکەوە بژین و بواری باشتری کارو ژیانیان بۆ هەڵبکەوێت. واتا گونجان کردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تاك و کۆمەڵ ڕێککەوتنێکی ناوخۆیی سەبارەت بە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەنێوانیاندا دەبێت، بەشێوەیەك کەبەرژەوەندیی هەمولایەك پارێزراو بێت و گونجان و تێگەیشتنێك لەنێوان تاکەکان و ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا لە چێوەی کلتورو ڕۆشنبیریی کۆمەڵدا بێتە ئاراوە (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام بشیر الدویبی:٢٠١٠ :١٤٥).

## ٣/١) هاوسەنگیراگرتن لەنێوان تاکگەرایی و هەڵکردندا و ڕەنگدانەوەی لە زماندا :

وەکو پێشتر باسکرا، تاك، خاوەنی کۆمەڵێ ویست و ئارەزو و هیوایە کەدەشێ گەلێکیان لەگەڵ نەریت و بەرژەوەندیی کۆمەڵدا یەکنەگرنەوە. ( یەکێك لە سیما مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، هەستکردنە بەپێویستیی پەیوەندیکردن بە کەسانی تر و ژیانی ناو کۆمەڵ)( رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام بشیر الدویبي :٢٠١٠ :٢٥٥). چۆنیەتیی راگرتنی هاوسەنگی و گونجان لەنێوان ئازادیی تاك کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و بەردەوامە، ئەمەش بەرەو چەمکێکی ترمان دەبات کە یەکگرتوییی کۆمەڵە

( Group Cohesiveness )، کەدەتوانین بڵێین ( یەکگرتویی، رایەڵی بەیەکەوەبەستنی تاکەکانی کۆمەڵە و پەیوەندییەکانیان دەپارێزێت. هەروەها نزیکی و پەیوەستیی پێکهاتەکانی کۆمەڵ و هەستی ئەندامبون دەنوێنێت) (احمد محمد الزعبي:٢٠١٠ :١٤٥).

درکپێکردن، رۆڵی لە هاوسەنگیکردندا هەیە؛ پەیوەندی بە سروشت و تایبەتمەندیی کەسێتی و گونجانی کۆمەڵایەتیی کەسەکەوە هەیە، واتە تا چ ڕادەیەك مرۆڤ بتوانێ، لە لایەنی ژیری و هەستییەوە، درك بە شت و رووداوەکانی دەوروبەری بکات و گونجاوتر بێت لەگەڵ درکپێکردنی کۆمەڵەکەی خۆیدا، بەو ڕادەیە تێگەیشتن و گونجانی لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆیدا دەبێت و بە پێچەوانەشەوە ( رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي :٢٠١٠: ١٩٥). زمانی مرۆڤ بەهەر شێوەیەك گەشەی کردبێت بەرهەم و دەستکردی کۆمەڵە و هەر لە کۆمەڵدا فێربون و بەکارهێنان و گەشەکردن روودەدات ( محمود السعران:١٩٥٨ :١٤). مێژوی مرۆڤایەتی، ئاماژە بەوە دەدات کە ژیان، ململانێیە لەپێناو پاراستنی خود، یان ململانێیە لەنێوان ناسنامەی کەسێتی لەلایەك و ئارەزوی پاراستنی ئەندامێتی لەناو کۆمەڵ لەلایەکی ترەوە (رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي :٢٠١٠ :٢٥٦ ).

هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەسەرەتادا بەرهەمی تاکە، واتە داهێنانەکان تاکگەران، بەڵام لەدواتردا، بەشێوەیەکی لە سەرخۆ تاکەکانی تریش پەیرەوی ئەو داهێنانە دەکەن تا لەسنوری تاك دەردەچێت و دەبێت بەدیاردە. گومانیش لە کۆمەڵایەتیبونی زمان ناکرێت. بەواتایەکی تر، کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاك و کۆمەڵدا روودەدات. (مرۆڤ، کە لەدایکدەبێت، لەژینگە و کەشێکی بایۆلۆژییەوە( لەمنداڵدانی دایکیدا )، دەگوازرێتەوە بۆ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا دەژی، کە تواناکانی لەگەڵ ئەو هەل و سنورەی کە کلتوری کۆمەڵەکە دیارییکردووە، کارلێکدەکەن) (رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي : ٢٠١٠ :١٧٩).

ئەم پرۆسەیە (داهێنان ← دیاردە) لەزماندا بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات. (کلتور، کەبەرهەمی کۆمەڵە، بەرهەمی تاکیشە. بۆئەوەی داهێنانی نوێ ببێتە بەشێك لە کلتور، پێویستە لە داهێنەرەکەیەوە بە شانەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوببێتەوە تا دەبێتە موڵکی کۆمەڵ) (روی سی هجمان:١٩٨٩ :١٨١). بەشێوەیەکی گشتی، دنیای دەرەوە دەبێتە سەرچاوەی بیرەکانمان. واتە لە قۆناغی یەکەمدا بەکاریگەریی جیهانی دەرەوەی بیر، بیرێك لە هزری مرۆڤدا دروست دەبێت، کە هێشتا بونێکی بەرجەستەکراوی نییە تەنیا لە مێشکی تاکدایە. (هێردەر) پێیوایە کە (خودی بیر بەبێ زمان بونی نییە، واتا ناتوانرێ بیری کەسەکان بزانرێ تەنیا لە ڕێگەی زمانەکەیەوە نەبێت) (مصطفى غلفان:٢٠١٠ :٤٩) [1]. لەقۆناغی دووەمدا، تاك بیرەکەی لە بۆتەیەکی زمانیدا بەرجەستە دەکات و دەریدەبڕێت، کەدەشێ داهێنانێك بێت لە زماندا (بۆ نمونە پەندێك). ئەوە بەرهەمی تاکە کەدەشێ کۆمەڵ وەری بگرێت و بە پێچەوانەشەوە رەتی بکاتەوە. لە قۆناغی سێیەمدا چەند تاکێکی تر هەمان دەربڕین (داهێنانە زمانییەکە) وەردەگرن و لەژینگەی تردا دوبارەی دەکەنەوە. گەر داهێنانەکە لەگەڵ هزر و جیهانبینیی بەشێکی زۆری کۆمەڵدا کۆك بو، ئەوا پەسەند دەکرێ و دواتر پەیرەو دەکرێ و لە موڵکی تاك دەردەچێت و کۆمەڵ دەبێتە خاوەنی و بەکاری دەهێنن، کە دەشێ ئیدیەم، میتافۆر، وێنەیەکی شیعری، زاراوەیەك یا پەندێك بێت. ئەگەر نا، بەکارهێنانی داهێنانە زمانییەکە،

---

[1]) لەبەشی دووەمدا (٢ /١ ) وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم بیرە خراوەتەڕو.

لەسنوری چەند تاکێك دەرناچێت و لە لایەن کۆمەڵەوەپەسەند ناکرێت و دوبارە وچەندبارە بەکارنایەتەوە. ئەم پرۆسەیە، هاوسەنگی لە نێوان تاکگەرایی و گونجان لە کۆمەڵدا ڕادەگرێت چونکە هەرکاتێك تاك هەستی کرد بۆچون و دەربڕینەکانی (داهێنانەکانی) لە لایەن کۆمەڵەکەیەوە پەسەند دەکرێت، ئەو کاتە هەستی ئەندامییێتیی لە کۆمەڵدا بە هێزتر دەبێت و هەست بەبونی خۆی دەکات و بەها و پێگەی خۆی لە کۆمەڵدا دەزانێت، هاندەر دەبێت بۆ داهێنانی تر و کۆمەڵیش تێڕوانین و بۆچونی بۆ تاکی داهێنەر پڕ بایەخ و بەها دەبێت. بە پێچەوانەشەوە گەر کۆمەڵ داهێنانەکە پەسەند نەکات، ئەوا تەنیا لە سنوری تاکدا بۆ ماوەیەك بەکاردەهێنرێ واتە داهێنانەکە ناتوانێ شوێنی خۆی لەناو قسەپێکەرانی زمانەکەدا بکاتەوە. ئەو کاتە تاکەکانی تری کۆمەڵ بەدوای واتای زمانیی تردا دەگەڕێن بەمەبەستی راگرتنی هاوسەنگی، چونکە زاراوە داهێنراوەکەی تر نەیتوانی ئەو هاوسەنگییە رابگرێ. ( کۆمەڵ، بەهۆکار و رێژەی جیاواز، بەسەر زۆر لایەنی گرنگی ژیانی تاکدا زاڵە) (رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ :٢٥٦)، گەر کۆمەڵ کۆنترۆڵی تاکەکانی خۆی لەدەست بدات؛ ئەوا ئەندامەکانی سەرقاڵی هەندێك کاری تر دەبن کە زیان بە کیانی کۆمەڵەکە بگەیەنێت. لێرەدا کێشەی گونجانی نێوان ئازادیی تاك و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات و پەرەدەسێنێ (برتراند ڕسل:٢٠٠٦ :٤٨).

هەندێ هۆکار هەن کە کاریگەرییان لەسەر هەستی ئەندامێتیی تاك لەکۆمەڵدا هەیە و بەشێوەیەکی تریش کاریگەرییان لەسەر یەکگرتوییی کۆمەڵ هەیە، کەئەمانەن (احمد محمد الزعبي:٢٠١٠ :١٤٨):

١. ڕادەی تێرکردنی پێویستییەکانی ئەندامان لەناو کۆمەڵدا .
٢. پلەوپایەی کەسەکان لەناو کۆمەڵدا .
٣. ڕادەی بەرزنرخاندنی پەیوەندی و هاریکاری لەنێوان ئەنداماندا .
٤. ڕادەی کارلێکی نێوان ئەندامان .
٥. کاریگەریی بارەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕانی پێویستییەکانی ئەندامان .
٦. ڕادەی لێکچون و نزیکیی تێڕوانینی ئەندامەکان بۆ دەوروبەر .

زاناکان پێیانوایە کە گرنگترین کۆمەڵ یان گروپ، ئەوانەن کە لەئەنجامی کارلێکی نێوان ئەندامەکانییەوە سەرهەڵدەدات کە سۆز و خۆشەویستی و ڕێز و گرنگیدان بەیەکتری لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکەن و تێڕوانینیان بۆ هەندێ لایەنی ژیان هاوشێوە و هاوئاراستەیە و ئامانج و ئارەزوی هاوبەشیان هەیە (رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠: ٢٥٧). بەشێوەیەکی گشتی، تا کۆمەڵ زیاتر کۆت و بەند بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێ، هەستی ئەندامێتی لای تاکەکان لاوازتر دەبێت و داهێنان بەرەو کەمی دەچێت. تاك، بەمەبەستی جێخۆشکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان خۆی و کۆمەڵدا پێویستی بە خۆگونجاندن هەیە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی بە زمان دەکرێت (بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەزمانەوە هەیە). لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا وا پێویست دەکات کە پابەندی ئەو یاسا و کۆتە کۆمەڵایەتییانە بێت کەکۆمەڵ بەسەریدا سەپاندووە بەتایبەت لە رەفتاری زمانیدا. مرۆڤ، لەهەڵبژاردنی ئامرازەکان و چۆنیەتیی تێرکردنی پێویستییەکانیدا، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شارەزاییی پێشتر و ئاستی پێگەیشتویی و ڕۆشنبیریی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی (انتصار یونس:١٩٩٣ :٣١٤). خۆناسین یاخود خۆیەکلاییکردنەوە یان

دەستنیشانکردنی خودی خۆی وەکو تاکێك ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو بێت، مانای وایە کە زمانی ئەو کۆمەڵە بەکاردەهێنێت، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە چونکە بەکارهێنانی زمان تەنیا پەیوەندی بەو وشە و دەربڕینانەوە نییە کەبەکاریان دەهێنێت، بەڵکو پەیوەندی بەشێواز و چۆنیەتیی بەکارهێنانیانەوە هەیە (Joanna Thorn:2004 :158 ). شێوازو جۆری تێرکردنی پێویستییەکان، لەپێوەر و بەها باوەکانی کلتورێکی دیاریکراوەوە سەرچاوەدەگرن (انتصار یونس:١٩٩٣: ٣١٥). پەیوەندی و هۆکارو کۆتەکۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن و لەناو یەك کۆمەڵیشدا بە جیاوازیی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت (محمود السعران:١٩٥٨ :١٤).

پێویستە لێرەدا باس لەهەندێ چەمکی گرنگ بکرێت کەزمان ڕۆلی سەرەکی و کارایان تێدا دەبینێت کە پەیوەندییان بە تاك و کۆمەڵ چەمکی تاکگەرایی و هەڵکردنەوە هەیە :

### ١-٣/١) کردەی کۆمەڵایەتی:

ئەو شێواز و ئامرازانەن کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان کەسەکان ڕێکدەخەن و واتای دینامیکییەت و جوڵەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن و ئاماژە بەچەمکی بەشداریکردن لەبنیادی واقیعی کۆمەڵایەتی و گۆڕین و پێشخستنی دەدەن (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام الدویبي:٢٠١٠ :١٢٧). کردەکۆمەڵایەتییەکان، لەسروشتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، بەوپێیەی کە بەسروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و حەز بەژیانی ناو کۆمەڵ دەکات، تا بەهۆیەوە خودی خۆی بسەلمێنێ و پێویستییەکانی تێر بکات و لەچێوەی کۆمەڵەکەیەوە گونجان و لادانەکانی بپێورێت (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام الدویبي:٢٠١٠ : ١٢٥). کردەکۆمەڵایەتییەکان لەئەرك و تایبەتمەندییاندا جیاوازن، هەیانە دەبێتە هۆی جۆرێك لە هەڵوەشاندن و تێکدان وەك کێشەو کێبرکێ، هەیشیانە جۆرێك لە پابەندی یەکگرتویی دروستدەکات وەك گونجان و هاوکاری. هەندێکی تریان دەبن بەهۆی راگرتنی هاوسەنگی لەبنیادی کۆمەڵدا. کردەکۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرە جیاوازەکانییەوە، دەربڕی سروشت و تایبەتمەندیی پەیوەندیی نێوان تاکەکان و رەنگدانەوەی پەیوەندییەکانە لەسەر تاك و کۆمەڵ بەگشتی. ( رمضان محمد القذافی - عبدالسلام الدویبي:٢٠١٠ :١٢٥ – ١٢٧).

### ١-١-٣/١ ) هاریکاری :

کردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵدا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵدا، دێتە ئاراوە، بەتایبەتی ئەو ئامانجانەی کە تاك بەتەنیا توانای بەدیهێنانیانی نییە. ئەم کردەیە ڕێگایەکە بۆ سوربون لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و دورکەوتنەوە لە خۆپەرستی و چاندنی تۆوی چەمکەکانی یەکگرتویی و تەواوکاریی کۆمەڵایەتی (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام بشیر الدویبی:٢٠١٠ :١٢٨). ژیان بەبێ هاریکاری ئەستەمە، دەشێ هاریکاری بۆ بەرژەوەندیی گشتی و مەبەستێکی باش بێت، لەبەرامبەریشدا دەشێ لەپێناو بەرژەوەندییەکی تایبەت و شەڕانگێزی و خۆپەرستیدابێت. بێگومان بە لایەنە باشەکەیدا هەرگیز لەگەڵ هێزو دەسەلات و خۆپەرستی و شەڕانگێزیدا یەکناگرێتەوە (ئەو چەمکانە، بە باش و خراپیشەوە، چەمکی ڕێژەیین و رەها نین )، بەڵکو لەگەڵ گونجان و

یەکسانیدا لەیەکەوە نزیکن. بۆیە ئەو کۆمەڵانەی کە تێروانین و بۆچونیان بۆ ژیان لە هێزو دەسەڵاتەوە گۆڕاوە بۆ هاوکاری و یەکسانی، ئەوا لە زمانیاندا زۆر دەربرینی دەسەڵاتداریتی وپلەداریتی و نازناو بەکارناهێنن، بە پێچەوانەشەوە ئەو کۆمەڵانەی کە تا ئێستاش لە روانگەی هێزو دەسەڵاتەوە دەوروبەریان پۆل دەکەن، دەربرینەکانی وەك:

1) **لەخزمەتتدام.**
2) **بچوکی تۆم.**
3) **بەخوڵامت بم.**
4) **برا لەپشت برابێ، مەگەر قەزا لەلای خودا بێ...** دەبیسترێ و بەکاردەهێنرێ.

## ٣/١-١-٢ ) کێشە و ململانێ :

کردەیەکی تری کۆمەڵایەتییە لە سنوری کارلێکی کۆمەڵایەتیدا سەرهەڵدەدات. جۆرێکە لە بەریەککەوتن و دژیەکی لە پەیوەندیی کەسەکاندا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك و تێرکردنی پێویستییەکان، لەبەرامبەر دۆڕاندنی لایەنەکانی تردا (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام بشیر الدویبی:٢٠١٠ :١٣٩). هەستی نەرێنی دەوروژێنێ و شیاوی کەڵەکەبونە، بەشێوەیەکی گشتی، زۆر کۆبونەوەی دەبێتە هۆی رقوکینەی ئاڵوگۆڕ لەنێوان کێشەدارەکاندا (صالح بریك:٢٠١٠ :١٠٦). هۆکارێکی گرنگی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە بۆ دوبارە خۆهەڵسەنگاندنەوە و رێکخستنەوەی واقیعی کۆمەڵ (رمضان محمد القذافی ، عبدالسلام بشیر الدویبی:٢٠١٠ :١٣٩). ململانێ بەر لەهەر شتێك دیاردەیەکی کۆ- دەرونییە( دەرونی- کۆمەڵایەتی) یە، لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵیش دەردەکەوێ (صالح بریك:٢٠١٠ :١٠٨). کێشە، خەسڵەتێکی شەڕانگێزیی تێدایە لەنێوان لایەنە کێشەدارەکاندا، چونکە ئامانجەکە تەنیا خستن و روخاندنی لایەنی بەرامبەرە نەك ئامانجێکی تر ( رمضان محمد القذافی - عبدالسلام بشیر الدویبی:٢٠١٠ :١٣٩). لە کۆتاییشدا زیانێکی گەورە بە پەیوەندیی کەسەکان دەگەیەنێت، چ لەناو گروپدا بێت یان لە دەرەوەیدا(صالح بریك:٢٠١٠ :١٠٩) و کاریگەریی وێرانکەر لەسەر پەیوەندییەکان بەجێ دەهێڵێ. یەکێك لەسیماکانی زمان لەم بوارەدا، بەکارهێنانی زمانی زبرە کە بریندارکەر و وروژێنەرێکی نەرێنییە.

5) **دوژمن کەریشی (.....) هەر باشە.**
6) **ئەگەر زاڵ نەبیت بەستەزمان دەبیت.**

## ٣/١-١-٣ ) کێبڕکێ :

کردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا، لەمیانی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا رودەدات، هەمویان هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دەدەن لەسەر حیسابی بەرامبەرەکەیان، هەوڵ دەدەن نەتوانێت هەمان سەرکەوتن و ئامانج بەدی بهێنێت. واتا بردنەوە یان سەرکەوتنی لایەنێك، دۆڕان یان کەوتنی لایەنەکەی ترە (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام بشیر الدویبی:٢٠١٠ :١٣٤- ١٣٥). کێبڕکێ کاریگەریی دولایەنی هەیە :

- لایەنی ئەرێنیی کێبڕکێ : گەر لەسنوری کینەو ئیرەیی و تێکشکاندندا نەبێت، ئەوا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تاك یان کۆمەڵ دەبێت، بۆهەوڵدانی زیاتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی زیاترو گەورەتر لەدواترداو هەستکردن بە بەرپرسیاریێتی لای کەسەکان زیاتردەکات و هۆکارێکی گرنگی داهێنانە.
- لایەنی نەرێنیی کێبڕکێ: بەپێچەوانەشەوە کاریگەرییەکانی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تێکچونە دەرونییەکان و هەرەسهێنان و بێکاری و پەرەسەندنی هەستی خۆپەرستی لای تاکەکان، کە دەبن بە هۆکاری کێشەو گرفت لە بنیادو ئەرکەکانی کۆمەڵدا(رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٣٨).

٧) **هەر وا هاتووە و بەو رەنگەش ئەڕوا؛ بێدەسەڵات بی ئەکەویتە دوا.**

٨) **لەکوێ پسا لەوێ گرێی بدەوە.** (کەمتەرخەمی و دژایەتیکردنی کێبڕکێیە).

## ٢-٣/١) کارلێکی کۆمەڵایەتی ( Social Interaction ) :

پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی ئاڵوگۆڕە، لەنێوان تاکەکاندا یان لەنێوان تاك و کۆمەڵدا، کە رەفتاری هەریەکێکیان کاریگەریی لەسەر رەفتاری ئەویدی دەبێت (رمضان محمد القذافي - عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠: ٥٧). کردەیەکی کۆمەڵایەتییە کەئەندامانی کۆمەڵ لەلایەنەکانی هزری و پاڵنەر و پێویستی و ئارەزو و ئامراز و مەبەست و مەعریفەوە بەیەکتری دەبەستێتەوە [احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ : ١٥١] (Swan Son)کارلێکی کۆمەڵایەتی، جۆرێکە لەپەیوەندیی راستەوخۆ، بەواتاگشتییەکەی، کە ئاخاوتن و گوێگرتن و دەربڕین بەنوسین یا بەهێما و خوێندنەوە، هەروەها نیشانەو سەیرکردن و جوڵەی ئەندامانی جەستەش دەگرێتەوە و بنەمای هەمو کردە کۆمەڵایەتییەکانە (رمضان محمد القذافي - عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ :٥٧). کاریگەریی کارلێکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی بە کەسێتی و پایەی کۆمەڵایەتیی کەسەکەوە هەیە (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٥١). ژیان بەبێ کارلێك، مۆرکی کۆمەڵایەتی ون دەکات؛ دەبێتە گردبونەوە نەك کۆمەڵ. واتا تەنیا بونێکی فیزیکیی مرۆڤەکانە بەبێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (انتصار يونس:١٩٩٣ :٢٢٩)، ئەمەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا یەکناگرێتەوە.

## ٣-٣/١) نەریت – العرف -Custom :

بەبۆچونی مالینۆڤسکی، نەریت، رۆتینەکانی ژیانی ڕاستەقینەیە کەتاکەکانی کۆمەڵ پەیڕەویان دەکەن و پەیوەندییان بە سروشتی زارو زمانەوە هەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە کاردێن و کارلێکیان لە گەڵ هێما رەفتارییەکاندا هەیە کە لە کاتی پەیڕەوکردن یان باسکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەستیان پێ دەکرێ و دەبینرێن (عبد علي سلمان:١٩٨٥ :١٠٥). لێرەدا دەبێ باس لەکردەی ڕێککەوتنی کۆمە ڵایەتی بکەین، کە گشت قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەتایبەتی کاتێك دەچێتە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی تازەوە، لێرەدا کردەی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٠٣). واتە تەنیا قۆناغی منداڵی ناگرێتەوە، بەڵکو بەردەوامیی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە لەقۆناغەکانی ژیاندا. کاتێك خەڵك لەژینگەکەیاندا جێگۆڕکێ دەکەن، پێویستیان بەڕێککەوتن هەیە لە ژینگە تازەکەیاندا، وەکو کۆچکردن لە

لادێوه بۆ شار یان بەپێچەوانەوە. هەمو نەریتەکانی کۆمەڵ لەفەرهەنگی زمانی ئاخێوەرانیدا بونیان هەیە و ڕۆژانە بەکاریاندەهێنن. بۆنمونە (خوازبێنی، شایی، تازیە، ژنبەژن، سەردان... هتد).

## ٤-٣/١) پەروەردەی کۆمەڵایەتی- التنشئة الإجتماعية - socialization

پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کردەی بەکۆمەڵایەتیکردنی مرۆڤە. واتا ئەو هەوڵ و کردە کۆمەڵایەتییانەن کەئامانجیان پابەندکردنی مرۆڤە ( منداڵ ) بە وەرگرتنی ڕەفتار و بەها و پێوەر و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تابتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو لەناو کۆمەڵێکدا بژی و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی وەربگرێت. واتا ( پەروەردەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك کردەی کۆمەڵایەتی کە کۆرپەی مرۆڤ لەتەنیا بونەوەرێکی زیندووەوە بۆ ئەندامێکی ناو کۆمەڵ دەگۆڕن )(رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٦٣). ئەم کردەیە بەدرێژاییی ژیان بەردەوامە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵ و هەمو ئەو شتانەش کە لێیەوە فێردەبێت.

پەروەردە لای (کانت) هونەرە، بۆیە دەڵێت: پەروەردە، کردەی بنیادنانی مرۆڤە، چونکە پەروەردە نەبێت، مرۆڤ نابێتە مرۆڤێکی ڕاستەقینە. هەروەها پێیوایە کە پەروەردە گواستنەوەی مەعریفەیە لە نەوەکانی ڕابردووەوە بۆ نەوەی تازە، بەمەبەستی ئامادەکردنیان تا ببن بە پەروەردەکاری نەوەی دواتر (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٥٠ -٥١). چەمکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە باوان مەبەستیانە منداڵەکانیان ئەو ڕەفتار و پاڵنەر و بەها و ئاراستەکلتورییانەی کۆمەڵ فێربن تا کۆمەڵ لێیان ڕازی بێت و قبوڵیان بکات (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :٩٧).

پەروەدە، گواستنەوەی کلتورە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی. بەدەربڕینێکی تر(گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵە بۆناو بنیادی کەسێتی و کردەی دروستکردن و دروستبونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکە کە ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵەکەیە) (صالح محمدعلی ابوجادو:٢٠٠٤ :١٦). هەروەها چۆنیەتیی ئامادەکردنی تاکە، لە منداڵییەوە، بۆ ژیان لەناو کۆمەڵ و کلتورێکی دیاریکراودا. ئەمەش پرۆسەیەکی چڕو هەمەلایەنە کە ڕۆڵی خێزان و خوێندنگە و کۆمەڵیش لە فێرکردنی زمان و ئایین و دابونەریت و بەها و زانیاری و شارەزایی و... هتد دەگرێتەوە[عبد علی سلمان:١٩٨٥ :١٠٣(أحمد زكي بدوي)] .هەرکلتورێك جیهانبینییەکی تایبەتی بۆ منداڵ و باری کۆمەڵایەتیی منداڵ و پێناسەی منداڵ هەیە. ئەمەش لەئەنجامدا پەروەردەی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە (سیمون کلاپێر ڤالادۆن:١٩٩٣ :١٣).

ئەو ژینگەیەی کەمرۆڤ تیایدا پەروەردە دەبێت، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە کەسێتی و ڕەفتارو جیهانبینیی کەسەکە لە داهاتودا دەبینێت. ڕۆسۆ پێیوایە کە (مرۆڤ بونەوەرێکی بێتاوان و پاکە، کۆمەڵ لەئاراستەکردنی بەرەو خراپە و ناچارکردنی بەباوەڕبون بەبیروڕا و بۆچون و نەریتەکانی، بەرپرسە) (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٨٨). کلتور، خاڵێکی گرنگی جیاوازیی نێوان کۆمەڵەکانە، لەبەرئەوە پەروەردەی کۆمەڵایەتی گرنگترین ئامرازی پاراستن و بەردەوامبونی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵە، بۆ چەندین نەوە(احمد محمد الزعبي:٢٠١٠ :١٠٤).

پەروەردە، رۆڵێکی گرنگ لەبنیادی کەسێتی و دروستیی باری دەرونی و گرفت و لادانەکان و کاریگەرییان لەسەر بەختەوەری و نەهامەتیی مرۆڤ لەداوڕۆژدا دەبینێت. هەروەها کاریگەریی لەسەر کلتوری کۆمەڵ و پێشکەوتنی زانست و گەشەکردنیدا هەیە(سعد ریاض:٢٠٠٥ :٧٧). لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەرتاك هەیە سەبارەت بە حەزکردن بە شەڕانگێزی و زاڵبون بەسەریدا. (ئەو منداڵەی کەلە ژینگەیەکی ناوێزەدا بەشێوەیەکی خراپ پەروەردە دەبێت؛ کاریگەریی لەسەر رەفتارەکانی جێدەهێڵێ و دەیکات بە کەسێکی توندوتیژ و تاوانکار لەژیانیدا) (سعد ریاض:٢٠٠٥ :٧٧). (تا پەروەردەی کۆمەڵایەتی تەندروست بێت و کەمترخەمیی باوان کەمتر بێت و لەگەڵ منداڵدا بەسۆزتر بن، تا شکستی خێزانی کەمتر بێت؛ پاڵنەری شەڕانگێزی کەمتردەبێت) (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٠٦). ئەو منداڵەی کە لەخراپیی رەفتارەکانی باوانی، یا خوێندنگە یان دەسەڵاتەوە، بە یاخی و ئاوارەیی پەروەردە دەبێت؛ زۆر گرانە کەسێکی پابەند بەیاسای لێدەربچێت کە پارێزگاری لە ئاسایشی رامیاری و کۆمەڵایەتیی وڵات و گەلەکەی بکات (سعد ریاض:٢٠٠٥ :٧٧). سروشتییەکان پێیانوایە کە پەروەردە ژیانە، چونکە بەدرێژاییی تەمەن بەردەوامە و پێویستە (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٩١). پەروەردەی کۆمەڵایەتی، لەکرۆکیدا، پەروەردەکردنی منداڵە بۆ پێگەیشتن و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا، کەدەبێتە هۆی فێربونی کۆمەڵایەتی (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ : ٩٨). ئەو منداڵەی کە بەتەنبەڵی و کەمترخەمی پەروەردە دەکرێت، نابێتە کەسێکی بەرهەمهێن و بەرنامەداڕێژ بۆ کات و کار و تواناکانی (سعد ریاض:٢٠٠٥ :٧٧). واقیعییەکانیش[١] دەڵێن: پەروەدە، کردەی مەشقپێکردنی منداڵە لەسەر ژیان، بەهۆی چەند پێوەرێکی رەوشتیی رەها، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی مرۆڤ بەگشتی، نەك بەرژەوەندیی ئەندامانی کۆمەڵێك یان رەگەزێك بەتەنیا (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٣٥). کەمترخەمیکردن لەپەروەردەی کۆمەڵایەتیدا، دەبێتە هۆی گەشەکردنی نائاسایی کۆمەڵایەتی، بەڵام کارلێکی دروست، کەلەسەرهاوسەنگیی فشارەکانی کۆمەڵ و ئازادیی تاك بنیاد نرابێت، گەشەی کۆمەڵایەتیی ئاسایی لێ بەرهەم دێت (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٠١).

## ١-٤-٣/١) گرنگی و سودی پەروەردەی کۆمەڵایەتی:

پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کردەکانی فێرکردن و ئاساییکردن و کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن و دروستکردنی خودێکی کۆمەڵایەتی و گونجان و رۆشنبیرکردن دەگرێتەوە (رمضان محمد القذافي - عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ :١٦٤). بێگومان کۆمەڵێ سود و گرنگیی تایبەتی هەیە کە جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکاتەوە:

١. هاوکاریی مرۆڤ دەکات لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی کەسێتیدا(رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ : ١٦٤).
٢. یارمەتیی مرۆڤ دەدات تا لەکەسێکی پشتبەخەڵکبەستوی رەهاوە، ببێتە کەسێکی پشتبەخۆبەستوی سەربەخۆ و ئەرێنی (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :٩٧).

---

[١]) واقیعییەکان وەك کاردانەوەیەك بۆ فەلسەفەی ئایدیالیستی هاتەئاراوە. بەقۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. چەند جۆرێکی هەیە. بڕوانە (محمد چلوب فرحان – دراسات فی فلسفة التربیة: ل٢٩ – ٣٩).

٣. مرۆڤ لە بونەوەرێکی زیندووەوە دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی زیندوی کۆمەڵایەتی (رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ :١٦٤).

واتە ئەو کردە کۆمەڵایەتییانەن کە (تاك) تیایدا دەبێت بە (کەس) (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ : ٩٨). بەدەربڕینێکی تر، خەسڵەتێکی گرنگ بۆ خەسڵەتەکانی مرۆڤ زیاد دەکات کە کۆمەڵایەتیبونیەتی (رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ :١٦٤). بێگومان چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان، هۆکاری سەرەکیی کۆمەڵایەتیبون یا ناکۆمەڵایەتیی مرۆڤە.

٤. مرۆڤ دەکات بە کەسێکی هۆشیار و وەڵامدانەوەی ( الإستجابة ) بۆ وروژێنەرە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ : ٩٨).

٥. هاوکاریی مرۆڤ (منداڵ) دەکات بۆ روبەڕوبونەوەی پێویستییەکانی ژینگەی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی ( محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :١١٧).

## ٥-٣/١ ) ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتی:

لەدوای هەمو ئەمانەی کەباسکران، کردەیەکی تر دێتە ئاراوە کە ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتییە (الإندماج الأجتماعي)، کە کەسەکە بیروبۆچون و پێوەر و بەهاکۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکەی خۆی دەزانێت و پەیڕەویان دەکات. واتا دەربڕینەکانی لە ( دایکم دەڵێ، یا باوکم وتی،... ) دەگۆڕێت بۆ ( من پێموایە و من دەڵێم،...) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بیروبۆچونەکانی لا هەیە و ئێستا تەنیا گێڕەرەوەیەك یان لاساییکەرەوەیەك نییە (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ : ٩٩).

## ٦-٣/١ ) درکپێکردنی کۆمەڵایەتی ( الإدراك الأجتماعي):

درکپێکردن، کردەیەکی هزرییە بۆ ناسینی جیهانی دەرەوە و دەوروبەر، لەڕێگەی ئەو وروژێنەرە هەستییانەی کە روبەڕوی مرۆڤ دەبنەوە و وەڵامدانەوە (الإستجابة)ی بۆیان دەبێت (رمضان محمد القذافي:٢٠١٠ :٢٣٧). بەدەربڕینێکی تر، درکپێکردن، بەخشینی واتایە بە وروژێنەر و هەستپێکراوە جیاوازەکان، کە شارەزاییی پێشو رۆڵی گرنگ لەدیاریکردنی ئەو واتایەدا دەبینێ (انتصار یونس:١٩٩٣ :١٢٠-١٢١).

درکپێکردن پێویستییەکی ژیاریی مرۆڤە، پەیوەندی و پەیوەستیی مرۆڤ بۆ ژینگە، بەهەمو چەمکە جیاوازەکانییەوە و کارلێککردنیان دەگرێتەوە. لەساتی لەدایکبونەوە دەست پێدەکات، کەپێویستە مرۆڤ خودی خۆی و ژینگەی دەوروبەری (مرۆیی و مادی) بناسێت؛ تا بتوانێ تیایدا بژی و رۆڵە جیاوازەکانی ژیانی تێدا ببینێ ( رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي:٢٠١٠ :١٩٤.)

درکپێکردن، پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕەفتارەوە هەیە، چونکە مرۆڤ لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و ژینگەکەیدا (بەچەمکە فراوانەکەیەوە) بەوجۆرە رەفتار دەکات کەخۆی درکی پێدەکات و تێیدەگات، نەك وەك خۆی کە لەڕاستیدا هەیە ( رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام الدويبي :٢٠١٠ :١٩٥). بەدەربڕینێکی تر،

ڕەفتاری تاك، دەوەستێتە سەر شێوە و سروشتی درکپێکردنی کەسەکە بە شت و کردار و ئەو هێما و چەمکانەی کە پەیوەندییان پێیانەوە هەیە (رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٩٥).

## ٣/١-٧ ) کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (الضبط الاجتماعي) :

کۆمەڵێك یاساو ئامرازو هۆکاری ڕێکخراوە، سەرپەرشتیی لایەنە جیاوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکەن کە بنەمایەکی سەرەکیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. (زمان، هۆکارێکی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی )( Joanna Thorn: 2004: 158 ). ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی بە شێوازە جیاوازەکانییەوە، گونجاندنی مرۆڤە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە و گەشەپێدانی هەستی ئارەزوکردنە بە ناخی ئەوی دی لە ناخیدا، کەبۆ گونجان لەگەڵ یاساکانی ژیان لە کۆمەڵدا یارمەتیدەری بێت [عبد علی سلمان:١٩٨٥ :١٠٥(ابراهيم ابو الغار) ]. مرۆڤ کۆمەڵێ حەزو ئارەزوی زگماکی بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی هەیە، بەدەر لە گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی و یاسا جیاوازەکانی ژیاندا. زۆر جار بەرژەوەندیی کۆمەڵ لەگەڵ بەرژەوەندیی تاکدا یەکناگرنەوە و بەرژەوەندیی کۆمەڵ باڵاتردەبێت. (تاسنوری دەستتەخستنە ناو کاروبار فراوان بێت، لەگەڵیدا سنوری ئازادییەکانی تاك فراوان دەبێت و بەپێچەوانەشەوە) (سربست نبي:٢٠١٠ : ١٧١ )، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا لەدەستدانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی ئاژاوە و پشێوی و کاری نایاسایی .

لە هەمو کردەکاندا، زمان ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، چونکە لە فێرکردنی نەریتەکان و پاداشت و سزا کۆمەڵایەتییەکاندا زمان بەشدارە. گواستنەوەی کلتور لە ڕێگەی زمانەوەیە کۆنترۆڵ و گونجاندنی تاکیش بەهەمان شێوە. ئەمانە هەمویان لە پرۆسەیەکی گەورەتردا خۆیان دەنوێنن کە پەیوەندیکردنە. گونجانە زمانییەکان (هەڵکردنە زمانییەکان) کۆڵەکەیەکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنن ( کاروان عمر قادر :٢٠١٣: ). ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو بە هەموو جیاوازیی نێوانیان، یاسا گشتییەکانی زمانەکە تێکناشکێنن. دوو ئاراستەی جیاوازو دژیەك لە ژیانی هەر زمانێکدا هەیە، ئاراستەیەکیان بەرەو جیاوازیی زمانی دەڕوات، کە زمان بەرەو گۆڕان و هەمەچەشنی دەبات، ئاراستەکەی تریشیان ڕێککەوتنی زمانییە کە زمان بۆ خۆپاراستن و یەکگرتن و ڕێککەوتن دەبات، کە هیچیان لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نین. لە ڕاستیشدا ئەم دوو ئاراستەیە، بوون بە بنەمای هەڵکردن و گونجاندنی تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ یەکتریدا. (هەرکەسێك لەژیانیدا، مێژویەکی تایبەت بەخۆی هەیە کەجیاوازە لەیەکێکی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەسێتیی تاك کاریگەریی لەسەر کۆی ئەو ئەزمونانە هەیە کە فێریان دەبێت و جیاوازیی خەڵکی لەوەڵامدانەوەیان (الإستجابة) بۆ بارە هاوشێوەکان دەسەپێنێ)( سۆنیا هانت ـ جنێفەر هیلتن:١٩٨٨ :٥٣). بەم پێیە ئەو هەمەچەشنییەی کە لە زمانێکی دیاریکراودا بەدیدەکرێت پشت بەو پەیوەندییە بە هێزەی نێوان تاکگەرایی و هەڵکردنی تاکەکان لە کۆمەڵدا دەبەستێت.

## ٣/١-٨ ) ڕۆڵی کۆمەڵایەتی – الأدوار الأجتماعية - Soccial Roles :

کۆمەڵێ چالاکیی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵەکەیدا ئەنجامیان دەدات. بەدەربڕینێکی تر، ئەرکی تاکە لە کۆمەڵدا (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٧٣). واتا ئەو ڕۆڵەیە کە تاك لە هەڵوێستێکدا یان

لەناو کۆمەڵدا دەیگێڕێت، چونکە مرۆڤ، بەپێی تەمەن و ڕەگەز و کار و پلەی کۆمەڵایەتی و هەڵوێست، ڕۆڵی جیاواز دەبینێ، کەهەندێ لەو ڕۆڵانە بەئارەزون و هەندێکیشیان خۆنەویستن وەك نێر، مێ، منداڵ ...

### ۹-۳/۱ ) ناتەباییی کۆمەڵایەتی – التناشز الاجتماعی – SocialContradiction:

ناتەباییی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکە کە هەندێ لایەنی کۆمەڵ بەخێرایی دەگۆڕێن، لەهەمان کاتدا لایەنەکانی تر بەهێواشی. جیاوازیی لە خێراییی گۆڕاندا دەبێتە هۆی ڕودانی کێشەی جیاواز کە، زۆر و کەم، کۆمەڵ بەدەستییانەوە دەناڵێنێ. ئەم دیاردەیە لەهەر کۆمەڵێك کە بەقۆناغی گۆڕاندا تێپەڕێت، ڕودەدات [بختیار ابراهیم فتاح :۲۰۰۷: ۲٤ (علی الوردی)].

لەئێستای کۆمەڵی کوردیدا ئەم دیاردەیە بەڕونی دیارە. دوای پەیوەندیکردن و تێکەڵبون بە کلتوری ڕۆژئاوا، چەندین گۆڕانکاری لەبنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردیدا ڕویانداوە؛ ئەم گۆڕانانە گشتگیر نین، واتە هەمو تاکەکانی کۆمەڵی کوردییان نەگرتۆتەوە، بۆیە بۆتە هۆی ناتەباییی کۆمەڵایەتی. لەلایەك باس لەسەردەمی جیهانگیری و دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکرێت، لەلایەکی تر کێشەکان بە چەك و هێز یەکلایی دەکرێنەوە. لەلایەك بانگەشەی ئازادیی ژن و یەکسانیی ژن و پیاو دەکرێ، لەلایەك ژن بەدەستی پیاو و براکانی دەکوژرێ. (ململانێ و ئاڵۆزییەك سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەنێوان نوێخواز و کۆنەپارێزان لەکۆمەڵی کوردیدا هەیە) (بختیار ابراهیم فتاح :۲۰۰۷: ۲٤).

### ٤/۱) هەژمونی ڕەگەز ( Gender ) لەسەر ئاخاوتنی تاك :

سروشت و لۆژیکی ژیان و بون، بونەوەرانی بە سەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ دا دابەشکردووە. مرۆڤ لە پۆلکردنی دەوروبەری خۆیدا، بە جیاوازیی کلتورەکان، پەیڕەوی هەمان دابەشکردنی کردووە. (ئەنتۆنی گیدێنز Anthony Giddens دەڵێت: سێکس بریتییە لەجیاوازیی بایۆلۆژی یان ئەندامیی نێوان ژن و پیاو، بەڵام جێندەر بریتییە لەجیاوازیی کلتوری و دەرونیی نێوان نێر و مێ) (فلۆریان کۆڵماس:۲۰۰۰ :۲٦۸).
( جێندەر، پۆلێنێکی کۆمەڵایەتییە، بەڕەفتارە دیاریکراوەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە)

(Shân Wareing:2004 :76.)زمانیش لە دیاردەی نێرو مێ بێبەش نەبووە و زۆر بەڕونی ڕەنگی داوەتەوە، بە ڕێژەیەك کەجێناو و مۆرفیمی نێرو مێ لە زۆر زماندا جیاوازن. (ڕەگەز خەسڵەتی کەسێتی نییە، بەڵکو بەرهەمی ڕەفتارەکۆمەڵایەتییەکانە و بنەمای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە)(کریستین نوردنستام:۲۰۰۹ :۳۹). هەریەك لە ڕەگەزەکانی نێرو مێ، کۆمەڵەیەکی زمانی پێکدەهێنن، کەموزۆر، جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە (احمد مختار عمر :۱۹۹٦ :۳٤). هەریەکەیان فەرهەنگی تایبەتیان هەیە (نورالهدی لوشن:۲۰۰٦ :۱٦٥). ئەم دوو ڕەگەزییە، جیاوازییەکی سروشتی و بایۆلۆژییە، لە بنەڕەتدا ویستی مرۆڤی تێدانییە. ئەم جیاوازییەش کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی جەستەیی و دواتر لە دەنگ و پێکهاتەی دەنگەژێکانی مرۆڤدا هەیە. واتە جیاوازیی تۆنی ژن و پیاو، جیاوازییەکی ڕەگەزی و بایەلۆژییە نەك کلتوری و کۆمەڵایەتی. (جیاوازی لەئەنجامداندا هەیە - الأداء- لە زمانی جەستە، پلەی دەنگ، وشە و دەربڕینەکان، هەندێ دەنگ و دەربڕینی سەرسوڕمان) (محمدعلي الخولي:۱۹۹۳ :۱٦٦)، ئەمانە وادەکەن کەشێوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو لەهەمو زمانێکدا، بەڕێژەی جیاواز، لەیەك جیابن. (ڕەگەز، دابەشکردنێکی

دیمۆگرافیی کۆمەڵایەتییە، کەتاکەکان بۆ(نێر) و(مێ) دابەشدەکات. ئەم دابەشکردنە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان و بۆ ماوەیەکی زۆر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهاتووە و ئێستاش درێژەی هەیە) Jenny Cheshire:2007 :1–15 ). لە ڕابردودا، لێکۆڵەران ئامانجیان نیشاندانی پەیوەندیی جێندەر بە بەکارهێنانی چەند شێوازێکی زمانیی دیاریکراو بووە. لەئێستادا، مەبەستیان خستنەڕوی چۆنیەتیی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییە بەردەستەکانە لەلایەن ئاخێوەرانەوە بۆ پیادەکردنی جێندەر. هەرجارێك کە قسەدەکەین، دەبێت ژنبون یان پیاوبون بەدەست بهێنین.( being a woman or being a man ) ( Paul Kerswill : 66 )

کلتورو کۆمەڵ، کاریگەریی تەواویان لەسەر بەرهەمهێنانی تاکێکی کۆمەڵایەتیی نێر یان مێدا هەیە. ئەوەی ئەم دوو ڕەگەزە، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، جیادەکاتەوە، کۆمەڵ و کلتور و خودی مرۆڤە. (نێر و مێ، کلتور بەرهەمی دەهێنێ نەك غەریزە) (سلیم دولة:٢٠٠٩ :١١٣). ناکرێ ڕۆڵی غەریزەو لایەنی فسیۆلۆژی پشتگوێ بخرێت، بەڵام کلتورو لایەنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگیان لەدانانی نەخشەی ڕەفتاری نێرو مێدا هەیە. ئەوە مرۆڤ و کلتور و کۆمەڵە کە جلوبەرگ و یاری و ڕەفتارو تەنانەت شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینەکانی دو ڕەگەزەکە لەیەکتری جیادەکاتەوە. دێبۆڕا کامیرۆن دەڵێت: ( جێندەر، دیاردەیەکی فرەڕەهەندی ئاڵۆزی نائاسایی و ناجێگیر و مشتومڕئامێزە و، بەقوڵی پەیوەستە بە دابەشکردنە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە ) ( Paul Kerswill :2007 :66). (ڕەگەز لە کۆنتێکستدا پەیدا دەکرێت و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییانەی هەیە و لە ڕێگەی کلتورەوە دەگوازرێتەوە)( کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :٣٩). هەردوو هۆکاری بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، بە جیاوازیی کلتورەکان، لە پەروەردەکردنی تاکدا ڕەنگدانەوەیان هەیە و دوتاکی جیاواز، لەڕەفتاردا، تاڕادەیەك دابڕاو لە یەکتر بەرهەم دەهێنن، تەنانەت بەهاو پێگەی ڕەگەزەکانیش بەگوێرەی کلتورەکان جیاوازن. (ئاستی ئافرەتان، لە پیاوان نزمترە، ئەمەش ئاڵۆزیی زمانی دروست دەکات) (کریستین نوردنستام:٢٠٠٩ :١٩). جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتیی منداڵ، کاریگەر دەبێ بە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانەکەو تێڕوانینیان بۆ کوڕ و کچ، بەتایبەتی لە چەمکی جیاوازیی پەروەردەی کوڕان و چۆنیەتیی پەروەردەکردنی کچاندا(احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٠٩). جیاوازییە زمانییەکان، ڕەنگدانەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانن. هەتا کۆمەڵ، ژن و پیاو وەکو دو ڕەگەزی جیاواز و نایەکسان بناسێنێ، جیاوازییە زمانییەکان بەردەوام دەبن (احمد مختار عمر :١٩٩٦ :٣٤). (لەهەمو کات و کلتورێکدا، مەودایەك لەنێوان نێریەتی و مێیەتیدا بونی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەچەندین ڕێگای ئاڵۆز تێکهەڵکێش دەبنەوە) ( Paul Kerswill :2007 : 66 ). ڕەگەزی مێ، بەشێوەیەکی گشتی، خۆیان بچوك نیشان دەدەن و ستراتیجی دودڵی و ڕێزگری بەکاردەهێنن، بە جۆرێك کە دەرگای کەنگەشەو پەسەندنەکردن دەکاتەوە. ئەوان شەرمن و بێداوا خۆیان نیشان دەدەن و بەشێکی زۆریان پێگەو دەسەڵاتی خۆیان نزم دەکەنەوە (کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :٢٧). (لابۆڤ ١٩٩٤) لەلێکۆڵینەوەیەکدا سەلماندویەتی کە ژنان لە گۆڕینی دەنگەکاندا پێشەنگن بەتایبەتی ئەوانەی پلەو پایەیەکی بەرزتریان لە خەڵکی تر هەیە) PENELOP ECKERT :2007 : 1 - 12) . لەگەڵ ئەوەی کە تاڕادەیەکی زۆر باس لە دادپەروەری و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو دەکرێت، بەڵام لەئاستی جێبەجێکردن و کارەکیدا تائێستاش جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دو ڕەگەزەکەدا بەدی دەکرێت. تائێستاش کاردابەشکردن برەوی ماوە و پەیڕەو دەکرێت؛ هەندێ کار تایبەتە بە ژن و هەندێکی تر تایبەتە بە پیاو کە هەر ڕەگەزێك ڕێژەیەکی یەکجار زۆریان پسپۆر و تایبەتمەندن تیایاندا(رمضان محمد القذافي ــ عبدالسلام بشير

الدويبي:٢٠١٠ :١٧٨). لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا تائێستا (دڵنیا نین کەئایا دەکرێ زمان پشتگیریی رەگەزی نێر بکات دژی رەگەزی مێ یان بەپێچەوانەوە؟ بەگشتی تائێستاش پیاو، کاری پایەبەرزی زیاتر لە ژن پێدەدرێت، خاوەنێتیی موڵك و داهاتیان لەژنان زیاترە. سیاسەتمەداری پیاو لە ژنان زیاترن، پیاوان توانای جەستەییان زیاترە... لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا دڵنیا نین لەکاریگەریی زمان بۆ لاوازکردنی پیاو و ژن بەشێوەیەکی یەکسان)( Shân Wareing :2004 : 76 ) . لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان لە جیهانی پیشەسازیی رۆژئاوادا، ئەوەیان سەلماندووە کە رەگەزی مێ بەگشتی، بەئاگان لە بەکارهێنانی ئاستێکی بەرزی زمان (variant s)لەچاو پیاواندا( J. K. Chambers :2004 : 61) . ئەم دیاردەیە دەشێ لە کلتورێکی تردا پێچەوانەبێت. (دێبۆڕا تەنێن) دەڵێت : ژیان لای ئافرەتان هەوڵدانە بۆ پاراستنی پەیوەندییە پتەوەکان و دورکەوتنەوە لە گۆشەگیری و دابڕان. پەیوەندییەکان لەجیهانی ئافرەتدا هاوڕێیەتییە نەك پەیوەندیی هێزو دەسکەوت (ئازاد عەلی:٢٠٠٩ :٢٠). ئافرەتان کارامەیی باشیان لە دروستکردنی هاوڕێیەتیدا هەیە (کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :٣٣)، بێگومان لە ڕێگەی زمانەوە ئەم کارامەیی و لێهاتوییە بەرجەستەدەکەن. ( ستراتیجی ئاخاوتنی ئافرەتان، گۆڕینەوەی بەسەرهات و شارەزاییەکانی خۆیانە. سەبارەت بەگەڵێ بابەت، بەبێ گرفت، قسە دەکەن، چونکە لای ئەوان ئەرکی گفتوگۆکردن دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە و مەبەستی قسەکەر بێدەنگکردنی ئەوانی دی نییە بەڵکو بەشداربونە لە گەڵیاندا )( کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ : ٣٣ ).

شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ کە تاکێکی کۆمەڵە، بەپێی کلتور، کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکات. ( کوڕان، کاتی زیاترو پرسیاری زیاترو گرنگیی زیاتریان پێ دەدرێت، بەپێچەوانەشەوە کچان، کاتی کەمترو پرسیاری کەمترو پشتگوێخستن بەشیان دەبێت ( کریستین نوردنستام:٢٠٠٩ :٢٢). لێرەدا چەند نمونەیەك لە کۆمەڵی تری دەرەوەی کۆمەڵی کوردی، سەبارەت بە پێگەی نەرێنیی ژن لە کۆمەڵدا دەهێنینەوە (احمد مختار عمر :١٩٩٦ :١٨، ١٢٠ - پەخشان سابیر حەمەد :٢٠١٠ :٢٩) :

**٩) بیری ژن و بای زستان بەخێرایی دەگۆڕێن . یان، متمانە بە هەتاوی زستان و دڵی ژن مەکە.**

**١٠)تاکۆتایی متمانە بەسەگ بکە، بەژنیش تا یەکەم هەل .**

**١١)شەڕ، بونی نییە گەر ژنێکت لە دڵدا نەبێت .**

**١٢)لە شین و گریاندا، متمانە بە ژن مەکە .**

**١٣)هێزی ژن لە زمانیدایە .**

**١٤)هەرکاتێ ژنێك هەبێت؛ بێدەنگی بونی نییە .**

**١٥)ریوی تەنیا کلکە و ژنیش تەنیا زمان .**

**١٦)نهێنیی خۆت لای ژنێك بدرکێنی، هەمو جیهان دەیبیستێ .**

**١٧)ژنان، خێراتر لە بیرکردنەوە قسە دەکەن، بۆیە لە پیاو زیاتر قسە دەکەن .**

**١٨)ژن، گرەو لەشەیتانیش دەباتەوە.**

**١٩)ئەوەی بەشەیتان ناکرێ، ژن پێی دەکرێ.**

**٢٠)بەرلەوەی یەزدان پیاو بخولقێنێ، شەیتان ژنی خولقاند.**

**٢١)تەنانەت شەیتانیش دەست بەرزدەکاتەوە و نزادەکا؛ تا لەشەڕی ژن پارێزراو بێت.**

**٢٢)ژن، کارگەی چەکی شەیتانە.**

**٢٣)ژن، داوی (تەڵە) شەیتانە.**

(ئافرەتان، زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندیی بەهێز (intimacy) دەکەن و پیاوانیش لەسەر پایەو سەربەخۆیی) (status and independence) [ئازاد عەلی:٢٠٠٩ :٢٠ ( دیبۆڕا تەنێن )]، لەبەرئەوە شێوازی ئاخاوتنیان جیاوازیی تێدەکەوێت بە شێوەیەك کە دەوترێت ( پیاو هەژمونی لە زماندا هەیە ) (کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :١٧). هەروەها ئافرەتان زیاتر لە پیاوان ستراتیجی قسەکردنی ناراستەوخۆ بەکاردەهێنن (کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :٢٠). لەلایەکی تریشەوە پیاوان، بەگشتی، زیاتر شێوازی خۆسەپاندن (assertive ) بەکاردەهێنن، لە بەرامبەردا ئافرەتان زیاتر شێوازی ئینتیمائی (afflictive) بەکاردەهێنن [ ئازاد عەلی:٢٠٠٩ :٢٢( دیبۆڕا تەنێن )]. هەروەها سیمایەکی تری ئاخاوتنی ئافرەتان ئەوەیە کەزیاتر بابەتی ئاخاوتنەکان دەگۆڕن بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا (کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :٣٢). لایەنێکی تری جیاوازیی ژنان و پیاوان لەئاخاوتندا، هەڵبژاردنی بابەتی ئاخاوتنەکانیانە. گەر وردتر بڕوانینە بابەتەکە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ژنان زیاتر بابەتە تایبەتی و کەسییەکان هەڵدەبژێرن، وەك هەستەکانیان، هاوڕێکانیان، خێزانەکانیان، ئاڵتون و کەلوپەلە تایبەتییەکانیان... لەبەرامبەردا پیاوان زیاتر باس لەشارەزاییە تەکنیکییەکان و بابەتە گشتییەکانی وەك رامیاری و ئاین و وەرزش و ئابوری و ماف و... دەکەن (89: 2004: Shân Wareing). بەهۆی ئەوەی ئافرەتان هەڵاوارد دەکرێن، ئەوا غەیبەتکردن زیاتر سودیان پێدەگەیەنێت تاکو پیاوان، کە دەسەڵاتدارن ( کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ : ٣٤). یەکێك لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی زمان و رەگەز، قسەپێبڕینی ژنانە لەلایەن پیاوانەوە (Shân Wareing: 2004 :89) ، واتە پیاوان، لەئاخاوتنەکانیاندا، زیاتر قسە بەژنان دەبڕن بەبەراورد لەگەڵ قسەپێبڕین بەپیاوان لەلایەن خودی پیاوانەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ( پیاوان پێیانوایە مافی قسەکردنیان لەژنان زیاترە (87: 2004: Shân Wareing). هەروەها پیاوان زیاتر لە ئافرەتان شێوازی پێشبڕکێیان هەیە ( کریستین نوردنستام:٢٠٠٩ :٢٧). بەشێکی زۆری ئەو جیاوازییانە بۆ جیاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتیی رەگەزەکان دەگەڕێتەوە، ( پلەی جیاوازیی نێوان رەگەزەکان، بە وردی و جیاوازی لە رۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیوەستە. ئەرك و پێگەی کۆمەڵایەتی، لە رەگەز زیاتر هۆکاری جیاوازیی رەگەزەکانن ئەمەش بۆ دابەشکردنی نا یەکسانیی پێگە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە) (احمد مختار عمر :١٩٩٦ :٣٥).

وایپێشبینی دەکرێت کە ژنان، لەڕەفتاریاندا، زیاتر هەستیار و سۆزدار و نەرم بن و، زیاتر سۆز و هەست لەبریی بیر و لۆژیك لەبڕیار و بیرکردنەوەیاندا بەکاربهێنن و زیاتر پشت بە پیاوان ببەستن و لەژێر فەرمانی پیاودابن. لەبەرامبەردا پیاو (بەگوێرەی کلتور و جیهانبینی) پێویستە خۆڕاگر و چاونەترس و کارابێت لەبواری کێبرکێ و کێشەکاندا. بیرکردنەوەی لۆژیکی بێت و خولیای زاڵبون و کۆنترۆڵکردنی هەبێت و لە بڕیارداندا سەربەخۆبێ و تاڕادەیەك شەڕانگێز و ڕەق و توند بێت و سۆز بەسەریدا زاڵ نەبێت (رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٧٩).

بە تێروانینی (تەنێن)، پەیوەندیی نێوان ئافرەتان پەیوەندییەکی ئاسۆییە، لە یەکتری نزیکن و هیچیان لە سەروی ئەویتریان نییە. واتە لە پلەوپایەدا تاڕادەیەکی زۆر یەکسانن، بەڵام پەیوەندیی نێوان پیاوان پەیوەندییەکی ستونییە و هەر خاڵێك لە سەر ئەم هێڵە ستونییە لەسەر یان لە ژێر خاڵی ترەوەیە. ئەمەش

جیاوازیی پلەو پایە دەردەخات، لەبەر ئەوە خاڵەکان یەکسان نین (ئازاد عەلی:٢٠٠٩ :٢٠ ). ئەو جۆرە پەیوەندییەش لە بەکارهێنانی زماندا رەنگدانەوەی هەیە و ئەو جیاوازیيانە دروست دەکات کە پێشتر باسکران. بۆیە کچان، زمان بۆ نزیکبونەوە لەکەسانی تر بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا کوڕان زمان بەمەبەستی جەختکردنەوە لە پلەو پایەی خۆیان، لە بەرامبەر کەسانی تر بەکاردەهێنن [ئازاد عەلی:٢٠٠٩ :٢٠(دێبۆڕا تەنێن)]. هەمان تێڕوانین بۆ جیاوازی و یەکسانیی پلەو پایە، لەلای ژن و پیاو لە زماندا، لە چەندێتی و چۆنیەتیی پرسیارکردندا رەنگدانەوەی هەیە. (تەنێن ) پێیوایە پیاو کە پرسیار دەکات هەست بەنزمیی پلەوپایەی خۆی دەکات، چونکە پرسیارکردن مانای نەزانینەو وەڵامدانەوەش زانایيە، واتە وەڵامدەر پایەی بەرزترە، بۆیە پیاو، تا پێیبکرێت، خۆی لە پرسیارکردن بەدور دەگرێت. بە پێچەوانەشەوە پرسیارکردن بۆ ئافرەت کێشەنییە، چونکە لە دیدی ئەودا پەیوەندی بە پلەو پایەوەنییە، بەڵکو بە دروستکردنی پەیوەندییەوە پەیوەستە، ئەمەش لە لوتکەی گرنگییەکانە لە لایان، بۆیە ئافرەتان پێیانخۆشە پرسیار بکەن، چونکە پرسیارکردن پێویستیی پەیوەندیبەستن لای ئافرەتان تێردەکات، پیاوانیش پێیانخۆشە پرسیاریان لێبکرێت، چونکە پرسیارلێکردن پێویستیی پایەبەرزی لای پیاو دابین دەکات (ئازاد عەلی:٢٠٠٩ :٢١).

جیاوازیی رەگەز، بە دیوێکی تریش هەژمونی لە سەر زمان هەیە، چونکە ( هەڵسەندگانی خوێنەران بۆ تێکستێك جیاواز دەبێت، ئەگەر تێکستەکە لە لایەن پیاوێك یان ئافرەتێکەوە نوسرابێت. بە شێوەیەکی گشتی ژیان لە ڕوانگەی پیاوەوە سەیر دەکرێت ) (کریستین نۆردنستام:٢٠٠٩ :٣٤).

ئەم جیهانبینی و جیاوازییانە لە کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی ترو لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر دەشێ گۆڕانیان بەسەردابێت. ( گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و دۆزینەوەی زانستیی تازەتر، هەندێ رۆڵی نوێ بەئەندامانی کۆمەڵ دەبەخشن و دەبنە هۆی گۆڕان یان نەمان یان ڕاستکردنەوەی هەندێ لە بۆچونە کۆنەکان)(رمضان محمد القذافي ـ عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٧٩). ( ئەو کۆمەڵانەی کەرێگە بە تێکەڵبونی دورەگەزەکە نادەن، ئەم جیاوازییانە زیاتر دەبن و بە پێچەوانەشەوە ) (نورالهدى لوشن:٢٠٠٦ :١٦٥). لە کۆمەڵە نوێیەکاندا، کاتێ ژنان کێبڕکێ لە گەڵ پیاواندا دەکەن و بواری کارو تێکەڵبونیان پێدەدرێت، ئەم جیاوازییانە کەم دەبنەوە (احمد مختار عمر :١٩٩٦ :٣٥). سەرەڕای هەمو ئەمانەش ناتوانین بەتەنیا نە لە نێریەتی و نە لە مێیەتی تێبگەین، هەردوکیان بەشێوەیەکی بنچینەیی پەیوەستن بەیەکەوە.

لەکۆمەڵی کوردیدا، ئەگەرچی ژنان لەزۆر بواردا پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە و بەشێکی زۆریان لەکاردا لەگەڵ پیاواندا بەشدارن، بەڵام بەها کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری بەهەمان ئاست نەگۆڕاون. لەئێستادا ژنان زیاتر لە پیاوان لەناتەباییی کۆمەڵایەتیدا دەژین، چونکە ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کەتایبەتن بە ژن، تائێستاش، توندوتیژترن لەبەها کۆمەڵایەتییەکانی پیاوان (بختيار ابراهيم فتاح :٢٠٠٧ :١٥٣).

## ٥/١) هەژمونی تەمەن لە سەر ئاخاوتنی تاك:

وەکو پێشتر باس لە هەژمونی رەگەز لە سەر زمان کرا[١]، بەهەمان شێوە تەمەنیش هەژمونی لەسەر ئاخاوتن و زمانی تاك هەیە. (تەمەن ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی جیاوازیی زمانی) (PENELOPE

[١] بڕوانە (٤/١) لەم بەشەدا.

لێکۆڵینەوە لە تەمەن[١] و پەیوەندیی بە زمانەوە، بەتایبەت لە لێکۆڵینەوە ECKERT:2007 :1-12).

جیاوازەکانی کۆزمانەوانیدا، تا خاڵی یەکتربڕی قۆناغی ژیان و مێژو درێژ دەبێتەوە، چونکە تەمەنی تاکی قسەکەر، لەهەر کاتێکی دیاریکراودا، شوێنێك لە مێژو و قۆناغێك لە ژیان دەنوێنێ.

تەمەن[٢]، وەك زاراوەیەکی کۆزمانەوانی، کەمترین تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لەچاو هاوپۆلە جیهانییەکانی ( جێندەر، پلەوپایە، چین... ) کە کاریان لەگۆڕنکاریی زماندا کردووە؛ چونکە تەمەن وەکو ڕاستییەکی بایۆلۆجی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ( تەمەن، یەکێکە لەبنچینە سەرەکییەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی. لەزۆربەی کۆمەڵەکاندا، تەمەن، کاریگەریی هەیە لەسەر ئەو ڕەفتار و شتانەی کە دەبێت یان نابێت ئەنجام بدرێن. ئەوە تەمەنمانە ئەوە دیاریدەکات کە ئاخۆ ئێمە دەتوانین دەنگ بدەین؟ شوفێری بکەین؟ هاوسەرگیری بکەین؟ یا بچین بۆ قوتابخانە، بۆکارکردن، یا بۆ هەندێ بۆنەو ئاهەنگی تایبەت و چەندین پرسی تر کە بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە پەیوەستن. تەمەن، دەتوانێ کاربکاتە سەر جۆر و ڕەنگی ئەو جلانەی دەیانپۆشین و ئەو شوێنانەی بۆیان دەچین، لەهەموشیان گرنگتر چۆنیەتیی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانمانە، چونکە تەمەن زیاتر لەوەی کە تەنیا ژمارەیەك بێت، دیارخەری شوێن و پێگەمانە لەژیاندا و پەیوەندیی بە ڕێساکانی کۆمەڵەوە هەیە لە ڕەفتار و بەرپرسیارێتیدا Carmen Llamas:2007) :69 ).

زمان، وەك ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەمرۆڤ، (چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی وەرگیراوە و بۆماوە هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە فێربونی زمانی باواندا نابینێت ) (حاتم صالح الضامن:١٩٨٩ :١٠٦). فێربون یان وەرگرتنی زمان، بە تێڕوانینی دەرونناسەکان، گرنگترین دیاردەی گەشەی دەرونییە کە لەمرۆڤدا ڕودەدات (چیمەن نیزامەدین مەحمود :٢٠١١ :٤٠). مرۆڤ لەتەمەنی خۆیدا، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت کە (منداڵی، هەرزەکاری، لاوێتی، پێگەیشتو، پیری)ن. هەر یەکێك لەو قۆناغانە تایبەتمەندی و سیمای خۆیان لەسەر لایەنی هزری و جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتیی ڕەفتاری مرۆڤ نیشان دەدەن. کاتێك قسەکەر، بەدرێژاییی تەمەنی لەگەڵ تێپەڕبونی کات، بەم هەمو گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانەدا دەڕوات و ژیانیش بەردەوامە، ئەوا ناتوانێت هیچ گۆڕانێك لە بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زماندا نەکات(PENELOPE ECKERT:2007 :1-12) . تەمەن، کاریگەریی لەسەر گۆڕانی بۆچونەکانی مرۆڤ هەیە، هەروەها کاردەکاتە سەر چۆنیەتیی هەستکردن و درکپێکردن بەدەوروبەر و ڕەفتارکردن لەگەڵ کەسانی تردا، بەهەمانشێوە کاردەکاتە سەر چۆنیەتیی درکپێکردن و ڕەفتاری کەسانی تر لەگەڵماندا، کە هەمو ئەمانەش دەچنە ناو زمانەوەو ڕەنگدانەوەیان تیایدا دەبێت (Carmen Llamas :2007:69) . زمانیش وەکو ڕەفتارێکی مرۆڤ، یەکێکە لەوبوارانەی کەدەکەوێتە ژێر هەژمونی ئەو قۆناغانەوە و ڕەنگدانەوەیان تیایدا دەبێت. زمان، لەگەڵ تەمەنی تاکدا گەشە دەکات و هەر قۆناغێك لەتەمەن جۆرێك لەتایبەتمەندی بەزمان دەبەخشێت کەهەمو کەسێك پێیاندا تێپەڕ دەبێت تادەگاتە قۆناغی کامڵبون (پێگەیشتن)(نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣٩)، کەهەر قۆناغێك فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە و بەهەمویان فەرهەنگی زمانی تاك پێکدەهێنن. دەربڕینی کەسەکان، بەگوێرەی تەمەنیان (پلەبەندیی تەمەن) گۆڕانیان

---

[١]) لە (١/٣- ١٥) دا هەندێ لەو پەندانە باسکراون کە بە تەمەنەوە پەیوەستن.

[٢]) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان و تەمەن، بڕوانە نامەی ماستەری چیمەن نیزامەدین مەحمود -کاریگەرییا تەمەنێ ل سەر زمانێ پەیوەندیکرنێ).

بەسەردادێت. جیاوازییەزمانییەکانی تاك، رەنگدانەوەی لە ئاخاوتنی کۆمەڵدا دەبێت و بەتێپەڕبونی کات، لەگەڵ گۆڕانە مێژووییەکاندا، دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازیی زمانی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.

مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی، لەپەیوەستیی زمان بە تەمەنەوە زۆر هەستیارە؛ کاتێك کە قسەکەریش نەبینێت دەتوانێت خەمڵاندنێکی نزیك و ژیرانە بۆ تەمەنی قسەکەر، لەڕێگەی چۆنیەتیی دەنگ و رەفتاری زمانییەوە، بکات( Carmen Llamas :2007 :69). واتە ئەگەر گوێگر راهێنراویش نەبێت، دەتوانێت تەمەنی قسەکەر، بەنزیکەیی، دەستنیشان بکات.

ئەوتوانایە ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ بەرامبەر بە ئاماژە وەرگیراوە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و پێکهاتە ڕێزمانی و برگەیی و وشە فەرهەنگییەکان ( Lexical Items) هەستیارە. ئەو ئاماژانە لەدیاریکردنی تەمەنی قسەکەردا بەکاردەهێنێت ( Carmen Llamas :2007 : 69 ) .

گەشەی زمان لای منداڵ لەچەند دەنگێکی ئاوازداری درێژەوە دەست پێدەکات و دواتر قۆناغەکانی تر دەبڕێت، تادەگاتە دەربڕینی رستەی یەك وشەیی یان دو وشەیی، دواتر گەشە دەکات و بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی پەرەدەسێنێ (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣٩). هەر کاتێك کەباس لەتەمەن و قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ دەکرێت، بەدیوەکەی تری راستەخۆ قسەکردنە لەسەر گەشەی مێشکی مرۆڤ، چونکە لەگەشەی ئاساییدا قۆناغەکانی تەمەن مانای گۆڕانە هزری و جەستەییەکانی مرۆڤ دەبەخشن. لەهەر قۆناغێکی تەمەندا، چۆنیەتیی بیرکردنەوەو تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دەوروبەر جۆرێکە و گۆڕانکاریی بەسەردادێت، واتە هەر قۆناغێك تایبەتمەندیی هزریی خۆی هەیە. ناشێ کەسێکی ئاسایی لەتەمەنی (٢٠) ساڵیدا وەکو منداڵێکی تەمەن (٥) ساڵی بیر بکاتەوە. پەیوەستبونی گەشەی زمان و مێشك بەیەکترییەوە بۆچونێکی تازە نییە. لەبەشی دووەمدا باس لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر دەکەین، بەڵام بەکورتی دەڵێین ( فندریس) زمان و پێکهاتەی ئاڵۆزی مێشکی بەیەکەوە پەیوەستکردووە. پێیوایە کەلەڕاستیدا زمان سیمایەکە لە سیماکانی ئاوەز (العقل)، کەناکرێ لێکۆڵینەوە لەزماندا بکرێ بەدابڕاوی لەلێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی مێشك (غالب المطلبي:١٩٨٦ :١٠١). لەبەرئەوە وەرگرتنی زمان لەلایەن منداڵەوە، گرنگترین و مەزنترین داهێنانە لە چوارچێوەی گەشەی مێشکدا [ چیمەن نیزامەدین مەحمود :٢٠١١ :٤٠ ( حامد زهران )].

لەهەر کۆمەڵێکدا باوان و کەسانی دەوروبەری منداڵ یارمەتیی منداڵ دەدەن بۆ فێربونی زمان. بۆ هەر دەنگێك کەسەرەتا منداڵ دەریدەبڕێت پاداشتی دەکەن (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣٨). منداڵ لەگەڵ زماندا لەململانێدایە لەئاستەکانی دەنگ و مۆرفیم و وشە و رستە و واتادا (محمدعلی الخولی:١٩٩٣ :١٦٦). گەر تێبینیی منداڵ بکەین کەلەسەرەتای فێربونی زماندایە، جێناوە کەسییەکان بەتایبەت لکاوەکان، لەشوێنی خۆیاندا بەکارناهێنن، دواتر فێری بەکارهێنانی راستیان دەبێت. (زمان، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ویست و ئارەزووەکانی منداڵ و پێویستییەکانی گەشە دەکات و لەڕێگەی زمانەوە هەست و ئارەزووەکانی دەردەبڕێت) (چیمەن نیزامەدین مەحمود :٢٠١١ :٤٠ ).

دوای تەمەنی (٥-٦) ساڵی، منداڵ توانای بەسەر ڕێزمانی زمانەکەیدا هەیە و پێش چونە خوێندنگە ژمارەیەکی زۆر وشە فێربووە. لێرەوە گۆڕانێکی گەورە لەزمانیدا رودەدات کەفێربون یان ئاشنابونە بەزمانی فەرمی، کەپێشتر خۆی ئەو شێوەزارە ناوخۆییە فێربووە کەلەژینگەکەیدا بەکارهاتووە. هەروەها لە خوێندنگەدا تێکەڵبون و کارلێکی لەگەڵ منداڵ و کەسانی تردا دەبێت کە لەژینگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە هاتون، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دەربڕینە زمانیانەی کە لێیانەوە دەبیستێت (نایف خرما:١٩٧٨

.(٢٣٩:

لەقۆناغی هەرزەکاریدا گۆڕانی تر بەسەر زمانی تاکدا دێت. هەندێ دەربڕین و وشە بەکاردەهێنێ کە پێشتر بەکاری نەهێناون یان لەفەرهەنگی ئەودا نەبون. لەلایەکی تریشەوە واتای کۆمەڵایەتیی دەربڕینەکان فێردەبێت کە لەقۆناغی منداڵیدا ئەو دەربڕینانەی بەو واتا کۆمەڵایەتییانە بەکارنەهێناوە یان هەر فێریان نەبووە، وەکو دەربڕینە تابۆ و داپۆشراوەکان[1].

لەسیما دیارەکانی هەرزەکان، گۆڕانی تۆنی دەنگ و بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و سەرقاڵبونە بەبنیادنانی ناسنامەی خۆیان لەبەرامبەر کەسانی تردا، بەتایبەتی لەخۆیان گەورەتر، هەروەها سەرقاڵبونە بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان.(Carmen Llamas:2007:70)

لەقۆناغی لاوێتیدا کە بیروباوەر و تێڕوانین بۆ ژیان بەرەو جێگیری دەچن، گۆڕوتین و وەرەبەرزی بەرەفتارەکانییەوە دیارە، کە لەزمانیدا رەنگدانەوەیان دەبێت. ئەم قۆناغە ( پێگەیشتو - لاوێتی ) مەودای دوریی نێوان هەردوقۆناغی هەرزەکاری و پیری پڕ دەکاتەوە، کە بەقۆناغی پێشکەوتنی ژیانی پیشەیی و ژیانی باوانی دادەنرێ. هەروەها تێپەڕبونە بەقۆناغێکی نەپشکنراو.)(71: Carmen Llamas:2007) قۆناغی پێگەیشتو ( کامڵبون ) کە تاکەکانی کۆمەڵ، یاساو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زمان فێربوون و تایبەتییەکانی زمانی هەر قۆناغێك دەزانن، لەبەرئەوە هەر بەزاندن و لادانێك لەیاسا کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زماندا روبدات، لەلایان رونە و بەجۆرێك لە جۆرەکان بەرەنگاری دەبنەوە (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣٩) بۆنمونە ئەگەر لەئاخاوتنێکدا ئەم دەربڕینانە بوترێت:

**٢٤) چۆلەکەکە پێی وتم چیت کردوە!**

**٢٥) ماوماوەکە جوجەکەی حەمکرد.**

گەر قسەکەر منداڵ بێت یان قسەکەر و گوێگر منداڵ بن یاخود گوێگر کە پەیامەکەی ئاراستەکراوە منداڵێکی تەمەن ( ٣ – ٥ ) ساڵ بێت ئەوا گونجاوە، ئەگەر نا، لادانە لەیاساو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی زمان و قسەکەر توشی بەرەنگاری و گاڵتەپێکردن یان سەرزەنشت دەبێتەوە و بۆی هەیە بەسوکایەتیکردن بە بەرامبەر بۆی لێکبدرێتەوە. (پێگەیشتووە گەنجەکان، سیاسەتی ئابوریکردن لەزماندا پەیڕەو دەکەن و تەواوپێگەیشتوانیش زمانێکی رونتر و پڕ رێزتر بەکاردەهێنن(71: Carmen Llamas: 2007) .

لەتەمەنی پیریدا، کاتێ مرۆڤ بەساڵدا دەچێت، مێشك و گشت ئەندامەکانی تری جەستەی رو لەلاوازی دەکەن و چالاکییان کەم دەبێتەوە. زمانیش هاوشێوەی ئەندامەکانی تر و بەهۆی پەیوەستبونیان بەیەکترەوە لەگەڵ مێشکدا، چالاکییەکانی سنورداردەبێت. وەك لە گۆکردنی دەنگەکان یاخود فێرنەبونی وشەو زاراوەی تازەدا دەردەکەوێت. (وادەردەکەوێت کە فشارەکانی قۆناغی لاوی بۆ سازاندنی کەسانی بەئەزمون، لەقۆناغی پیریدا، بەرەو کەمبونەوە بڕۆن. لەوقۆناغەدا بەکارهێنانی فۆڕمە ڕێزدار و رونەکان رێگری لەبەکارهێنانی فۆڕمە لۆکاڵی و ئەو فۆرمانەی کە پلەوپایەکی شاراوەی هەیە لای قسەکەرە بەتەمەنەکان، ناکات) (72: Carmen Llamas: 2007).(لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە دەردەخەن کە هەڵکشانی تەمەن پەیوەستە بە پارێزگاریکردن لە بەکارهێنانی دەربڕینە کۆنەکان لەئاخاوتندا :PENELOPE ECKERT) 1-12 : 2007). لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، کە ئایا شێوازەکانی زمانی کۆمەڵ لەگەڵ بەرەوپێشچونی

---

[1] ) بروانە شاخەوان جەلال فەرەج فەرەج- تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور.

ساڵەکاندا دەگۆڕێت یاخود ئاخێوەران، لەگەڵ گەورەبونی تەمەنیاندا، زیاتر پارێزگاری لەدەربڕینە کۆنەکان دەکەن؟ وەڵامی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە هەردوکیان بەیەکەوە رودەدەن. واتە زمان، لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا، بۆ گونجان و بەردەوامبونی، خۆی تازە دەکاتەوە و دەگۆڕێت. لەبەرامبەریشدا قسەپێکەرانی زمان کە تەمەنیان بەرەوژور دەچێت پارێزگاری لەدەربڕینەکانیان دەکەن و بەشانازییەوە خۆیان بەپارێزەر و ئاخێوەری بەئەمەك بۆ زمان و شێوازەکەیان دادەنێن. ئەمەش جارێکی تر ئەو راستییە دوپات دەکاتەوە کە لێکۆڵینەوەکان دەریانخسووە (جیاوازی تەنها لە ئاخاوتنی گەنجەکاندا رودەدات(12-1: 2007: PENELOPE ECKERT ). لەهەندێ لێکۆڵینەوەی تردا دەرکەوتووە کە گەنجان، بەبەراورد لەگەڵ پیرەکاندا، زیاتر بە نۆرمەسەردەمییەکانەوە پابەند دەبن PENELOPE ECKERT: 2007 (12 -1: مەبەست لە نۆرمەکان ئەو یاسا و شێوازەکۆمەڵایەتییە نوێیانەن کە گەنجان بە تازەگەری و داهێنان و پێشکەوتنی دادەنێن و بەتەمەنەکانیش، تاڕادەیەك، بەشتی سەیروسەمەرە و لادانیان دەزانن، بۆیە پابەندیان نابن، یا کەمتر پێیانەوە پابەند دەبن. بەدەربڕینێکی تر، کێشەی نێوان گەنج و پیر لەزماندا رەنگدەداتەوە. تەمەن، رەهەندێکی کلتوریی هەیە و یەکێکە لە رەگەزەکانی دەستنیشانکردنی ناسنامەی تاك و هۆکارێکە بۆ دروستبونی جیاوازیی زمانی لەئاخاوتندا، چونکە شێوازی ئاخاوتن لەگەڵ تەمەنە جیاوازەکاندا کاردانەوەی لەسەر بارە تایبەتییەکانی تەمەنەجیاوازەکان لەکۆمەڵدا هەیە. ئەو بارە تایبەتییانەش رادەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی ئەو تەمەنانە دەستنیشان دەکەن (124: 2004: JEAN STILWELL).

لایەنێکی تری گەشەی مێشك کە گەشەی کۆمەڵایەتی و مرۆییی لایەنە هزرییەکانە و لەزماندا رەنگ دەداتەوە، گەشەو زیندوییی ویژدان و سۆزو هەستی تاکەکەسە لەناو کۆمەڵدا. گەشەو زیندویی ویژدان و هەستیاری و بێهەستیی تاك، هەژمونی خۆی لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەربڕینەکاندا بەرجەستە دەکات. کاتێ قسەکەر، بێ سڵەمینەوە و هۆکار، بە دەربڕینەکانی هەستی گوێگرەکانی بریندار دەکات، جا بەمەبەست بێت یان بێمەبەست، نیشانەی کەمهەستی یان بێهەستیی قسەکەرە کەبەم شێوەیە زمان بەکاردەهێنێت. یاخود بەکارهێنانی زمان بەدیوە زبرەکەی و تۆمەت و بەخشینەوەی بێبەڵگە بەسەر دەوروبەردا و تانەو تەشەرو لەکەدارکردنی تاکەکانی تری کۆمەڵ بەشێوەیەکی دور لەڕاستی، نیشانەی مردوییی یان نەبونی ویژدانی کەسەکەیە. بەکورتی (هەر قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ، منداڵی- هەرزەکاری- لاوێتی- پێگەیشتو- پیری، فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیەو هەریەکەیان سیماو تایبەتمەندیی خۆیان لەلایەنی دەنگی و لێکسیکی و دەربڕین و زمانی جەستەوە هەیە، کە پێیان دەناسرێتەوە) ( چیمەن نیزامەدین مەحمود :٢٠١١ :٧٦).

## ٦/١) هەژمونی پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاخاوتنی تاك :

پێگەی کۆمەڵایەتی[١]، کۆمەڵێك بەهاو پێوانەیە کەکۆمەڵ لەسەری رێککەوتون بۆ هەڵسەنگاندنی ئەندامەکانی. بەها و پێوانەکانیش جۆری پەیوەندیی تاکە لەگەڵ دەوروبەرو ئاستی رۆشنبیری و ئابوری و پیشە و ( چین و توێژ ) و رۆڵی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و کارگێریی تاك دەگرێتەوە، کەدەشێ ئەم پێوەرانە لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازبن و لەهەمان کۆمەڵیشدا بە تێپەڕبونی کات گۆڕانیان بەسەردادێت. رۆژانە دەبیستین کە (...) پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی، هونەری،...ی بەرزی

---

[١]) لە (١/٣-١٦)ی ئەم نامەیەدا، ئەوپەندانە خراونەتەڕو کە گرنگی بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ دەدەن.

هەیە. جیاوازی و جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی گشتییەو هیچ کۆمەڵێك لێی بێبەش نییە، ئەو جیاوازییانەش خۆیان لە ڕەچەڵەك و سامان و جلوبەرگ و ڕەفتارو ئاین و تەمەن و ڕەگەزدا دەبیننەوە. (جیاوازیی ئابوری و ڕۆشنبیری و ڕەفتارو بۆچون، کۆمەڵ دابەشی چەند چین و توێژێك دەکەن کەهەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەهەموویانەوە کۆمەڵ پێکدەهێنن) (محمود السعران:١٩٥٨ :٣٦). ئەندامەکانی هەمو کۆمەڵێك خەسڵەتە جیاوازەکانی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵەکەی خۆیان دەزانن و بوارو ئازادیی گۆڕینی توێژەکان دەزانن (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣٠). شێوازە بەرزەکانی ئاخاوتن، زیاتر کۆمەڵایەتین نەك ناوچەیی، لەبەرئەوە لەلایەن گروپی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا بەباشتر و شیاوتر دادەنرێن (Jason Jones:2004 :134) .هەریەك لەو بوارانەی کەبەشێك لەپێوەرەکان پێکدەهێنن، دەربرین و زاراوەی تایبەتییان هەیەو فەرهەنگی زمانی تاك دەوڵەمەند دەکەن، واتە کاریگەری لەسەر زمانی تاك دروستدەکەن (محمودالسعران:١٩٥٨ :٣٦). زمان توخمێکی گرنگە بۆ جیاوازیی چین و توێژەکان. هەریەك لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە خاوەنی دەربڕین و زاراوەی تایبەتن کەلەوانی تریان جیادەکاتەوە (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣٠ – ٢٣١).

زمان، سیمای جیاکەرەوەی تاکە، لە زمانی ئاخاوتنی هەرکەسێکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە کەئاماژە بەپێگەو چین وتوێژی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پیشەی کەسەکە دەکەن، چونکە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتن(بەکارهێنانی زمان) بەتایبەتمەندیی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستن و واش پێشبینی دەکرێت کە ئەندامانی ئەو گروپانە، بەپێی پێگەو بۆچونی خۆیان، زمان بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنن. تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، هۆشیاریی زمانییان سەبارەت بەجیاوازیی زمانی چین و توێژە جیاوازەکان هەیەو لەئاخاوتنەکانیاندا پەیڕەوییان دەکەن، واتا ئاخێوەرانی یەك زمان، وەکویەك زمانەکە بەکارناهێنن و جیاوازییان هەیە. گەشەی ڕۆشنبیریی تاك، بەشێوەیەکی تایبەت، گۆڕانکاریی گەورە لەزمانی تاکدا دروست دەکات، بەتایبەت لە وشە و پێکهاتە زمانییەکانیدا، تەنانەت لە چۆنیەتیی گۆکردنی دەنگەکان و دەربڕینی ڕستەشدا ڕەنگدەداتەوە (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٢٤–٢٢٥). بێگومان جیاوازی لە ئاستەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی نێوان خەڵکی یەك ناوچەدا هەیە، کەهەر یەکێکیان کاریگەرییان لەسەر زمانی (شێوەی ئاخاوتنی) کەسەکە هەیە. ئاخاوتنی تاك، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ئاخێوەر دەردەخات. لەیەك کۆمەڵی زمانیدا زمانی (شێوازی ئاخاوتن) خوێندەوارو نەخوێندەواران لەیەکتری جیاوازن (محمدعلی الخولی:١٩٩٣ :١٦٤،١٩، محمود السعران:١٩٥٨ :٣٢)، تەنانەت خوێندەوارەکانیش بەپێی پلەو ئاستی خوێندەوارییان، بەجیاواز زمان بەکاردەهێنن. بۆ نمونە زمانی پیاوانی ئاینی لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ هەر پێگەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا جیاوازن. (ئەو دەربڕینانەی کە ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان جێبەجێ دەکەن، زۆربەی جار ڕەنگدانەوە و دەربڕی چین و توێژو پێگەی کۆمەڵایەتیی قسەکەرو گوێگر و دەربڕی جۆری پەیوەندیی نێوانیانن ) (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٠٠، ٢١١).

لایەنێکی تری گرنگ کە پێویستە باس بکرێت، گۆڕانی پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەیەتی لەزماندا. تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەن ئاست و پێگەی بەرزترو باشتر بۆ خۆیان بەدەست بهێنن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمانیان دەبێت و کارێکی ئاسان نییە. لەم بارەیەوە (لابۆڤ) پێیوایە، کە هەستی خەڵك سەبارەت بەگواستنەوە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێوە زمانە هەیە کەقسەی پێدەکەن. ئەو کەسانەی کەحەز دەکەن خۆیان بەچینێکی کۆمەڵایەتیی بەرزتر لەهی

خۆیـان نیشـان بـدەن، زمـانی ئـەو چینـە وەردەگـرن و بـەکاری دەهێـنن (نـایف خرمـا:١٩٧٨ :٢٣٥). بازدان لەفەرهەنگی زمانی توێژێکەوە بۆ یەکێکی تر بەخێرایی و کتوپڕی نابێت، بەڵکو پێویستی بەکات و هەوڵ و فێربون هەیە و دەبێ پلە بەپلە بێت، ئەگەر نا، دەبن بە مایەی گاڵتەپێکردن (نایف خرما:١٩٧٨ :٢٣١). بەکورتی، گۆڕانی پێگەی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی زمانی لێدەکەوێتەوە. بەدەربڕینێکی تر گۆڕانە کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لەگەڵ یەکتریدا هاوشانن ، بۆیە بونی شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن، جیاوازیی پێگەیەك لە پێگەیەکی تر لەناویەك زماندا دەسەلمێنن.

## ٧/١) پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان:

پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی دیاریکراون، شێوەی ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵەکە دیاری دەکەن [ احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٥٩( الشيخ عبدالسلام )]. هەروەها ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەئەنجامی کارلێکی کۆمەڵ، لەڕابردو و ئێستایدا دەگرێتەوە، وەك بیروڕای ئاینی و پێوەری ڕەوشتی و بەهای کۆمەڵایەتی و یاساو دابونەریتی باو و...هتد. پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان (راستی و هەڵە ) ( شیاو و نەشیاو ) لەرەفتاری ئەندامانی کۆمەڵدا دیاری دەکەن (احمد محمد الزعبی :٢٠١٠ :١٦٠)، واتا دەتوانین بڵێین، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان جیهانبینیی کۆمەڵن. ( پایەی کۆمەڵایەتیی تاك لەناو کۆمەڵەکەیدا، بەڕادەی پابەندبون و پەیڕەوکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکەیەوە پەیوەستە، چونکە کۆمەڵ بەڕێکخەری رەفتاری تاك دادەنرێ) (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٦٠).

دروستی و نادروستیی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەکات و شوێن و نەرمی و گونجاوی و وەڵامدانەوەیان (الإستجابة ) لەبارودۆخەکانی ژیان و بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە پەیوەستن ( قيس النوري:١٩٨١ :١٥٤)، بۆیە پێوەرەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی جیاوازیی کلتورەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و گەشەدەکەن. لەبەر ئەوە هەندێك بە (پێوەرە کلتورییەکان) culture norms ناویان دەبەن (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٦٠). گونجاوی و نەگونجاویی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵدا، ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنیەتیی ژیان و ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵەکە دەبێت و پابەندبون بە پێوەرەکان رەزامەندی و دەستخۆشیی کۆمەڵی بەدوادادێت، بەڵام لادان لێیان، سزای کۆمەڵایەتی بەدوادادێت. (ئەو کەسانەی کە بەخێرایی ئاراستەو بۆچونەکانیان دەگۆڕن، ملکەچی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەبن و رێز لەدەسەڵاتی باوان دەگرن، کۆمەڵیش وەریاندەگرێت، بەڵام ئەوانەی درەنگ ئاراستە و بۆچونەکانیان دەگۆڕن، ئەوا دەسەڵات پشتگوێ دەخەن، هەروەها لەپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان یاخی دەبن و رەخنە دەگرن) [احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :٢٠٦ ( أبوالنيل، محمود السيد )]. لەلایەکی ترەوە (تاچەند پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵدا گونجاو بن و توانای ڕێکخستنی ڕەفتاری ئەندامەکانیان هەبێت، بەو ڕادەیە یەکگرتوییی ئەندامەکانیش بەرجەستە دەبێت و چارەسەری گرفتەکانی خۆیان دەکەن، بەپێچەوانەشەوە) (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٦٢). منداڵ لەڕێگەی خێزانەوە پێوەرە گشتییە سەپێنراوەکانی کلتوری کۆمەڵ و پێوەرە تایبەتییەکانی خێزان وەردەگرێت، دواتر لەدەرەوەی ماڵ هەندێ پێوەری تر فێردەبێت. (رادەی تەبایی و ناتەبایی داواکارییەکانی تاك و خێزان، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەندامانی خێزان هەیە ودەوەستێتە سەر جۆری کارلێکی کۆمەڵایەتیی تاك لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەیدا. لێرەوە پەیوەندیی تاك بەخێزانەکەیەوە دەبێتە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لەبەخشین و

وەرگـرتن) (احمـد محمـد الزعبـی  : ٢٠١٠ :١٠٧). هەنـدێ جـار پێـوەرە خێزانییـەکان لەبـەردەم کـردەی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی تەندروستدا دەبن بەبەربەست، بەتایبـەت کاتێك دو وەڵامدانـەوەی جیـاواز بـۆ یـەك هەڵوێست یان دو هەڵوێستی هاوشێوە دەنوێنرێت، ئەمە جۆرێك لەدژیەکی لـەرەفتاردا دروستدەکات و دەبێتـە هۆی دروستبونی دوڕویی (جوتگەرایی - الازدواجیة). لەپەندەکانیشدا ئەم بارە بەرچاو دەکەوێت.

## ٨/١) بـەهـا:

بەها، چەند چەمکێکی ئەبستراکتن، کەچەند حوکمێکی هزری و هەڵچونیی گشتیی ئـەرێنی  یـان نـەرێنی سەبارەت بە کەسەکان یان بابەتە جیاوازەکان دەردەبڕن، جا حوکمەکان ڕاشکاوانە بن یان نادیار، بەگوێرەی جیـاوازیی کلتورەکـان و ئاسـتی ئـابوری و کۆمەڵایـەتیی کەسـەکە دەگۆڕێت (احمد محمد الزعبـی  : ٢٠١٠ :١٦٧). بـەها، کرۆکـی شارسـتانیەتی مرۆییـە و پوختـەی کەسـێتیی مرۆڤـە، لوتکـەی پێگەیشـتنی مرۆڤـە لـە پێشکەوتنی کلتورو شارستانیەتدا (قیس النوری:١٩٨١ :١٥٢). بـەهاکان، ئـەو پێوەرانـەن کەکۆمـەڵێك بـەپێی ئەزمونەکانی، لەڕێگەی هەڵبژاردنی بەکۆمەڵ، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییـەکانیان دایانـدەنێن [صـالح محمدعلی ابوجـادو:٢٠٠٤ :٢٠٥ (الاشـقر)]. لیپیـت Lippit پێیوایـە بـەها، پێوەرێکـە بـۆ بڕیـاردانی تـاك یـان کۆمـەڵ لەنێوان چەند جێگرەوەیەکدا(البدائل) لەو هەڵوێستانەی کە پێویستیان بـە بڕیارێك یـان ڕەفتـارێکی دیـاریکراو هەیە. بەهاکان پێمان دەڵێن چی بکەین و چی نەکەین (صالح محمدعلی ابوجادو:٢٠٠٤ :٢٠٤).

بەها، ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵە و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ تیایدا بەشدارن (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٦٦). سروشـتییەکان[1] باوەڕیـان بـە نـەمریی بـەهاکان نییـە، بـەڵکو پێیانوایـە کەچـەند چـەمکێکن بـارودۆخ و پێویسـتییەکان دەیانسـەپێنن و لاشـیان دەدەن (محمـد چلـوب فرحـان :١٩٨٩ :٩٠). سیسـتەمی بەهاکان، بـەجیاوازیی شارستانیەت و کلتـورو  ئاسـتی ئـابوری و کۆمەڵایـەتیی کۆمەڵـەکان دەگۆڕێت (احمد محمد الزعبی  : ٢٠١٠ :١٦٧). پراگماتیکییەکانیش پێیانوایە کە بەها، ڕەها نییە، ئەو بەهایانەی کەباوەڕمان پێیان هەیە، بە گۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێن.  مرۆڤ، خۆی بـەها تایبەتییـەکانی خـۆی دەخـولقێنی و هـەر خۆی لەمیانی ئەزمونەکانییەوە جوانیی دەخولقێنێت (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :١٦١).

بەشێوەیەکی گشـتی، بـەها بنەڕەتییـەکان، زەمینەیـەکی ئایینیـان هەیـە و زۆربـەی کۆمەڵـەکان بـەرگێکی ئاینی و ڕەوشتی بەبەر بەهاکانیاندا دەکەن، تـا پەیوەسـتبونی ئەنـدامان پێیانـەوە بـەهێزتر و زیـاتر بێت (احمد محمـد الزعبـی  : ٢٠١٠ :١٦٣). بونگـەراکان (الوجودیـون)[2] دەڵـێن، مـرۆڤ لـەمیانی ئـەو هەڵوێسـتانەی کەخۆی نەخشەوانیانە، بەو پێیەی کە تاکە بونەوەری مرۆییە لە جیهاندا و لەمیانی ئەو هەڵبژاردنـە ئـازادەوە کـە مـرۆڤ جیادەکاتـەوە، دەتوانێـت جـەخت لـەخود و بـونی خـۆی لەژیانـدا بکاتـەوە (محمـد چلـوب فرحـان :١٩٨٩ :١٤٦). لەلایـەکی  تـرەوە، گـۆڕین و دەسـتکاریکردنی بـەهاکان، دەبێتـە هـۆی گـۆڕانێکی بـەرچاو

---

[1] ) سروشتگەرایی قوتابخانەیەکی فەلسەفییە، پێیوایە کە جیهان پێویستی بە هێزێکی تر نییە لەسەروی سروشتەوەبێت. سروشت جیهان بەڕیوەدەبات و ژیانیش تەنیا ڕوداوێکی سروشتییە. ئەم قوتابخانەیە چەند قۆناغێکی بەخۆوە دیوە لەپێش زایینەوە تا دەگاتە سەدەی١٨ کە (جان جاك ڕۆسۆ) بنەماکانی فەلسەفەی سروشتیی نوێی دانا. ڕۆسۆ پێیوابو کە کۆمەڵ گەندەڵکار و نادادپەروەرە. هەمو شتێك کە سروشت دەیخولقێنێ باش و جوانە، بەڵام لە ناو مرۆڤدا تێکدەچێت. بڕوانە (محمد چلوب فرحان- دراسات فی فلسفة التربیة: ل ٨١ ـــ ١٠٥) .

[2] ) بونگەرایی Existeretialism دوئاراستەی جیاوازی هەیە. یەکێکیان ئاینییە کە (سۆرین کیرکیگۆرد و کارل یسپرز) رابەرایەتیی دەکەن. ئەوەی تریشیان دژە ئاینە کە (هایدگەر و سارتەر) رابەرایەتییان کردووە. جەخت لەسەر هزر و خودی مرۆڤ دەکەنەوە. دیکارت: من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم. سارتەر: خۆت خودی خۆت دیاری بکە، واتا پێ لەسەر ئازادیی تاك دادەگرن. بڕوانە (محمد چلوب فرحان- دراسات فی فلسفة التربیة: ل ١٤٥ ـــ ١٥٧) .

لەڕەفتاری کۆمەڵدا (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٦٤). بۆیە سارتەر دەڵێت: خۆت خودی خۆت دیاری بکە(هەڵبژێرە)(محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :١٤٧).

سروشتییەکان بەگشتی و(ڕۆسۆ) بەتایبەتی، پێیانوایە کەهەمو ئەو بەها و پێوانانەی کەلەژیانی خەڵکدا هەن، تەنیا دەربڕی حەزو پێویستی و ئارەزوەکانی خەڵکن، مانەوەشیان بەو بارودۆخەوە بەندە کەتیایدا سەریانهەڵداوە. هەروەها بەهاکان کردەی هێزێکی سەروی مرۆڤ نین کە هەژمونی بەسەر گەردوندا هەبێت و نەمر نین و نەسەپێنراون (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٩٠).

پراگماتیکییەکان، بەرپرسیارێتی یەکەم و کۆتایی لە هەڵبژاردنی ئەو بەهایانەی کەلەژیاندا پەیڕەودەکرێن، دەخەنە ئەستۆی مرۆڤ، نەك تەنیا لە دروستکردنی خودی خۆیدا، بەڵکو لەدروستکردنی جیهانەکە شیدا، بەشێوەیەك کەهەرچی بەسەر مرۆڤدا دێت بەهۆی خۆیەوە رودەدات (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :١٤٨).

### ١/٨-١) پۆلکردنی بەهاکان :

کۆمەڵێك بەها دەگرنەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. بەهای تیۆری (القیم النظریة): گرنگیدان و ئارەزوی بەدواداچون و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەگرێتەوە. ئاراستەیەکی مەعریفی دەگرێتەبەر، هەوڵی ناسین و دۆزینەوەی ئەو یاسانە دەدات کە ئەم شتانە بەڕێوەدەبەن (احمد محمد الزعبي :٢٠١٠ :١٦٨). لەچەند پەندێکدا هەندێك لەو سیمایانە بەدیدەکرێن. بۆنمونە:

٢٦) **دوکەڵ بێ ئاگر نابێ.** (هیچ روداو و رەفتارێك بێهۆکار نییە)

٢٧) **ئەوەی نەکرابێ نەوتراوە.** ( هیچ شتێك بێبنەما نابێت)

٢٨) **عەقڵ لەداك و باب چاترە.** (هزر و ئەزمونەکانی خۆت بەردەوام لەگەڵتدان، سودت پێدەگەیێنن، نەك کەسانی تر کە هەمیشە ناتوانن هاوڕێت بن)

٢٩) **چ بچێنی ئەوە دەدورییەوە.** (ئەنجامی کار و رەفتارەکانی خۆت بەدیدەکەیتەوە)

٢. بەهای ئابوری (القیم الاقتصادیة): گرنگیدان بەبەرژەوەندییەکان و ئەو شتانەی کە سودبەخشن و هەوڵدان بۆ دەسکەوتنی سامانی زیاتر دەگرێتەوە (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٦٨). ئەو پەندانەی کە ڕەهەندی ئابورییان هەیە، بەشێك لەو سیمایانە دەگرنەخۆ. بۆنمونە:

٣٠) **برا برایە، کیسەی جیایە.**

٣١) **پارەی سپی بۆ رۆژی رەش.**

٣٢) **شتێ گۆشتی پێ نەگرم، بۆچی گۆشتی پێ بەردەم؟**

٣٣) **زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە قازانجە.**

٣. بەهای رەوشتی (القیم الاخلاقیة): گرنگیدانە بە ئاکار و رەوشتی مرۆیی و رەفتارکردن بەگوێرەی لۆژیك و بیر. (بەها رەوشتییەکان رۆڵێکی گرنگ لەژیانی مرۆڤدا دەبینن، چونکە جۆرێکن لەسیستەم. بەها رەوشتییەکان خۆڕادەستکردنی بێ کۆت و بەند بە ئارەزووەکان رەت دەکەنەوە) (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٦٩). جۆراوجۆریی رەفتاری کەسەکان، پەیوەندییان بە بیروباوەڕ

و بەهاکانـەوە هەیـە و کارگـەرییان لەسـەر کـردەی بڵاوبونـەوەی بـەها و بیروباوەڕەکـان هەیـە جـا شێوەی ئەرێنی بێت یا نەرێنی (قیس النوری:١٩٨١ :٢١).

٣٤)**جـوانیی خوڵـق و خـو نـەك هـی رەنـگ و رو.** (جـوانیی ئاکـار و رەوشـت لـە جـوانیی روخسار گرنگترە).

٣٥)**ئاوت لە کانییەك خواردەوە، بەردی تێ فڕێ مەدە.** (بەئەمەکبە بۆ ئەو کەس و شوێن و شتانەی سودیان پێگەیاندوی؛ چونکە بەئەمەکبون بنەمای رەوشتە).

٣٦)**پیاوی باش ئەوەیە بەسەر ئارەزووەکانیدا زاڵ بێت.** (رادەستبون بە حەز و ئارەزوەکان، مرۆڤ بەرەو لادان لە بەها و پێوەرو یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبات). ئەم پەندە تازەیە.

٣٧)**دوژمنی خۆت بەشەکراو بخنکێنە.**

٣٨)**(... ) بە خاڵی دەوێرێ.** (مرۆڤی بێرەوشت تەنیا بە خزم و دۆستەکانی دەوێرێ).

٤. بەهای کۆمەڵایەتی (القیم الأجتماعیة): گرنگیدان بەکەسانی خۆشەویست و حەزکردن بە خزمەت و هاوکاریکردنیـان دەگرێتـەوە (احمـد محمـد الزعبـی : ٢٠١٠ :١٦٩). لەهەنـدێ لەپەنـدە کوردییەکانیشدا ئەم سیمایانە دەبینرێن. بۆنمونە:

٣٩) **هەر چاکە، چاکە.**

٤٠)**دراوسێی چاك بە هەزار برا هەیە.**

٥. بەهای ستاتیکی (القیم الجمالیة): گرنگیدانە بە جوانی لەلایەنی شێوە و گونجان و رێککەوتنەوە، کە لـەبوارەکانی چێـژی جـوانی و داهێنـانی هونەریـدا رۆڵیـان هەیـە (احمـد محمـد الزعبـی : ٢٠١٠ :١٦٩).

٤١) **هەمو شتێك بەلێهاتنە.**

٤٢)**زێری پاك، ژەنگ هەڵناهێنێ.**

٤٣)**پیاو نابێ جوانان بشکێنێ.**

٤٤)**گۆزە لەدەستی کابان بشکێ، دەنگی نایە.**

٤٥)**ژنی جوان، لەبەرچاوانە. ژنی ژیر، لەبەردڵانە.**

ستاتیکا لەم پەندانەدا رێژە و تێڕوانینی جیاوازی هەیە، تاڕادەیەك دژیەکی لەهەندێکیاندا هەیە. جوانی، زیـاتر لەڕوخساردایە، بەڵام کورد لەپەندەکاندا زیاتر گرنگی بەناوەرۆك داوە.

٤٦)**جوانیی خوڵق و خو نەك هی رەنگ و رو.**

٤٧)**گندۆرە بەڕەنگی نییە.**

بەم شێوازە باس لە جوانیی چاوی (شین – سەوز) دەکرێ:

٤٨)**چاوشینی چاو کتکانی، دەستەبرای شەیتانی.**

لەشوێنێکی تردا باسی ئەم پەندە دەکەینەوە، بەڵام لێرەدا پێویستە بوترێ کە جوانناسی لەم پەنـدەدا بـەدیناکرێ. واتا ئەم جیهانبینییە ستاتیکی نییە.

رێککەوتن و لێهاتن بنەمای جوانین. لەم روانگەیەوە وتراوە:

٤٩) **هەمو شت بەلێهاتنە.**

گونجان و ڕێککەوتن لەنێوان قەبارە و ڕەنگ و جۆری شتەکاندا جوانیی دەخوڵقێنن، بۆیە وتراوە:
**٥٠)ئەسپ بەکورتانی کەر رازی نابێ.**
بابەتەکە ئەوە نییە کە ئەوان بە کەلوپەلی یەکتری ڕازی دەبن یا نابن، بەڵکو کۆمەڵ گونجان و جوانیی تێدا بەدیناکات بۆیە وا وتراوە.

٦. بەهای ڕامیاری (القيم السياسية): گرنگیدانە بە کاری ڕامیاری و چارەسەری کێشەکانی خەڵک. ئەو کەسانەی ئەو بەهایەیان لایە لەزۆربەی بوارەکاندا پێشڕەون و دەتوانن خەڵکانی تر ئاراستە بکەن (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠: ١٦٩). چارەکردنی گرفت و کاری ڕامیاری، پێویستی بە مرۆڤی گەورە هەیە، ئەمەش سیمایەکی تایبەتە نەك گشتی. لەمەشدا پەند هەیە:

**٥١)گەورەیی بەهەمو کەس ناکرێ.** (ڕابەرایەتی، مەرج و سیمای تایبەتی هەیە و لەهەمو کەسێکدا نابینرێن لەبەرئەوە هەمو کەسێك شیاوی مەزنایەتی نییە).
**٥٢) خۆت لێنەگۆڕێ کەبویتە گەورە مەشهورە دنیا بەپێچ و دەورە.** (لەخۆباییبون خەسڵەتی مرۆڤی تێگەیشتو و پێگەیشتو نییە، هەروەها پێویستە مرۆڤ دوربین بێت).
**٥٣) دوژمن بکە بەدۆست، دۆست مەکە بە دوژمن.** (ئەمە ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەوروبەرە).
**٥٤) لەگەڵ دۆستان بە مروەت، لەگەڵ دوژمن ئیدارە.** (ماناگشتگیرەکەی ڕامیاری لێرەدایە).

پەندێکی تر هەیە کە هەمو ئەوانە ڕەتدەکاتەوە و هیچ سیمایەکی بەهای ڕامیاریی تێدا نییە، بەتایبەت چارەکردنی کێشەکانی خەڵك و پێشڕەویکردن :

**٥٥)سەرت نایەشێ، پرێسکەی لێمەبەستە.** (کار بۆ چارەکردنی گرفتێك مەکە کە بەخۆتەوە پەیوەست نییە. ئەمە لەگەڵ سیماکانی ڕێبەریکردندا ناکۆکە).

٧. بەهای ئاینی (القيم الدينية): گرنگیدان و ئارەزوکردنی زانینی ئەوەی چی لەپشت ژیان و دنیاوە هەیە و حەزکردن بە زانینی چارەنوسی مرۆڤ و باوەڕهێنان بەوەی کە هێزێك هەژمونی بەسەر ژیان و جیهاندا هەیە لەگەڵ گرنگیدان بە ڕێنماییە ئاینییەکان دەگرێتەوە(احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠:١٦٩).

**٥٦)کاری خوا و تەگبیری عەبدی زۆر لێکدورن. ئەوەی لای تۆ خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە.**
**٥٧)ئەوی خودا بینوسی بەکەس ڕەت نابی.**
**٥٨)خوا هەتا سەری دابی ڕزقیشی دەدا.**
**٥٩)لەوە بترسە لەخوا ناترسێ.**
**٦٠)ئەگەر بوی بە میر، خوا نەکەی لەبیر.**

بەشێوەیەکی گشتی باس لە مەزنی و دەسەڵاتی ڕەهای یەزدان دەکەن.

## ٩/١) ژینگە:

ئەوانەی کەلە پێشتردا باسکران[١]، هەمویان لەچێوەیەکدا یەکدەگرنەوە و ڕودەدەن کەژینگەی کۆمەڵایەتییە. ( ژینگە بریتییە لەهەمو ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە لەساتی جێگیربونی لە منداڵدانی دایکییەوە تامردنی. واتە هەمو هۆکارە جوگرافی و کلتوری و ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندیان بە

---
[١] ) لە (٢/١) ل ٣ تاکو (١/٨-١) ل٢٧ .

بۆماوەنییە دەگرێتەوە) (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :٧٢). ئەو هۆکارە دەرەکییانەن کە کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی دەرونیی تاك هەیە لەمندالأدانی دایکییەوە (سعد ریاض:٢٠٠٥ :٧٣).

ژینگەی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کەسێتی و رەفتارەکانی مرۆڤ هەیە، بەشێوەیەك کەلەهەمو قۆناغەکانی تەمەنیدا، بەڕێژەی جیاواز کاریگەریی خۆی دەنوێنێت.( کاریگەریی سروشتی کۆمەڵ لەسەر مرۆڤ، دەبێتە کرۆکی کەسێتی) ( قاسم حسین صالح صالح:١٩٨٧ :٢٧٤). خێزان گرنگترین ژینگە و کۆمەڵەیە کەتاك تیایدا ئەندامە و رۆلێکی گەورە لە پێکهێنانی کەسێتی و رەفتاری تاکدا دەبینێ (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :٧٣)، تەنانەت جیاوازیی سیماکانی کەسێتی، زیاتر پەیوەندییان بەجیاوازیی ژینگەوە هەیە نەك جیاوازیی بۆماوە (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :٧٨). بارودۆخی ژینگە کاریگەریی زۆری لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی هەیە و پابەندبون یان پابەندنەبون بە هەرەوەزی لەنێوان خزم و ئەندامانی کۆمەڵدا دروست دەکات (محمد عبده – فاتن محمد:٢٠٠٦ :٨٧ -٨٨). هەروەها هۆکارە ژینگەییەکان کاردەکەنە سەر شێوازو چۆنیەتیی درکپێکردنی تاك بۆ هەریەك لەو وروژێنەرانەی کەهەڵچونەکانی دەوروژێنن و ئەو بریارانەش کەدەریان دەکات (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :٨٣). کۆمەڵ، یاخود ژینگەی کۆمەڵایەتی، بازنەی بەیەکگەیەنی کەسێتیی تاك و کۆمەڵە ( قاسم حسین صالح:١٩٨٧ :٢٨٠)، ئەو کەسانەی کەلەژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی توندوتیژو شەڕانگێزدا پەروەردە دەبن، پێشبینیی ئەوەیان لێدەکرێ کە لە گەورەییدا بەهەمان شێوەبن، بەپێچەوانەشەوە. ( دەرونزانی سەلماندویەتی ئەو منداڵانەی لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕوبەڕوی توندوتیژی بونەتەوە، ئەمە لەڕەفتارەکانی دواتریاندا ڕەنگدەداتەوە ولەبوارەکانی تری ژیانیشیان بەهەمان شێوەیە) (صالح بریك:٢٠١٠ :٢٢). رۆسۆ پێیوایە کە مرۆڤ لەناو کەسانی تردا توشی شێواندن دەبێت (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :٨٩).

لێرەدا پێویستە بوترێ کە توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی جیهانی کۆمەڵ بریتین لە ( پێوەرو یاسا و بەهاو رۆڵ)ە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم چەمکە بەرامبەر بە کەسێتی تاك دەوەستێتەوە کە ئەنجامی گشتیی کارلێکی توخمەکانی پێکهاتەی کۆمەڵە. ئەمەش لە کۆتاییدا یارمەتیدەرە بۆ پێشبینیکردنی رەفتارەکانی کۆمەڵ لە کاتە جیاوازەکاندا (احمد محمد الزعبی :٢٠١٠ :١٥٩). گرنگیی ژینگە لەم پەندەدا دەردەکەوێت:

**٦١) ئەوەی لەکن عالمان بی عالمەبی. ئەوەی لەکن زاڵمانبی زاڵمەبی.**

## ١٠/١ ) شەڕانگێزی:

بریتییە لەهەر بیرێك یان کردارێك کە ئامانجی ئازاردانی جەستەیی یان دەرونی بێت (سوینا هانت، جینیڤر هیلیتن:١٩٨٨ :٣٤٧)، واتا زیانگەیاندنە بە بەرامبەر. هەندێ لە دەرونزانان بە سەرچاوەی چاوتێبڕین (طموح) و کێبرکێ و بەدەستهێنانی دادەنێن لەلای مرۆڤدا[1]. هۆکارێکی گرنگی خۆشەویستکردنی شەڕانگێزی، سەرکەوتنە لەشەڕدا، هەروەها ڕێگەدان بەدەربڕینی رقوکینە هاندەرە بۆ شەڕانگێزی ( سوینا هانت، جینیڤر هیلیتن:١٩٨٨ :٣٤٧-٣٥٠). شەڕانگێزی، وەك سیماکانی تری کەسێتی، دەشێ کاتی بێت و دەشێ تاڕادەیەك جێگیربێت، بۆی هەیە بەهێزبێت و لەوانەشە لاوازبێت، دەشێ بۆماوەبێت دەشێ وەرگیراوبێت... لەهەمو بارەکاندا شەڕانگێزی بەشێوەیەکی گشتی رەفتارو سیمایەکی

[1] ) لە ( ٣/٢-١١-٣ )ی ئەم نامەیەدا باس لەکەسێتیی شەڕانگێز کراوە.

نەرێنی و زیانبەخش و دژە کۆمەڵە. دەشێ هەندێ جار ئەنجامی باشی هەبێت، بەڵام ئەمە ڕێژەییەو ناکرێ بە رەهایی باسی بکەین( صالح بريك:٢٠١٠ :١٣٤)، ئەمەش لەزماندا ڕەنگدانەوەی دەبێت و کاریگەریی لەسەر باری دەرونیی گوێگرەکانی دەبێت. بەزۆری دەربڕینەکانی وەك (شکاندن، لێدان، سوتاندن...) بەکاردەهێنن و پێیانوایە:

**٦٢)شەڕ لەبەتاڵی باشترە.**

١١/١ ) دەمارگیری – التعصب – prejudice :

بریتییە لە نیشاندانی ئاراستەی شەڕانگێزی بەرامبەر بە کۆمەڵێك یان تاکێکی دیاریکراو، پشتبەست بە هەندێ زانیاری کەدەشێ بەهەڵەو ناتەواوی گشتێنرابن، بەبێ گوێدانە ئەو راستییانەی کە پێچەوانەی زانیارییەکان دەوەستنەوە (رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :٧٣). واتا پشتگوێخستن یان درکپێنەکردن بەلایەن و سیما باشەکانی لایەنی بەرامبەرو بینینی خاڵێکی نەرێنی و لێکدانەوەی هەمو خاڵێك بە نەرێنی. ( Mill دەڵێ: ئەو کۆمەڵەی کە بەمەبەست توندوتیژی و زۆرداری بەکاردەهێنێت تا ئەندامەکانی ڕێگایەکی دیاریکراوبۆ ژیان بگرنەبەر، ئەوە خودی کۆمەڵە کە زیان بە سروشتی مرۆیی دەگەیەنێت نەك جۆراوجۆری لە هەڵبژاردنەکانی تاکدا)(سرسبت نبی:٢٠١٠ :٢٠٢).

١٢/١ ) ترس و تۆقاندن (فۆبیا) :

گرنگترین پاڵنەرە بۆ رەفتار، وازهێنان لەهەندێ رەفتاری دیاریکراو و ئەنجامدانی رەفتاری تر لەشوێنیان، ترسانە لەسزا ( رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٩١)، جا ئەو سزایانە جەستەیی بن یان دەرونی یان کۆمەڵایەتی. زۆربەی کاتیش نەبونی ترس جۆرێك لەدڵنیایی بەمرۆڤ دەبەخشێت لەگەڵ، ئەوەشدا هەندێ جار لایەنی ئەرێنیی هەیە، چونکە کەسانێك هەن گەر ترسێکیان لەهێزێکی سەروی خۆیان یان سزایەکی توند نەبێت، ئەوا ئەو پەڕی شەڕانگێزی پیادە دەکەن. بۆ نمونە لەبەکارهێنانی هەندێ دەربڕین یاخود بێباکی لەبەکارهێنانیان نمونەیە لەزماندا.

١٣/١ ) چێژ : المتعة – Hedonism :

حەزکردنە بە بەدەستهێنانی خۆشییەکانی ژیان و دورکەوتنەوە لە ئەزمونە بەئازارەکان ( رمضان محمد القذافي - عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :١٩١). لۆژیکی ژیان پێمان دەڵێت کە مرۆڤ نابێت لەپێناو چێژی تایبەتی خۆیدا، قوربانی بە ئەرك و فرمانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بدات، بەڵکو دەبێ هاوسەنگییەگ لەنێوان هەردولا دروست بکات و دەستبەرداری چێژە پوچەکانی خۆی بێت (برتراند رسل:٢٠٠٦ :١١٦). ئەو کەسانەش کەتەنیا بەدوای چێژ و تێرکردنی حەزەکانی خۆیانەوەن؛ کەسانی خۆپەرستن.

## ١٤/١ ) رق و كين :

مرۆڤ، بە درێژاییی تەمەنی هەوڵی خۆپاراستن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەلماندنی بونی خۆی دەدات، بۆیە هەر شتێك یان کەسێك بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەبەردەمیدا ببێت بە بەربەست، جۆرێك لە رق و کین دروستدەکات (صالح بريك: ٢٠١٠ :١٨)، کەواتە رق، بریتییە لە بارێکی هەڵچونی دەرونی، کە تیایدا هەستێکی نەرێنی بەرامبەر بە بابەتێك یان کەسێك یان کۆمەڵێك دروست دەبێت، دەبێتە پاڵنەر بۆ زیان پێگەیاندن یان حەزکردن بە زیان و هەرەسی بەرامبەر. هەندێك پێیان وایە کە ( رق، توانای گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەیە) (صالح بريك: ٢٠١٠ :٢٠)، لەبەرئەوە هەردولایەنی بۆماوە و ژینگە، بەرێژەی جیاواز، رۆڵیان لە دروستبونیدا هەیە. (ئەو کەسانەی کە رق و بیری تۆڵە بەسەریاندا زاڵە، بەزۆری ئازار بە خۆیان و کەسانی تر دەگەیەنن، هەمو کاتێك هەوڵدەدەن بونی خۆیان لە ڕێی خراپەو توندو تیژییەوە بسەلمێنن) (صالح بريك: ٢٠١٠ :١٩). کوردیش وتویەتی:

٦٣) **کینە دو ماڵ وێران دەکات.**

راستیی ئەم بۆچونە لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵیشدا رەنگدانەوەی هەیە، ئەو کەس و کۆمەڵانەی کە لێبوردەییان زیاترە ژیانێکی ئاسودەتر و کەمکێشەیان هەیە. بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی کە بەردەوام لە بیری تۆڵەدان، دەبن بەمایەی نائاسودەیی و ژیانێکی پڕ کێشەو گرفت بۆخۆیان و دەوروبەریشیان. بۆیە وتراوە، ئەوانەی بیر لەتۆڵە دەکەنەوە تەنیا ساتێك لەژیانیاندا ئاسودەن، بەڵام لێبوردەکان گشت تەمەنیان بەئاسودەیی بەسەردەبەن. دەربڕینەکانی کەسی تۆڵەسێن بریتین لە:

٦٤) **ئەگەر نەمرم تۆڵەت لێ دەکەمەوە.** (مردن، تاکە هۆکارە کە ڕێگری لە تۆڵەسەندنەوەبکات. هیچ تروسکاییەك بۆ لێبوردەیی ناهێڵێتەوە).

٦٥) **گەر تۆڵەت لێ نەکەمەوە بەقوربانی تۆبم.**

٦٦) **تۆڵە بەسەبرە ئەما بەزەبرە.** ( لێرەدا، تێپەڕبونی کات، نابێتە هۆی بیرچونەوەی بیری تۆڵە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رق و کینەکە زیاتر دەکات و قەبارەی تۆڵەش زیاددەکات).

ژیانی مرۆڤ سەخت و پرکیشە و هەندێجار هۆڤیانەیە ( وحشية ) و لە بەها مرۆییەکانەوە دورە، تا ئێستاش مرۆڤ نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە بە چاکەو خۆشەویستییەوە وەڵامی هەمو روبەڕوبونەوەو بەرەنگارییەك بداتەوەکە دەبن بە ڕێگر لەبەردەمیدا، بۆیە ئەستەمە بتوانین هەمو کاتێك بە بەهای چاکەو یەکسانییەوە روبەڕوی گرفت و بەرامبەرەکانمان ببینەوە، لەبەرئەوە لەهەمو هەرەس و زیان و تێکشکانێکدا رق و کینەمان زیاد دەکات (صالح بريك: ٢٠١٠ :١٩).

## ١٥/١ )هەلپەرستی(الانتهازية):

بریتییە لە بەرژەوەندخوازییەکی زۆر تا ڕادەی خەڵك لەبیرکردن و خۆلەبیرکردن، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت بەهەر ڕێگەو شێوازێك بێت بەبێ گوێدانە نەریت و خووڕەوشت و یاسا کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان.

هەلپەرستی، دەردێکە گەلان و شارستانییەتەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن، کە لە رابردودا بۆتە هۆی رمانیان. کۆمەڵ لە ژێر کاریگەریی ئەم خەسڵەتەدا دەبێتە مەڵبەندی هەلپەرستە بەرژەوەند خوازەکان کە لە پێناو

گەیشتن بە مەبەست و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا هەمو شتێك دەکەن (عمرو حسن احمد : ... :٥٢). دەربڕینەکانی ئەم جۆرە کەسانە بریتین لە :

**٦٧) ئیشی خۆم رایبی بێت حەقم بەسەر کەسانی ترەوە چییە ؟!.**

**٦٨) ئاگرە سورە لەخۆم دورە.**

**٦٩) ساتێك خۆشیی خۆت بەهیچ کەس مەدە.**

**٧٠) بەشی خۆم بۆخۆم، لەگەڵ تۆش دەخۆم.**

## ١٦/١ ) خـێـڵ[١] :

پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەکۆمەڵێك خەڵك پێکهاتووە کە پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن بەیەکیان دەبەستێتەوە. پارێزگاری لەخۆیان و موڵك و ماڵ و نەریت و پێکهاتەیان دەکەن، کۆمەڵێك یاسای گشتی و تایبەتیان هەیە. جیهانێکی تایبەت و بچوکە، هەر خێڵێك خۆی پێ لە خێڵەکانی دی گەورەترە، هەروەها ئەندامانی خێڵ سۆزبەندییان لەنێواندا هەیە و دەمارگیرییان بۆ خێڵەکەیان هەیە (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨: ٢٤) .

خێڵایەتی یان خێڵگەرایی، سیستەمێکی زۆر کۆنە، لەزۆر شوێندا نەماوە و لەهەندێ شوێندا تائێستاش لەئارادایەو پەرەی پێدەدرێت. لەکوردستاندا، بەپێی سەردەمەکان، ڕۆڵی خێڵ لەسیستەمی حوکمڕانی و کۆمەڵایەتیدا هەژمونی خۆی هەبوە. لەئێستاشدا خێڵەکان ڕۆڵیان هەیە و بەچەندین شێوە لەپێکهاتەی سەربازی و رامیاریدا بونی خۆیان دەسەلمێنن و بە بنەما و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ ئەژماردەکرێن. بەڵگەی ئەم بۆچونەش، کەسە ناودارەکانی کوردن کەلەزۆربەی بوارەکانی رامیاری وزانستی و هونەری و ئەدەبی و سەربازی و کارگێری و... هتد، بەشێوەیەکی گشتی، بە خێڵ و ناوچەکانیان دەناسرێن یاخود نازناوی خێڵ هەڵدەبژێرن. (زۆربەی شارنشینەکان، پارێزگارییان لەڕەچەڵەکی خێڵایەتیی خۆیان کردووە و پەیرەوی دابونەریتە خێڵەکییەکان دەکەن و بۆ خێڵەکانیان بەئەمەکن) (بختیار ابراهیم فتاح :٢٠٠٧: ٣٧). (ئەم شانازیکردنەی تاکی کورد بەخێڵەکەی خۆیەوە، ئاماژەیەکی رونە کە کورد بەگشتی نەیتوانیوە خۆی لەچوارچێوەی خێڵ رزگاربکات) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨: ١٢). تائێستاش هەندێ دیاردەی خێڵەکی کاریگەرییان لەویژدانی تاکی کورددا هەیە و لەکار و ڕەفتارەکانیدا رەنگدانەوەی هەیە. گەربەزمانیش دەریان نەبڕێت لەهزری ناوەکیدا (العقل الباطن) هەیە و هەرکاتێك بواری بۆ بڕەخسێ خۆی دەردەخات (بختیار ابراهیم فتاح :٢٠٠٧: ١٥١). لەسیستەمی خێڵەکیدا، سیستەمی پەیوەندییە رامیاری و کارگێری و بازرگانییەکان و... هتد هەمویان لەڕێگەی پەیوەندییە کەسییەکانەوەیە. هەروەها ئەو کۆمەڵانە تۆماری مێژوویی بۆ رووداوە کۆمەڵایەتییەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان بەهەند وەرناگرن و بەلایانەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە (محمد عبده محجوب – فاتن محمد شریف: ٢٠٠٦: ١١٣). لەئێستای کۆمەڵی کوردیشدا هەمان بار دەگوزەرێت.

---

[١] ) لە (١/٣-٦)ی ئەم نامەیەدا، ئەو پەندانە خراونەتەڕو کە بەرهەمی خێڵگەراییی و لەهەمان کاتدا بەرهەمهێنی خێڵگەراییشن.

جیهــانبینیی خێــڵ، زۆر تەســك و كورتبینــە و لەســنورێكی زۆر بچوكدایــە، كــە ســنوری خێڵەكەیــە. لەسیستەمی خێڵەكیدا، هێز، لەسەروی هەمو شتێكەوەیە، واتا ئەوەی بەهێزە، بەها و پلەوپایەی مـەزنی هەیـە و بەپێچەوانەشـەوە؛ بێهێـز، بێبـەها و بێرێـزە. خێزانێكـی بـەهێز و زەبردەسـت بـۆی هەیـە ببێتـە سـەرخێڵ و میرایـەتیش بكـات؛ چونكـە كوڕانی خێڵ بێبڕوا و بێبـارن، كـێ شـوان بێـت ئـەوان مێگـەلن (محەمـەد فـەریق حەسەن :٢٠٠٨ :٣٥). بەدەربڕینێكی تر، بەپێوەری خێڵ، هێز، جێگای رێز و سەرسامییە؛ پیاوی بـەهێز، هەڵكــەوتو و خۆشەویســتە (محەمــەد فــەریق حەســەن :٢٠٠٨ :٧٤)، ئەمــەش مرۆڤێكــی تونــدوتیژ بەرهەمدەهێنێ، بۆیە مرۆڤی خێڵەكی حـەزی لـە چەك و تەقەمـەنی و شـەڕ و ئاژاوەیی. لەستاتیكای ئـەودا، ئەمانـە، بـەها و جـوانیی تایبـەت دەبەخشـن. جگەلـەوەش پـەیڕەوكردنی دەمـارگیریی خێڵگـەرایی سیمایەكی دیاری كۆمەڵی خێڵەكییە. هەروەها رەفتارەكان لەكۆمەڵی خێڵەكیدا زیاتر كاردانەوەن نـەك دەسپێشـخەرییەكی ئاشتییانە.

خێڵی كوردی، بیرو مەعریفەیەكی ئـەوتۆی بەرهـەم نـەهێناوە كـە مایـەی پێشكەوتن و دەرخستنی كـورد بێـت لـەجیهان و ناوچەكـەدا؛ تائێسـتاش هـزری كـورد بەشـێوەیەكی گشـتی یەكسـانە بـەهزری خێـڵ (محەمـەد فـەریق حەسـەن :٢٠٠٨ :٣٠٩)؛ لەبەرئـەوە خێـڵ بیردەكاتـەوە و خێـڵ بڕیـاردەدات و خێـڵ حـوكم دەكـات. هەرچەندە ئێمە بـەو رەهاییـە لەگـەڵ ئـەم تێڕوانینـەدا نین، بـەڵام پێمانوایـە كـە كۆمـەڵی كـوردی لەئێسـتادا لـە قۆناغی گواستنەوەدایە لەكۆمەڵێكی كشتوكاڵیی خێڵەكییەوە بۆ كۆمەڵێكی بەرخۆری شارستان؛ كـە تاڕادەیـەك هەنـدێ سیمای خێڵـی ونكـردووە و هەندێكیشـی مـاون. سیمایەكی تـری خێڵایـەتی بابـەتی خـزم خزمێنەیـە، (تائێسـتاش واسیتە و خـزم خزمێنـە لەبـەڕێوەچونی كـاری خەڵكیـدا رۆڵـی هەیـە. ئەمـەش نمونـەی كەسـێتیی دوڕووە - إزدواج الشخصیة- كەلـە ئـەنجامی دژیـەكیی رۆشـنبیریی كـۆن و نوێـدا لەكەسـێتیی تـاكی كـورددا رەنگیداوەتەوە) (بختیار ابراهیم فتاح :٢٠٠٧ :١٥٠). (هەرچۆنێك بێت مانەوە و بـەردەوامیی خێڵگـەرایی، پەتایەكی كۆمەڵایەتی و رامیاریی ترسناكە) (محەمـەد فـەریق حەسـەن :٢٠٠٨ :٣٢-٣٣)؛ مەترسیی لەسـەر رۆشنبیری و داهاتوی كۆمەڵ هەیە؛ چونكە بەرەو تاریكی و هەڵدێری دەبات.

لەڕوانگەی ئەو لایەنانەی كە باسكران، دەشێ چەند خاڵێك بكرێن بە بنەما و سیماكانی بیركردنەوە لەكۆمەڵی خێڵەكیدا، بەم شێوەیەی خوارەوە كورت بكرێنەوە:

١. چەقبەستویی لەبیركردنەوەدا: مەبەست لەوەیە كە بیركردنەوەی خێڵ لەبازنەیەكی بچوكدا بەدەوری خۆیدا خولدەخواتەوە و هیچی تازە بەرهەم ناهێنێ. ئەمەش وادەكات كە رەخنـە لاواز بێـت یـا هـەر نـەبێت. رەخنـەگرتن بـە پیلان و دژایـەتیكردن و دوژمنایـەتی لێكبدرێتـەوە؛ بۆیـە قبـوڵ ناكرێـت و كەسانی رەخنەگر لەو سیستەمەدا جێگایان نابێتەوە.
٢. زاڵبونی سۆز بەسەر بیركردنـەوەدا: زۆربـەی كـات سۆز و بیر یـان سـۆز و لۆژیك یەكناگرنـەوە. زاڵبونی هەریەكێكیان، بەگشتی، سنوردارکردنی ئەویترە. زاڵبونی سۆز بەشێوەیەكی گشتی دەبێتـە هۆی نەمانی دادپـەروەری و پێشێلكردنی یاسـا و هـەوڵدان بۆ تێركردنـی حەزەتایبەتییـەكان لەسـەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی.
٣. لاوازیـی ئیـرادە و كـەمیی متمانـە بـەخود: ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت كـە ئامـادەی قوربانیـدان نـین، هـەروەها ئۆبـاڵ و تـاوان خسـتنە پـاڵ خـەڵكانی تـر و گرنگینـەدان بـە بـارودۆخ و پێشـهاتەكان، كەمتەرخەمی و رادەستبون بەواقیع بەرهەم دەهێنن.

٤. کورتبینی و بیرکردنەوەی روکەشانە و پشتگوێخستنی چۆنیەتی و گرنگیدان بەچەندێتی، هەروەها زاڵبونی تاکڕەوی بەسەر رای گشتیدا.
٥. خۆبەزلزانین: هەمو کاتێك ئەژمارنەکردنی ئەویدی جۆرێکە لە خۆپەرستی و نەزانی. ئەمەش هەنگاونانە بەرەو دیکتاتۆریەت و قۆرخکردنی دەوروبەر و بەکارهێنانیان لەبەرژەوندیی تایبەتدا. بەدەربرینێکی تر، کەسێك لەبری هەموان بیردەکاتەوە و بڕیاریش دەدات؛ بیرکردنەوەکەش هەڵگری ئەو سیمایانەیە کەباسکران.

بەشێوەیەکی گشتی، بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی، لەئێستادا تاڕادەیەك، ئەوسیمایانەی تێدا بەدیدەکرێت.

## ١/٢) زمـان و بـیر:

زمان، سیستەمێکی هێماییە، بۆ گەیاندنی بیر. مرۆڤ، ئەستەمە بتوانێ هەمو بیرەکانی خۆی بەبێ زمان دەربڕێت. بەبێ زمان، بیری قسەکەرو گوێگر بەیەك ناگەن. قسەکەر، هەمو بیرەکانی دەخاتە ناو بۆتەی وشەکانییەوە و گوێگریش هەمو وشە بیستراوەکان دەگۆڕێت بۆ بیر، واتە وشە بیستراوەکان چەند بیرێکی لا دەوروژێنن. بەدەربڕینێکی تر، زمان دەبێتە هۆی گواستنەوەو وروژاندنی بیرو سەرهەڵدانی هزری تازە لای گوێگر. هەر لەکۆنەوە (فەلسەفەی هزر و دەرونزانیی مەعریفی، زمانیان بەبنەمای هزر داناوە و فەیلەسوفەکان پێیانوابووە کەخاڵی جیاوازیی مرۆڤ لە بونەوەرانی تر، توانای وەرگرتن و فێربونی زمانە ) ( مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٧٧). زمان هۆکارێکە بۆ دواندن، بەهۆیەوە دەتوانرێ ئەزمونە مرۆییەکان بەرجەستەبکرێن و شی بکرێنەوە، کە لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن. (کاتێك لێکۆڵینەوە لەبنیادی زمانێك دەکەین، ئەوا لێکۆڵینەوە لە وێنە و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵێك دەکەین)[غازي مختار طليمات:١٩٩٧ :٣٠(احمدعبدالرحمن حماد)].

بیر، یەکێکە لەکردە مێشکییەکان، یادگەو ئاگایی و ئەندێشە و زمانیش دەگرێتەوە، کە بەئەرکە باڵاکانی مێشك ناسراون. ئەو بنەما هزرییانە یارمەتیی مرۆڤیان داوە بۆ زاڵبون بەسەر سروشتدا و داهێنانی شارستانیەتی مرۆیی (نوری جعفر:١٩٧١ :٩٨). فەلسەفەی پراگماتیکی[1] پێیوایە کەهزر، شێوەیەکە لەرەفتار، بەتایبەت رەفتاری کۆمەڵایەتی کەئامانج و ئاراستەیەکی هەیە. لەبنەڕەتدا کاری هزر رەفتارو چالاکی و کارلێکە لەگەڵ ژینگەی ژیواری ( بایۆلۆجی ) و کۆمەڵایەتیدا (محمد چلوب فرحان :١٩٨٩ :١١٥). ژیانی هزریی مرۆڤ، بەرهەمی کارلێکی نێوان توانا مێشکی و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانە، کەلەدەستدانی هەریەکێکیان گەشەی هزریی مرۆڤ پەکدەخەن (نوری جعفر:١٩٧١ :١٠٣).

مێشك، پێکهاتەیەکی چڕو ئاڵۆزەو لەهەمو چالاکییەکانی مرۆڤ، وەکو قسەکردن و بۆنکردن و تامکردن و بینین و بیستن و هەستکردن و جوڵەو خواردن و خەوتن و بیرکردنەوەو... بەرپرسە ( کسپە ئەبو بەکر:٢٠١١ :٤). بیرکردنەوە ئاڵۆزترین جۆری رەفتاری مرۆڤە. بەتێروانینی(جودیث گرین) توانای مرۆڤە بۆ پشکنینی کارو شتەکان و نمایشکردنیان بەشێوەی ئەندێشە و هێما نەك بەڕاستی (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٣٠). بیرکردنەوە رەفتارێکی نادیارە (abstract) ناخرێتە ژێر سەرنجەوە (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٣١)، واتە ناتوانرێ هەستی پێبکرێت تا نەخرێتە بۆتەی زمانەوە. وەکو پێشتر باسکرا، (زمان سیستەمێکی هێماییە، پێویستە مرۆڤ، هێما بۆ ئەو چەمك و واتایانە دابنێت کەوەریاندەگرێت، تابتوانێت لەبیرکردنەوەو دەربڕیندا بەکاریان بهێنێت، ئەو هێمایانەش زمانن، لەبەر ئەوە هەرگیز ناتوانین بەبێ زمان واتاکان بپارێزین و بەکەسانی تریان بگەیەنین) (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :١٦٩). واتە (ئێمە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماوە بیر دەکەینەوە. کەواتە بیرکردنەوەکانمان بەبەکارهێنانی زمان ئەنجام دەدەین) (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٣١). بیرکردنەوە، کردەیەکی هزرییە، کەئەقڵ شارەزایی و زانیارییەکانی پێ رێکدەخات بەمەبەستی بڕیاردان لە بابەتێکی دیاریکراو(محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٣٤). بیرکردنەوە، پێویستیی بە بۆتەیەك هەیە کەشارەزایی و زانیاریەکانی مرۆڤی تێدا رێکبخرێت، ئەو بۆتەیەش زمانە کە ئەم رێکخستنە ئەنجام دەدات (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٣٣).

---

[1] ) پراگماتیکییەکان بۆ دانانی بەرنامەیەك لەفەلسەفە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەودیوی سروشت (میتا فیزیکا) هەوڵدەدەن. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە (محمد چلوب فرحان- دراسات فى فلسفة التربية).

زمان، لەکردەی بیرکردنەوەدا، رۆلێکی مەزن دەگێرێت، بیرکردنەوە ئاسان دەکات و لەلایەکی تریشەوە ئاڵۆزی دەکات و بەتواناترو وردتری دەکات. هەندێجار بەربەستی بۆ دروستدەکات و بە ئاراستەی هەڵەدا دەبیات، لەکۆتاییدا بنیادی زمان ئاراستەی کردەی بیرکردنەوە دیاری دەکات [ محمد محمد داود:٢٠٠٩ :١٧١( Carroll, john B 10 , 4 ) ]. ئێمە، بەو زمانەی کە دەیزانین، لەسنورێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە و کردارەکانماندایین(جمعة سيد يوسف:١٩٩٠ :١٢٩/١٤٩)، واتا بەو زمانەی کە دەیزانین، سنوری بیرکردنەوەکانمان دیاریکراون.

مرۆڤ، کاتێ بیردەکاتەوە، هەست بەبونی خۆی و پێویستییە جۆراوجۆرەکان و سۆزە جیاوازو ئارەزوە دژیەکەکانی دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەبیرکردنەوە نەبێت لە خۆمان ناگەین. مرۆڤ ناتوانێت شتێك بەسەر خۆیدا بسەپێنێت کە بەوشەکانی فەرهەنگی مێشکی وێنە نەکرابێت (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢١٠)، واتە هزر نابێتە راستییەکی هەستپێکراو کەبۆ بەکارهێنان و گۆرینەوە بشێت تەنیا لەرێی زمانەوە نەبێت. هزر بەبێ زمان، خامۆشە. زمان، ئامرازی بەرجەستەکردن و بەرگی بیرە، واتە زمان، ئامرازی رودانی بیرو بەکارهێنان و گواستنەوەیەتی بۆ نەوەکانی تر(نوری جعفر:١٩٧١ :١٠٦). زمان و بیرکردنەوە، دو تایبەتمەندیی مرۆڤن لەناو بونەوەرانی تردا. بیرکردنەوەش، کەرەفتارێکی ئاڵۆزە، توانای زاڵبون و مامەڵەکردن لەگەڵ هەمو شتەکانی ژینگەکەیدا بەمرۆڤ دەبەخشێت و توانای وەرگرتنی زانیاری، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دەوروبەر و لێکدانەوەو چارەسەری کێشەکان و پلاندانان و بریاردانی، پێدەدات (مريم سليم:٢٠٠٩ :١٩١).

فراوانبون یان پێشکەوتنی بەردەوام، سیمایەکی بەرچاوی بیری مرۆڤە، گومانیشی تێدانیە هۆکارێك لەپشت ئەم پێشکەوتنەوەیە، کەزمانە. بنیادی پێکهاتەیی زمان سیمای بەرهەمداریی سیستەماتیکی بەبیر دەبەخشێت (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢٢٦). بنیادی زمانی، وەك بنیادێکی هزری، تاکە رێگایە بۆ زانینی بۆتە هزرییەکانی تری مرۆڤ، وەك هزری ئەفسانەیی، هزری ئاینی و هزری زانستی وهزری هونەری. واتە ئەو زمانەی کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا قسەی پێدەکرێت و بیری پێدەکەنەوە، ئەو زمانە ئەزمونی کۆمەڵەکە رێکدەخات و واقیعی راستەقینەو دنیای کۆمەڵەکە و دواتر بڕواشی بۆ دادەرێژێت [ محمد محمد داود:٢٠٠٩ : ٢٦٣( سعيد عبدالكريم الخباز ) ]، ئەمەش پێیدەوترێت بەوشەکردنی جیهان. لەهەندێ لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووەکە ( تایبەتییەکانی پێکهاتەی رێزمانی، کاریگەریی گرنگیان لەسەر چۆنیەتیی دركپێکردنن و بیرهاتنەوەی وروژێنەرە بیستراوەکان هەیە لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە ISHTLA) .

(26: 2004: SINGHزمان کاتێك ئاستێکی دیاریکراو لەگەشە تێدەپەرێنێ، رێگای تازە و پێشکەوتوی بیرکردنەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢٢٦). کەسێك کەفەرهەنگی مێشکی سنوردارە، بیرکردنەوەشی سنورداردەبێت، هەروەها کەسێك کە فەرهەنگی مێشکی رون نەبێت بیرکردنەوەشی رون نابێت. بەهەمان شێوە کەسێك جیاوازی لەنێوان سروشتی واتاکاندا نەکات، بیرکردنەوەی زۆر گشتی و تێکەڵ دەبێت (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢١٩). زمان و بیر، یەکەیەکی ئاڵۆز پێکدەهێنن کەلەیەکتری جیانابنەوە. زمان واقیعی راستەوخۆی بیرو ئامرازی دەربرینیەتی (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢٩). ساکاری و قوڵیی بیرکردنەوە، بە هەژاری و دەوڵەمەندیی زمانەوە بەندە؛ تا زمان هەژار بێت بیرەکان سادەتر دەبن دەوروبەر گشتیتر پۆلێن دەکات، بەپێچەوانەشەوە. (زمان رۆڵێکی گرنگ لەپێکهێنانی چەمك و کردە هزرییەکاندا دەبینێت، لەبەر ئەوە گەشەپێدانی سامانی زمانی، بنەمایەکی گرنگە

بۆ گەشەپێدانی بنیادی مەعریفی، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتن و فراوانکردنی شارەزاییەکانی مرۆڤ و چەمکی نوێ و دواتریش بیرکردنەوەی تازەترو وردتر. گومانیشی تێدا نییە کە بیرکردنەوەی قوڵ پێویستی بەزمانێکی دەوڵەمەند و تێگەیشتنی قوڵی واتا و ئاماژەی وشەکان هەیە) (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢١٩). کاریگەریی زمان، تەنیا لەسەر گەشەسەندنی بیر کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بەردەوامی بەبەکارهێنان و گواستنەوەی دەدات بۆ نەوەکانی دواتر، واتە زمان، هزر دەکاتە راستییەکی بەرجەستەکراو(حقیقة ملموسة) کەبەبێ زمان توانای بەکارهێنانی نابێت (نوری جعفر:١٩٧١ :١٠٤). رادەی پێگەیشتویی و رونیی بیرەکان، کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی دەربڕینیان هەیە، واتە تاچەند بیرەکان لەهزردا، پێگەیشتو و رون بن، دەربڕینیان ئاسانترە و بەپێچەوانەشەوە، پێنەگەیشتویی و لێڵیی بیرەکان دەربڕینەکان گرانتر دەکەن. ماوەتەوە بڵێین کە پەیوەندییەکی ئەندامیی (ئۆرگانیی) بەهێز لەنێوان زمان و بیردا هەیە، چونکە زمان ئەو بۆتەیەیە کەبیری تێدا دادەڕێژرێت و، بیریش ئەو ناوەرۆکەیە کە بۆتەزمانییەکە دەیگرێتە خۆ. بەرفراوانی و بەرتەسکیی بۆتەکە کاریگەری لەسەر بیرەکە دروست دەکات. (تاچەند بۆتەکە تەسك و ناهەموار بێت، بیرێکی تەسك و ئەنجامی نابەجێی دەبێت) (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢٢٠).(زمان، یارمەتیی بیردەدات لەڕێگەی پێدانی چوارچێوەیەك کە زانیارییەکان لەیادگەدا دەپارێزێت، هەروەها لەدەربڕینی بیرەکانیشدا دەربارەی کەس و شوێن و شتە نادیارەکان، دیسان یارمەتیدەرە) (گلۆریا ج بۆردۆن و هی تر:١٩٩٨ :٢٠). بەهۆی ئەو پەیوەستی و پەیوەندییە بەهێزەوە ناکرێ لەیەکتری جیا بکرێنەوە. مێشك بەبێ زمان ناتوانێ بگاتە ئاستەباڵاکانی بیری تیۆری و واتاگشتییەکان کەئەرکە تایبەتییەکانی مێشکن (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :١٦٩). کەواتە، پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە، پەیوەندییەکی کارلێکی ئاڵوگۆڕە، لەڕوی کاریگەری و کارتێکردنەوە هەردوکیان کار لەیەکتری دەکەن و بەیەکتریش کاریگەر دەبن وەکو کریستیڤا دەڵێت : (زمان جەستەی بیرەو بیریش گیانی زمانە، هیچیان بەبێ ئەوی تریان ناژین) (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :١٩٩).

منداڵ، وەك ئەندامێکی تازە و نەوەیەکی تازەی کۆمەڵ، پێویستی بەفێرکردن و راهێنان هەیە لەسەر یاساو نەریت و رەفتارەکان بەزمانیشەوە. گومان لەوە دانییە کە منداڵ لەدەوروبەر و ژینگەیەکی زمانیدا زمان فێردەبێت و کۆدەکانی ئەو کۆمەڵە وەردەگرێت کەتیایدا گەورە دەبێت. ( زمان بەرهەمی پێویستییە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە، کە والەمنداڵ دەکات بەشداریی کەسانی تر بکات و کردەی بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆی لا ئاسان دەکات (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٨٣). (زمان، لەگەشەکردن و فراوانبونی مێشکی منداڵدا، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، لەوساتەوە کە وشەکان وەك ئامرازێکی هزری بابەتیی مادیی دەرەکی، لەو کۆمەڵەوە وەردەگرێت کەتیایدا دەژی، دواتر دەبێتە زمانی تایبەت بەخودی کەسەکە و دەچێتە ناو کیانی فەسلەجیی مێشکییەوە) (نوری جعفر:١٩٧١ :٦٧). گەشەی زمانی منداڵ وفێربونی کەرەستە زمانییەکان لەژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا، هاوشانە لەگەڵ گەشەی توانای هزریی منداڵ بەگشتی (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩١).

پەیوەندیی نێوان زمان و بیر، پەیوەندییەکی جەوهەرییەو کاریگەریی ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا هەیەو یەکتری دادەڕێژن. مێشك بەردەوام جوڵەی بیرکردنەوەی هەیەو، زمان توخمی پێکهێنەری بیرکردنەوەیە. لەلایەکی ترەوە، مێشکی مرۆڤ، لەساڵانی یەکەمی تەمەنیدا، درکپێکردنە سەرەتاییەکانی لەڕێگەی زمانەوە وەردەگرێت (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢١٨). بەبۆچونی ( ڤیگۆتسکی )، منداڵ لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا

گەشـەدەکات و کاریگـەریی ئـەو کەسانەیشـی لەسـەردەبێت کەلەژینگـە کۆمـەڵایەتییەکانـدا لەگەڵیـدا دەژیـن. جەخت لەسەر گرنگیی فێربونی زمـان دەکات، بـەو پێیـەی کـە دیاردەیەکە لـەدیاردەکانی پێشکەوتنی هزری منداڵ لـەو قۆناغـەدا. هـەروەها پێیوایـە کەمنداڵ لەڕێگـەی کـارلێکی کۆمـەڵایەتییـەوە فێردەبێت و گـەورەکان فێری دەکـەن و ڕێکیدەخـەن و ئاراستەی دەکـەن، تـادواتر بتوانێت شتێك لـەخودی خۆیدا بچێنێت و گەشـەی پێبدات. لێرەشدا گەشەی سروشتی و کلتوریی ئەو کۆمەڵەی کەتیایدا گەورەدەبێت گرنگن (مریم سليم:٢٠٠٩ :١٨٢–١٨٣).

لەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە، فێربونی زمان، واتای گەشەکردنی ئەرکە باڵاکانی تری مێشك دەگەیـەنێت کـە لەگـەڵ لەدایکبونیدا نـەبون (نـوری جعفر:١٩٧١ :٦٧). لـەپاڵ هـەمو ئەمانەشـدا هەنـدێك پێیانوایـە کـە (جیهانی هزریی منداڵ، بۆ پۆلکردنی دەوروبـەر، دەوەستێتە سـەر توانـای زمـانی دایك) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٣٩).

زمان گیانی ئەو گەلەیە کەقسەی پێدەکات، گشت سەرکەوتن و هەرەسەکانی خۆی تێدا جێگیر دەکات. بۆیە هەر کۆمەڵێك زمانێکی هەیـە کەلەگـەڵ سروشتی ئـەو کۆمەڵـەدا گونجـاوە و دەربڕی میزاج و خولیـای تاکـەکانێتی کەلەکۆمـەڵێکی تـری جیادەکاتـەوە و ڕەنگدانـەوەی واقیعـی کۆمەڵەکەیـە لـەڕوی پێشکـەوتن و دواکەوتوییەوە، چونکە هەر یەکەیەکی زمانی، گوزارشت لە یەکەیەکی شارستانی دەکات(محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٦٣)، واتـە دەوڵەمەنـدیی زمـان، مانـای پێشکەوتنی شارسـتانیەت دەگەیـەنێت و بەپێچەوانەشـەوە. ئەندامانی ئەو کۆمەڵەی کە بەیەك زمان دەدوێن (هاوزمانن)، لەزۆر شتدا هاوبەشن؛ وەکو بۆچونی ڕامیاری و ڕەوشـتی و جیهانبینییـان و پـۆلکردنی دەوروبـەر و سیسـتەمی ڕەفتـاری و پەیوەندییـەکان و پـەروەردەی کۆمەڵایـەتیی نـەوەکانیان و... (جمعـة سـيد يوسـف:١٩٩٠ :١٣٤/١٥٤). (هێـردەر) پێیوایـە کـە نـاتوانین چۆنیەتیی بیرکردنەوەی گەلێك بزانین تازمانەکەی نەزانین، چونکە خەڵك هاوشێوەی ئاخاوتنیان بیردەکەنـەوە و هاوشێوەی بیرکردنەوەشیان قسـەدەکەن (مصطفى غلفان:٢٠١٠ :٤٩). دەرونناسـە ڕەفتارییـەکان پێیانوایـە کـە زمـان و بیرکردنـەوە یـەك شـتن، واتـە بیـر کردنـەوەش زمانـە (مـريم سليم:٢٠٠٩ :١٩٢). ئـەوان (دی سۆسـێریش لەگەڵیانـدا هاوڕایـە) پێیانوایـە کـە جیـاوازی لـەنێوان زمـان و بیـردا نییـە، هـەردوکیان دوڕوی دراوێکن لەیەکتری جیاناکرێنەوە. بیر لەدەرەوەی زماندا سەربەخۆیی نییە و زمـانیش بەهـەمان شێوە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :١٩٩). زمان، لەدیاریکردن و پێکهێنانی جۆری بیرکردنەوە بـاو و گشتییەکـانی کۆمەڵدا بەشـداره (محمـد محمـد داود :٢٠٠٩ :٢٤٠).

قسەپێکەری هەر زمانێك دەکەوێتـە ژێر هـەژمونی ئـەو زمانـەی کەقسـەی پێدەکات، چونکـە چۆنیـەتیی بیرکردنـەوەی بەسـەردا دەسـەپێنێ (محمـد محمـد داود :٢٠٠٩ :٢٤٤)، کەئـەم بۆچونـە کرۆکـی باسـەکەی ئێمەیە. همبۆڵت[1]، پێیوایە کە زمان گەل دروستدەکات و بنەمای هەمو بیرێکی کۆمەڵە، ئاوێتـەبون لـەنێوان زمـان وگەلـدا هەیـە؛ زمـان، گـەل دەخولقێنێت و گـەلیش زمـان (مصـطفى غلفـان:٢٠١٠ :٥٣). بـەبۆچونی کۆنـدیاك زمـان و گەشـەی زمـانی، کلیلـی گەشـەی عـەقڵی مـرۆڤن (کسـپە ئەبوبـەکر عـەلی:٢٠١١ :١٢). هـەروەها لەدیـدی (سـاپیر - ورف) یشـەوە فێربـونی زمـان، بـۆ فێربـونی بیرکردنـەوەیـە نـەك بـۆ فێربـونی قسـەکردن (کسـپە ئەبوبـەکر عـەلی:٢٠١١ :٢٠). (واتسـن)، پێیوایـە کـە بیرکردنـەوە جۆرێکـە لـەئاخاوتنی

[1]) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(کاروان عومەر قادر- ٢٠١٢- فۆرمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا- بەشی یەکەم).

ناوەکی. بەشێوەیەکی گشتی، کاتێ مرۆڤ بیردەکاتەوە، خۆی دەدوێنێ (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٢). هەروەکو ( ئەنتوان ریڤا ڕۆل )دەڵێت: ئاخاوتنمان بیرکردنەوەیەکی دەرەکییە و بیرکردنەوەمان ئاخاوتنێکی ناوەکی (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :١٩٩). هەندێك لێکۆڵینەوە، لەکاتی بیرکردنەوەدا، لەسەر گەروی مرۆڤ ئەنجامدراون، دەوترێ لەو کاتەدا وەکو ئەوەی دەنگ دەربکات (گۆبکات) دەلەرێتەوە، واتە بیرەکان دەدرکێنێ (علی الوردی:٢٠٠١ :٥٦). هەر لەبەر ئەو بۆچون و تێروانینانەشە کەهەندێك دەڵێن ( مرۆڤ بەزمان بیردەکاتەوە و زمان، ئامرازی بیرکردنەوەیە ) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٠٩)، چونکە بیرکردنەوەکانمان، تەنانەت گەر بەدەنگیش دەرنەبڕرێن، هەر شێوەی زمانی وەردەگرن (نوری جعفر: ١٩٧١ :١٠٣–١٠٤). بەدەربڕینێکی تر مرۆڤ هەرچۆنێك و بەهەر رێگایەك، بیر لەبابەتێك بکاتەوە، هەر بەهۆی زمانەوە بیردەکاتەوە ( محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٩).

وردبونەوە و کارکردن لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان و بیر، کارێکی تازە نییە و دەمێکە فەیلەسوف و زانایان پێیەوە سەرقاڵن. فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ ( ٣٨٤ - ٣٢٢ پ. ز ) گەیشتوتە ئەو بروایەی کەزمان بەڕێژەیەکی زۆر پشت بەبیر دەبەستێت و بیر، بنیادو شێوە جیاوازەکانی زمان دیاری دەکات (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٣). تائێستاش ئەم بۆچونە لەبوارە زانستییەکاندا بەردەوامی و پەیڕەوکەرانی هەیە و پێیانوایە کەزمان بۆ گونجان لەگەڵ بیردا، گەشە دەکات. ریزبونی کەرەستەکانی (بکەرو بەرکارو کردار) لەرستەدا، بەجیاوازیی زمانەکان دەگۆڕێن، کەلەڕاستیدا لەچۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و ئاخێوەرانییەوە سەرچاوە دەگرێت (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٤).

ئاراستە فەلسەفی و دەرونییەکان و هەوڵی کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی توێکاریی مێشك، سەبارەت بە لێکدانەوەی سروشتی پەیوەندیی نێوان زمان بیر، لەسێ تیوریدا خۆیان دەبیننەوە (نوری جعفر: ١٩٧١ : ١٢٢):

## ١/٢-١) تیۆری دابڕانی ڕەها:

بەپێی ئەم تیۆرییە زمان و بیر لە دابڕانێکی ڕەهادان و بەهۆی جیاوازی لە سروشت و ئەرکیاندا، هیچ پەیوەندی و کاریگەرییەکیان لەسەر یەکتری نییە. بەواتای زمان کار لەبیر ناکات و پێشی کاریگەر نابێت، چونکە زمان تەنیا ئامرازێکی مادییە بۆ دەربڕینی بیرو بەرگی دەرەوەی بیرەکەیە، وەکو پەیوەندی نێوان دەفر و شلەکەی ناوی. بەم پێیە دەنگ و واتا یاخود دەنگ و بیر هیچ پەیوەندییەکیان نییە و دەوترێ لەیەکتری جیابکرێنەوە، هاوشێوەی شیکردنەوەی ئاو بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی (هایدرۆجین و ئۆکسجین) (نوری جعفر: ١٩٧١ :١٢٢). بۆنمونە ناوی دەنگە سروشتییەکانی وەك (خشەخش، هاژەهاژ، مرەمر،...). ئەم تیۆرییە ڕوتکردنەوە یاخود بەتاڵکردنی زمانە لەهەمو چەمك و لایەنێکی کۆمەڵایەتی کە لە سروشتی زمانەوە زۆر دورە.

## ٢-١/٢) تیۆری توانـەوەی بیر لەزماندا :

بەپێی ئەم تیۆرییە، بیر بەبێ زمان بونی نییـە. واتـا سـەربەخۆیی بیرو دابڕانـی لـەزمان ڕەتدەکاتـەوە و پێیوایە کە بیر زمانێکی بێدەنگە. مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبونیدا جگە لـەتوانا فەسلەجییەکانی ئاخـاوتن (ئەندامانی ئاخـاوتن) هیچی تری نییـە (نوری جعفر: ١٩٧١ :١٢٤).

## ٣-١/٢) تیۆری سـەربەخۆیی ڕێژەیـی :

لەگـەڵ ئـەوەی کـەزمان و بیـر لـەڕوی سروشـت و ئـەرك و مێژوی گەشـەکردنیانەوە جیـاوازن، بـەڵام پەیوەندییـەکی ئۆرگانی بەیەکەوە پەیوەستیان دەکات، کەلەیـەکتری دانـابڕێن (نـوری جعفر: ١٩٧١ :١٢٧). واتە زمان و بیر دوشتی سەربەخۆن و لەبنەچەی جیاوازەوە سـەرچاوەدەگرن و بـەدو ڕێچکـەی سـەربەخۆدا ڕێدەکـەن، بـەڵام لـەقۆناغی پێش پرۆسـەکاندا یەکدەگرنـەوە. بەڵگەشـیان بـۆ ئـەم بۆچونـە، بیرکردنـەوەی پێش زمان و قسەکردنی پێش بیرکردنەوەیە. هەورەها مرۆڤی سـەرەتایی لەگـەڵ ئـەوەی کـەزمانی نـەبو، هەستی بەئاسودەیی و خۆشـی و ناخۆشـی و ئـازاردەکرد. (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٦).

زمـان لەبنەڕەتـدا بـۆ بەرجەسـتەکردن و دەربـڕین و گۆڕینـەوەی بیـرە، چونکـە بـەبێ زمـان کـارێکی ئەستەمە. لەبەرامبەر ئەمەشدا، بیر بـەزاراوە زمـان دەوڵەمەنـد دەکـات و بـەم شێوەیە بـەردەوام دەبن (نـوری جعفـر: ١٩٧١ :١٢٧)، بـەڵام هەریەکـەیان جۆرێك لەسـەربەخـۆیی خۆیـان دەپـارێزن (مـریم سـلیم:٢٠٠٩ :١٩٦). دەنـگ (مەبەسـت دەربڕینـە)، بـەبێ واتـا، ناچێتـە نـاو سیستەمی زمانـەوە. کەواتـە واتـا، لەیـەك کاتدا دیاردەیەکی زمانی و کردەیەکی هزرییـە. بـەم پێیـە (واتـا) بیـرە و بـەشێکە لـە وشـە و لێـی جیانابێتـەوە(نـوری جعفـر: ١٩٧١ :١٢٨). بەدەربڕینێکی تر زمان و بیر پەیوەندییەکی تـەریب و پەیوەستبون لەنێوانیانـدا هەیـەو لـەڕەگ و ریشـەی جیـاوازەوە گەشـەدەکەن، بـەڵام بـەهۆکاری فسـیۆلۆجیی جیـاوازەوە لـەکاتی گەشـەکردندا بەیەکەوە پەیوەست دەبن (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٧).

## ٤-١/٢) گریمانەی ( ساپییر – ورف ) سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان زمان و بیر:

ساپیر و ورف، لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر زمـان و بیرکردنـەوە ئـەنجام داوەو هەندێ بیرو بۆچونی تایبەتیان پێشکەش کردووە. چەمکی کلتور و شێوازەکانی ئاخـاوتن، بنـەمای تیۆرییەکـەیان بـو، کـە ئـەمڕۆ بـە گریمانـەی ( سـاپیر -ورف ) ناسراوە (ISHTLA SINGH :2004 :24). کاریگـەرییان لەسـەر ئاراستەو تێڕوانینی زمانەوانیدا هەبوە. ئەوان پێیانوایە کەزمان نەك هەر بیر و ئاراستە و شێوازی بیرکردنەوە دیاری دەکات، بەڵکو مرۆڤ لەزمانەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە جیهان. واتە جیهـانبینیی تـاك و کۆمـەڵ، بەزمانەکـەیەوە پەیوەستە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان توخمی سەرەکی و یەکلاکـەرەوەی داڕشتنی بیرەو شێوازەکانی بیرکردنەوەش لای مرۆڤ دیاری دەکات.

## ١/٢-٤-١) پوختەی بۆچونەکانی ئێدوارد ساپیر:

ساپیر پێیوایە کەزمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤٣) و بەڵگەی واقیعی کۆمەڵایەتییە (مصطفى غلفان:٢٠١٠ :٥٨). واتە هەمو وردەکارییەکانی ئەزمون و بیری کۆمەڵ لەزمانیدا ڕەنگدەداتەوە. هەروەها پێیوایە کەزمان نەك تەنیا بیرەکانمان بەرجەستە دەکات، بەڵکو بونی بیر بەبێ زمان، ئەستەمە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :١١٢). ئەستەمییەکی تریش ئەوەیەکە (مرۆڤ ناتوانێت بەبێ زمان خۆی لەگەڵ واقیعی دەوروبەردا بگونجێنێت) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤٢)، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ زمان بونیان نابێت (مصطفى غلفان: ٢٠١٠ :٥٧ ).

ساپیر دەڵێت: مرۆڤەکان تەنیا لەجیهانی مادیدا ناژین، هەروەها تەنیا لەجیهانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ناژین، بەڵکو لەژێر کاریگەریی ئەو زمانە دان کەبۆ لەیەکتر گەیشتن و گونجانی کۆمەڵایەتی، لەکلتورێکی دیاریکراودا، وەریانگرتووە و بەکاریدەهێنن (نورالهدى لوشن:٢٠٠٦ :١٦١). هەروەها بنیادی زمانی کەسێك، یارمەتیی شێوەی بیرکردنەوەی دەدات، بۆیە ئەو شارستانییەتانەی لەزماندا هاوبەشن، لە شێوەی بیرکردنەوەشیاندا هاوبەشن (کسپە ئەبوبەکر عەلی:٢٠١١ :١٤).

ئەم تێڕوانین و بۆچونانەی ساپیر وای لێکردووە کەبگاتە ڕایەکی وا کە (فەرهەنگی زمانێکی دیاریکراو، ڕێکخەری ناوەندیی ئەزمونەکانی ئەو کۆمەڵەیە کەقسەی پێدەکات، چونکە پەیوەندیی نێوان ئەزمون و وێنا دەرەکییەکان لەسنوری فەرهەنگ دەرناچن )(مصطفى غلفان:٢٠١٠ :٦٠). هەروەها (ئەو زمانەی کەتایبەتە بەکۆمەڵێکی دیاریکراو و ئەوەکانی قسەی پێدەکەن و بەهۆیەوە بیردەکەنەوە، هەر ئەو زمانە ئەزمونی کۆمەڵەکە ڕێکدەخات و واقیعی جیهانی ئەندامەکانی دادەڕێژێت، بەشێوەیەك کەهەر زمانێك جیهانبینییەکی تایبەتی هەیە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤٢).

## ١/٢-٤-٢) پوختەی بۆچونەکانی ورف:

ورف Benjamin Lee Whorf، دەڵێت: زمان، سیستەمێکی هێمایی بەرفراوانە و ڕەنگدانەوەی کلتورە جیاوازەکانە (ISHTLA SINGH:2004 :25). سیستەمی زمان لەمێشکماندا، شارەزاییە دونیاییەکانمان ڕێکدەخات و لەڕێگەی زمانەوە ژیان دەکرێتە چەمك و هزر و لەنێوان قسەپێکەرانی زمانەکەدا بڵاودەبێتەوە و پەیڕەو دەکرێن (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :١١٢). شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکان، بەچەند یاسایەکی نمونەیی نەستی کۆنترۆڵ دەکرێن، ئەم شێوازانە بریتین لە پەیڕەوێکی ئاڵۆزی هەستپێنەکراوی زمانەکەیان (ISHTLA SINGH :2004 : 25.). بەدەربڕینێکی تر( زمان، چۆنیەتیی بیرکردنەوە و هەمو ئەوانەیش کەدەتوانین بیریان لێ بکەینەوە دیاری دەکات) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٣٩). واتە زمان توانای ئاخاوتن و بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاری دەکات. هەروەها سەبارەت بەزمان و بیر دەڵێت (تایبەتمەندییەکانی بیری کۆمەڵ بە تایبەتمەندییەکانی زمانەوە پەیوەستن، چونکە بیرکردنەوەی کۆمەڵ و زمانەکەی هاوشێوەن) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٣٩)، واتە مرۆڤ چۆن قسە دەکات بەم شێوەیەش بیردەکاتەوە

. زمان، پەیوەستە بەسروشتی بیرکردنەوەی نەستی(بێئاگا) (ISHTLA SINGH:2004 :24 ) و دەبێتە کۆگای ئەزمونەکانی کۆمەڵ و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیانگوازێتەوە (محمد محمد داود :٢٠٠٩

:٢٣٩). ورف، جگە لەبیرکردنەوە، جیهانبینیی تاك و کۆمەڵیش بەزمانەکەیانەوە دەبەستێتەوە؛ پێیوایە کە (لەهەمو زمانێکدا، جیهانبینییەکی دیاریکراو بۆ دەوروبەر هەیە، واتە زمانەکان تەنیا لەفۆنیم و هێماکاندا جیاوازنین، بەڵکو لەجیهانبینیشیاندا جیاوازن. تەنانەت ئەو خەڵکانەی کەبەزمانی جیاواز قسەدەکەن، لەڕاستیدا لەجیهانی جیاوازیشدا دەژین) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤١)، چونکە (کۆمەڵ لەچوارچێوەی زمانەکەی خۆیدا بیر دەکاتەوە) (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٣٩). زمانەکانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر هەست و جۆری بیرکردنەوە و جیهانبینییاندا هەیە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤١)، بەڕێژەیەك کەزمان وێنەی وێناکانی کۆمەڵ بۆ ژیان و دەوروبەر دەکێشێ و ئەزمونەکانی ڕێکدەخات (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٣٩).

بۆچونەکانیان لە دو گریمانانەدا خۆی دەنوێنێت کەبەکورتی باسیان دەکەین :

## ٣-٤-١/٢ ) گریمانەی ڕێژەییی زمانی - فرضیة النسبیة اللغویة - Linguistic Relativity

بەگوێرەی ئەم گریمانەیە، زمان لەکلتورە جیاوازەکاندا، لەچەند سیستەمێکی هێمایی سەربەخۆ پێکدێت کە هاوشێوە و یەکسان نین. هەروەها کاری زمان تەنیا هێمادانان نییە بۆ دەوروبەر، بەڵکو کاریگەری لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوەی قسەپێکەرانیشی هەیە( ISHTLA SINGH :2004 : 25 ).

ئەو گریمانەیە پێیوایە کەزمان، چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵە جیاوازەکان دیاری دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازیی جیهانبینیی کۆمەڵەکان، بەپێی سروشتی زمانەکەیانە (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٤). هەروەها تایبەتمەندییەکانی هەر زمانێك، لەزمانێکی تردا بونیان نییە. قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان، وێنا و درکپێکردنی جیاوازیان بۆ دەوروبەر هەیە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤٤). واتە پۆلێنکردنی دەوروبەر و شێوازەکانی بیرکردنەوەی تاکەکان بەپێی سروشتی وشە و دروستەباوەکانی زمانەکان جیاواز دەبن (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٤). بەدەربڕینێکی تر، قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان تێڕوانینی جیاوازیان بۆ جیهان هەیە(بەهار زایر: ٢٠٠٩ :١٩) . (Land) یش هەمان بۆچونی هەیە و پێیوایە کە (جیاوازیی زمان، جیاوازیی تێڕوانین و شێوازی بیرکردنەوەی جیاوازی بۆ دەوروبەر لێدەکەوێتەوە) (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٥)، بۆ نمونە لەزمانی کوردیدا زیاتر لە (٥٠) ناو بۆ شاخ و بەش و پێکهاتەکانی شاخ هەیە (هاوژین سلێوە : ..) کەلەکۆمەڵێکی تردا بەم شێوەیە نییە. بەهەمان شێوە واتای چەمکەکانی کات و ڕەنگ و ڕوداو و پلەکانی خزمایەتی لەکۆمەڵێکی زمانی بۆ یەکێکی تر بەپێی سروشتی وشەکان و دروستە زمانییە باوەکانی زمانەکان، جیاوازن (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٥، محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤٤-٢٤٩)، چونکە وێناکردن و درکپێکردن بە دەروبەری (بەرهەست و دەرهەست)، لەلایەن ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانەوە، جیاوازن (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٥).

## ٤-٤-١/٢) گریمانەی ڕەهاییی زمانی- فرضیة الحتمیة الغویة -Linguistic Determinism

پێیوایە کە زمان بیر دادەڕێژێت و دیاریی دەکات. جەخت لەوە دەکاتەوە کە دروستەباوەکانی زمان، کۆت لەسەر کردەکانی بیرو دەربڕینیان دادەنێن(مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٥). بەشێوەیەکی تر زمان، بیر

بـەڕێوەدەبات. لەبەرئـەوە ئـاخێوەری هـەر زمانێـك لـەژێر هـەژمونی زمانەكەیدایـە، چونكـە چۆنیـەتیی بیركردنەوەی بەسەردا دەسەپێنێ (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٤٤)، واتـا لەڕێگەی دروستە زمانییەكانـەوە كۆنترۆڵی نەخشـەی بیری تاكەكـەس نەخشێنراوە(كاروان عومـەر قادر:٢٠١٢ :٣٥-٤٠). بۆنمونـە كۆمەڵـە كشتوكاڵییەكان ئەو چەمك و وشانە بەكاردەهێنن كە پەیوەندییان بـە كشتوكاڵ و زەوی و بەروبومـەوە هەیـە، ئەو جۆرە وشانەش رێچكەی بیركردنەوەی تاكەكانی ئەو كۆمەڵانە دیاری دەكـەن و لـە كۆمـەڵێكی تری وەك پیشەسازی یان سەربازیی جیادەكەنـەوە. كـەواتـە زمـان، شێوازو جۆری بیركردنـەوەی كۆمەڵـە جیاوازەكـان دادەڕێژێت و بۆتەهزرییە باوەكان دیاری دەكات (مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٥).

( زمــان ◄──── بــیـــر )

٥-٤-١/٢) گریمانەیەكی تر كە پێچەوانەی ئەم گریمانانە دەڕوانێتە پەیوەندیی زمان و بیر، (<u>گریمانەی جیهانیی زمانییە ـ فرضیة العالمیة اللغویة</u> ) : ئەم گریمانەیە پێیوایە كە زمان جۆرەكانی بیركردنەوە دیاری ناكات، بەڵكو جیاوازیی جۆرەكانی بیركردنەوەو دركپێكردنەكان لەنێوان گەلاندا، ئەنجامی جیاوازیی سیستەمی كلتوری و ئایینی و ئابوریی كۆمەڵەكانە نەك جیاوازیی وشەو دروستە زمانییەكان. هەروەها كلتوری كۆمەڵ، هەریەكە لە زمان و بیر دیاری دەكات، چونكە چەند شێوازێكی دیاریكراویان بەسەردا دەسەپێنێ [مریم سلیم:٢٠٠٩ :١٩٨ ( Guenther, 1998) ]. بەكورتی (ناتوانین زیاتر لەتوانای زمانیمان بیربكەینەوەو ناشتوانین شتێك بڵێین كە نەتوانین بیری لێ بكەینەوە) ( نایف خرما:١٩٧٨ :٢١٨).

( بـــیـــــر ◄──── زمـــــان )

## ٢/٢) زمــان و كلتــور:

بەپێویستی دەزانین چەند پێناسـەیەكی كلتور بخەینـە ڕو:

كلتــور، هــەمو ئــەو هەســت و هــەڵچون و بیــروڕاو دابونــەریت و ئاراســتەو فەلســەفەو چالاكییــە كارلێككراوانـەن كـە لەكۆمەڵـدا بـاون و كاریگـەرییان لەسـەر تـاك هەیـەو لـە ڕەفتـارو ئـەو هەڵوێسـتە كۆمەڵایەتییانـەی كەڕۆژانـە ڕوبـەڕویان دەبێتـەوە، ڕەنگدەدەنـەوە (احمـد محمد الزعبـی : ٢٠١٠ :١٢٢). هەروەها ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەگرێتەوە كەتاك لەڕێگەی تێكەڵبون بەژینگەی كۆمـەڵایـەتی و بەشداربون لـە چالاكییـەكانی لەگـەڵ تاكـەكانی تـری گـروپ و كۆمــەڵەكەیكدا، وەریانـدەگرێت (رمضــان محمـد القـذافي - عبدالسـلام بشـیر الـدویبی:٢٠١٠ :١٧٩). كلتـور، بریتییـە لـە كۆمـەڵێك بیـرو بۆچـون و تێـڕوانین و ڕەفتـار كەكۆمــەڵی مرۆیــی پــەیڕەویان دەكــەن (عمــرو حســن احمــد : ب.ت:٤٢). كلتــور بەشـێكە لەكەسـێتی و ناسنامەیەكە، كۆمەڵ بەگشتی و تاكەكانی بەتایبەتی خۆیانی پێ لەئەوی دی جیادەكەنەوە(ڕەفیق سابیر:٢٠٠٨ :٣٧ ).

كلتور، پێكهاتەیەكی گشتی و لێكدراو و ئاڵۆزە كە زانیاری و بیرو بـاوەڕو هونـەر و ڕەوشـت و دابونـەریتی باو و هەمو تواناكانی تر دەگرێتـەوە، كـەمرۆڤ وەك ئەندامێكی كۆمـەڵ، لەكۆمەڵـەوە دەتوانێ وەریانبگرێت (موفــق ویســی:١٩٨٩ :١٩ ).

گۆدنیاف، كلتور بە كۆزانینە (مەعریفە) كۆمەڵایەتییە وەرگیراوەكـان socially acquired

knowledge پێناسە دەکات (هدسن:١٩٨٧ :١٣١، شاخەوان جلال فەرەج :٢٠١١ :٢٢
(تایلەر، سبنسر، کرۆبر) پێیانوایە کلتور، تەنیا توخمە دەرهەستەکانی وەك مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئاکار، یاسا، دابونەریت، ئایدیا و زمان دەگرێتەوە (سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٤).
(رالف لنتۆن)، کلتور بەرەفتار پێناسە دەکات و دەڵێت ( کلتور شێوەیەکی رەفتارە وەرگیراوەکانە کەئەنجامەکانی لەتوخمەکانیدا بەشدارن و تاکەکانی کۆمەڵ دەیانگوێزنەوە ) (موفق ویسی:١٩٨٩ :١٩)، هەروەها پێیوایە کە کلتور میراتێکی کۆمەلایەتییە (الأرث الأجتماعي)(سليم دولة:٢٠٠٩ :٨١). بێگومان تاکەکانی هەر نەوەیەك لە نەوەکانی کۆمەڵ لە یەك کاتدا پەیرەوکەری کلتورو ئامرازی گواستنەوەیەتی لەنەوەی پێش خۆیەوە بۆ نەوەی دوای خۆی و لەهەمان کاتدا رۆڵی لەگۆڕینی بەشێکی کەمی کلتورەکەشدا هەیە. کلتور، کۆی بیروباوەڕ و بەها و شێوە و جۆرەکانی ژیانی خەڵکانی ئاسایی دەگرێتەوە(سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٧)، هەروەها واتای گشت ئەو رەفتارانە دەگەیەنێت کەمرۆڤ فێریان دەبێت. بەدەربڕینێکی تر، هەمو ئەو زانین و بیروڕا و بەها و هونەر و رەوشت و ئاین و دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان و هەر توانایەکی تری مرۆڤ، بەو پێیەی کەلەکۆمەڵێکدا ئەندامە، وەریاندەگرێت، دەگرێتەوە (رمضان محمد القذافي- عبدالسلام بشير الدويبي:٢٠١٠ :٣٢٩). کلتور ئەو تۆڕە هێماییە یە کەبەهۆیەوە خۆشەویستی دەکەین و کینە هەڵدەگرین، دڵخۆش و دڵگران دەبین، دەپارێینەوە و هیوا دەخوازین، سەردەکەوین و ژێر دەکەوین (سليم دولة:٢٠٠٩ :١٠٥). واتە کلتور چۆنیەتی و شێوازی ژیانە، بەهەمو وردەکارییەکانەوە (نايف خرما:١٩٧٨ :٢١٨). جێگای سەرنجە کەئەم پێناسانەی خرانەڕو بەگشتی لایەنە دەرهەستەکانی کلتوری کۆمەڵ نیشان دەدەن، بەڵام پێناسەی تریش هەن کەهەردو لایەنی بەرهەست و دەرهەستی کلتور نیشان دەدەن. بۆ نمونە، (کلتور، سەرجەمی ئەو بەرهەمە مادی و رۆحیانە دەگرێتەوە کەخەڵکانێك لە مێژوی خۆیاندا پێکەوە بەرهەمیان هێناوە) (رەفیق سابیر:٢٠٠٨ :١٧). ( چەمکی کلتور هەمو بەرهەمە مرۆییەکان دەگرێتەوە، لەئامرازە بەرایییەکانی بەرهەمهێنانەوە تادەگاتە ئەدەب و هونەر و میتۆلۆژیا و ئاین و ئاکارو تەواوی دیاردە و رواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لەپۆشاك و خواردن و خواردنەوەو نەریت و ئادابی سەرخوان و دیاردە مادییەکانی ترەوە تادەگاتە سروشت و شێوازەکانی دەربڕین و پەیوەندی و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان ) (سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٣). واتە کلتور، (سەرجەم ئەو رەفتارو پەیرەوکراوە کۆمەڵایەتییانەیە کەلەنەوەکانی پێشترەوە دەمێننەوە وەك جۆرەکانی خواردن و بەها رەوشتی و نەریتی و ئاینییەکان و بەکارهێنانە زمانییەکان و سروت و شێوەکانی جلو بەرگ و بیناسازیش دەگرێتەوە. بەم پێیە کلتور، دوبەش دەگرێتەوە: ( سليم دولة:٢٠٠٩ :٤٩، شاخەوان جەلال فەرەج:٢٠١١ :٢١).

١. بەرهەست ( مادی): جل و بەرگ، تەکنیك، بیناسازی و کەلەپور، ئاوەدانی،ئامێر.
٢ .دەرهەست ( هێما – دەرونی ) : وەك بەهاو رەوشت و یاساکان و دابونەریت.

کلتور گشتێکی ئاوێتەیە لە هەمو ئەو شتانەی کە مرۆڤ، وەك ئەندام لەکۆمەڵدا، بیریان لێدەکاتەوە یان دەیانکات و خاوەنیانە (سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٤). خاوەنداریێتی هەردوبەشە بەرهەست و دەرهەستەکەی کلتور دەگرێتەوە .
هەندێ لەپێناسەکانی کلتور هێندە فراوانن کەهەمو ئاسەوارێکی مرۆڤایەتی لەسروشتدا دەگرێتەوە و پێیانوایە

کلتور بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی بلیمەتێتیی مرۆیی بەسروشتی دەبەخشێت بۆ راستکردنەوەو پەرەپێدان و بەکارهێنانی (سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٣- ١٤). کلتور، بەهەموو توخمە پێکهێنەکانییەوە، لەڕێگەی پەروەردە و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە social interaction بۆ هزری تاك دەگوێزرێتەوەو شوێنی خۆی لە شانەکانی مێشکی تاکدا دەگرێت، بەشێوەیەك کەهەر شانەیەك توخمێك لەو توخمانە لەخۆ دەگرێت و نوێنەرایەتیی سیستەمە کلتورییەکە دەکەن لەهزری تاکدا (قیس النوری:١٩٨١ :٢٤). (کلیفۆرد گیرتز)، کلتور بە بوهێڵە (جینات) بۆ ماوەییەکان دەچوێنێ، چونکە سیستەمی ڕێساو بنەماکان لەزنجیرەی بوهێڵ (جین) و هەر کلتورێکدا وەك یەکن(سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٤ ).

کلتور، کاریگەریی لەسەر رەفتارو باری دەرونی و هەڵچون و تێڕوانینی ئەندامەکانی کۆمەڵدا هەیە، بە ڕادەیەك کە پێکهاتەی کلتوری هەندێ کۆمەڵ، وا لەتاکەکانی دەکات کەتوانای بەرگریکردنی نەخۆشییە دەرونی و ژیرییەکانیان لەکۆمەڵێکی تر زیاتر بێت (قیس النوري:١٩٨١ :١٦٣). کلتور، هەمو ئەو وێناو چەمك و دابونەریتانە دەگرێتەوە کە جیهانبینیی نەتەوەیەك بۆ ژیان و دنیای دەوروبەری پێکدەهێنێت (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٦٢). جۆری کلتوری کۆمەڵ، تێڕوانینی مرۆڤ بۆ گەردون و ژیان پێگەی خۆی تیایدا دیاری دەکات. تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و دەربڕینی هەڵچونەکان و تێرکردنی پێویستییەکان و تێڕوانین بۆ دادپەروەری و ستەم، رەوا و نارەواش دیاری دەکات. هەروەها زانیاری دەربارەی پێوەرەکۆمەڵایەتییە رێپێدراو و رێپێنەدراوەکانیش دەستنیشان دەکات (سعد ریاض:٢٠٠٥ :٧٩-٨٠). زمان، هەڵگری کلتورە و هۆکارێکی زۆر کارا و گرنگە بۆ گواستنەوەی کلتور، لەبەر ئەوە زمان و کلتور کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە و زۆر پەیوەستن بەیەکەوە بەرێژەیەك کە(زمان و کلتور لەیەك جیاناکرێتەوە) (نورالهدی لوشن:٢٠٠٦ :١٦١). پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان کلتور و بڕوا و زمانی هەر نەتەوەیەکدا هەیە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٦٢). زمان، گەیەنەرێکی زیندوی (رابط حيوي) بایۆلۆژی و دەرونییە، مرۆڤ بەدەوروبەرەوە پەیوەست دەکات. زمان، مەرجێکی مرۆڤبون و مرۆڤایەتییە (مصطفی غلفان:٢٠١٠ :١٢). زمان، بەشێکە لەرۆشنبیریی نەتەوە و یەکێکە لە پێکهێنەکانی رۆشنبیری و بڕوای نەتەوەکە (محمد محمد داود :٢٠٠٩ :٢٦٢). پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان زمان و کلتوردا هەیە کەپەیوەندیی بەشە بەگشتەوە (زمان تایبەتەو کلتور گشتییە)، کاریگەری و کاریگەربون لە نێوانیاندا هەیە (کمال بشر: ب.ت :٢٣٦). زمان، ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و وردترین و راستترین ئامرازە بۆ دەرخستنی سروشت و سیما کلتورییەکانی کۆمەڵ (غازی مختار طليمات:١٩٩٧ :٢٥). (هێردەر) زمان بە ئەڵقەیەکی جێگیر لە ئێستادا دادەنێت، کە رابردو بەئێستا و ئێستا بە داهاتو دەبەستێتەوە، زمان، کۆگای ئەزمونی نەوەکانی رابردووە و ئامرازێکە بۆ پاراستنی ئەو بۆماوەیەو زیندوهێشتنەوەی لە یادگەی گەلدا، بە بەردەوامی (مصطفی غلفان:٢٠١٠ :٤٩). هەروەها زمان بۆبەرهەستکردنی پێکهاتەی کۆمەڵیش ئامرازێکی کارایەو هەمو دیاردە و کێشەی نێوان پێکهاتەکان دەخاتەڕو، هەروەك Liaison دەڵێت (زمان مەیدانی ململانێی چینایەتییە )(پەیمان حسن محمد سلیم:٢٠١٠ :٥٤). مرۆڤ، داهێنانە کۆمەڵایەتییە مێژوییەکانی لە ڕێگەی کەلوپەلە مادی و هزرییەکانییەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەرهەستدەکات کە زمان و مەعریفە لە پێشەوەی ئەو ڕێگایانەن، لەکاتێکدا بونەوەرە پێشکەوتووەکانی تر لە ڕێگەی بۆماوەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن ( نوری جعفر: ١٩٧١ :١٠٢). بنیادی زمانیش پەیوەندیی بە هزرو دامەزراوەو کلتوری بەرهەستی ئەو خەڵکەوە هەیە کە قسەی پێدەکەن (جۆن پیرۆ:٢٠٠١ :١٣١). هەروەها زمان بەرهەستکردنی هەمو کۆزانین و

شارەزایی و ئەزمونەکانی مرۆڤە و بەڵگەی کەسێتی و ناسنامەی کلتوریی مرۆڤە( کمال بشر:ب.ت :٢٣٦). واتا زمان، هەمو مێژو و کلتور لەخۆیدا هەڵدەگرێت و دەیانپارێزێت. (ئەلدۆز هەکسلی دەڵێت: کلتوری مرۆیی و رەفتاری کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە، بەبێ زمان بونیان نییە (جمعة سید یوسف:١٩٩٠ :١٤٣). فرەزمانی، واتە فرەکلتوری یان فرە شارستانیەت، پێشکەوتنی زمان واتای پێشکەوتنی شارستانیەت دەگەیەنێت (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٢٦٣)، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. کلتور، هەرچەندە سادەش بێت، پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵ رێکدەخات و چەندین رێگا بۆ مانەوەی دەگرێتەبەر(سلیم دولة:٢٠٠٩ :١١٣). پەیوەستیی زمان و کلتور دەوەستێتە سەر پلەی جیاوازیی زمانی و کلتوری بەیەکەوە، چونکە(جیاوازیی کلتوری، جیاوازیی زمانی دروستدەکات و بەپێچەوانەشەوە) (پەیمان حسن محمد سلیم:٢٠١٠ :٩). تا جیاوازیی نێوان زمانەکان زیاتر بێت، جیاوازیی نێوان کلتورەکان زیاد دەکات، لە نزیکبونەوەی زمانەکانیشدا جیاوازیی کلتوری کەمدەبێتەوە (کمال بشر: ب.ت :٢٣٩). گۆڕان و جیاوازیی پێکهاتەی کلتوری، مانای هەڵوەشان و تێکچونی دەرونی و کلتوری ناگەیەنێت، بەڵکو جیاوازییەکانی کۆمەڵ رێکدەخات (قیس النوری:١٩٨١ :٥٦). بەهۆی جیاوازییە زمانییەکانەوە، کەسانی کۆمەڵە کلتور و زمان جیاوازەکان هەستیان جیاوازە، ئەو زمانانەی کەلەڕوی رستەسازییەوە جیاوازیی زۆریان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی، تاکەکانیان بە ئاراستەی هزری و دەرونیی جیاوازدا دەڕۆن و هەڵوێستی جیاوازیان لە هەڵسەنگاندنی دەوروبەریاندا دەبێت، تەنانەت گەر شتەکان لە روخساری دەرەوەیاندا زۆریش لەیەك بچن (قیس النوری:١٩٨١ :١٤٢). هەمبۆلت، پێیوایە کە زمان ئەفرێنەر یان یارمەتیدەرە بۆ ئەفراندنی وێنای جیهانی دەرەوە، چونکە ئەو جیهانە لەڕێگەی زمانەوە دەناسرێت، واتە زمان، ئەو جیهانەمان بۆ دەکات بەجیهان (مصطفی غلفان:٢٠١٠ :٥٢). ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ زمان وێنا ناکرێ، چونکە لەسەر بنەمای مەعریفەی هاوبەش (کلتور) بنیاد نراوە، زمانیش ئامرازی سەرەکییە بۆ بەشداریکردن لەو مەعریفە هاوبەشەدا(روی سی هجمان:١٩٨٩ :١٧٧). ( بندکت ) پێیوایە کە هۆشیاری و زانیاریی کەسەکان سەبارەت بەو دابونەریتانەی کەلەهی خۆیان جیاوازن، ئاوەزگەرییان (العقلانیة ) زیاددەکات و بۆ ناو رۆشنبیرییان قوڵ دەبێتەوە (قیس النوري:١٩٨١ :٢١). رێژەی زانیاری و ئاگاداریمان لە کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو، رێژەی پێشبینییەکانمان بۆ رەفتاری ئەندامانی کۆمەڵەکە پشتراست دەکاتەوە. واتە( زانین و ناسین و شارەزاییمان لەکلتورێکدا، ئەگەرو شیمانەی هەڵسوکەوتی ئەندامەکانیمان پێدەدات) (سەمیر ئیبراهیم حەسەن:٢٠١١ :١٤-١٥). لەبەرئەوە کلتوری کۆمەڵ لەناخماندا دەژی و ئێمەش لەکلتوردا دەژین. کلتور رەنگدانەوەی لەسەر کەسێتیمان هەیە و کەسێتی، لەهەندێ لایەندا، روخساری خودی کلتورە (سعد ریاض:٢٠٠٥ :٨٠).

## ١-٢/٢) گـــــــۆڕانی کلتـــــــور:

گۆڕان، واتا دروستبونی جیاوازی لەسیستەمێکدا، بەپێی کات و شوێنی جیاواز. گۆڕانی کلتوریش بەمانای گۆڕانی کۆمەڵایەتی دێت کە (هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نییە زمان هۆکارێکی سەرەکیی سەرکەوتنی نەبوبێت، هەروەها هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نییە کەگۆڕانی زمانی بەدوادا نەهاتبێت) (بەهزاد موحسین:٢٠٠٨ :١١٢). گۆڕانی کۆمەڵایەتی واتای وازهێنان لە بۆچونێك یان رەفتارێك کەپێشتر کەسەکە پێوەی پەیوەست بووە، کەدەشێ بۆچونێك یان رەفتارێکی تر شوێنی بگرێتەوە یان تەنیا وازهێنان

بێت بەبێ جێگرەوە. هۆکارەکانی گۆڕان زۆرن بەڵام گرنگترینیان ئامادەیی کەسەکە یان کۆمەڵەکەیە بۆ گۆڕان، چونکە ڕەفتارێکی ئارەزومەندانەیە یاخود ڕێژەیەکی زۆری بەئارەزووە. (گۆڕان، ڕەفتارێکی خۆویستە بەمەبەستی گۆڕینی ڕەفتارێك یان سیستەمێك بەیەکێکی تر یاخود گواستنەوە لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر) (رمضان محمد القذافی - عبدالسلام بشير الدويبی:٢٠١٠ :٤١٦). (مارگرێت مید- Margaret Mead ) پێیوایە کەهەمو کلتورێك لەژێر کاریگەریی ئەو روداوانەدا دەگۆڕێت کەپێشتر بەسەریدا نەهاتون (قيس النوری:١٩٨١ :٥٥ ).

گۆڕانی کلتوری، لەبارودۆخی پەیوەندیکردنی کلتوریدا رودەدات، کەدەبێتە هۆی زیادکردنی جیاوازیی کۆمەڵەکان، ئەمەش لەلایەن خۆیەوە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کەسێتی و کامڵبونی کۆمەڵ دروستدەکات (قيس النوری:١٩٨١ :٥٦).

## ٣/٢ ) زمان و کەسێتی:

### ٣/٢-١) رەفتار- السلوك - Behavior

رەفتار، بریتییە لە کردارو چالاکییە جۆراوجۆرە دیارو نادیارەکانی مرۆڤ (محمد شحاته ربيع:٢٠١٠ :٣٣) زمانیش یەکێکە لەوڕەفتارە مرۆییانەی کە لەڕوکەشدا دیارە و بنەمایەکی ئەبستراکت و نادیاری هەیە.(مەبەست لە رەفتاری زمان، ئاخاوتنە).

رەفتار، هەرتەنیا چالاکییە دیارەکانی (Overt behavior) وەك ئاخاوتن و رۆیشتن و جوڵەو پێکەنین و... ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەفتارە دیارە ناوەکییەکانی (subjective behave) وەك ئەندێشەو بیرکردنەوە و بیرهاتنەوە و هەڵچون و سۆز و... یش دەگرێتەوە (طارق ابراهيم الدسوقی عطية:٢٠٠٧ :١٠٦). لەگەڵ ئەو هەمو پێشکەوتنە بەرچاوەی بواری دەرونزانییی کەسێتی و بوارەکانی کۆمەڵناسی، تائێستا هیچ تیۆرییەك بەتەواوی هۆکارو چۆنیەتی و جیاوازیی ڕەفتاری تاکمان بۆ لێکناداتەوە ( قاسم حسين صالح:١٩٨٧ :١٠) و بۆچونی جیاواز لەم بارەوە هەیە. هەندێك پێیان وایە جۆری رەفتارو کەسێتیی مرۆڤ بەرهەمی ئەو کارلێکە دینامیکییەیە کەلەنێوان چەند لایەن و هۆکارێکدا رودەدات کەهەندێکیان بۆ پێکهاتەی بیۆلۆژیی کەسەکەو هەندێکیشیان بۆ بنەماکانی لایەنی رەفتاری دەگەڕێنەوە، کەسێتیی کەسەکەش بەرهەمی کۆتاییی ئەو کارلێکەیە، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی هەمو دیاردە دەرونییەکان (إنتصار يونس:١٩٩٣ :٢٩٥).

تیۆری دەرونشیکاری پێیوایە کە هێزێك لەناوەوەی مرۆڤدا، هۆکاری رەفتاریەکانیەتی و کارلێکی دینامیکی و کێشەی نێوان سێ سیستەمەکەی ( ئەو – من- منی باڵا ) رەفتارەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن. هەروەها فرۆید جەخت لەوە دەکاتەوەکە کە مرۆڤ لەچەند ئاستێکی جیاوازی هۆشدا کاردەکات ( هەست، بەرهەست، نەست )، بۆیە شیکارییەکان پێیانوایە کە هیچ رەفتارێکی مرۆڤ بێواتا نییە (محمد جاسم العبيدی :٢٠١١ : ٦٥-٦٦). ئەلپۆرتیش پێیوایە کەسێتی لەناخی مرۆڤدایە، ئەو کەسێتییە رەفتارو بیرەجیاوازەکانی کەسەکە دیاری دەکات (قاسم حسين صالح:١٩٨٧ :١١٣).

(ئەدلەر)، رەفتارو کەسێتی بەئامانجەکانی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە و بەیەکەوە پەیوەستیان دەکات. بەدەربڕینێکی تر، ئامانجەکانی مرۆڤ رەفتارەکانی دیاری دەکەن. ئەو پێیوایە ئەگەر ئامانجەکانی مرۆڤ

بزانین دەتوانین لەکەسێتیی مرۆڤ بگەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئامانجەکانی مرۆڤ، رەفتارەکانی ئێستای ئاراستە دەکەن و پێشبینییەکانی مرۆڤ بۆ داهاتو، زیاتر لە شارەزاییەکانی رابردوی ئاراستەی دەکەن و دەیجولێنن. هەرچەندە ئێمە پێمانوایە کە بەشێکی زۆری پێشبینییەکانیش بۆ داهاتو؛ لەشارەزاییەکانی رابردووەوە سەرچاوە دەگرن. بەڕای ئەدلەر، ئامانجی سەرەکی و کۆتاییی مرۆڤ، سەرکەوتنە، هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، دوو شێوە رەفتاری لێبەرهەمدێت، واتە بەدوو جۆرە رەفتار، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت:

یەکەم : رەفتاری شەڕانگێزی کەبەئارەزوکردن لەهێز و دەسەڵات و زاڵبون بەسەرکەسانی تردا رەفتاردەکات.

دووەم : خۆشەویستی، بەهەست و چالاکیی کۆمەڵایەتی و هاریکاری وبەدیهێنانی کامەرانیی خەڵکی رەفتار دەکات (قاسم حسین صالح:١٩٨٧ :٩٥). بەم پێیە، دووجۆر رەفتار هەیە، جۆرێکیان توندوتیژو شەڕانگێزو نەرێنییە، جۆرەکەی تریش هاوکاری و خۆشەویستی و نەرمی و ئەرێنییە، کەهەردوکیان ( ئەرێنی و نەرێنی ) رێژەیین.

بەگوێرەی دابەشکردنەکە بێت، رەفتار لەنێوان دوکۆمەڵەکەدا نییە، واتا دو جەمسەرییە و نێوانیان نییە، بەڵام زمان رەفتارێکە لە هەردو جۆرەکەدا بونی هەیە، یان هەردو شێوەکە دەردەبڕێت. واتە بەگوێرەی بەکارهێنانەکەیەتی، دەشێ باش بەکاربێت ودەشێ خراپ بەکاربێت، دەشێ توندوتیژو بریندارکەربێت، دەشێ نەرمونیانی و هەستی خۆشەویستی پێ دەرببڕێت.

هەندێکی تریش ژینگەو پەروەردەی کۆمەڵایەتی بەسەرچاوەی رەفتارو کەسێتی دادەنێن، (پەروەردەی کۆمەڵایەتی، لەتوخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی کەسێتیی مرۆڤە وئاراستەکەری رەفتارەکانییەتی ) (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٠٠)، ژینگەش لەم بوارەدا رۆڵی گرنگی هەیە، چونکە هەریەکێك لە ئێمە کەوتوتە ژێر کاریگەری و مەرجی ژینگەی جیاوازەوە، هەریەکێکمان رابردویەکی جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوە هەریەکێك لەئێمە کەسێکی تاکەو جۆرێك لە رەفتاری جیاواز فێربووە، لە ورژێنەری جۆراوجۆری جیاواز، کەلەمێژوی تایبەتی خۆیدا روبەڕوی بۆتەوە ( قاسم حسین صالح:١٩٨٧ :٣٠٤).

## ٢-٣/٢ ) کەسێتی - Personality :

کەسێتی، لایەنێکی ئاڵۆزو پڕکێشەی هەردو زانستی دەرونزانی و کۆمەڵناسییە. بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ زۆر بواری تردا، لەهەر دو لقە زانستییەکەدا، پەیوەندیی هەیە، لەزۆر لایەنەوە لێی کۆڵراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت. پێناسەکان کەسانی پسپۆڕو ناپسپۆڕ لەبوارەکەدا بەگوێرەی تێروانینی خۆیان کردویانە کەزۆر خاڵی هاوبەش و هەندێ خاڵی جیاوازیشیان تێدایە. لێرەدا هەندێ لە پێناسەکان دەخەینەڕو:

گیلفۆرد : کەسێتیی تاك، ئەو نمونە بێهاوتایەیە کەسیما جیاوازەکانی لێ پێکدێت (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١:٢٦). ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر جیاوازیی تاکایەتی دەکاتەوە.

ئـەلپۆرت: کەسـێتی ڕێکخسـتنێکی داینـامیکیی نـاوەکیی دەرونجەسـتەییيە، کەتايبەتمەنـدیی ڕەفتـارو بيـری کەسـەکە ديـاری دەکـات ( قاسم حسين صـالح:١٩٨٧ :١١٢، محمـد جاسـم العبيـدی :٢٠١١ :٢٥، انتصـار يونس:١٩٩٣ : ٢١٨، طـارق ابراهيم الدسوقی عطيـة:٢٠٠٧ :١٧١). ئـەم پێناسـەيە جـەخت لەسـەر کـاری هزرو جەستە دەکاتـەوە کەيەکەيـەکی جيانـەبۆوەن، واتـە نەتـەنيا جەسـتەييە و نەتـەنيا دەرونييـە، بـەڵکو تێکەڵـە لەهەردوکيان.

هـەروەها ئـەلپۆرت پێيوايـە کەسـێتی، وەڵامدانـەوە جياوازەکـانی مرۆڤـە بـۆ وروژێنـەرە کۆمەڵايەتييـەکان و چۆنيەتيی گونجان لەگەڵ تايبەتمەندیی ژينگە کۆمەڵايەتييەکەيدا (إنتصار يونس:١٩٩٣ :٢٩٧، محمد شحاته ربيع:٢٠١٠ :٤٣٣).

موڕای و کلوکهوهن Murray & kluckhohn : کەسێتی هـەوڵێکی بەردەوامـە بۆگونجانـدنی ئـارەزوە سروشتييەکانی تـاك لەگـەڵ ياسا سـەپێنراوەکانی کۆمەڵدا ( علـی الوردی:٢٠٠١ :١٠). لێرەدا خۆگـونجاندن کراوە بەبنـەمای کەسێتی.

مۆرتن برنس : کەسێتی سەرجەم ئامادەباشی وپاڵنەرو ئارەزو و خوليا ڕەمەکييە سروشتيی و بايۆلۆژييەکانـە لەگەڵ خولياو ئامادەييە وەرگيراوەکانی تاکدا ( محمد شحاته ربيع:٢٠١٠ :٤٣٣). باس لەهۆکاری بايۆلۆژی و کۆمەڵايەتی دەکات.

کەسێتی، کۆمەڵێك پێکهێنەری ناوەکی و ڕەفتاری دەرەکيی ديارن، کەسەکان لەيەکتری جيا دەکەنەوە، ئەگەر ئەو تايبەتمەندييانە نەمێنن، ئەوا کەسێتيەکە لاواز دەبێت (کامل محمد محمد عويضة:١٩٩٦ :١٥٨) لێرەدا تەنها جەخت لەسەر ڕەفتاری دەرەکی کراوەتەوە.

کاتـڵ – Cattle : کەسـێتی، هـەمو ئـەو ڕەفتـارە ديـارو ناديارانـەن کـە پێشـبينی دەکـرێ، کەسـێك لـە هەڵوێسـتێکی ديـاريکراودا ئـەنجاميان بـدات ( محمـد جاسـم العبيـدی :٢٠١١ : ٢٦). ئـەم پێناسـەيە بـاس لەرەفتاری ديارونادیارو بەهای پێشبينی دەکات بۆکەسێتی.

گۆثری Guthrie : کەسێتی، ئەو نەريتانەن کەبەهای کۆمەڵايەتييان هەيە، جێگيرن و بـەرەنگاريی گۆڕان دەکەن (إنتصار يونس:١٩٩٣ :٢٩٧). لێرەدا کەسێتی بەهای کۆمەڵايەتی هەيە و نەگۆڕە.

ئۆگبۆرن نيمکۆف Ogburn Nimkoff : کەسێتی مانـای تـەواوکاريی ( تکامل ) دەرونـی و کۆمەڵايـەتی لای مرۆڤ دەگەيەنێت ( طارق ابراهيم الدسوقی عطية:٢٠٠٧ :٨).

کەسێتی، خەسڵەتە جەستەيی و ويژدانی و هزری و ڕەوشتييەکان و کار لەيـەککردنيان دەگرێتـەوە، هـەروەها کـارلێکی کەسـەکە لەگـەڵ کەسێکی ديـاريکراو لـە ژينگەيـەکی کۆمەڵايـەتيی ديـاريکراودا، دەگرێتـەوە (محمـد جاسم العبيدی :٢٠١١ :٢٧).

ئارنۆڵد – ميلی – Arnold - Meili : کەسێتی، سيستەمێکی جێگيری ڕێژەيی خوليا پاڵنـەرەکانی مرۆڤـە، لەئـــەنجامی کـــارلێکی نێـــوان پالنـــەرە بايۆلۆژييـــەکان و پاڵنـــەرەکانی ژينگـــەی کۆمەڵايەتييـــەوە سەرهەڵدەدات ( ديڤيد فۆنتانا:١٩٨٨ :٦). ئەم پێناسەيە باس لەسيستەم دەکات کەڕەفتارە نەستييەکان و لايەنی سۆزداری و خولياکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کەسەکان لەيەکتری جيا دەکەنەوە.

کەسێتی سيستـەمێکی تـەواوە، پاڵنـەرو ئامادەييـە جەسـتەيی ودەرونـی و هزرييـەکان دەگرێتـەوە کەهەنـدێکيان زگماکن و هەندێکی تريان وەرگيراون و تاڕادەيەك جێگيرن، کەسێك لەيەکێکی دی جيا دەکەنـەوە و شـێوازی گونجاندنی لەگەڵ ژينگەی مادی وکۆمەڵايەتيدا دياری دەکەن ( کامل محمد محمد عويضة:١٩٩٦ :١٨٥).

کەسێتی، ئەنجامی کارلێکی بەردەوامی نێوان هۆکارە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانە (علی الوردی:٢٠٠١ :١٩).

ئارنۆڵد و سیسلی و ئیزەنك، پێیانوایە کەسێتی، رێکخستنێکی جێگیری رێژەییی خولیا پاڵنەرەکانی مرۆڤە (النزعات التحفیزیة) کەلەکارلێکی نێوان لایەنی بایۆلۆژی و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دێتە ئاراوە ( محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٢٧).

ئیزەنك – Eyzenk : کەسێتی، رێکخستنێکی تارادەیەك جێگیرو بەردەوامە، کەئیرادە و ویست و هەڵچون و عەقڵ و بنیادی جەستەییی کەسەکە دەنوێنێ و رێککەوتنی لەگەڵ ژینگەدا دیاریدەکات ( محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ : ٢٧). لێرەشدا جەخت لەسەر سیستەم و پێکهاتە و گونجان کراوەتەوە.

زۆر لەلێکۆڵەران پێیانوایە ( کەسێتی، لێکۆلینەوەیەکی زانستییە لەو جیاوازی ولێکچونانەی بیرو رەفتار، کەلەبارو هەڵوێستێکی دیاریکراودا رودەدەن ) ( قاسم حسین صالح:١٩٨٧ :١١)، لێرەشدا باس لەجیاوازی و لێکچون دەکرێت. هەروەها کەسێتی، هەمو خەسڵەتە جەستەیی و هزری و ویژدانییەکان دەگرێتەوە کەکار لەیەکتری دەکەن (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :١٧).

کەسێتی، چەمکێکی ئەبستراکتە، واتای گشتی و تاك بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و ئاماژە بەڕەنگدانەوەی گشت لە تاکدا دەکات ( انتصار یونس:١٩٩٣ :٢٩٨).

فرۆید: کەسێتی، کێشە (نزاع ) ی نێوان دوخودە، خودی نزم و خودی باڵا، خەڵك هەیە دەتوانێ هاوسەنگی و رێککەوتن لە نێوان ئەو دو هێزەدا بکات و سەرکەوتو دەبێت و کەسێکی ئاسایی دەردەچێت، هەیشە تیایدا سەرکەتو نابێت وکەسێکی شێت یان تاوانکارو نائاسایی لێدەردەچێت (علی الوردی:٢٠٠١ :١١).

هەمو ئەم پێناسانە و چەندینی تریش، رادەی ئاڵۆزی و گرنگیی کەسێتی دەسەلمێنن، بێگومان ئەم پێناسانە جەخت لەسەر چەند لایەنیکی گرنگ دەکەنەوە، هەندێکیان گرنگی بەلایەنی دەرونی و هەندێکیان لایەنی کۆمەڵایەتی دەدەن، هەیشیانە هەردولایەن و کارلێکی نێوانیشیان بەبنەمای کەسێتی دادەنێت. لێرەدا دەردەکەوێت کەسێتی خاوەنی چەندین سیمایە.

### ٣/٢-٢-١) سیماکانی کەسێتی:

لەم پێناسانەی لە (٣/٢-٢) دا خرانەڕو، ئەم سیمایانە لە کەسێتیدا بەرجەستە دەبن:

سیستەم، داینامیکی، وەڵامدانەوە، ناوەکی، دەرەکی، گونجان، نمونەی بێهاوتا، رەفتاری دیار، رەفتاری نادیار، نەریت، ویژدانی، جەستەیی، دەرونی، هزری، زگماك، وەرگیراو، جیگیریی رێژەیی، ویست، هەڵچون، عەقل، تەواوکاری، جیاوازیی تاکایەتی، لێکچون، رەنگدانەوە، کێشە،... هتد.

ئەم هەمو سیمایە بەڵگەی ئاڵۆزی و گرنگیی کەسێتی دەسەلمێنن. هەندێك لە پێناسەکان جەخت لەسەر لایەنی دەرونی دەکەنەوە و هەندێکی تریان پەیوەستی دەکەنەوە بە بۆماوە و ژینگەوە؛ گرنگ ئەوەیە کەدیاردەکە هەمو لایەنەکانی بۆماوەو دەرونی و جەستەیی و ژینگەی کۆمەڵایەتی (پەروەردە) و لایەنی هزریی کەسەکە دەگرێتەوە و کارلێکی هەمویان (بەڕێژەی جیاواز) کەسێتیی تاك پێکدەهێنن، ناکرێ هیچ لایەنێك لەو لایەنە گرنگانە فەرامۆش بکرێت.

هەندێك پێیانوایە كەسێتی، سەرجەم رەفتارەكانی تاكە. هەندێكی تر وای دەبینن كەسەرجەم خەسڵەت و دیاردە روالّەتییەكانی ( دیوی دەرەوەی تاك یاخود رەفتارەدیارەكان )ی تاكە. هەندێكی تریش پێیانوایە، كەسێتی، ئامادەییە ناوەكییەكانی تاك و هۆكارە دەرەكییەكانن كە كارلێك لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی لەسەر ئەوە كۆكن كە كەسێتی، مانای شێوازی رەفتارو بیركردنەوە و هەستكردنە كە تاكێك لە یەكێكی تر جیادەكاتەوە(صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٣-١٤).

كەسێتی، دوسیمای بنەڕەتیی جیاواز كۆدەكاتەوە و ئەنجامی ئاوێتەبون و كارلێكی ئەو دوسیمایە؛ گەشەی كەسێتیی لێدەكەوێتەوە. سیمایەكیان خۆی بەشێوەی جێگیر نیشاندەدات، وەك لە پێناسەكانیشدا ئاماژەی بۆكراوە جێگیرییەكی رێژەیی هەیە. سیمای دوەمیان ئەوەیە كە لە گۆڕانێكی بەردەوامدایە، چونكە بە پێی قۆناغەكانی تەمەن و ژینگەی كۆمەڵایەتی و هۆكارە جەستەیی و دەرونی و هزرییەكان، كەسێتی، پێشكەوتن و گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەم دوسیمایە هاوشێوەن لەگەڵ دوئاراستە دژیەكەكەی زمان، كە ئاراستەیەكیان زمان بەرەو ئاسانبون و گونجان و گۆڕان دەبات تاكو لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بیگونجێنێت و پێویستییەكانی رۆژانەی قسەكەرانی دابین بكات، ئاراستەیەكیشیان بەرگری لە گۆڕان دەكات و هەوڵی مانەوە دەدات تا زۆر بە خێرایی نەگۆڕێت.

خاڵێكی تر كە لە پێناسەكانی كەسێتییەوە سەرنج رادەكێشێت ئەوەیە، كەسێتی چەمكێكی ئاریشەداری هەیە و لەسەر بنەمای چەند دوانەیەكی دژیەك پێكدێت وەكو ( رەمەكی – وەرگیراو ) ( سروشتی – كلتوری) (تاكگەرا – گونجان) ( پەیوەستبون – ئازادی ).

لەكۆتاییدا دەڵێین، كەسێتی، رەفتارێكی ئاڵۆزە، تاڕادەیەكی زۆر جێگیرە، سیمای جیاكەرەوەی كەسەكانە لە یەكتری، سیستەمێكی دەگمەنە، لە كۆمەڵێك ئەرك و سیماو ئەندامی كارلێككردو پێكهاتووە كە توانای هزری و ئامادەییەكان لەگەڵ پێكهاتەی جەستەیی و بۆماوەو لایەنی ژینگەی كۆمەڵایەتی و روداوە مێژوویی و ژیارییەكان دەگرێتەوە، كە وەڵامدانەوە و شێوازی تایبەتی كەسەكە بۆ گونجان لەگەڵ دەوروبەردا دیاری دەكات.

## ٢-٢-٣/٢) پێكهاتەی كەسێتی:

كەسێتی، چەمكێكی گشتگیرە، هەمو سیماو خەسڵەتێك دەگرێتەوە كە بەشێوەیەك لە شێوەكان پەیوەندیی بە توانای مرۆڤەوە هەبێت بۆ خۆگونجاندن و هەوڵدان بۆ پاراستنی خود و بەهای خۆی. لەبەرئەوە هەركاتێك باس لە كەسێتی بكرێت پێویستە سروشتی تواناو پاڵنەرو كاردانەوە سۆزدارییەكانی تاك و چۆنیەتیی ئەو شارەزایی و ئەزمونانەی كە پێشتر پێیاندا تێپەڕبووە، لەگەڵ ئەو بەهایانەی كە رەفتارەكانی ئاراستە دەكەن، لەبەرچاوبگیرێن.

كەسێتی، بەرهەمی كارلێكی داینامیكیی نێوان بۆماوە و كلتور، هۆكارە سروشتی و رۆشنبیرییەكان، هەروەها هۆكارە دەرونی و كۆمەڵایەتییەكانە (عبدالحكیم السلوم:٢٠٠٠ :١٦). بۆ لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی پێكهاتەی كەسێتی، دو ڕای جیاواز هەیە. یەكەمیان پێیانوایە كەسێتی وەرگیراوە (مكتسب)، دووەمیان پێیوایە بۆماوە و ژینگە بەیەكەوە كەسێتی پێكدەهێنن.

یەکەم: هەندێ لە دەروونناسانی کەسێتی پێیانوایە کەسێتی، بەرهەمی چەند کردەیەکی فێربونەو پەیوەندیی بە بۆماوەوە نییە ( محمد جاسم العبیدی :٢٠١١: ١٤٠). واتسن John Watson دامەزرێنەری قوتابخانەی رەفتاری، پێیوایە کەسێتی بە بۆماوە دروست نابێت، بەڵکو بەهۆی سیماو نەریتە وەرگیراوەکان، بەپێی پەیوەندیی مەرجیی نێوان وروژێنەرو وەڵامدانەوەکان (المثیرات و الاستجابات) دروست دەبێت (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٧). واتا منداڵ لە رێگەی فێرکردن و فێربون لە دەوروبەرەوە، بەپێی پەیوەستیی وروژێنەرو وەڵامدانەوە مەرجییەکان، رفتارەکانی وەردەگرێت.

بە بۆچونی دەروونناسانی کەسێتی، منداڵ کە لەدایك دەبێت، کەسێتیی نییە، بەڵکو دواتر لەڕێگەی تێکەڵبون و کارلێککردنی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵداو جۆری گونجان و فێربونەوە کەسێتی وەردەگرێت (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :١٤٠)، واتا بۆماوە رەتدەکەنەوە و کەسێتی بە خەسڵەتێکی وەرگیراو (مکتسب) دادەنێن، کە مرۆڤ لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەریدەگرێت.

ئەریك فرۆم Erich Fromm یش کەسێتی بە بەرهەمی تۆڕی پەیوەندیی نێوان کەسەکان دادەنێت کە لەماوەیەکی زوی ژیاندا تیایدا ژیاون. هەروەها پێیوایە کەسێتی بەرهەمی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەشە کە بۆتەهۆی دروستبونی (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٧). لایەنێکی تر کە گرنگی و بەهای خۆی لە کەسێتیدا هەیە؛ رۆڵی کەسەکە خۆیەتی ( پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان کەسێتی و رۆڵدا هەیە؛ رۆڵ کاریگەریی لەسەر کەسێتی هەیەو کەسێتیش کاریگەریی لەسەر ئەو رۆڵە جیاوازانە هەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا دەیبینێت) (احمد محمد الزعبی:٢٠١٠ :١٧٤). مەبەست لەوەیە کە هەمو جۆرە کەسێتییەك ناتوانێ زۆربەی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی رۆژانەیدا ببینێت و هەمو رۆڵێکیش بەهەمو جۆرە کەسێتییەك نابینرێ.

گێی رۆچەر Guy Rocher پێیوایە کۆمەڵ، بەهۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە کەسێتیی تاك بنیاد دەنێت و لە رێگەی رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە مرۆڤ لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەها ڕەوشتییە پەسەندکراوەکان دەگونجێنێت (عبدالحکیم السلوم:٢٠٠٠ :١٥). کەسێتی لەدیدی کۆمەڵناسەکاندا( بەرهەمی کلتورو رۆشنبیرییەکی دیاریکراوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی وەك ئاین و دابونەریت و خێزان و سیستەمی رامیاری و ئابوری و هاوسەرگیری و... دەگرێتەوە ) (طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٣). واتا لەپێکهاتەی کەسێتیدا گرنگی بەلایەنی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەدات و لایەنی بۆماوە پشتگوێ دەخات.

بەبۆچونی کۆمەڵناسەکان، ژینگەی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی خێزان، گرنگترین هۆکارە لە پێکهاتەی کەسێتیی تاکدا، چونکە ژیان و خەسڵەتی مرۆیی پێدەبەخشێت و سەرچاوەی گشت هەستەکانی مرۆڤە، لەهەستکردن بەخودو تاکایەتی و ویژدان و...( محمد افرخاس:٢٠١١ :١٠٨). بەدەربڕینێکی تر، هەروەك گوتاری کلتوری کۆمەڵایەتی (سوسیوثقافی ) لێی دەڕوانن؛ کەسێتی بنیادێکی کلتوری وکۆمەڵایەتییەو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی بێگەردە و دەوەستێتە سەر جۆری ئەو کۆمەڵەی کەتیایدا پەروەردە بووە (عبدالحکیم السلوم:٢٠٠٠ :١٥).

خێزان گرنگترین هۆکاری فێربون و گەشەی کۆمەڵایەتییە ( محمد أفرخاس:٢٠١١ :١٠٩) چونکە یەکەم کۆمەڵی مرۆییە کەمنداڵ یەکەم پەیوەندیی مرۆیی تێدا دروستدەکات و بەرپرسە لە پێدانی رەفتاری کۆمەڵایەتی بەمنداڵ، هەروەها زۆربەی دیاردەکانی گونجان و نەگونجانی منداڵان بۆ جۆری پەیوەندییە مرۆییەکانی خێزان دەگەڕێتەوە (محمد أفرخاس:٢٠١١ :١٠٧).

ئەنترۆپۆلۆژییەکان پێیانوایە کەکلتوری ئەو کۆمەڵەی کەسەکەی تیایدا دەژی، گرنگترین هۆکارە لەپێکهاتەی کەسێتیدا و رۆڵی خێزان تەنیا گەیاندن و گواستنەوەی ئەو کلتورەیە (محمد افرخاس:٢٠١١ :١٠٩). بێگومان لەمەیشدا زمان ئەو رۆڵە دەبینێت و باشترین و گونجاوترین ئامرازە بۆپەروەردە و گواستنەوەی کلتورلەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر. (مالینۆفسکی B. Malinowski ش پێیوایە پێکهاتە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کەسێتی بنیاد دەنێن) (سیمون کلاپێر ڤالادۆن:١٩٩٣ :١٢).

هەرچی کۆمەڵناسەکانن پێیانوایە کە خێزان رۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لەپێکهاتەی کەسێتیدا دەبینێت و ناکرێ رۆلەکانی تەنیا لەگواستنەوەی کلتوری کۆمەڵدا کورت بکرێتەوە (محمد افرخاس:٢٠١١ :١٠٩). ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کەئەرکی خێزان تەنیا گواستنەوەی کلتور نییە؛ بەڵکو هەندێ لەبەهاو نەریتەکان کەتازە دادەهێنرێن لەداهێنانی خێزانن، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لە جۆرەکانی رەفتارو کەسێتیدا. جگە لەمانەش باری ئابوری و کۆمەڵایەتیی خێزان و قەبارەی خێزان و زنجیرەی کەسەکە لەخێزانداو رەگەزو ئاین و ناوچەکەو پلە و ئاستی خوێندەواریی خێزانەکە، رۆڵیان لە دیاریکردنی جۆری کەسێتیی تاکدا هەیە (طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٦٦). ( یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتی کە خێزان و گەڕەك و شارە، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کەسێتیی تاك هەیە ) (علی الوردی:٢٠٠١ :٤٥). بەهەمان شێوە قوتابخانە و ئاین و ئاینزا و پیشە و رێکخراوی رامیاریش کە تاك تیایدا کاردەکات، کاریگەرییان لەسەر کەسێتی هەیە بۆیە دەوترێ (مرۆڤ، کوڕی ژینگەکەیەتی) (موفق الحمدانی:٢٠٠٧ :٧٠). مەبەست لەوەیە کە مرۆڤ لە ئاگایی و بێئاگاییدا (هەست و نەست)، ئەو بۆماوە کلتورییانە دەردەبڕێت کە لەقۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا لەژینگەکەیەوە وەریگرتون، چونکە مرۆڤ لەناو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا پەروەردە نەبێت؛ کەسێتیی بۆ دروست نابێت. (کۆمەڵ نەبێت، کەسێتی دروست نابێت. گەر مرۆڤ لەناو ئاژەڵاندا پەروەردە بێت؛ هەستکردن بەخود و کەسێتیی لا دروست نابێت، هەروەها کرۆکی کەسێتی، هەستکردنە بەخود) (علی الوردی:٢٠٠١ :٢٠ – ٢١).

<u>دووەم :</u> هەندێکی تر پێیانوایە منداڵ بە بۆماوە، هەندێ لە پێکهاتەکانی کەسێتی هەیە و دەبن بە بنەما بۆ بنیادی کەسێتی لەداهاتودا (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :١٤٠). واتا ئەم کۆمەڵەیان بۆماوەو ژینگەی کۆمەڵایەتی بە پێکهاتەی کەسێتی دادەنێن. هەرچۆنێك بێت، ناکرێ رۆڵی بۆماوە فەرامۆش بکرێت، هەرچەندە ژینگەی کۆمەڵایەتی رۆڵی گرنگ لە پێکهاتەی کەسێتیدا دەگێڕێت،(هۆکاری ژینگەیی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، رۆڵی گرنگ لە دروستکردنی کەسێتیی تاکدا دەبینن) (قاسم حسین صالح:١٩٨٧: ٧٦). بەبۆچونی دەروونناسەکانیش پێکهاتەی کەسێتی پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە بۆماوەو ژینگە. (هۆکارە بۆماوەییەکان و توانای فێربون، لەگەڵ پەیوەندیکردن بە باوان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و درکپێکردن بەم پەیوەندی و ژینگەیە؛ پێکهاتەی سەرەکیی کەسێتین ) (محمد افرخاس:٢٠١١ :١٠٩). لایەنگرانی بۆماوە پێیانوایە کەمرۆڤ تەنیا ڕەنگی چاو و پێست و قژ و تایبەتمەندییە جەستەییەکان بەبۆ ماوە وەرناگرێت، بەڵکو تایبەتمەندییە هزری و کۆمەڵایەتی و هەڵچونی و رەوشتیەکانیش بەبۆماوە وەردەگرێت [طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٦٥ (محمد السید عبدالرحمن)]. هەرچەندە ئێمە پێمانوانییە کەتایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان پەیوەندییان بە بۆماوەوە هەبێت چونکە وەرگیراون، بەڵام وەك پێشتر وتمان ناکرێ رۆڵی بۆماوە بەهەند وەرنەگیرێت.

گەر كەسێتی كۆمەڵێك خەسڵەتی جەستەیی و هزری و... بێت، ئەوا سیماو خەسڵەتە جەستەییەكان پەیوەندییەكی ئەوتۆیان بە ژینگەوە نییە، هێندەی پەیوەندییان بەبۆماوەو لایەنی بایۆلۆژییەوە هەیە.
بۆماوە، بنەما رەگەزییەكانی كەسێتی ( ألاساس الحیوي ) دیاری دەكات [طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٦٥(حامد زهران )]. (ئەلپۆرت)یش جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ناكرێ كەسێتی تەنیا لە پێكهاتەی دەروونیدا كورت بكرێتەوە؛ بەڵكو پێكهاتەی جەستەییش دەگرێتەوە و هەردوكیان بەیەكەوە پەیوەستن و یەكەیەكی گشتیی یەكگرتو پێكدەهێنن (انتصار یونس:١٩٩٣ :٢٩٨). ناكرێ گومان لەبونی پەیوەندی لە نێوان بنیادی جەستەو كەسێتیدا بكەین، ( ولیەم شڵدۆن ) لەلێكۆڵینەوەیەكدا پەیوەندیی نێوان بنیادی جەستە و كەسێتی و نەخۆشیی مێشكیدا دۆزیوەتەوە (طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٣٧). لەسەر ئەم بۆچونە (علی الوردی) یش دەڵێت: دەتوانین هۆكارە بایۆلۆژییەكان بەكەرەستەی خاو بچوێنین، هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانیش بەكارگە؛ كە كەرەستەخاوەكە دەكات بەبەرهەمی ئەوتۆ. چۆنیەتیی بەرهەمەكان (كەسێتی) بەتەنیا بەرهەمی كەرەستەكە نییە و هی كارگەكەش نییە بەتەنیا؛ بەڵكو ئەنجامی كارلێكی هەردولایەنەكەیە (علی الوردی:٢٠٠١ :١٧). زانا سۆڤیەتییەكانیش پێیانوابووە كەسیماكانی كەسێتی، ئەنجامی كاریگەرییە كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مێژووییەكانن، زیاتر لەوەی ئەنجامی هۆكاری بایۆلۆژی و بۆماوەیی بن ( قاسم حسین صالح:١٩٨٧ :٢٥٦).

كاتێك كەسێك لەگەڵ كەسێكی تر یان گروپێكدا تێكەڵ دەبێت؛ كاریگەری وكارلێك لەنێوانیاندا دروست دەبێت، كەزمان گرنگترین ئامرازە بۆ دروستبونی پەیوەندی و كاریگەری و كارلێك لەنێوان مرۆڤەكاندا. ئەم كارلێكە و ئەنجامەكەیشی كاریگەرییان لەسەر رەفتارو چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی كەسەكە دەبێت بۆ كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكانی وەك لەدەستدانی یەكێك لەباوان یان هەردوكیان، یاجۆری پەروەردەی كۆمەڵایەتی و رەفتاركردن لەگەڵ منداڵ و بێبەشبونە رۆشنبیری و مادی و كۆمەڵایەتی و دەروونییەكان، كەهەمویان كاریگەرییان لەسەر كەسێتی هەیە (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٥٣)، هەموشیان لەزماندا رەنگدەدەنەوە.

هەروەك چۆن ژینگەی سروشتی كاریگەریی لەسەر بنیادی كەسێتی هەیە ( بەتایبەتی لەپێكهاتەی جەستەییدا)، بەهەمان شێوە ژینگەی كۆمەڵایەتیش كاریگەریی گەورەی لەسەر بنیادو گەشەی كەسێتیی تاك هەیە؛ چونكە لەدەرەوەی ژینگەی كۆمەڵایەتیدا، مرۆڤەكان، جگە لەبونەوەرێكی زیندو وەك هەر بونەوەرێكی تر هیچی تر نین. هەڵكەوتەی سروشتی و جوگرافیی ئەو ناوچەیەی كەمرۆڤی تێدا دەژی كاریگەریی لەسەر كەسێتیی كۆمەڵەكە بەگشتی و كەسێتیی ئەندامانی كۆمەڵەكەش هەیە؛ شێوازی ژیانی بیابان جیاوازە لەشێوازی ژیانی ناوچەیەكی شاخاوی یان دەشت، لەبەر ئەوە كەسێتیشیان جیاوازە. ئەو ناوچانەی كەسروشتێكی جوگرافی و بارودۆخێكی سەخت و توندیان هەیە؛ سیماكانی بەرەنگاری و پشتبەخۆبەستن و بوێری لەكەسێتیی تاكەكاندا بەدیدەكرێت، لەهەمان كاتدا ئەو ناوچانەی بارودۆخێكی جێگیرو كەشوهەوایەكی مامناوەندیان هەیە؛ سیماكانی هێمنی و بیری قوڵ و هاوسەنگییان تێدا بەدیدەكرێت ( طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٦٦-٦٧).

كردەی كۆمەڵایەتیكردن یان كۆمەڵایەتیبون، كەلەناو خێزاندا رودەدات، مرۆڤ لەبونەوەرێكی بایۆلۆژییەوە دەكات بەبونەوەرێكی كۆمەڵایەتی كە لەگەڵ ژینگە كۆمەڵایەتییەكانیدا كارلێك لەنێوانیاندا رودەدات و دەبێتە هۆكارێكی گرنگ لە پێكهاتەی كەسێتیدا ( صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٥). بەشێكی گرنگ

و سەرەكی لەكردەی كۆمەڵایەتیبون، بریتییە لەچۆنیەتیی بەكارهێنانی زمان و بەشێكی زۆری كردەكە لەڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت.
لەگەڵ ئەو هەمو كاریگەرییە زۆرەی كەژینگەی كۆمەڵایەتی یا كلتور لەسەر كەسێتی هەیەتی، هێشتا پێشبینیی ئەوە ناكرێت كە كاریگەریی یەكسانی بەسەر هەمو ئەندامانی كۆمەڵەكەدا هەبێت، چونكە هەر تاكێك هەندێ سیمای تایبەتی هەیە لەخولیاو حەزو ئاراستەكانیدا، كەدەیكات بەكەسێكی جیاواز لەوانی تر (محمد ایوب:١٩٩٦ :١٧). بەدەربڕینێكی تر هۆكارە كاریگەرەكان و پێكهاتەی كەسێتی لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت، بەپێی :

١. جۆری فێربون و كاریگەریی لەسەر كەسەكە.
٢. كاریگەریی بۆماوە لەسەر كەسەكە.
٣. رادەو ئاستی كارلێك و پەیوەستیی خەسڵەتەكان بەیەكترییەوە ( محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :١٤٠).

## ٣/٢-٢-٣) رەهەندەكانی كەسێتی:

كەسێتی سێ رەهەندی هەیە :
١. رەهەندی پێكهاتەیی ( البعد التكويني ):. ئەم رەهەندە لەڕێگەی هۆكارە بایۆلۆژی و بۆماوەییەكان و پێگەیشتنەوە، رۆڵی یەكلاكەرەوە لە كەسێتیدا دەبینێت.
٢. رەهەندی كلتوری ( البعد الثقافي ): كلتوری هەر كۆمەڵێك، كۆمەڵێك تایبەتمەندی و چەمك و نەریت و بیرو رەفتار بەسەر ئەندامەكانیدا دەسەپێنێ كەلەهی كۆمەڵێكی تر جیاوازن.
٣. رەهەندی كۆمەڵایەتی ( البعد الاجتماعي ) : جەخت لەسەر تاكگەرایی دەكاتەوە و پەیوەندی بەپەروەردەی كۆمەڵایەتیی ناو خێزانەوە هەیە لەگەڵ شارەزاییە تایبەتییەكانی كەسەكە كەلە ژیانیدا بەدەستی هێناوە، دەبن بە بەشێك لەسیماكانی كەسێتی (محمد أیوب:٢٠١١ :١٧).

بەكورتی دەتوانین بڵێین كەسێتی ئەم پێكهاتانەی خوارەوەی هەیە (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ : ٥٤-٥٥، طارق ابراهيم الدسوقی عطية:٢٠٠٧ :٥٩):
١. پێكهاتەی جەستەیی: مەبەست لەلایەنی جەستەیی مرۆڤە، لە ڕێكی و ناڕێكیی ئەندامانی جەستەوە، وەكو كورتی و درێژیی باڵاو كەمئەندامی و رەنگ و باری رژێنە گلاندەكان و... كەكاریگەری زۆرە لەسەر كەسێتی و دەوترێ هەمو كێشەیەكی جەستەیی، كێشەیەكی دەرونیی بەدوادادێت.
٢. پێكهاتەی هەڵچونی: باری دەرونی و لایەنی سۆزداری و هەست وراڕیی و میزاجی مرۆڤ دەگرێتەوە كەكاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رەفتارەكانی مرۆڤ هەیە، بەزمانیشەوە.
٣. پێكهاتەی هزری و مەعریفی : لایەنی ڕۆشنبیری و توانا و ئاستی زیرەكی و بیركردنەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە.

٤. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی: بوارەکانی پەروەردەو ژینگەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە کەگرنگیی ئەوتۆیان لەسەر کەسێتیی مرۆڤ هەیە وەك راستگۆیی و درۆ، دەستپاکی وخیانەت، هاوکاری وخۆپەرستی، لێبوردەیی و تۆڵە ... کەدیسان زمان رۆڵی کاریگەر لەم بوارەدا دەبینێت.

## ٣-٣/٢) تیۆری سیماکان - نظرية السمات - Traits Theory :

هەر خەسڵەتێك کە بتوانرێ بکرێ بە بنەما بۆ جیاوازیی نێوان دوکەس، پێیدەوترێ سیما. هەروەها، هەر ئارەزوێکی دیاریکراو یان ئامادەییەکی پێشوەخت بۆ وەڵامدانەوە ( إستجابة ) بەسیما دادەنرێ. ( محمد افرخاس:٢٠١١ :٤٢). تایبەتمەندییەکانی کەسێتی و رەفتارەکانی تاك، بە پێوەری خەسڵەتە کەسییەکانی دیاری دەکرێت. تیۆری سیماکان پێیوایە وەڵامدانەوە جیاوازەکانی تاك لە هەڵوێستە تایبەتییەکاندا، پشت بە ئامادەییە سنوردارەکان دەبەستێت، بەو ئامادەییانەش دەوترێ خەسڵەتە کەسییەکان(صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢١). واتا دەشێ لەڕێی رەفتارە تایبەتییەکانەوە کەسەکان پەسن (وصف ) بکەین و بیانناسین.

مەبەست لەسیما، خەسڵەتێکی تاڕادەیەك جێگیرو بەردەوامە کە مرۆڤەکان تیایدا یەکسان نین (طارق ابراهيم الدسوقي عطية:٢٠٠٧ :٢٧)، هەروەها چەمکێکی ئەبستراکتە، راستەخۆ تێبینی ناکرێت؛ بەڵکو لەڕێگەی تێبینیکردنی چەند رەفتارێکەوە گشتاندن بۆ سیماکان دەکرێت (محمد جاسم العبيدى :٢٠١١ : ٧٨). بەگوێرەی ئەم باسکردنانە، دەشێ سیما خەسڵەتێکی جەستەیی، یان رەفتاری یان مەعریفی، کە رەمەکی یان وەرگیراو بێت و ئامادەییەکی جێگیرە بۆ جۆرێك لەڕەفتار. (گۆردن ئەلبۆرت Gordon Alport) سیما، بەبنیادی ناوەکی و ئاراستەکەری رەفتارەکانی مرۆڤ دادەنێت کە تاڕادەیەك جێگیری و تایبەتێتییان تێدایە(صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢١). هەروەها لایەنگرانی تیۆری سیما پێیانوایە کەسێتی لەکۆمەڵێکی زۆر لەخەسڵەت یا سیما پێکدێت، لەسەر ئەوەش کۆکن کەسیما، یەکەی سەرەکیی کەسێتییە (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢١). بەپێی تیۆرەکەی (کاتڵ) سێ جۆر سیما هەن، کەئەمانەن (محمد جاسم العبيدى :٢٠١١ :٧٦-٧٧) :

١. سیما توانستییەکان : لەوەڵامدانەوەی هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت و بەرامبەر بەتوانا مێشکییەکان دەوەستێت.

٢. سیما میزاجییەکان : بەشێوەیەکی گشتی چالاکییە تایبەتییەکان دەگرێتەوە.

٣. سیما داینامیکییەکان : سیما رەسەنە پێکهاتەیی و ژینگەییەکان و سیما ئاراستەییەکان دەگرێتەوە.

شایانی وتنە کەسیما توانستییەکان و سیما میزاجییەکان، بەسیما جیگیرەکان دادەنرێن کەبنیادی کەسێتییان لەسەر دیاری دەکرێت (محمد جاسم العبيدى :٢٠١١ :٧٧).

هەروەها پۆلکردنی تریش بۆ سیماکانی کەسێتی هەیە لەوانە :

سیما گشتی (Common Traits ) و تایبەتەکان (کەسیەکان - Person Traits )، هاوشێوەی کەسێتیی کۆمەڵ وکەسێتیی تاك. سیما گشتییەکان ئەو سیمایانەن کەلای زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵ هەن، سیما تایبەتییەکانیش ئەو سیمایانەن کەلای تاکێکی کۆمەڵ هەیەو لای یەکێکی تر بەدی ناکرێت. هەروەها سیما روکەشییەکان و سیما بنەڕەتییەکان، سیما تاکجەمسەرییەکان و سیما جوتجەمسەرییەکان ( طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٧٣-٧٤).

## ٣/٢-٤) فرۆید و کەسێتی:

سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud، دامەزرێنەری قوتابخانەی دەرونشیکاری، گرنگی بە کردە هەستی و نەستییەکان و کاریگەرییان لەسەر کەسێتی و رەفتاری مرۆڤ داوە و جەخت لەسەر رۆڵی قۆناغی سەرەتای منداڵی لەکەسێتی دا دەکاتەوە و رەمەکەکان (الغرائز) بە بزوێنەری کەسێتی دادەنێت (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٥).

نەست (لاشعور)، لەدیدی فرۆیددا لایەنێکی گرنگی کەسێتییە و پاڵنەری سەرەکیی رەفتارەکانی مرۆڤە ( دیڤید فۆنتانا: ١٩٨٨: ٦٢-٦٣). فرۆید پێیوایە کەسێتی ئامێرێکی گەورەو ئاڵۆزە و سێ لایەنی سەرەکی لە پێکهاتنیدا بەشدارن کەبریتین لە (ئەو ID، من Ego، منی باڵا Super Ego) کەبەیەکەوە کاردەکەن و لە کارلێکی بەردەوامدان (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٥).

### ٣/٢-٤-١) ئەو – الهو- ID :

کۆنترین بەشەو تاکە سەرچاوەی وزەی زیندەگی و دەرونیی مرۆڤە بەدرێژاییی ژیانی. هەروەها لایەنی سەرەتاییی مرۆڤە و لەگەڵیدا لە دایك دەبێت ( دیڤید فۆنتانا:١٩٨٨ :٦٤، محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ : ٦٥، احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٠). (ئەو) گەورەترین بەشی نەستەو بۆماوەی مرۆڤی سەرەتاییە و لەسەر بنەمای چێژ کاردەکات ( محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ : ٤٣،٢٩). کرۆکی کەسێتییەو بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەستی پێناکەین، هەرچەندە بەردەوام ئامادەیە. هێزێکی لەڕەوشتبەدەر و ناکۆمەڵایەتییە، گەر بواری بۆ برەخسێت بەشێوەیەکی رەها و دور لەیاساو ئاوەز و لۆژیك، بەبێ گوێدان بە بەهاڕەوشتییەکان و چونە ژێر رکێفی کات و شوێنەوە، خۆپەرستانە و ئاژەڵئاسا هەوڵی تێرکردنی چێژو پێویستییەکانی دەدات ( دیڤید فۆنتانا:١٩٨٨ :٦٤). (ئەو) گشت رەمەك و ئارەزو پاڵنەرە نەستییەکان لە خۆدەگرێت، کەبریتین لە :

١. رەمەکانی مانەوە (غرائز البقاء ): حەزکردن بەژیان، خۆپاراستن لەئازار، نەوەخستنەوە...

٢. رەمەکانی نەمان ( مردن – غرائز الفنا ): حەزکردن بەمردن، شەڕانگێزی دژبە خۆی و کەسانی تر...

کاتێك (ئەو) خۆی دەردەخات، قسەکەر ئەم دەربڕینانە دەردەبڕێت:

**١) بەکەیفی خۆم کاردەکەم.**

٢) **گوێ بەهیچ مەدە.**

٣) **حیساب بۆ هیچ کەس ناکەم.**

٢/٣-٤-٢) من- ( الانا – Ego) :

بە تێڕوانینی (فرۆید)، (من) روخساری (ئەو)ە لەجیهانی دەرەوەدا، ناوەندی هەست و درکپێکردنە دەرەکی و ناوەکییەکان و کردەی هزرییە. رێبەرو سەرپەرشتی کۆئەندامی جوڵەخۆویستەکانە (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٤٤، ٦٥). بازنەی بەیەکگەیەنی نێوان پێویستییەکانی(ئەو) و کۆتەکانی واقیعە بۆ تێرکردنیان (دیڤید فونتانا:١٩٨٨ :٦٥). لەژێر هەژمونی واقیعدایە، واتا (بەپێی واقیع کاردەکات، بۆیە دەچێتە ژێر رکێفی یاسا بنەڕەتییەکانی هزرو کات و شوێنەوە و ئامانجی بەدیهێنانی گونجانی ناوەکیی کەسێتییە و بەناچاری خزمەتی (دنیای دەرەوەو منی باڵا و ئەو) دەکات (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٤٤).

(من)، نوێنەری ئاوەزمەندییە (العقلانیة) بەرامبەر بە هەڵەشەیی و سەرکێشییەکانی (ئەو)، نێوانگیری لەنێوان (ئەو) و دەوروبەردا دەکات (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٦). ناوچەی هەست (شعور) دەگرێتەوە، لەکردە خۆویستەکان پێکدێت کە بیرکردنەوەی ژیرانەی منداڵ و هەستکردن بەخود و هەمو بیرکردنەوە ئاگاییەکان دەگرێتەوە لەگەڵ هەندێ لەو ئارەزوە نەستییانەی کەخۆیان ئاشکراکردووە و لەگەڵ واقیعدا خۆیان گونجاندووە (عبدالغني - www.lfraja.on.ma). دروستبونی (من) گرنگترین کردەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٠٣) و منداڵ زیاتر لەهەڵسوکەوتە ئاژەڵییەکەی دوردەکەوێتەوە و بەرەو مرۆڤبون دەچێت. (هەمو تیۆرییەکانی کۆدەرونناسی – دەرونناسیی کۆمەڵایەتی – جەخت لەسەر گرنگیی ئەزمونە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە بنیادنانی (من)دا )(سیمون کلاپێر ڤالادۆن:١٩٩٣ :١٣).

٢/٣-٤-٣) منی باڵا – ألانا العلیا – Super Ego :

پێکهێنی سێیەمی کەسێتییە و لە قۆناغێکی درەنگی منداڵیدا دروستدەبێت. هێمای روداوە گرنگەکانی پێشکەوتنی توخمی مرۆییە (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٤٤) و کاریگەری وەڵامدانەوەی (إستجابة) یاساو کۆت و ئاگادارکردنەوە و هەستپێکراوە رەوشتییە سەپێنراوەکانی باوانە بەسەر منداڵدا، کە سزا و پاداشتیان لەپشتەوەیە و دەبێتە سەرچاوەی لێپرسینەوە و سزای خود، کە بەئازاری ویژدان ناسراوە ( دیڤید فۆنتانا:١٩٨٨ :٦٦) و بەپێی یاساو رەوشت و ویژدان کاردەکات (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٢٩). (منی باڵا)، لەفەرمان وناکردنەکانی باوك و بەپێی درکپێکردنی (من)، دروستدەبێت (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٠٣).

منی باڵا، رواڵەتی بەردەوامیی بەها و دابونەریت و سروتەکانی کۆمەڵە بۆ نەوەکانی داهاتو، بنەمای پێوەری رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانە (احمد محمد الزعبی : ٢٠١٠ :١٠٣). سیستەمێکی دەرونییە و کۆگا و نوێنەری بەهارەوشتییەکان و ویژدان و نەریت و پێوەرەکۆمەڵایەتییەکان و نمونەیی (مثالی ) و راستی و چاکەو مافەکانە. هەوڵ بۆ بەدیهێنانی کەسێتیی تەواو و بێخەوشیی رەها دەدات (عبدالحکیم السلوم:٢٠٠٠

:١٥، محمد جاسم العبيدى :٢٠١١ :٦٥، صلاح گەرميان:٢٠٠٧ :١٦). واتا ( منى باڵا ) سەرجەم بەها رەوشتی و ئاینی و یاسا کۆمەڵایەتییەکان لەفەرمان و ناکردن و دابونەریتەکان دەگرێتەوە کەپەیوەندییەکانی خەڵکی ڕێکدەخەن و ڕەفتارەکان دیاری دەکەن و دەسەڵاتی کۆمەڵ پێکدەهێنن و هەوڵ بۆ تەواویی ڕەها ( الکمال ) دەدات.

فرۆید، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو لایەنانە (ئەو، من، منی باڵا ) لەیەکتری دابڕاو نین؛ بەڵکو هاوکاریی یەکتر دەکەن. هەروەها لەکارلێکیاندا لەگەڵ ژینگەو تێرکردنی ئارەزوە سەرەکییەکاندا بەشدارن، گەر وانەبێت، گونجانی ئاسایی لەگەڵ دەوروبەردا نایەتە کایەوە ( صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٦). پەیوەندیی نێوان ئەو سێ لایەنە، هاوسەنگی و ناهاوسەنگیی کەسێتیی مرۆڤ دیاری دەکات. ئەگەر (من) بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان داواکارییەکانی ( ئەو ) و(منی باڵا) دا ڕابگرێت، ئەوا کەسێتییەکی ئاسایی دەبێت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر یەکێك لە (منی باڵا) یان (ئەو) زاڵ بو، واتا هاوسەنگیی ڕانەگرت، ئەوا کەسێتییەکی نائاسایی دەبێت؛ کە یان دەمارگیر و شەڕانگێزە یان بیرمەندە. کەسێتیی مرۆڤیش بریتییە لە هەوڵدان بۆ هاوسەنگیکردن لەنێوان ئارەزوە سروشتییە زیانبەخشەکان (الرغبات الطبیعیة العارمة) و یاسا کۆمەڵایەتییەکان کەویژدان پێکدەهێنن. هاوسەنگیی نێوان ئەو دوهێزە دژیەکە، زۆر دژوارە، بەشێوەیەکی گشتیش مرۆڤ تیایدا سەرکەوتو نابێت(علی الوردی:٢٠٠١ :٥٢).

## ٥-٣/٢) کەسێتیی کۆمەڵ:

کۆمەڵ، بریتییە لەکۆبونەوەی کۆمەڵێك کەس و بونی پەیوەندیی جۆراو جۆر و کارلێك لە نێوانیاندا. لەپێناسەکانی کەسێتیدا، ڕێککەوتنێك لەسەر هەندێك لایەنی هاوبەش هەیە کە لەکەسێتیی هەمو کەسێکدا هەیە، ئەمەش وادەکات خەڵکی لەزۆر ڕەفتارو سیمای دەرونییاندا هاوبەش بن و لەیەکبچن. واتا ڕەفتاری لەیەکچو و وەڵامدانەوە(إستجابة)ی هاوشێوەیان بۆ هەڵوێستە دیاریکراوەکان دەبێت. هەندێکی تر لە پێناسەکان باس لەجیاوازی دەکەن، واتا تایبەتمەندیی هەر کەسێك لەسیمایەك یا لە خەسڵەتێکدا کە لە کەسانی تری جیا دەکاتەوە. بێگومان هەردو لایەنەکە ڕاستن؛ کەسێتی دولایەن بەیەکەوە کۆدەکاتەوە کەجیاوازی و هاوبەشییە. هەندێ جیاوازیی دیار لەنێوان کەسەکاندا هەیە، کەوادەکات هەرکەسێك کەسێتیی تایبەتی هەبێت، بەڵام لەزۆر سیمای ڕەفتاریدا هاوبەشن. ئەم هاوبەشییە کەسێتیی کۆمەڵ پێکدەهێنێت کەلەهەندێ لەسەرچاوەکاندا بەکەسێتیی بنەڕەتی (الشخصیة الاساسیة) باسکراوە. کاتێ باس لەهەر کۆمەڵێك دەکرێت، بەگشتی، مەبەست لەسیما هاوبەشەکانیانە، بەتایبەت لەبابەتی کەسێتیدا. مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەش کەسێتیی بنەڕەتی یان کەسێتیی کۆمەڵی کوردییە.

دەرونزانی، بۆوێناکردن و لێکدانەوەی کەسێتی، پشت بەسیستەمێکی دەرونی دەبەستێت؛ وەکو خودی تاك لەمرۆڤ دەڕوانێ، لەبەر ئەوە وەکو کۆمەڵە خەسڵەتێکی تایبەت، کەجیاوازیی تاك نیشان دەدات، لەکەسێتی دەکۆڵێتەوە، بەڵام کۆمەڵناسی پشت بەسیستەمی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. کۆمەڵناسەکان پێیانوایە کە

کەسێتی لەزۆر رووەوە کۆمەڵ دەنوێنێ و لەسەر ئەوە کۆکن کەتاك و کۆمەڵ دو روی راستییەکن، وەکو (کولی) دەڵێت: تاك و کۆمەڵ دوانەیەکن بەیەکەوە لەدایك دەبن (علی الوردی:٢٠٠١ :٦). وەك پێشتر باسکرا، مرۆڤ بەدابراوی لەکۆمەڵ ناژی، بەڵکو تێکەڵ بەکەسانی تر دەبێت و کاریگەریی ئاڵوگۆڕو کارلێك، بەپێی دەوروبەر و کلتوری کۆمەڵایەتی، لەنێوانیاندا رودەدات و رەفتارەکانیشی بەپێی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی و ئەو رۆڵەی دەیبینێت و ئەو کلتورەی تیایدا ئەندامە، دیاری دەکرێت. (مرۆڤ، لەژینگەیەکی مادی و کۆمەڵایەتیدا دەژی، کەکاری تێدەکەن و کاریان تێدەکات، بەیەکەوە یەکەیەکی تەواو پێکدەهێنن)(إنتصار یونس:١٩٩٣ :٢٩٥). ئەو یەکە تەواویەکگرتوە، کارلێك و سیمای هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. هەمو کۆمەڵێك کاریگەریی لەسەر ئەندامەکانی هەیە؛ لەڕێگەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە مۆرکی تایبەتیان پێدەبەخشێت. هەروەها (تایبەتمەندییە کەسییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ، رۆڵ وکاریگەریی گرنگیان لەسەر کۆمەڵ و پەیوەندی و کارلێکەکانی هەیە)(عدنان یوسف العتوم:٢٠٠٨ :٢٣١). نەوەکانی کۆمەڵ، لەزۆر لایەنی سەرەکیی کەسێتییاندا لەیەکدەچن، لەڕاستیشدا تاك، بەرهەمی ئەو کۆمەڵەیە کەتیایدا دەژی (علی الوردی:٢٠٠١ :٦). واتا کەسێتیی تاکی کورد، بەرهەمی کۆمەڵی کوردییە و کەسێتیی کۆمەڵی کوردی لە کەسێتیی ئەندامەکانی پێکهاتووە.

ئەنترۆپۆلۆژییەکان پێیانوایە کلتور، بناغەی کەسێتیی کۆمەڵ دادەمەزرێنێت؛ (کلتوری هەرکۆمەڵێك بناغەی کەسێتی بنەڕەتی، کەشیاوی گۆڕان نییە، و ئاستەکانی تری کەسێتیش بنیاددەنێت) (محمد افرخاس:٢٠١١ :١١٠). کەسێتیی تاك، لەهەر کۆمەڵێکی مرۆییدا بێت، وێنەیەك یان نمونەیەکی بچوککراوەی Microcosm کلتوری کۆمەڵەکەیە، بەتێکڕای سیستەمە پێکهێنەرەکەیەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەسیماکانی کەسێتیی تاك دەبن بە سیمای کەسێتیی کۆمەڵ. واتا، بە گشتی یەکجۆر کەسێتیی بنەڕەتی لە کۆمەڵدا هەیە، ئەمەش بۆ ئەو گریمانەیەمان دەبات کە پەیوەندییەکی گشتگیر لە نێوان جۆری کلتور Culture Type و جۆری کەسێتی Personality Type دا هەیە( قیس النوری:١٩٨١ :٢٤-٢٥). ئەم پەیوەندییە وا لە لێکۆڵەرانی بواری کەسێتی و کلتور دەکات کە کلتور لە کەسێتیدا ببیننەوە و بەپێچەوانەشەوە، کەسێتیی تاکەکانی کۆمەڵ رەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵەکەیە.

کەسێتیی مرۆڤ، بەدەرون و هزرو ویژدان و... بەرهەمی ئەو کۆمەڵەیە کەتیایدا دەژی، هەروەك (داوسن –Dawson ) و(گێتیز – Gettys) دەڵێن: کەسێتی، نوێنەری ئەو کلتورەیە کەتیایدا گەورەبووە (علی الوردی : ٣٤). ئەلپۆرتیش پێیوایە تاك، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کلتوری کۆمەڵەکەی، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سیمای لێکچو لە نێوان تاکەکانی ئەم کلتورەدا ( قاسم حسین صالح:١٩٨٧: ١١٣). هەروەها تەندروستیی کەسێتی و گرفتەکانی تەندروستیی دەرونی و ژیریی خەڵك، رەنگدانەوەی کامڵبون یا کامڵنەبونی کلتوری کۆمەڵە ( قیس النوری:١٩٨١ :١٦٣).

رالف لینتۆن R. Linton، جەخت لەوە دەکاتەوە، لەناو هەر کۆمەڵێکدا دو جۆر کەسێتی دەردەکەون کە یەکێکیان کەسێتیی بنەڕەتییە وئەوی تریشیان کەسێتییە ئەرکییەکانن ( شخصیات وظیفیة ) (عبدالحکیم السلوم:٢٠٠٠ : ١٦).

کەسێتیی بنەڕەتی، کۆمەڵە رەفتارێکی هاوبەشە لەنێوان هەمو تاکێکی کۆمەڵدا، واتا هەموئەو وەڵامدانەوە (إستجابة ) و بیرو سۆزو رەفتارانە دەگرێتەوە کەهەمو ئەندامانی کۆمەڵ تیایدا هاوبەشن و ئەو

تێکـەڵبون و ڕێککـەوتن و نزیکییـەی نێـوان ئەنـدامانی کۆمەڵەکـە دەگرێتـەوە کـە لەهەڵوێسـت و ڕوداوەکانـدا ڕووبـەڕویان دەبنـەوە. بـەدەربڕینێکی تر (لەهەڵوێستە دیاریکراوەکاندا بـە یەکشێوە رەفتـار دەکـەن، بـەدەر لـە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان ) (عبدالحكيم السلوم:٢٠٠٠ :١٦). واتـا ئـەو کەسـانەی لەکۆمـەڵێکی دیاریکراودا پـەروەرردە دەکـرێن و پێدەگـەن، لەهەنـدێ تایبەتمەندیـدا لەیەکـدەچن کەلەکۆمـەڵێکی تـر جیایـان دەکاتـەوە. چەمکی کەسێتیی کۆمەڵایەتی (مەبەست لە کەسێتیی بنەڕەتی یـان کەسێتیی کۆمەڵـە) لـەو بیرەوە سـەرچاوەی گرتووە کەبنیادی کەسێتی بنیادێکی هاوبەشە لەنێوان زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵدا. ئەو بنیادە هاوبـەش و بـاوە ( فرۆم ) (From) ناوینـاوە کەسێتیی کۆمەڵایـەتی، کەمەبەسـتی لەکەسێتیی کەسێکی دیاریکراونییە، بـەڵکو سـیماو مـۆرکی کەسـێتیی کۆمەڵەکـە بەگشـتی دەگرێتـەوە، کەلەئـەنجامی گونجـان لەگـەڵ بـاری ئـابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵەکەدا دروست بووە [ طـارق ابراهيم الدسوقى عطية:٢٠٠٧ :٥١-٥٢ (علـى عبدالرزاق الحلبى )]. گرنگترین ئامانجی کلتور لەوەدا خۆی دەبینێتەوە؛ کەسێتیی ئەندامـەکانی والێبکات کـە بەهاکان بەسـەر هزرو هەستیاندا زاڵ بن، بەتێپەڕبونی کات و بەشداریکردنی منداڵان لـەکردەی پـەروەردەی کۆمەڵایەتیدا، زاڵبونی بـەهاکان دەبێتـە زاڵبـونێکی نەسـتی (لاشـعوری ) (قيس النـورى:١٩٨١ :١٥٣)، واتـا بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی نەستی، کۆنترۆڵی کەسێتیی کەسەکان دەکـەن لەگەورەییدا، کـە بـەگۆڕەی گۆڕانـە کۆمەڵایـەتیی و شارسـتانییەکان دەگۆڕێت. (گەربـەناخی دەرونـی مرۆڤەکانـدا قـوڵ بینـەوە، دەبینـین لەزۆر بوارو سروشتیاندا، بەگشتی، لەیەکدەچن) (بختيـار ابراهيم فتـاح فتـاح :٢٠٠٧ :٥٦)، هـەروەها هەندێ شارەزاییی گشتی هەن، کەئەو کەسانەی لەیەك ژینگەی کلتوریدا دەژین، تیایدا هاوبەشن.

لینتـۆن، کەسـێتیی بنـەڕەتی (کۆمـەڵ) بـەم شێوەیە پێناسـە دەکـات: ئـەو شێوە تەواوەیـە کەبـەهاو چـەمکی هاوبەش بەئەنـدامانی کۆمـەڵ دەبەخشێت و کاردانـەوەی هـەڵچونیی یـەکگرتویان تیـادا دەوروژێنـێ بەرامبـەر بەهـەر بارێـك کـە بـەها هاوبەشـەکەیان بشێوێنێ (موفق ويسـى:١٩٨٩ :١٨). هـەروەها پێیوایـە کەسـێتیی بنەڕەتی، لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەکلتوری کۆمەڵەوە دەستنیشان بکرێت، نـەك بەلێکۆڵینـەوە لـەخودی کەسـەکان (محمد افرحاس:٢٠١١ :١١٠). واتا بنیادی کەسێتیی بنەڕەتی، پەیوەستیی گشت سیماکانی کەسێتی بەهـەمو یاساو توخم و سیماکانی کلتورێکی دیاریکراو دەردەخات، ئەمـەش جارێکی تر ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە بنیادی سەرەکیی کەسێتی، بەرهەم و ئەنجامی ئەزمونـەکانی رابردووە کەمێژویـەکی دوری هەیـەو رەگ و ریشـەی بۆ قۆناغی منداڵی دەگەڕێتەوە (محمد افرحاس:٢٠١١ :١١٠).

کەسێتییە ئەرکییـەکان، دەوەستنە سـەر هۆکـارە کۆمەڵایەتییـەکانی وەك(ڕەگـەز، چین، تەمـەن، ئاسـتی خوێنـدەواری...)، کەوادەکـەن ڕەفتـارو وەڵامدانـەوەکانی (إسـتجابات) تـاك لەهەڵوێسـتێکی دیـاریکراودا، جیاوازبن. مرۆڤەکان بەگوێرەی پەروەردەو باوەڕیان، لەدابونـەریت و بیروبۆچونەکانیاندا جیـاوازن (بختيـار ابراهيم فتاح :٢٠٠٧ :٥٦). بەدەربڕینێکی تر، بارودۆخ و ئاست و ئەرکـەکانی هەرکەسێك ڕۆڵـی سـەرەکی لەدیاریکردنی کەسێتیی کەسەکەدا دەبینن. (لەناوەوەی هەر کەسێتییەکدا بەشێکی شاراوە هەیـە کەناچێتـە ژێـر بـاری یاسـاکانی کۆمـەڵ و وەڵامدانـەوەی بۆیـان نابێت، واتـا تـاك هـەمو تایبەتمەندییـەکانی کەسـێتی لەکۆمـەڵ وەرناگرێت) (علـى الـوردى:٢٠٠١ :٣٤-٣٥). ئەمـەش لایـەنی تایبـەتیی کەسـێتییە کەهـەر تاکێك کەسـێتیی خۆی هەیە و جیاوازە لەتاکێکی تری هەمان کۆمەڵ.

لەتیۆری سیماکانیشدا، (کاتڵ)، دوجۆر سیمای پۆلکردووە کەسیما تایبەتییەکان (بێهاوتاکان) unique و سیما هاوبەشەکانن Common (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٧٦)، سیما تایبەتەکان (کە ئەلپۆرت بەئامادەییە کەسییەکان Personal Disposition ناویان دەبات )، ئەو سیمایانەن کە لە تاکێکدا بەرجەستە دەبن و تاکەکانی تری کۆمەڵ تیایدا هاوبەش نین ( قاسم حسین صالح:١٩٨٧: ١١٤)، سیما هاوبەشەکانیش گشتین و هەمو یان زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە (کە ئەنجامی یاساو سیستەمی دیاریکراوی کۆمەڵەکەیە کەوادەکات سیماکان لەوکۆمەڵەدا هاوبەش بن) (قاسم حسین صالح:١٩٨٧ :١١٤).

گەر کەسێتی جێگیریی ڕێژەیی نەبوایە، نەماندەتوانی کەسەکان بناسین و بڕیار لەسەر کەسێتییان بدەین، چونکە هەرکات یان هەر ڕۆژێك کەسێتییەکی جیاوازیان دەبو. ئەو هاوبەشی و جیاوازییانەی کە سیمایەکی دیاری کەسێتین (کلوکهون و هنری مۆرای) گەیاندۆتە ئەو ڕایەی کە بڵێن:

- تۆ، لە هەموکەس دەچیت. ( لەلایەنی بایۆلۆژی و توێکاری و ئەندامانی جەستەو مێشك و ڕژێن و هەندێ ڕەفتاردا).
- تۆ لە هەندێ کەس دەچیت. ( لە گروپی خوێن و بنیادی جەستەو هەندێ نەخۆشی و هەندێ ڕەفتاردا).
- تۆ لە هیچ کەس ناچیت. ( تایبەتمەندیی خۆت هەیە لە بیرکردنەوەو هەندێ ڕەفتارو شارەزاییدا) (عبدالغنی- .www.ifraja.on.ma).

گەر سەرنجی ڕەفتارو دەربڕینەکانی کەسانی دەوروبەرمان بدەین، دەبینین هاوبەشیی زۆریان هەیە، لەهەمان کاتیشدا هەریەکەیان لە یەکێکی ترجیاوازە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە هەر مرۆڤێك لەلایەك لە هەمو خەڵکی دەوروبەری دەچێت کە سەر بە یەك کلتورو پەروەردەو زمانن، لەلایەکیتر لەهەندێك کەسیان دەچێت، لەهەمانکاتدا کەسێکی تایبەتەو لە کەس ناچێت.

### ٣/٢-٦ ) کەسێتی و بیر:

چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کەسەکان و ئاستی هۆشیارییان، ڕۆڵێکی گرنگ لە جۆری کەسێتیی کەسەکاندا دەبینن، چونکە کەسێتی و بیر زۆر پەیوەستن بەیەکەوە و (کەسێتی، تەواوی سیستەمی هزریی مرۆڤە لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەیدا) ( دیڤید فۆنتانا:١٩٨٨ :٥). کانت، پێیوایە کە (هزر گەوهەری کەسێتییە ) (عبدالحکیم السلوم:٢٠٠٠ :١٣)، واتا بەشێوەیەکی گشتی ئاراستە هزرییەکانی تاك تاڕادەیەکی زۆر بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر کەسێتیی تاك دەدەن و دیاریی دەکەن. لەگوتاری فەلسەفیشدا، کەسێتی بەهۆشیارییەوە پەیوەستە، (لای دیکارتیش، بیرکردنەوە تاکەسیمای سەرەکیی جیاکەرەوەی کەسێتییە ) (عبدالحکیم السلوم:٢٠٠٠ :١٣).

ولیەم جیمس دەڵێ: هەمو مرۆڤەکان، دەتوانن ژیانیان بگۆڕن، گەر بیرکردنەوەیان بگۆڕن) (هانی السلیمان:٢٥). مەبەستی لەچۆنیەتی و شێوازی بیرکردنەوەیە کەبەچ ئاراستەیەکدا ڕێدەکات. ئەم وتەیە، سێ پێکهاتەی گرنگی کەسێتی لەخۆ دەگرێت کە لەگۆڕاندان. بیرکردنەوە پێکهاتەیەکی گرنگە لەکەسێتیدا کە پێکهاتەی هزری و مەعریفییە، (بیرکردنەوە، کردەیەکی سەربەخۆنییە، بەڵکو توخمێکی گرنگی پێکهاتەی کەسێتییە و لەسروشتی کەسێتی جیانابێتەوە، هەروەها لەسنوری داینامیکیی کەسێتیدا کاردەکات و لەدەرەوەی

ئەو سنورەدا بونی نییە ) (محمد محمد داود:٢٠٠٩ :٣٠)، هەروەها ڕێڕەوی ژیانیش پێکهاتەکانی هەڵچونی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. گۆڕانی ئەم پێکهاتانە گومانی تێدانییە کە گۆڕانی کەسێتی بەدوادادێت کە سەرچاوەکەی گۆڕانی چۆنیەتیی بیرکردنەوەیە. بێگومان ئەمەیش بەزمان کاری تێدەکرێت و دەشێ بەزمان چالاکتر بکرێت یان خاو بکرێتەوە.

## ٧-٣/٢) گۆڕانی کەسێتی:

گۆڕان، سیمایەکی سروشتیی مرۆییە لەهەر کۆمەڵێکدا، مانای زیندوێتی و نوێبونەوە دەگەیەنێت. کەسێتیی مرۆڤ، بەپێی گۆڕانی پێکهاتەکانی (هزری، دەرونی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی) و خەسڵەتە بایۆلۆژی و وەرگیراوەکان، گۆڕانی تێدەکەوێت، بەڵام گۆڕانێکی خێراو لەناکاو نابێت، بەڵکو لەسەرخۆدەبێت. یەکێك لەسیماکانی کەسێتی، جێگیریی ڕێژەییە (مەبەست لەجێگیریی ڕێژەیی لەکەسێتیدا ئەوەیە کەسێتیی مرۆڤ بۆی هەیە بگۆڕێت، بەڵام لەشەو و ڕۆژێکدا ناگۆڕێت، بەڵکو ڕێکخراوە و لەسەر سیستەمە و ئەنجامی کارلێکی نێوان هۆکاری بایۆلۆژی و ماکی (فطری) و ژینگەییە) (دیڤید فۆنتانا:١٩٨٨ :٦). قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لەکەسێتیی مرۆڤدا دەگێڕن و دەبن بەهۆکاری چەندین گۆڕانکاری لەکەسێتیدا (محمد حسن غانم: ٢٠٠٥ :١٣). بەپێی قۆناغە یەکبەدواییەکەکانی گەشە، لەمنداڵی و هەرزەکارییەوە، کەمرۆڤ پێیاندا تێدەپەڕدەبێت، تادەگاتە قۆناغی پێگەیشتن، دەگۆڕێت (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٥٦). لەهەر قۆناغێکدا مرۆڤ، چەند سیمایەکی تایبەتی هەیە وبەگۆڕانی قۆناغی تەمەن؛ سیماکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت وەك گۆڕانە بایۆلۆژی و دەرونی و هزرییەکان (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :١٤). بۆماوە و ژینگە و پێگەیشتن و فێربون و خێزان و قوتابخانە و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئاین و هاوڕێ و ڕۆڵەکۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی کەسێتی هەیە (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٥٦)، تەنانەت مۆرکی کەسێتیی کۆمەڵیش بەتێپەڕبونی کات دەگۆڕێت، هەرچەندە وادادەنرێ کە گۆڕانی کەسێتیی کۆمەڵ (بنەڕەتی) لەگۆڕانی کلتوری کۆمەڵ لەسەرخۆترە. ئەم گۆڕانەش لەو شێوازە جیاوازو تازانەوە سەر هەڵدەدات کە لەپەروەردەکردنی نەوەکاندا بەکاردەهێنرێت (قیس النوری:١٩٨١ :٥٥). ڕۆڵی زمان لەگۆڕانی کەسێتیدا گرنگ و کارایە، چونکە بەهۆی زمانەوە چەمکی تازەو بیری قوڵ و کاریگەر بەکەسانی تر دەگەیەنرێن، کە کاریگەری لەسەر کەسێتییان دروستدەکەن و دواتر بەشێوەیەك لەشێوەکان دەیگۆڕن. کەسێتی و زمان پەیوەندییەکی دولایەنی پتەویان بەیەکەوە هەیە و پەیوەندییەکە کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕە لە نێوانیاندا. زمان، ڕەنگدانەوەی کەسێتیی تاکە و تایبەتییە جەستەیی و بایۆلۆژی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی لەزمانیدا ڕەنگدەدەنەوە. بەهەمان شێوە، زمانیش کاریگەریی لەسەر کەسێتیی مرۆڤ هەیەو بەهۆیەوە دەتوانرێ کاری تێبکرێت و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە بکرێت (عبدالواحد مشیر محمود دزەیی:٢٠١٠ :٤٧).

## ٨-٣/٢) کەسێتی و کلتور:

ڕەفتارەکانی مرۆڤ، بەرهەمی ئەو ژینگەو کلتورەن کە تیایدا دەژی. پێکهاتە ناوەکییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا، کارلێکدەکەن و کاریگەری لەسەر کەسێتی و ڕەفتارەکانی دروستدەکەن و

وەڵامدانـەوە (استجابة) و رەفتـار بەرهـەم دەهێنن. ئـەم كارلێكـە لەسـەرەتای ژیـانی مرۆڤـەوە دەستپێدەكات و زیاد دەكات، سیماو پێكهاتەو گەشـەی كەسێتی و رەفتـارو ئاراستەو حـەزو بیركردنـەوەكانی، بەرهـەمی ئـەو كارلێكەن.

سـكینەر Skinner، پێیوایـە كـە كلتـور، یـان ژینگـەی كۆمەڵایـەتی، رەفتـاری ئەندامـەكانی كۆمـەڵ پێكدەهێنێت. هەروەها كەسێتیی تاك بەپێی جۆری كلتوری كۆمەڵەكەی لە پێكهاتـەو ئاراستەكانیدا جیاوازن، كـە هـەمویان لـە كەسـێتیی تاكـدا رەنگدەدەنەوە(صـلاح گـەرمیان:٢٠٠٧ : ١٤- ١٥). سۆرۆكن Sorokin دەڵێ: لێكۆڵینەوەكان لەبوارەكانی دەرونزانیی منداڵ و دەرونشیكاری و زانستی تاوانكاریدا سەلماندویانە كـە لایـەنی سـەرەكیـی كەسـێتیی مـرۆڤ دەوەسـتێتە سـەر ژینگـەی كۆمەڵایـەتی و كلتورەكـەی، چونكـە مـرۆڤ ئاوێتەی جیهانە كلتوری و كۆمەڵایەتییەكەی خۆی دەبێت و پێی پـەروەردە دەبێت و گەشە دەكات. لەلایـەكی تریشـەوە كلتـورو پێكهاتـەی كۆمەڵایـەتیی كۆمـەڵ لـە ئەندامەكانیـدا رەنگدەداتـەوە (طـارق ابـراهیم الدسـوقی عطیـة:٢٠٠٧ : ٩). واتـا كلتـور دەسـەڵاتێكی بـەهێزی لەداڕشـتنی كەسـێتیی تاكـەكانی كۆمەڵدا هەیـە (صـالح محمدعلی ابوجادو:٢٠٠٤ :٢٠٤).

گۆڕانی خێرا و پێكهاتەی جیاواز لە كلتوری كۆمەڵدا، دەبێتـە هۆی فراوانـی و جۆراوجۆریی كەسێتی (قیس النوری:١٩٨١ :٥٦). ئەو كۆمەڵـەی كـە كلتورێكی دواكـەوتو و توندوتیژیان هەیـە، دەربڕینـی رەق و بریندارکـەرو كەسـێتیی دەمـارگیرو تونـدڕەویان هەیـەو بـە پێچەوانەشـەوە، ئـەو كۆمەڵانـەی كـە هاوكـاری و دادپـەوەریی كۆمەڵایـەتی تیایـدا بـووە بـە کلتـور؛ دەربڕینـەكانیان هێنـدە زبـر نـین و كەسێتیشـیان بـە گشـتی كەسـێتییەكی ئاسـاییە. (كێشـەی كۆمەڵـە ئـاڵۆزو نـەگونجاوەكان (ناتـەباكان)، ئەوەنییـە كـە تاكـەكانی گرفتـی دابەشبونی كەسێتییان (انشطار الشخصیة) هەیە؛ بەڵكو گرفتەكە ئەوەیە كە سیستەمی كلتوری و كۆمەڵایـەتی لە ئاڵۆزیدا توانای تاكەكان بۆ هەڵكردن لەگەڵ دەوروبەردا دەبەزێنێ) ( قیس النوری:١٩٨١ :٥٧). (ئەلفرێد ئەدلەر پێیوایە ئامانجەكانی داهاتو، كاریگـەری لەسـەر كەسێتی دروست دەكـەن و جـەخت لەسـەر هۆكـارە كۆمەڵایەتییەكان دەكاتەوە لە دیاریكردنی رەفتارەكانی مرۆڤدا) (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٦). پێویستە ئـەوە بڵێین كە ئامانجـەكان هەڵقوڵاوی نـاخ و پێویستییەكانی نـاو كۆمـەڵن و هۆكـارە كۆمەڵایەتییـەكانیش نوێنـەری كلتـوری كۆمەڵەكـەن كـە رەفتـاری تاكـەكانی كۆمـەڵ دیـاری دەكـەن، هـەروەها چۆنیـەتیی بـەدیهێنانی ئامانجـەكانیش پەیوەستە بـە كەسێتی و تێڕوانینـی تـاك بـۆ دەوروبـەر، بۆیـە دەوترێ (كەسێتیی هاوسـەنگ، بەرهەمی گونجاویی سیستەمە كلتورییەكەیە) ( قیس النوری:١٩٨١ :٥٦).

## ٩-٣/٢) كەسێتی و باری دەرونی :

بـاری دەرونـی، پێكهاتەیـەكی گرنگی كەسێتییە و هۆكـارێكی كاریگـەرە لەسـەر كەسێتی، تەنانـەت لـە دەروناسیدا كە باس لـە نەخۆشیی دەرونـی دەكرێت، مەبەست ئەوەیـە كـە كەسێتیی كەسـەكە نەخۆشـە. هیچ كەسێك بەبەردەوامی لە بارێكی دەرونیی جێگیردا نابێت، بەڵكو بـەپێی هۆكارەناوەكی و دەرەكییـەكان، بـاری دەرونیی دەگۆڕێت و لە زەمانیشدا رەنگدەداتەوە.

رۆگێرز Rogers، پێیوایە ئەو كەسەی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ جێبەجێكردنی خولیا خودییـەكانی و لـەباری دەرونیشـدا هیچ كێشـەیەكی نییـە، گرنگـی بـە هـەمو شـارەزاییەكانی خـۆی دەدات و هەست بـە هیچ

مەترسییەك ناكات كە چەمكی خودیی بخاتە مەترسییەوە؛ ئەو كەسانە سەربەخۆو كراوەن و هەستی بەخشندەیی و ئازایەتییان تێدا دەردەكەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێ هەڵوێستدا هەست بە مەترسی دەكەن، چونكە ئەو كەسەی لە ئاستی پێویستدا كارنەكات، دان بەترسدا نانێت. بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی كە لە ئاستی پێویستدا كاردەكەن، دان بە ترس و ئازارو خاڵی لاوازیاندا دەنێن(قاسم حسين صالح:١٩٨٧ :١٥٣)، واتا لەخۆی تێدەگات و خاڵی بەهێزو لاواز لە كەسێتیی خۆیدا دەزانێت و باوەڕی پێی هەیەو دەزانێت چی دەوێت و چی دەكات.

كەسێكی دەرون تەندروست، لە تێركردن و دابینكردنی پێویستییەكانیدا توندڕەو نییە و زیادەڕەوی ناكات، چونكە (دەرونساغیی كەسەكە كاریگەریی لەسەر گونجان و چۆنیەتی و چەندێتیی تێركردنی پاڵنەرو پێویستییەكانی هەیە)(انتصار يونس:١٩٩٣ :٣١٣). ئەو كەسانەی لە بارێكی تەواوی دەرونیدان، لە ژیانیاندا هەست بە گشت رەهەندەكانی دەكەن و هەمو ساتێكی داهاتو كۆمەڵێك شارەزایی نوێ و بەچێژی بۆیان هەڵگرتووە. ئەو كەسانە، تێروانینیان بۆ ژیان، هەمو كاتێك تازەیە، چونكە بونی خودی خۆیانی تێدا دەسەلمێنن و ژیان بە هەمو لایەنەكانییەوە تازە و بەسودە.

مرڤی دەرونتەندروست دان بەچەقبەستوییی دا نانێت و دەگونجێ و توشی دڵەڕاوكێی بەردەوام نابێت. هەروەها بڕیارو هەڵوێستی تەندروستی دەبێت. واتا (خەون و خولیاو ئاواتەكانی خۆی لەسەر بنەمای تواناكانی خۆی دیاری دەكات) (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :٨٦). بە بەردەوامی ناچێتە ژێر باری دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكان و دەسەڵاتی كەسانی ترەوە و بەرهەڵستكاری هەمیشەییش نییە (قاسم حسين صالح:١٩٨٧: ١٥٤). كەسێكی واقیعییە، بە ژینگەو كێشەكانییەوە پەیوەستە. لەگەڵ فشارو هەڵوێستەكانی ژیاندا رەفتار دەكات و لێیان ڕاناكات. پەیوەندییەكانی لەگەڵ كەسانی تردا هاوسەنگن، واتا نە هەمیشە رادەستیان دەبێت، نە هەمیشە قۆرخیان دەكات. بە دەربڕینێكی تر، دەزانێت كەی دەبەخشێت و كەی نابەخشێت (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :٨٧). كەسێتیی تەندروست و تەواو، جگە لەخۆی سودی بۆ كۆمەڵەكەشی هەیە كە تیایدا ئەندامە، چۆن بیر لە خۆی دەكاتەوە، بەهەمان شێوە بیر لە كەسانی دیكەش دەكاتەوە(هانی السليمان:٢٠٠٣ :٧٨). بەشێوەیەكی گونجاو و باش رەفتارلەگەڵ خۆی و ئەندامانی خێزان و هاوڕێكانی لەهەمو بوارەكاندا دەكات، هەروەها هاوسەنگی لە نێوان حەزەكانی خۆی و داواكانی كۆمەڵدا رادەگرێت، لەهەمانكاتدا كەسێكی دادپەروەرە و متمانەی بەخۆی هەیەو توندڕەو نییە (انتصار يونس:١٩٩٣ :٢٠٨).

مرۆڤی دەرون تەندروست هەست بە ئازادیی خۆی و كەسانی دەوروبەری دەكات و كەسێكی ئاسودەیەو لە رەفتارەكانیدا هەست بە راستی دەكات كە ناچارنەكراوە، هەست بە ئارامی دەكات و سود لە ئەزمونەكانی خۆی و كەسانی تر وەردەگرێت و ئامادەییی هاوكاریكردنی كەسانی تری هەیە و بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ و خۆشەویستیی بۆ خەڵكی ترهەیە (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :٨٩). كەسێكی گونجاو و داهێنەرە، لە بڕیارەكانیدا توندوتیژی و رەقیی تیا بەدی ناكرێ. لەدەربڕینەكانیشیدا، بریندارکردن و سوكایەتیكردن و ناڕاستیی تێدا نییە. واتا كەسێكی ئاسایی و تەواو، رێككەوتن و گونجانی هزری و دەرونی و كۆمەڵایەتیی بەیەكەوە خوڵقاندووە. هەروەها (قۆناغەكانی گەشەی كەسێتی بەشێوەیەكی سروشتی تێپەڕاندووە و هەموو لایەنەكانی تەواون، بەڵام ئاساییی بوون Normality رەهانییە، بەڵكو رێژەییە) (طارق ابراهيم الدسوقى عطية:٢٠٠٧ :٣٩-٤٠).

## ٣/٢-١٠) تێکچونی کەسێتی:

کێشـەکانی کەسـێتی کاتێـك سـەر هەڵدەدەن، کـە رەفتارەکـانی تـاك لەگـەڵ پێـوەرە کۆمەڵایەتییـەکانی ژینگەکەیدا دژیـەك دەبن، یـاخود دەیانبـەزێنێ. بـە شێوەیەکی گشتیش ئـەو کەسـانەی کـە کێشـەی کەسێتییان هەیە، هەست ناکەن کەپێویستییان بـە هاوکـاری هەیـە. گرفتـی چارەسەرکردنیشیان لەوەدایـە کـە کۆمـەڵ یـان دەوروبەر وەك کێشەیەکی یاسایی لێیان دەڕوانن، بەبێ گوێدان بە لایەنە دەرونییەکە کە بنـەڕەتی کێشـەکەیە (محمد جاسم العبیدی :٢٠١١ :٩٧).

هەرتێکچونێك لـە پێکهاتـەکانی کەسێتیدا روبدات[١]، تێکچونـی کەسێتیی لێدەکەوێتـەوە، چونکـە پێکهاتـەکان لـە نێوان خۆیاندا لە کارلێکی بەردەوامدان، لەکارکەوتن یان رودانی هەر گرفتێك لە پێکهاتەکاندا، کار لە شێوەی کارو کـارلێکی ئـەو پێکهاتـەیە دەکـات. (تێکچونـی کەسێتیی کەسـەکان، تێکچونـی کۆمـەڵ دەگەیـەنێت)(انتصـار یونس:١٩٩٣ :٢٠٨) و کسێکی دژەکۆمەڵی لێدەردەچێت.

دەتوانین تایبەتمەندییەکانی رەفتاری دژە کۆمەڵ (سایکۆباتی) لە دو خاڵدا بخەینەڕو :

١- کارکردن بە پێچەوانەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ.

٢- هەستنەکردن بە نائاسایی ئەو رەفتارانە. ( محمد جاسم العبیدی :٢٠١١: ٩٧)

گـەر رەفتـاری زمـانی بـە نمونـە وەربگرین، ئـەوا بـە شـێوەیەکی گشـتی دەربڕینـەکانیان گرفتـی کەسـێتیان دەردەخەن. بابەتـەکانیان پەیوەندییان بەیـەکترەوە نییـە، سیمای واتـایی وشـەکان دەبـەزێنن، هەندێ جار زۆر قسەدەکەن و بوار بە کەسی تر نادەن و هەندێ جاریش بـە پێچەوانـەوە، هەندێ جـار دەربڕینـەکانیان گوێگر بێزار دەکەن یاخود شیاوی دەوروبەرەکە نین...

## ٣/٢-١١ ) جۆرەکانی کەسێتی:

پێشـترو ئێسـتاش، تارادەیـەك، بڕیـاردان لەسـەر پـۆلکردنی کەسـەکان بـەمیزاجی خۆمـان، یـان بەڕوخسارو باڵاو جلوبەرگ و... بەگوێرەی کۆمەڵەکان، بونی هەیە. بۆ نمونە فلان کەس پیاوی چاکـە، یـان خراپە، یان سادەیە یا رۆحگەورە وخۆبەزلزانە... کەسانی کورتەباڵا بەزۆرزان و باڵابەرزەکان بـە ساویلکە دادەنرێن و چەندین ئیدیەم و پەندیشمان بۆیان هەیە، کە دەشێ بەشێك لە راستییان تێدابێت، بـەڵام راستییەکی رەهایان نییەو مەرج نییە بەم شێوەیە بن، کە ئەمەش سیمایەکی دیاری زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە.

هەوڵـەکانی پۆلکردنی کەسێتی، زۆرو جۆراوجۆرن کـە هەریەکـەیان سیمایەك یـان تایبەتمەندییـەکی کردووە بە بنەما بۆ پۆلکردنەکە؛ هەیانە سیماکانی بنیادی جەستەیی وەك شێوەی کە لـلە وکورتی و درێژیی بـاڵاو چەند سیمایەکی تـری ڕوخسـاری مرۆڤیـان کـردووە بەبنـەماو خـەڵکیان بەسـەردا دابەشکردووە، وەك ئێرنسـت کریشـمەر Kretschmer – E کەسێتیی لاوازو قەڵـەو و ماسولکەیی جیادەکاتـەوە (صـلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢٠).

یۆنـگ، کەسـێتیی کـراوە (سـادە - المنبسـط - External) و کەسـێتیی گۆشـەگیر (دورەپـەرێز- کـەنارگیر- المنطوی- Introvert )ی دەستنیشان کردووە (محمد شحاتە ربیع:٢٠١٠ :٤٤١ ).

---

[١] ) بۆ زانیاری لەسەر پێکهاتەی کەسێتی بروانە (٣/٢-٧) ی ئەم نامەیە.

پۆلكردنێكی تر لەسەرتوخمە سەرەكییەكانی گەردون (هەوا، خۆڵ، ئاو، ئاگر) كراوەو میزاجی زەردباو (الصفراوی)، میزاجی خوێنی (الدموي)، میزاجی ڕەشباو (السوداوي)، میزاجی بەلغەمی (البلغمي)، كەمتەرخەم –خاووخلیچك دیاریكراون (محمد العبیدي:٢٠١١ :٦١، صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :١٩).
هەروەها (ولیم شلدون W. Sheldon )، سێ جۆر جەستەی جیاكردۆتەوە و مرۆڤیشی بەسەر سێ جۆردا دابەشكردووە، هەریەكەیان خەسڵەتی دەرونیی خۆیان هەیە كەئەمانەن : هەرسی(الهضمي)، ماسولكەیی (العضلي)، دەماری (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢٠).
پۆلێنێكی تازە لەسەر شێوە ئەندازەییەكان كراوەو ناونراوە شێوە ئەندازە دەرونییەكان (شێوە دەرونئەندازەییەكان - الأشكال الهندسیة النفسیة) كە تیۆرێكی تازەیە لەزانستی جۆرەكانی كەسێتیدا، چوار جۆر كەسێتیی دەستنیشانكردووە كە (سێگۆشە، چوارگۆشە، بازنەیی، زگزاك) ن (یاسر الحزیمی www.Feath.net).
هەروەها تیرنەر و گریكۆ Turner & Greco كەسێتییان لەسەر بنەمای دابەشبونی كلتوری جوگرافی دابەشكردووە كە بەقیبلەنمای كەسێتی( personality compass ) ناسراوە، چوار جۆریان دیاریكردووە (سروشتی باكور، سروشتی باشور، سروشتی ڕۆژهەڵات، سروشتی ڕۆژئاوا)، باس لەوە دەكات كە هەركەسێك هەندێك سیمای لەهەمو جۆرەكان هەڵگرتووە بەڵام جۆرێكیان زاڵەو كرۆكی كەسێتیی كەسەكەیە (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢٠).
لەلایەكی ترەوە ئێدوارد سپرانگەر Eduard Springer، كەسێتیی لەسەر چەند بەهایەكی باو پۆلكردووەو شەش جۆری جیاكردۆتەوە (ئاینی، كۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ستاتیكی، ئابوری، زانستی ) (صلاح گەرمیان:٢٠٠٧ :٢٠).
جگەلەمانە چەند تیۆرێك بۆ پۆلكردنی كەسێتی هاتونەتە ئاراوە كە هەریەكەیان چەند جۆرێك كەسێتی جیادەكەنەوە، لەوانە : تیۆری دەرونشیكاری، تیۆری ڕەفتاری، تیۆری فێربونی كۆمەڵایەتی، تیۆری سیماكان... هەروەها لەكۆمەڵناسیشدا هەندێ جۆری تری كەسێتی دەستنیشان كراون كە هەندێكیان بەڕای ئێمە لەگەڵ پۆلێنی دەرونناسیدا یەكدەگرنەوە، بەڵام لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیركراون.
ئێمە لەم تێزەدا خۆمان بەهیچ كام لەم تیۆری و پۆلێنانە (بەتەنیا) نەبەستۆتەوە بەڵكو چەندجۆرێكی كەسێتیمان وەرگرتووە بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی سەر بەكام تیۆرو قوتابخانەیە و لەگەڵ بەشێك لە پەندە كوردییەكاندا كارمان لەسەر كردوون.

## ٣/٢-١١-١ ) كەسێتیی كراوە (المنبسط – Extrovert ):

كەسێكی كۆمەڵایەتی و كارەكییە، گرنگی بە خەڵك و شتەكانی دەوروبەری دەدات (محمد شحاتە ربیع :٢٠١٠ :٤٤١)، متمانەی بە خۆی و خەڵكی تر هەیە، سەركێشەو لەبڕیاردانادا خێرایە، ڕەفتاری لەگەڵ دەوروبەردا باشە و لەلایەن خەڵكیشەوە پەسەندە (www.ma3hd.net). هەروەها زو تێكەڵ دەبێت و بەئاسانی لەگەڵ ژینگەدا دەگونجێت، حەزدەكات ڕۆڵێكی ئازایانەی لەژیاندا هەبێت، نەك تەنیا سەیركەر بێت (انتصاریونس:١٩٩٣ :١٨٨) زو كۆنترۆڵی هەستەكانی خۆی لەدەست دەدات و تورە دەبێت حەزی لە شەڕانگێزی و توندی هەیە (طارق ابراهیم الدسوقي عطیة: ٢٠٠٧ :٤٤). دەربڕینەكانی بریتین لە:

٤) **بەری تەنگانە کورتە.** (کێشەکان زو چارەسەر دەبن).

٥) **بەندە، بێعەیب نابێ.**

٦) **پیاو نەمرێ بەهەمو ئاواتێك دەگا.**

### ٣/٢-١١-٢) کەسێتیی گۆشەگیر (المنطوي – Introvert ):

مرۆڤێکی هێمنە و دور لەواقیع و کەسانی دەوروبەری، لە جیهانێکی تایبەتدا، دەژی ( انتصار یونس:١٩٩٣ :١٨٨). کەسێکی رۆمانسی و ئەندێشە ئامێزە، زیاتر گرنگی بەلایەنی هزری و بەهاکان دەدات و کەمتر خەڵکی بەلاوە گرنگە (محمد شحاتە ربیع: ٢٠١٠ :٤٤١). زۆر بیر لە خۆی دەکاتەوە، نەگونجاوە، نەرمونیان نییە، شەرمنە، راڕایە. گرنگی بەلایەنی نەرێنی دەدات (محمد جاسم العبیدي:٢٠١١ :٦٣). ژیانی ڕۆژانەی بەپلانە، زۆرکەم پەنا بۆ توندوتیژی دەبات، درەنگ تورە دەبێت. تاڕادەیەك ڕەشبین و کۆنەپارێزە (متحفظ) (طارق ابراهیم الدسوقی عطیة:٢٠٠٧ :٤٤). گۆشەگیرییەکەی لەوەدایە کە ئاخاوتنی دەرەکیی کەمە و ئاخاوتنی ناوەکیی زۆرە. ئەم دەربڕینانە لەم جۆرە کەسێتییە دەبیسترێن:

٧) **بەهەشتیش بەتەنیایی خۆشە.**

٨) **دەستشکاو کاری پێدەکرێ، دڵشکاو کاری پێناکرێ.**

٩) **سەرت لەبن بەردان بی، لەبن منەتان نەبی.**

یۆنگ، لەگەڵ ئەم دوو جۆرە کەسێتییەدا، چوار سیمای سەرەکیی دیاری کردووە کە یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا زاڵدەبێت و لە کەسێتیی تاکدا، کراوە بێت یان گۆشەگیر، ڕەنگدەداتەوە، سیماکانیش ئەمانەن (هەست، بیرکردنەوە، ئیلهام، ویژدان) کە لەنێوانیشیاندا پلەی میانگیر هەیە.

- مرۆڤی هەستیار، لەژیانیدا پشت بە کاریگەرە هەستپێکراوەکان دەبەستێت و پێیان کاریگەر دەبێت و حەز بەگۆڕانی بەردەوام دەکات.
- مرۆڤی هزری، زیاتر گرنگی بەلایەنە واتایی و ڕۆحییەکان دەدات و لەژیانیدا پشت بە ڕامان و بیرکردنەوە و دانایی دەبەستێت.
- مرۆڤی ئیلهامی، بە خێرایی و بێ بیرکردنەوە و پشتبەستن بە هزرو لۆژیك، بڕیاردەدات، وەك ئەوەی سروشی (وحي) بۆ هاتبێت وایە.
- مرۆڤی بەویژدان، پشت بە سۆز دەبەستێت و حەزی لەهونەرە، هەڵچونەکانی زۆرن(انتصار یونس:١٩٩٣ :١٨٨- ١٨٩).

### ٣/٢-١١-٣) كەسێتیی شەڕانگێز (الشخصية السلبية العدوانية):

کەسێکی شەڕانگێز[١] و نەسەلمێنە، هەستێکی بەهێزی شەڕانگێزیی تێدایە و بەڕاشکاوی دەرینابڕێ، تەمبەڵەو کەمتەرخەمە و ناکاراییی مەبەستداری تێدا بەدی دەکرێت ( محمد جاسم العبيدي:٢٠١١ :٩٩). هەستدەکات چارەسەری گرفتەکان بەهێزو توندوتیژی دەکرێت. دەربڕینەکانی بریتین لە:

**١٠)شەڕ و نیوەشەڕ هەریەکە.**

**١١) بەرخی نێر بۆ سەربڕینە.**

### ٣/٢-١١-٤) کەسێتیی نەرگسی - خۆپەرست (الشخصية النرجسية) :

ئەوپەڕی خۆپەرستی[٢] و گرنگیدان بەخودی خۆی تێدا بەدی دەکرێت. لەخۆی زیاتر هیچی تر بەگرنگ نازانێت. قوربانی بەهەمو کەسێك و شتێك دەدات لەپێناوی خۆیدا، عەرەب دەڵێن (وإن جالك الطوفان، حط إبنك تحت رجليك) (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :٦٦). هەمو زانیاری و تێبینییەك، کەتێروانینی خۆی سەبارەت بە خودی خۆی بشێوێنێ، ڕەتدەکاتەوە. هەستێکی ناسروشتی لەخۆبەزلزانین و خۆخۆشویستندا هەیە. خۆی وەکو کەسێکی ناوازە نیشاندەدات کە کەم کەس لێی تێدەگەن و چاوەڕێی ڕێزێکی تایبەت لەخەڵکی دەکات. قۆرخکارو خۆپەرست و هەلپەرستە، باشی و جیاوازیی خەڵکانی تر دەقۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆی (www.ma3hd.net). ڕەفتاری مرۆیی و سۆزدارانە لەگەڵ کەسانی تردا، بەبێ سود، ڕەتدەکاتەوە؛ بیر لەوە ناکاتەوە کە ژیان تەنیا ( بێنە ) نییە، بەڵکو بەخشین و وەرگرتنە، ئەو تەنیا وەرگرتن و خۆپێگەیاندن لە ژیاندا دەبینێت ( محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :٦٧). لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا کەسانی کۆمەڵایەتی و زانستی و واقیعی و سەرکردەو دەستقوچاو و ترسنۆك و درۆزنن (عبدالواحد مشير محمود دزەیی:٢٠١٠ :٣٨).

**١٢) لەمن نەدەن لەبرام بدەن، وادەزانم لەجواری کای دەدەن.**

### ٣/٢-١١-٥ ) کەسێتیی دژەکۆمەڵ[٣] (الشخصية السيكوباتية) psychopathic personality:

ئەهریمەنە لەشێوەی مرۆڤدا، بەرجەستەکەری هەمو بەهایەکی خراپ و نزمە. خیانەتکارە، بەدڕەوشتە، زۆردارە. هەست و سۆزی نییە و بەهۆی لاوازیی ( منی باڵا )وە، بێ ویژدانە. قوربانی بۆ هیچ کەسێك نادات و لەهیچ کەس و شتێك نابورێت. لەکاردا دڵسۆز نییەو گرنگی بە بەرژەوەندیی گشتی نادات. سەرکێشە، بەڵێنەکانی نابات سەر، سود لە هەڵەکانی وەرناگرێت. شەڕانگێزە و چێژ لەئازاردانی کەسانی تر وەردەگرێت. (طارق ابراهيم الدسوقي عطية:٢٠٠٧ :٤٠-٤٢، www.ma3hd.net ). بەرامبەر بە پێوەرە

---

[١] ) زانیاریی زیاتر لە (١ / ١٠، ل:٣٠) ی ئەم نامەیەدا هەیە.
[٢] ) لە (١ /٢ – ١، ل:٥) دا باسی خۆپەرستی کراوە.
[٣]) لە (٣/٢-١٠)دا باس لە کەسێتیی دژەکۆمەڵ کراوە.

کۆمەڵایەتییەکان و کەسانی دی، هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات. هەڵچونەکانی جێگیر نین و لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا ناگونجێت و بەردەوام بیری لای تۆڵەیە. ئەم دەربڕینانە لەو کەسێتییە دەبیسترێن:

**۱۳)ئەوەی دەرزییەکی پیاکردی تۆ سوژنێکی پیاکە.**

**۱٤)کەمن نەمام، با لەدوای من دنیا وێران بێ.**

**۱٥)من ئەوکارە دەکەم، پیاوم دەوێ قسەبکات.**

**۱٦)سیربخۆ و زوڕنا لێدە.**

### ۳/۲-۱۱-٦) کەسێتیی هەڵەشە (الشخصیةالمندفعة):

کەسانی بەپەلەن، گرنگی بە ئەنجام نادەن (خیرالبر عاجله)، سود لەئەزمونەکانیان وەرناگرن و هەمان هەڵە دوبارە دەکەنەوە. هەست بە پەشیمانی دەکەن بەڵام بەشێوەیەکی کاتی (تەنیا دەنگێکە لە هەوادا). سزا و پاداشت سودی بۆیان نییە و رێنماییکردن بە بەربەستی رەفتارەکانیان دەزانن (محمد حسن غانم:۲۰۰٥ :٦۳).

شەڕانگێز و توڕەن، زو هەڵدەچن، کاری بێ بیرکردنەوە ئەنجام دەدەن و زو پەشیمان دەبنەوە، گرفت و کێشەی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ کەسانی تردا. لەتوڕەییدا خۆیان پێ ناگیرێ. حەز دەکات ئازاری خۆی بدات بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی (طارق ابراهیم الدسوقي عطیة:۲۰۰۷ :٤۹-٥۰). پێیانوایە کە:

**۱۷)دنیا جەرەوی مایینێیە؛ کوی بگری ئەوها دێتە دوی.**

**۱۸) هێندە توندی مەگرە، فشەیە.**

### ۳/۲-۱۱-۷) کەسێتیی دەمارگیر (الشخصیة العصابیة) :

کەسێکی تەمبەڵ و شڵەژاو و ناجێگیرە، وتەکانی یەکناگرنەوە و هەڵەی زمانیی زۆرە. رەفتارەکانی دژیەکییان تێدایە. متمانەی بەخۆی کەمەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خراپن و بەپێی توانا پابەندی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. خۆپەرست و دڵتەنگە، لەشەڕێکی ناوەکیی نێوان ویست و ماکە دژیەکەکاندایە (الغرائز)، دەیەوێ لە رەفتاریدا وەکو کەسێکی نمونەیی دەرکەوێت، لەبەرامبەریشدا حەزو ویستەکانی فشاری دەخەنە سەر بۆ دابینکردن و تێرکردنیان. گونجان یان رێککەوتنی دەرونی لەگەڵ خودی خۆی و کەسانی تردا خراپە. (محمد حسن غانم:۲۰۰٥ :۷۲-۷٤) هەستیارییەکی زیاد لە پێویستی هەیە بۆ رووداوێکی ئاسایی کە زیان بە خۆی دەگەیەنێت (هاني السلیمان:۲۰۰۳ :۱۸). نمونەی ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنێت:

**۱۹)هەتا ماوم قسەت لەگەڵ ناکەم.**

**۲۰)بشمرم ناچمە ماڵی.**

**۲۱)هەر دەیکوژم، پارچە پارچەی دەکەم.**

**۲۲)پیاو، سەر دەدۆڕێنێ قسە نادۆڕێنێ ...**

٣/٢-١١-٨) کەسێتیی نەسەلمێن (سەرسەخت)(الشخصیه العنیدة):

حەز بە تەنیایی دەکەن. باوەڕیان بە یەك بیروڕا هەیە و بەرگری لەیەك بیروڕای بنەڕەتی دەکەن. دەمارگیر و توندوتیژ و توڕەن. لە هەڵوێستە جیاوازەکانداپێویستییان بە رونکردنەوەی وردەکارییەکان و ڕێنمایی هەیە (هانی السلیمان:٢٠٠٣ :٨٩) بەدەربڕینێکی تر چەقبەستو و دژە گۆڕانن.

**٢٣)بشفرێ هەر بزنە.**

**٢٤)کە وتم ماست رەشە، یەعنی رەشە!**

٢٥)**تازە قسەم کردووە، تەواو.**

لەبەرامبەریشدا پێیان دەوترێ:

٢٦)**بەکەللـە ڕەقی کار ناچێتە سەر.**

٣/٢-١١-٩ ) کەسێتیی شەرمن (الشخصیة الشدیدة الخجل) :

متمانـەی بـەخۆی لاوازە، نـاتوانێ بڕیـارو کارەکـان یـەکلایی بکاتـەوە. لـەدەربڕینی هەسـت و بیروبۆچونەکانیدا کارا نییە و گیانی روبەڕوبونەوەی تێدا نییە (www.ma3hd.net).

٢٧)**ژنی شەرمن شارێك دەهێنێ، پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ.**

٢٨)**قسەکانی هیچی راست نەبون، بەڵام لەڕوم نەهات پێیبڵێم.**

٢/-٣-١١-١٠ ) کەسێتیی پشتبەخەڵکبەستو (الشخصیة الإعتمادیة - Dependent):

گەر خەڵکی لە دەورو پشتدا نەبێت، ناتوانێ بڕیار بدات و هەست بە هەرەسهێنانی تەواو دەکات. ڕێگە بەکەسانی تر دەدات کە زۆربەی بڕیارە چارەنوسسازەکانی تایبەت بەخۆی لەدەستی ئەواندا بێت. لەگەڵ بیروبۆچونی کەسانی تردا هاوڕا دەبێت گەر بشزانێت هەڵەن. پێشنیازکردنی کارێك لەلای ئەوەوە کارێکی زۆرقورسە. بەبچوکترین رەخنە هەستی بریندار دەبێت. زۆر هەوڵ دەدات هەستی دەوروبەری خۆی رابگرێت و برینداریان نەکات. هەرگیز ناتوانێت لە وازهێنان لە کەسێك دەستپێشخەر بێت، حەزدەکات بەردەوام پاشکۆی کەسانی تربێت (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ : ٣٢ - ٣٥، طارق ابراهیم الدسوقي عطیة:٢٠٠٧ :٤٦). دەربڕینەکانی بریتین لە:

**٢٩)منیش رام وایە.**

**٣٠)ئێوە چیتان پێباشە و چۆنتان پێباشە وابکەن.**

**٣١)چ بڕیارێکتاندا منیش لەگەڵتاندام.**

**٣٢)لەماڵی جو نان بخۆ، لەماڵی دیانیش بنو.**

٣/٢-١١-١١ ) کەسێتیی سەرکوتکەر (الشخصية التسلطية - Authoritarian) :

نمونەی توندڕەوییە، راشکاو و هەستبریندارکەرە، ملکەچی دەسەڵاتە. لەبەرامبەر لەخۆی نزمتر، هەست بەگەورەیی دەکات. لەناخدا هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات، بۆیە خۆی بە رەسەنایەتی و رەچەڵەك (سلالة) دەبەستێتەوە (طارق ابراهيم الدسوقي عطية: ٢٠٠٧ :٤٦).

٣٣)**رەحم بە بەچکەمار ناکرێ.** (سۆز و بەزەیی بۆمرۆڤ و شتی زیانبەخش نییە گەر بچوکیش بێت).

٣٤)**داری بێبەر بۆ بڕین باشە.**

٣٥)**دارێك لەسەر سەگ، سەد لەسەر ئافرەت.** (توندڕەوی، بریندارکەر، خۆبەگەورەزان) رەنگیداوەتەوە.

٣/٢-١١-١٢ ) کەسێتیی رابەر (الشخصية القيادية):

ئاستی زیرەکیی لە کۆمەڵەکەی بەرزترە و توانای بریاری یەکلاکەرەوەی هەیە. بۆ بەرژەوەندیی گشتی، نەك تایبەت، کاردەکات. توانای پێشبینیکردنی هەیە؛ لە زانیارییەکانی رابردو و ئێستادا پێشبینیکردنی داهاتو دەکات. گرنگی و بەها بۆ رای بەرامبەر دادەنێت و سنگی فراوانە بۆ رای جیاواز، بەبێ ئەمە دەبێت بە دیکتاتۆرێکی بێ نرخ لە بیر و کرداردا.

٣٦)**شوانی ناپاك لەگورگ خراپترە.**

کەسێتیی رابەر، لە گرفتەکاندا، کار بە هزر و بیر دەکات نەك سۆز و هەڵچون و جیاوازی و دەمارگیریی کوێرانە، متمانەی بە خۆی هەیە. لە بەکارهێنانی زماندا بۆ دواندنی کەسانی تر بەتوانایە (محمد حسن غانم:٢٠٠٥ :٨٠-٨٣). ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

٣٧)**پێویستە بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو بگرین.**

٣٨)**لەم قۆناغەدا پێویستمان بە قوربانیدان هەیە.**

٣٩)**لەهەڕەشە و چاوسورکرنەوەی ناحەزانمان ناترسین.**

٣/٢-١١-١٣ ) کەسێتیی پەرکەمی (هستيري) Histrionic :

کەسێکی سۆزدارە، بەڵام زو دەگۆڕێت؛ میزاجی لە خۆشییەوە بۆ خەمۆکی، بە خێرایی، بەبێ هۆکارێکی دیار، دەگۆڕێت. زۆر هەستیارە؛ بە ئاماژەیەکی ئاسایی (إيحاء) کاریگەردەبێت و دەوروژێت. کاردانەوەی زیاد لەپێویستی بۆ هەڵوێستەکان هەیە و لەکاتی کاردا زۆر بە قسەو دەربڕینەوە خەریکە. حەزی لە ناوبانگ و پیاهەڵدانە و هەوڵیان بۆ دەدات(طارق ابراهيم الدسوقي عطية: ٢٠٠٧ :٤٩). هەرکاتێك خۆی تەوەر و جێگای سەرنجی دەور و بەر نەبێت، هەست بە نائارامی دەکات، بۆیە گرنگی بە روخسار دەدات بۆ سەرنجراکێشانی دەورو بەر بەبێ ئەوەی خۆی هیچ شتێك پێشکەش بکات. هەوڵی بەدەست هێنانی سەرنج و خۆشەویستیی دەروبەر دەدات. هەروەها هەستەکانی زۆر روکەشن (www.ma3hd.net).

٤٠)**بمنوێنن بە جلی گایە؛ پێمبڵێن ژنی ئاغایە.**

حەزێکی لەڕادەبەدەر بۆ ناوبانگ و وروژانێکی نائاسایی، تەنیا بە وشەیەك.

### ٣/٢-١١-١٤ ) کەسێتیی رەشبین - خەمۆك (الشخصية الإكتئابية) :

هیچ چالاکی و کارێك ناکات، بەرەشبینییەوە سەیری هەمو لایەنێکی ژیان دەکات. هەرچی خۆشی و هیواو گەشبینی بێت لای ئەو هەر خەم و ناخۆشی و نائارامییە. هەست بەدابراوی دەکات لە کۆمەڵ و ناتوانێت کارلێکی ئاسایی بکات؛ ئەمەش وادەکات بەشداریی هیچ چالاکییەك نەکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەوپەڕی لاوازیدا بن. ئەو جۆرە کەسێتییە، پەیوەندیی راستەوخۆی بە باری دەرونی و جۆری پەروەردەکردنەوە هەیە. ئاشکراشە کە هەستنەکردن بەخۆشی و جوانییەکانی ژیان؛ هەمو خۆشییەك دەکات بەگریان و ناخۆشی. لەلایەکی ترەوە لاوازیی ئیرادەو نەبونی توانا بۆ بەرگەگرتنی داڕمانەکان، خسڵەتێکی دیاری کەسێتیی رەشبینن (طارق ابراهيم الدسوقي عطية : ٢٠٠٧ :٥٦ - ٥٧). دەربڕینەکانی بریتین لە:

**٤١)ئازاری دڕکێك، یادی هەزار گوڵ لەبیردەباتەوە.**

**٤٢)دەریایەك کامەرانی، دڵۆپێك خەفەت ونناکات.**

**٤٣)ژنبهێنی یا نەیهێنی؛ هەر پەشیمانی.**

**٤٤)ئەو خەڵکە بەمن چانابێ.**

**٤٥)ئەمن دەزانم بەخت و ناوچەوانەکەم نایکا، ئیتر بۆ خۆم ماندو بکەم.**

**٤٦)دنیا لە خەموخەفەت زیاتر بۆمن هیچی تری تیا نییە.**

### ٣/٢-١١-١٥ ) کەسێتی گەشبین:

هەمو کاتێك بە هیوایە، ئەو هەستە وای لێدەکات کە کراوە ولەسەرخۆ و خۆڕاگر بێت بەرامبەر بە کۆژانەکان. هەڵسەنگاندنی بۆ بارودۆخەکان باشە و کارلێکی لەگەڵ کەسانی تردا هەیە و بە متمانەوە کاردەکات (طارق ابراهيم الدسوقي عطية:٢٠٠٧ :٥٧). دەربڕینەکانی بریتین لە:

**٤٧)دنیا بەئومێدەوە خوراوە.**

**٤٨)سەری دنیا بەپوش نەگیراوە.**

**٤٩)تەنگانە فەراحنایی لەدووە.**

**٥٠)دەستکردنەوە سەرکەوتنە.**

### ٣/٢-١١-١٦) کەسێتیی بەگومان (الشخصية الشكاكة):

بەردەوام گومانی لە دەوروبەرهەیە بەبێ بونی بەڵگەی ڕاست و پێویست. هەڵەی کەسانی تری بیرناچێت و کەسێکی لێبوردە نییە لەبەر ئەوە پەیوەندییەکانی لاوازن. (www.ma3hd.net)

**٥١)دو کەس پێت برێن سەرت پێوەنییە؛ دەست لۆ سەری خۆت ببە.**

**٥٢)بوك لەسەر زین، یارسق و یانسیب.**

**٥٣) کێ دەرێ ئەویش ڕاستدەکا ؟**

لەکۆتاییی ئەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین پوختەی ئەم بەشە بە هێڵکارییەک بخەینە ڕو:

دەوروبەر یان دنیای دەرەوە

↓

بیر ← کلتور

↓

دەربڕینی زمانی ← پەند

↓

هەژمون لەسەر کەسێتی

↓

ڕەفتار

## ١/٣) پــەنــد:

پەنـد، بەرهـەمی بیـری کۆمەڵـە و (باشـترین بەڵگەیـە بـۆ تێگەیشـتن و دیـاریکردنی کلتـوری نەتـەوە) (پەخشـان سـابیر حەمـەد: ٢٠١٠ : ١٨٤). پەندەکوردییـەکانیش بەرهـەمی ئـەزمون و هـزر و تێـڕوانین و جیهانبینیی کوردن. بەشێکی دانـەبڕاون لـە واقیع و کلتوری کورد، سامانێکی نەتـەوەیی و لایـەنێکی گرنگـی رۆشنبیریی کوردن. قسەکردن لەسەر پەند یاخود ( پێناسەو لێکدانەوە )ی پەندەکان، کارێکی تازە نییە و زۆر باسی لێوە کراوە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، هەژمونی زمانی هۆنینـەوەی پەندەکانـە لەسـەر کەسێتیی کورد. کلتورو پەندی کوردی، بەگشتی، داهێنراوی کوردن و بەرهـەمی بیری کوردن، لەبەر ئەوە پێویستە رەخنـەیان لێبگرین. ئامانجی رەخنـەگرتنیش پێشکەوتنی کۆمەڵە. گونجاو نییـە کـە تـەنیا لایەنی ئـەرێنیی پەندەکان بخرێنـە ڕو، پێویستە لایـەنی نـەرێنیی پەندەکانیش ئاشکرا بکرێن. بێگومـان هـەر یەکێك لەپەندەکان لەسەردەمی خۆیاندا ئەزمون و هۆکاری تایبەتی خۆیان لەپشتەوە بووە لـەخۆڕا نـەوتراون، کەئەمە کاری ئێمە نییە، بەڵام دوبارە بەکارهێنانەوەو کاراکردنەوەی پەندەکان لەسەردەمێکی تردا کاریگەری لەسەر کەسێتی کۆمەڵ دروستدەکات، ئەمە کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## ٢/٣) هـەژمـونــی زمــان:

هەرچەنـدە زمـان، لـە روخسـاردا، لـە یەکـەی هێمـایی (وشـە) پێکدێت کـە لـە فەرهەنگدایـە، بـەڵام لـە ڕاستیدا زمان (هێماکان) ئامرازی زۆر کاران لـە دیاریکردنی تێڕوانین و هەستی مرۆڤ و درکپێکردن بـە واقیعی دورو نزیك و جیهانە هزری و فەلسەفی و رۆحییەکان و جیهانی مـادی و سروشـتی و دەستکرد، کـە تیایـدا دەژی و کاریگـەریی لەسـەر بـونی کۆمەڵایـەتی و کلتـوری و رۆشـنبیری و دەرونــی هەیـە (قـیس النوري:١٩٨١ :١٤٣)، چونکە زمان یان قسەکردن، خەسڵەتێکی رەمەکی (غریزي) یان ئەندامی نییە، وەکو خـواردن و خواردنـەوە و رۆیشتن و خـەوتن، بـەڵکو خەسـڵەتێکی شارسـتانی یـان کلتـوری و کۆمەڵایـەتی و دەرونییە. (قیس النوري:١٩٨١ :١٣٦).

کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کەپەندەکان (وەك دەربڕین یـان کەرەسـتەیەکی زمـانی) کراون بە هۆکار یان (ئامرازێك)، بۆ پـەروەردەکردنی نـەوەکانی تر بـەکارهێنراون و بـەکاردەهێنرێن. واتـا دوای ئـەوەی بیـرەکـە لـە مێشـکی داهێنەرەکـەدا (پەنـد بێژەکـە) گەڵاڵـەبووە (بەهـەر هۆکارێـك) و بیرەکـەی کردووە بەزمان و لەبۆتەی (دەربڕینێك) دا دەربڕیوە واتـا بـە کـردەی (گۆڕینی بیر بۆ زمـان) دا تێپـەڕیوە ئینجـا بـەهۆی گونجـاوی و کۆکبـونی کۆمـەڵ لەگـەڵ پەنـدە داهێنراوەکـەدا، بڵاوبۆتـەوە و پـەیرەوکراوە و بەردەوامیی هەیە. مەبەست لـەو چەند رستەیەی سەرەوە ئەوەیە کە بیرەکە کراوە بـەزمان دواتر زمانەکە دەبێتە هۆی وروژاندن و دروستکردنی بیر لای گوێگرو بیستەرەکانی. ئێمە پەندەکان بـەدەربڕینێکی زمـانی دادەنێین کـە هـەڵگری بیـرو جیهـانبینی کـوردن، کلتـوریش هۆکـارێکی گرنگـی مانـەوە و پارێزگـاریکردن و بــەکارهێنانیان بــووە. پێویسـتە بـوترێ کەبەشـێك لــە پەنـدەکان فـرە رەهەنـدن، بـۆ زیـاتر لـە دیاردەیـەك بــەکاردەهێنرێن، یـاخود سروشـتی دروسـتبونیان وایـە چەنـد مەبەسـتێك دەگەیـەنن، بۆیـە دەشـێ لەچەنـد

دیاردەیەکدا دوبارە ببنەوە. بۆنمونە لەپەندێکدا دیاردەی چینایەتی و جیاوازیی ژن و پیاو و رەنگدانەوەی کۆمەڵی کشتوکاڵی و دەرەبەگایەتی بەرجەستە دەبێت.

لەبەشی پێشودا باسمان لە پەیوەندی و هەژمونی زمان لەسەر بیرو کلتور و کەسێتی کرد. گومانیش لەوەدا نییە کە زمانی هۆنینەوەی پەندەکان کاریگەرییان لەسەر کەسێتیی کورد هەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسە بدەینەوە کە ئایا هەژمونی زمانی پەندەکان کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر کەسێتیی کۆمەڵی کوردی دروست دەکەن؟ یاخود زمانی ئەم پەندانە چ جۆرە کەسێتییەك لەکۆمەڵدا بەرهەم دەهێنن؟

## ١-٢/٣) پەروەردە :

مەبەستی سەرەکیی پەندەکان پەروەردەکردنە، بەڵام بەرێژەی جیاواز. پەروەردەکردنیش، وەك لە بەشی یەکەمدا پێناسەکراوە، بریتییە لە گواستنەوەی کلتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. پەندەکان بەرێژەیەکی زۆر بنەماکانی پەروەردەیان تێدایە؛ هەندێکیان ڕێنمایی دەکەن، هەندێکی تریان ڕاستەوخۆ چۆنیەتیی پەروەردەکردنی منداڵ دەستنیشان دەکەن، هەندێکی تریشیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە چۆنیەتیی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکەن.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا باس بکرێت، شێوازی پەروەردەیی پەندەکانە، کەتا چ رادەیەك پشت بە بەها مرۆییەکان دەبەستن، یاخود هەوڵ دەدەن کردەی پەروەردەکردن بەشێوازێکی توندوتیژبێت.

منداڵ پێگەی سەرەکی لە کردەی پەروەردەدا هەیە و کوردیش وتویەتی:

١) **نانی مەدە منداری، تەربیەتی بدێیە.**

ئەم تێڕوانینە راشکاوانە گرنگیی پەروەردەی منداڵ دەخاتە ڕو، بەشێوەیەك کە لایەنی رەوشتی و دەرونی زۆر لە مادەو خۆراك و پۆشاك و کەلوپەلە رواڵەتییەکان گرنگترو باشترە، چونکە کۆمەڵ بە لەدەستدانی بنەما مادییەکانی هەرەس ناهێنێت، بەڵکو بە لەدەستدانی بەها رەوشتی و مرۆییەکانی گەندەڵ دەبێت و هەرەس دەهێنێت. هەرچەندە وتراوە (**برسێتی رەگێکی لە هارییە**)، بەڵام لەو پەندەدا هەر پەروەردە لەنان لەپێشترە. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا کام پەروەردەی پێبدەین؟ یاخود چۆنی پێبدەین؟

سەرەتا پێویستە ئاشنای بەهای منداڵ لە پەندی کوردیدا ببین، دواتر وەڵامی پرسیارەکان لە پەندەکانەوە وەردەگرینەوە.

٢) **منداڵ، وەکو شەکری قەندە، وردی نەکەی بە گەروتدا ناچێ.**

شەکری قەند (شەکری کڵۆ): +شرینی، +خۆشی، +پێویستی، +سپێتی (خاوێن و بێتاوان)... دەگرێتەوە کە هیچ لایەنێکی نەرێنی تێدا بەدیناکرێ، بەڵام لەبەشی دووەمی پەندەکەدا باس لە (وردکردن) دەکات، بەواتای شکاندن و بچوککردنەوە و هاڕین، کەهەمویان پێویستیان بە هێزو توندی هەیە بۆ ئەنجامدانیان. بەدەربڕینێکی تر، پێویستە منداڵ لەگەڵ ژینگەکەیدا بگونجێنرێ. واتا چۆن شەکرەکە ورد دەکرێت تا بەگەرودا بچێت، چونکە ڕێرەوی گەرو ژینگەیەکی تەنگ و جێگیرە و دەستکاری ناکرێ، بەهەمان تێڕوانین ژینگەی کۆمەڵایەتیش، بەکلتورو یاساکانییەوە، لەجیهانبینیی ئەم پەندەدا، جێگیرو نەگۆڕە و ناشێ

دەستكاری بكرێت. لەبەر ئەوە پێویستە منداڵەكە لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنرێ نەك ژینگەكە وایلێبكرێت بەویست و ئارەزووی منداڵ یان مرۆڤ بێت.

٣) **منداڵ وەك هەویرە، چۆنی بشێلی وادەبێ.**

هەویر: +نەرمی، +خاو، +شیاو بۆ دەستكاریكردن.

شێلان: +هێز، +گۆڕینی شێوە، +گونجاندن.

ئەم پەندە، لەگەڵ تیۆرییەكەی (جۆن لۆك – John Locke ) لە دەروونزانیدا زۆركۆكە، كە پێی وایە (مێشكی منداڵ، لاپەڕەیەكی سپییە) (سامی محمد ملحم :٢٠٠٤ :١٨٩)، چیت بوێ دەتوانی لێی تۆمار بكەیت. ئەم پەندەش هاوشێوەی تیۆرییەكە، پشتگوێخستنی هەمو ئامادەیی (الاستعداد) و توانا بایۆلۆژی و بۆماوەییەكانە كە تەنیا پشت بە ژینگەو پەروەردە دەبەستێت. رەفتارییەكانیش هەمان تێڕوانینیان هەیە (واتسن، هەمو پرۆسێسەكانی ناوەوەی مرۆڤ فەرامۆش دەكات و كەسێتیی بەدەرەوەی مرۆڤ پەیوەیست دەكات) (كەریم شەریف قەرەچەتانی:٢٠٠٧ :٣٠٠). راستە ژینگە رۆڵی سەرەكی لەكەسێتیی مرۆڤدا دەگێڕێ، بەڵام لە بەشی پێشوودا باسكرا، ناكرێ رۆڵی بۆماوە فەرامۆش بكرێت. واتا ناكرێت بەم شێوەیە لە منداڵ بڕوانین، چونكە (هەركەسەو ناسنامەو كەسێتیی تایبەت بەخۆی هەیە كە جیاوازیی لەگەڵ خەڵكانی تردا زۆرەو هەندێجار لەهیچ كەس ناچێت) (كەریم شەریف قەرەچەتانی:٢٠٠٧ :٣٠)، لەبەر ئەوە ناشێ ئەوەی كە گەورەكان مەبەستیانە بەڕەهایی و بە رێژەی (١٠٠ %) لەمنداڵەكاندا بێتە دی. لە پەندێكی تر وتراوە :

٤) **مندار گوجیلەیە، كوی بەخێوكەی وادەبی.**

خواستنی هەندێ خەسڵەت و سیمای ئاژەڵان بۆ مرۆڤ، بەشێك بووە لە كلتوری كورد، نیشانەی كۆمەڵێكی ئاژەڵداری – كشتوكاڵییە، بەڵام سیما خوازراوەكان چین؟ ئەمە بابەتێكی ترە. بۆ نمونە (ئازایەتی، هێز، دڕندەیی، فێڵبازی، سپڵەیی، وەفا، سود، بێعەقڵی، توڕەیی،...) وەكو تێبینی دەكرێ، سیما نەرێنییەكان زیاترن.

هەرچەندە كورد كۆمەڵێكی ئاژەڵدار بووە، بەڵام ئاژەڵدۆست نەبووە، چونكە هێندەی سودی لە ئاژەڵان وەرگرتووە، بەو رادەیە خۆشی نەویستون، واتا هێندە گرنگ و بە بەها نەبون، تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ئابوورییەوە سەیری كردون. بەڵگەش بۆ ئەم رایە، چۆنیەتیی رەفتاركردنی مرۆڤی كوردە لەگەڵ ئاژەڵاندا كە هیچ بنەمایەكی ئاژەڵدۆستیی تێدا نییە. هەروەها وەرگرتنی سیما نەرێنییەكانی ئاژەڵان بۆ مرۆڤ، شكاندنی مرۆڤەكانە یاخود بێبەهاكردنی مرۆڤەكانە لە كاتی توڕەییدا، كە لە بەشێكی زۆری دەربڕینە تابۆكاندا سیمای ئاژەڵیان تێدایە. تەنانەت هەندێجار بۆ وەڵامدانەوەی دوژمنایەتی و كێشە كۆمەڵایەتییەكانیش، پەنا براوەتە بەر ئاژەڵ، بە كلكبڕین و گوێبڕینی ئاژەڵی دوژمن بۆ تۆڵەو شكاندن و سوككردنی خاوەنەكەی.

لەم پەندەشدا، لێكچواندنی منداڵ بە گوجیلە (بەچكەی سەگ) لەبەر گرنگی و بەبەهایی گوجیلەو بەوەفایی سەگ و ئاژەڵدۆستیی كورد نییە، بەڵكو كەمنرخی و نەزانینی بەهای منداڵ و پەروەردەیە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی كە هاوشێوەی پەروەردەكردنی گوجیلە منداڵیش پەروەردە دەكرێت. پەروەردەی سەگیش بەم شێوەیە :

٥) **سەگ، کلك و گوێی نەکەی باش پاس ناکا.**

کلکوگوێکردن (بڕین) ئەوپەڕی توندوتیژییە بەرامبەر بە ئاژەڵ. سەبارەت بە مرۆڤیش مەبەستی پەندەکە ئەوەیە کە پێویستە لە منداڵییەوە بترسێنرێ و لێبیدرێت و توندوتیژی و تەنانەت تۆقاندنیشی لەگەڵدا بەکاربهێنرێ، تا چۆنمان بوێت بەوشێوەیە بێت و ئەرکەکانی خۆی (کە ئێمە بۆی دیاری دەکەین) جێبەجێ بکات.

بەکارهێنانی توندوتیژی یان ترس و تۆقاندن لەکردەی پەروەردەدا، لەکلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر جیاوازە. لەکوردستاندا، تاچەند ساڵێك بەر لە ئێستا، لێدان بەدارو سۆندە وجۆرەکانی تری توندوتیژی و ترس و تۆقاندن لە قوتابخانەکاندا برەوی هەبوە و مامۆستای بەناوبانگ لە لێدان زۆربون. ئێستاش بەشێکی دایکوباوکان و مامۆستایان پێیانوایە هەرئەوکاتە مامۆستا و گەورەکان ڕێزیان هەبو کە لێدانیان بەکاردەهێنا، چونکە جیاوازییەك لە نێوان ترس و ڕێزدا نەبووە.

٦) **توڵ، بەتەڕی نەچەمێتەوە، ناچەمێتەوە.**

چەمانەوە: + هێز، + گونجاندن.

لێرەدا (توڵ- نەمام) مەبەستی لە منداڵە، کە لەسەرەتادایە و هێشتا تەواو پێنەگەیشتووە. هەروەها مەبەست لە چەماندنەوەش چۆنیەتیی پەروەردە و ویستی گەورەکانە لە ڕەفتار و کەسێتیی منداڵدا. بێگومان چەماندنەوە، پێویستی بە هێز هەیە. ئەم پەندە پێیوایە کە منداڵ هێشتا خاوەنی کەسێتیی خۆی نییەو ناتوانێ و نازانێ بریار بدات. لێرەدا پێویستە گەورەکان ڕۆڵی خۆیان لەدیاریکردنی جۆری کەسێتیی منداڵەکە، لەگەورەییدا، ببینین، چونکە کە گەورەبو کەسێتیی تایبەت بەخۆی دەبێت و مەرج نییە بە ڕێنماییی گەورەکان بەڕێدا بڕوات، وەك ئەو دارە گەورەیەی کە ناتوانرێ جگە لە شکاندن و بڕینەوە هیچی تری لەگەڵدا بکرێت. لێرەشدا ئەوە دەردەکەوێت پێشینان پێیانوابووە منداڵ چۆن فێربو هەروا دەمێنێتەوە لەگەورەییدا. دوبارە دێینەوە سەر بابەتی باوەڕنەبون بە گۆڕان چونکە (**خوی شیری هەتا پیری**)یە. بۆیە پێویستە گەورەکان بەزوویی بەرلەتێپەڕبونی کات ئامانجەکانی تیادا بنەخشێنن و ئەو کەسێتییە بەرهەم بهێنن کە خۆیان مەبەستیانە، چونکە بەگەورەیی لەدەست دەردەچێت و بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا ناکرێت.

گەر سەرنجێك لەم پەندانە بدەین:

٧) **دانا بە ئیشارە و نادان بە <u>کوتەك</u>.**

٨) **شەرعی مار، بە <u>دار</u>.**

٩) **دیزەو گۆزە نەبی، هەمو شت بە <u>لێدان</u> چادەبی.**

١٠)**<u>شەق</u> (کوتەك) دەزانێ قۆناغ لە کوێیە.**

١١)**<u>نەقیزە</u> دەزانێ کەر بەکوێدا دەڕوا.**

دەبینین هەمو دەربڕینەکان جگە لە (دانا بە ئیشارە و...) بۆ چارەسەر و شێوازی پەروەردەکردن جەخت لەسەر لێدان و هێزو توندوتیژی دەکەنەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمانە، ڕەنگدانەوەی کلتورێکی توندوتیژن کە جارێکی تریش توندوتیژی بەرهەم دەهێننەوە. لێکۆڵینەوە دەرونی و تاوانکارییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە زۆربەی کەسانی تاوانکارو توندڕەوەکان لەو کەسانەن کە لەتەمەنی منداڵیدا توندوتیژییان بەرامبەر کراوە و بە پەروەردەیەکی توندوتیژ پەروەردە کراون.

لە کلتور و پەروەردەی کوردیدا، پشت بە ترساندن بەستراوە، چونکە پێیان وابووە گەر نەترسن، پابەند (ملتزم) نابن. لەڕاستیشدا بەشێکی زۆری کێشە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان لەم روانگەیەوە بووە کە چەندین نەوە بە ترس پەروەردە کراون، دواتر کە خۆیان دەبن بە پەروەردەکار، درێژە بەهەمان پەروەردە و تێڕوانین دەدەنەوە. سروشتی مرۆڤیش وایە ئەوانەی کە بەترس پەروەردە دەکرێن، هەرکاتێك ئەو هێزو ترسەیان لەسەر نەمێنێت ئامادەیی لادان و پابەندنەبونیان تیادا سەرهەڵدەدات. نمونەی ترس لە پەندەکاندا:

۱۲) **ترس برای عەقڵە.**

واتا کە ئامۆژگاری و عەقڵ نەیتوانی ئامانجەکەی خۆی بهێنێتەدی، ترس ئەتوانێ و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.

۱۳) **ترس نیوەی لەشکرە.**

۱٤) **کە گڵۆلەت کەوتە لێژی، کەس چاکت پێنابێژی.**

ئەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت هەرکاتێك ترس و هێزت بەسەر دەوروبەرتدا نەما، هەڵگەڕانەوە و پشتتێکردن دێتە ئاراوە. بەدەربڕینێکی تر، دەوروبەر تەنیا بەهێز و ترس کۆنترۆڵ دەکرێت، هەموو کاتێك هەوڵ بدە کە هێز و ترس و هەژمونت بەسەر دەوروبەردا بەردەوام بێت. بۆیە هەندێك پێیانوایە کە (کورد بەسروشت دوای پیاوی بەهێز و زەبردەست دەکەوێت و رێزیان لێدەگرێت)(محەمەد فەریق حەسەن :۲۰۰۸ :۷۳).

ترس و توندوتیژی، جگە لە ترس و توندوتیژی هەندێ لایەنی نەرێنیی تریش بەرهەم دەهێنێ. کە دەوترێ :

۱۵) **داری نەرم، مێروله دەیخوا.**

هەست و تێڕوانینێك لای گوێگری ئەم پەندە دروستدەکات کە لەکۆمەڵێکدا دژی دەوروبەرەکەی لێوانلێوە لە دوژمن و ناحەز و کەسانی خراپ، هەمیشە چاوەڕوانیی نەرمی و بێهێزیی ئەو دەکەن، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێ نەرمی و بێهێزی و متمانەیان پێشان بدات، چونکە نەرمییەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن و لەناوی دەبەن. بەکورتی، مرۆڤ لەم جۆرە کۆمەڵەدا نابێ بێهێز و بێدەسەڵات ونەرم و سادە بێت، چونکە خەڵکانی زۆر بچوك و بێبەها پێیدەوێرن.

۱٦) **ئەگەر زاڵ نەبیت، بەستەزمان ئەبیت.**

لە نێوان زاڵ و بەستەزماندا هیچ نێوانگیرییەك نییە. هەروەها

۱۷) **هەروا هاتوە و بەو رەنگەش ئەڕوا، بێدەسەڵات بی ئەکەویتە دوا.**

تەنیا مافخۆر و مافخوراو بونیان هەیە. ئەمانە ئەوە دەردەخەن، ئەو کۆمەڵەی ئەو دەربڕینانە بەکاردەهێنێ و باوەڕی پێی هەیە، هەمو شتێك لە هێزدا دەبینێتەوە، بۆ هەمو پرسێك پەنا دەباتە بەر هێز. سەرکەوتن لەژیاندا پەیوەستە بە هێزەوە.

هەمو ئەو کۆمەڵانەی کە تێڕوانینیان بۆ ژیان لەڕوانگەی هێز و دەسەڵاتەوەیە، دەربڕینەکانیان زبر و ڕەقن (شێوازیان توندوتیژە)، بۆ چارەی گرفتەکانیش، بەر لە زمان پەنا بۆ هێز دەبەن. لە پەندەکانیشدا ئەم تێڕوانینە بەڕونی دەردەکەوێت و راشکاوانە باس لە گرنگیی هێز دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکان. بۆ نمونە:

**١٨)كە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.**

پێمان دەڵێ، هێز، لە ڕەچەڵەك و چۆنیەتی و كاری باش و بیروڕای باش... گرنگترە چونكە ئەمانە هیچیان خۆیان بەرامبەر هێز ڕاناگرن و سەركەوتن بە هێزە و بۆ هێزە، نەك شتێكی تر.

**١٩)ئاوی زۆر، ئاوی كەم دەبات.**

لێرەدا باس لە (زۆر) و (كەم)ە نەك باشی و خراپی، یان ڕاستی و ناراستی، یاخود ڕەوا و ناڕەوا، واتا باس لە چەندێتییە نەك چۆنیەتی. لە كاتێكدا زۆرینەی ڕاستییەكانی ژیان جەخت لەسەر چۆنیەتی دەكەنەوە. كورد وتویەتی (زۆر و بۆر) هەمو شتێ كە زۆر بو، بۆر دەبێ. لە زۆربەی ڕوداوەكانیشدا گەر لە سەرەتاوە لە بەرژەوەندیی زۆرینە بوبێت، ئەوا لە كۆتاییدا چۆنیەتی سەركەوتو بووە هەرچەندە هەندێجار پێویستی بە كاتێكی زۆر هەبووە.

**٢٠)حەڵاڵخۆری، بێدەسەڵاتییە.**

واتا هەر كاتێك بێدەسەڵات بویت، ڕازی بە بە واقیع و بە بەشی خۆت، چاوت لەماڵ و مافی خەڵكی تر نەبێت. كاتێك دەسەڵات و هێزت هەبو، دەست لە حەڵاڵ و حەرام، یا مافی خۆت و مافی خەڵكی مەپارێزە، هەرچییەكی دەستت پێیبگات هی خۆتە، چونكە دەسەڵاتت هەیە. بەدەربڕینێكی تر بڕیاردان لەسەر ماف و ئەرك و بەرژەوەندیی گشتی لە ڕوانگەی هێزەوەیە.

بڕوابون بەم پەندە تێڕوانینێكی نەرێنی لەسەر هەموئەو كەسانە دروست دەكات كەباس لە مافی خەڵكی و مافی گشتی و یاسا و حەڵاڵ و حەرام دەكەن، چونكە لەدیدی ئەم پەندەوە ئەو كەسانە بێدەسەڵاتن. واتا جۆرێك لە بێمتمانەیی دەهێنێتە ئاراوە. ئەم لێكدانەوەیە لەگەڵ دروشمی یەكێك لەسەركردەكانی (نازی) یەكدەگرێتەوە كە پێیوابو (**بیروڕا بەرزەكان، ئامانجی ترسنۆكەكانن**).

**٢١)سەد قەل و بەردێك.**

**٢٢)مست لە درێشە دەگەڕێتەوە.**

بە هۆی ئەوەی كە هێز بنەمای پۆلینكردن و جیهانبینیی كۆمەڵی كوردی بووە، لە پەندەكاندا بەڕونی دەردەكەوێت، لە چەند پەندێكی تردا دەبینین بیریان بۆ بەهێزتر و توندتر چووە.

**٢٣)ئەگەر فیل هەیە، كەركەدەنیش هەیە.**

**٢٤)هەمو زاڵمێك زەواڵی خۆی هەیە.**

**٢٥)مێشولە كۆمەڵ بێ، فیل ئەخا.**

٢٦)**شەڕ لە بەتاڵی باشترە.**

مەبەست لە شەڕ، هەوڵدان و كاركردنە ئەگەر سودیشی نەبێت، هەروەها شەڕیش دەگرێتەوە. مەبەست لە بەتاڵی، بێكارییە. كەسێك كە بێكار بو، بێگومان خەریكی بیركردنەوە دەبێت بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی، لەپێش هەمویانەوە بێكاری. جۆر و چۆنیەتیی بیركردنەوەكە ڕێژەییە، لەوانەیە بیری بە لایەنی ئەرێنیدا بچێت و لەوانەشە نەرێنی بێت.

بەر لە هەمو شتێك بیر لە باشكردنی باری تایبەتی خۆی دەكاتەوە. ئەو بارەش كە كەسەكە یان كۆمەڵەكە تێیدایە ڕەنگدانەوەی سیستەمی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و كارگێڕییە. لەو بارەدا مرۆڤ یان كۆمەڵ بیر لە ماف و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و ئابوری و داهێنان و گۆڕینی سیستەم و... دەكاتەوە. ئەمانە كۆمەڵێك بیر

و تێڕوانینن لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا نین، کە خۆی هۆکاری ئەو بەتاڵی و بێکارییە بێت؛ بۆیە پێویستە بارودۆخێك بهێنێتە ئاراوە کە مرۆڤەکان پێیەوە سەرقاڵ بن تا بواری بیرکردنەوە و رامانیان نەبێت، باشترین کاریش بۆ ئەو بارودۆخە (شەڕ)ە، (شەڕێك لە پێناوی مانەوەی سیستمەکەدا). شەڕیش لە کلتورێکی توندوتیژدا کە پەروەردەکەی لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵات بنیات نرابێت کارێکی ئاساییە. لەبەر ئەوە شەڕ لە بەتاڵی باشترە.
کاتێك لە منداڵییەوە ئەم پەندە بەبیرە نەوەکان ئاشنا دەکرێت، چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کە کەسێتییەکی شەڕانگێزیان هەبێت نەك ئاشتیخواز.

لەچەند پەندێکدا تێبینی دەکرێ کە ویستی شەرعیەتدان بە توندوتیژی و هێز هەیە، ئەمەش بە کاریگەریی ئاینیەوە دەسازێت، یاخود بەڵگەی ئاینی بۆ دەهێنرێتەوە. پەندەکان دەربڕینی ئاینیان تێدایە و ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاین هاندەرە یان پشتیوانی لە هێز دەکات.

٢٧) **کوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە.** (بەهەشت)

٢٨) **تا ئایەتی شەڕ نەهاتە خوارێ، پێغەمبەریش خۆی دەکوتایە غارێ.** (ئایەت)

٢٩) **مەزەب چارن، تۆبزی هی پێنجەمە.** (مذهب)

لە بەشێکی تری ئەو پەندانەی پەیوەندییان بە ترسەوە هەیە، جۆرێکی تر لە رێنماییان تێدایە ئەویش دورکەوتنەوە و خۆپاراستنە لە توندوتیژی، بەمانای ئەوە نا کە پەیرەو نەکرێت؛ بەڵکو بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆمەڵەکەدا توندوتیژییەکی زۆر هەیە و پێویستە تاك خۆی لێبپارێزێت تا روبەڕوی ئەو نەبێتەوە، واتا جۆرێك لە نێوانگیریی تێدا بەدیدەکرێت کە بێهەڵوێستی فێری مرۆڤ دەکەن.

٣٠) **دەست بگرە بە کڵاوی خۆتەوە، با نەیبات.**

واتا پشتیوانی لە زۆردار و زۆرلێکراو، حەق و ناحەق، راستی و ناڕاستی مەکە و بەرژەوەندیی خۆت مەخەرە مەترسییەوە. لێرەشدا راستەوخۆ ترس بەدیدەکرێت.

٣١) **راستی بڵێی، کڵاوت دەپەڕێ.**

(کڵاوپەڕین) بونی توندوتیژی دەسەلمێنێت و هەڕەشە و ترساندنە لە وتنی راستی. لێرەدا مەرج نییە پێچەوانەی راستی بوترێت، بەڵکو دەشێ بێدەنگی هەڵبژێرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە نابێ راستی بوترێ.
بە تێڕوانین لەم پەندانە و ئەوانەی پێشتریش، دەردەکەوێت کە کەسانی بێهەڵوێست بەرهەم دەهێنن کە تەنیا سەیرکەر دەبن لە روداوەکانی ژیاندا. هەر لەم تێڕوانینەوە، پەندێکی ترمان هەیە:

٣٢) **زمان بەڵای سەرە. یاخود، ئەگەر زمان بوەستێ، سەر رەحەتە.**

ئەمەش جۆرێکی تری ترساندنە کە بەشێکی ئەو گرفتانەی روبەڕوی مرۆڤ دەبنەوە، لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانن. هەمو ئەو کەسانەی کە بەرامبەر دیاردە دزێوەکان هەڵوێست وەردەگرن و قسە دەکەن، توشی گرفت دەبنەوە بەتایبەت لەگەڵ دەسەڵاتداراندا (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی). دەشێ ئەم پەندە هەندێ جار لەسەر ئاستی تاك راست بێت، واتا قسەکردن و وروژاندنی بابەتێك ببێت بە کێشە بۆ تاکەکەس، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵ (نەك هەر راست نیە) بەڵکو گرفتێکی تر دەهێنێتە ئاراوە؛ ئەویش درێژەدانە بەو دیاردە و سیستەمەی کە نەیتوانیوە قسەی لەسەر بکات. بەدەربڕینێکی تر، بێدەنگبون لەئاست ستەم و گەندەڵی و دیاردە دزێوەکان، درێژەدان و هاندانە بۆ بەردەوامبونیان.

لـە ئێسـتادا، بەشـێوەیەکی گشـتی، هانـدان بـە پێچەوانـەی ئاڕاسـتەی ئـەم پەنـدە لـە ئـارادا هەیـە، واتـا هـەژمونی ئـەم پەنـدە بـەرەو کەمونـەوە دەچێت. لـەزۆر ئاستدا بـاس لـە گفتوگۆ بـۆ ڕێگـەچارەی گرفتـەکان دەکرێ، واتا بەکارهێنانی زمان لەبری هێز و توندوتیژی، ئەمـەش جۆرێکە لـە باوەڕهێنـان بـەوەی کـەزمان گرفت بۆ خاوەنەکەی دروست ناکات بـەڵکو بۆی چارەبکات، بـەڵام ئەمـە ڕاستییەکی نـەگۆڕە کـە بێدەنگبون مافخورانی لەدوایە.

لە پەندێکی تردا، دژیەکی لەگەڵ ئەو پەندەی پێشودا دەبینرێ:

٣٣) **شەڕ مەکە و بێدەعواش دامەنیشە.**

ئەمە تێڕوانینێکی مرۆییانەیە بۆ چارەکردنی گرفتـەکان و شێوازێکی ئاشتیانەیـە بۆ داواکردنـی مافـەکان. لێـرەدا زمـان، ئـەرکی خـۆی جێبـەجێ دەکـات و دورکەوتنەوەیـە لـە توندوتیژی و بـەکارهێنانی هێـز. هـەر سـەبارەت بـە چۆنیـەتیی ڕوبـەڕو بونـەوەی گرفتـەکانی ڕۆژانـە و کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە هـەڵبژاردن و بەکارهێنانی زمان یاخود هێز وەك چارەسەر، دەبینین لە پەندێکی تردا زۆر بەڕاشکاوی هێز هەڵدەبژێرین و زمان پەراوێز دەخرێت.

٣٤) **قسەی زۆر، هی پیاوی بێدەسەڵاتە.**

واتـا پێویسـت بـە گفتوگۆکردن ناکـات، گـەر دەسـەڵاتت هەیـە مـافی خۆت بستێنە و قسـە مەکـە، چونکـە قسەکردن نیشانەی نەبونی دەسەڵاتە. ئەم تێڕوانینـە تـەنیا تایبـەت نییـە بـە کـورد، بـەڵکو لەناوچەکـەدا بەگشتی ئەم بۆچونە زاڵە ودەوترێ **(زمانی درێژ، ئاماژەیە بۆ کورتیی دەست)**. هەمان تێڕوانین لای بەشێکی زۆری موسڵمانانیش هەیە،پشتبەست بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرموێ :

**( من رأى منكم منكراً فليغيره' بيدهِ، فإن لم يستطع فبلسانهِ، فإن لم يستطع فبقلبهِ، وذلك أضعف الإيمان ).**

لەم دەقـەدا (دەسـت) مانـای هێـز دەگەیـەنێت، واتـا بـەهێز بیگـۆڕن یـان چـاکی بکـەن، ئەگـەر نـەتانتوانی ئینجا بەزمان، واتە گفتوگۆ... بەدەربڕینێکی تر باوەڕداری تەواو ئەو کەسەیە کە هێزی هەیـە و بەکاریـدەهێنێ بۆ چارەسەری کێشەکان.

دیسان هێز هەنگاوی یەکەمە و لەپێش زمانەوەیە، ئەمەش کاریگـەریی زۆری لەسـەر جیهـانبینیی عـەرەب و نەتەوە موسوڵمانە ناعەرەبەکان هەیە، لە چارەسەری کێشەکاندا.

ئەم جیهانبینییـە، لـە کردەی پەروەردەکردنـدا، هـەژمونی لەسـەر کەسێتی کـورد دروستکردوە و کاریگـەریی نەرێنی لەسەر کەسێتیی نـەوەکانی کورد هـەبووە و کەسێتییەکی کۆمەڵایـەتیی ناتەندروستی بەرهـەمهێناوە و بەرهەمدەهێنێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- کەسێتییەك بەرهەمدەهێنێ کە تا بتوانێ توندوتیژە و بۆ چارەکردنی گرفتەکانی پەنا دەباتەبەر هێز.

٢- کەسێتییەك بەرهەمدەهێنێ کە باوەڕی بە گفتوگۆ و قسەکردن نییە و بە خاڵی لاوازی دادەنێت.

٣- لە ڕوانگەی هێز و دەسەڵاتەوە دەوروبەری خۆی پۆلین دەکـات، لەبـەر ئـەوە تـەنیا بـەهێز و لاواز یان (بەهێز- بەهێزتر- بـەهێزترین) لەگـەڵ (بێهێـز، بێهێزتـر، بێهێزتـرین) لـە تێڕوانینـی ئـەودا بـونی هەیە.

٤- کەسێتییەکی دوڕو (إزدواجي) بەرهەمدەهێنێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- هـەرکاتێك خـۆی لەبـەرەی بـەهێزدا ببینێـت توندوتیژە، بـە پێچەوانەشـەوە، کاتێـك خـۆی بـەلاواز دەبینێت شلگیرە (واتا نەرمی پیشان دەدات).

ب- له قۆناغێكدا كەمژیان و كەڵژیان هەڵدەبژێریت، له قۆناغێكی تردا (... ) و سەلامەتی.
پ- لەكاتێكدا خۆی ستەملێكراو و مافخوراوە، بانگەشەی ئازادی و یەكسانی دەكات، بەڵام هەركاتێك دەسەڵاتی بو، خۆی ستەمكار و مافخۆرە و ئازادی پێشێل دەكات.

## ٢-٢/٣) لێبوردەیی :

چەمكی لێبوردەیی، ئامادەیی بەخشینی هەڵە یان ستەمەكانی كەسی بەرامبەرە. بە شێوەیەكی گشتی لایەنێكی ئەرێنیی كەسێتییە و پێچەوانەی تۆڵەسەندنەوەیە و دژی توندوتیژییە. بنەمایەكی گرنگی ئاشتی و رەفتارێكی ئاشتیخوازانەیە. لەهەمو كلتورێكدا، بەرێژەی جیاواز بونی هەیە و لە كەسێتیی تاك و كۆمەڵدا رەنگدانەوەی هەیە و سیمایەكی شارستانییە. بەپێچەوانەشەوە، نەبونی گیانی لێبوردەیی، سیمای رِەقی و توندی و خێڵایەتییە. (تاكی خێڵەكی، گیانی لێبوردەییی تێدا نییە، چونكە لەكۆمەڵی خێڵەكیدا، بەشێوەیەكی گشتی، لێبوردەیی بەترسنۆكی لێكدەدرێتەوە)(محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :١١٩)، واتا سنور لەنێوان لێبوردەیی و ترسدا نییە. جۆری گرفت و بابەتەكان و جۆری پەیوەندیی كەسەكان، رۆڵیان لە رێژەی بونی ئەو سیمامرۆییەدا هەیە. واتا بەگوێرەی پەروەردە و كلتور و كەسێتیی تاك و كۆمەڵ، چەمكی لێبوردەیی لە بابەتێكەوە بۆ بابەتێكی تر و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر، جیاوازە. بەدەربرینێكی تر لە هەندێ رەفتار دەبورین و لە هەندێكی تر نا. بە هەمان شێوە لە رەفتارێكدا كەسێك دەبورین و كەسێكی تر نا. تێروانینی كورد بۆ لێبوردەیی، لە پەندەكاندا، زۆر مرۆییانە و ئەرێنییە، بەڵام لە سنورێكی زۆر تەسكدایە و ژمارەی پەندەكانیش زۆر كەمن. بۆ نمونە :

**٣٥)پیاوەتی ها لەبەخشینا، نەك لە تۆڵە سەندنا.**

**٣٦)كە دوژمنت كەوت، پێی پیامەنێ.**

ئەم پەندە دو جۆر لێكدانەوەی هەیە.

١. لێبوردە بە بەرامبەر بە دوژمنەكەت و تۆڵەی لێ مەستێنەوە بە تایبەتی لە لاوازیدا.
٢. لەكاتی لاوازیدا تۆڵە مەكەوە، بەڵكو لە بەهێزیدا. ئەمەش لە لێبوردەییەوە زۆر دورە.

**٣٧) كینە دو ماڵ ویران دەكا.**

مرۆڤی كینە لە دڵ ئەگەری بیری تۆڵە سەندنەوەی زۆر زیاترە لە لێبوردەیی، بەڵام ئەوەی كە كینە هەڵناگرێ، بیر لە تۆڵە سەندنەوە ناكاتەوە و لێبوردەیە.

**٣٨)خوێن بە خوێن ناشۆرێ.**

واتا تۆڵە سەندنەوە، گرفتەكان چارە ناكات و ئازار و خەمەكان لەبیر ناباتەوە.

لێبوردەیی رەهەندێكی دەرونی هەیە، كە بەشێوەیەكی گشتی هۆكارێكە بۆ ئاسودەیی دەرونی، بۆچونێك لەم بارەیەوە هەیە كە پێیوایە (ئەو كەسانەی بیر لە تۆڵە دەكەنەوە تەنیا ساتێك لە ژیاندا ئاسودەن، ئەوانەی كە لێبوردەن هەمو ژیانیان ئاسودەن). لەئاینی ئیسلامیشدا، باس لە لێبوردەیی و ئارامگرتن كراوەو خەڵكی بۆ هاندەدات، هەرچەندە دەقەكە پێشتر باس لەتۆڵەسەندنەوە دەكات. ﴿ وإن عاقبتم فعاقِبوا بمثل ما عوقبتم به

ولئن صبرتم لهو خيرٌ للصبرين﴾ (النحل : ١٢٦ ). هەروەها ﴿وجزؤا سيئة سيئة مثلها فمن عفا وأصلح فأجره على الله... ﴾ (الشورى : ٤٠ ).

## ٣-٢/٣) تۆڵە سەندنەوە:

پێچەوانەی لێبوردەییە و ئامادەیی دوبارەکردنەوەی ڕەفتارە توندوتیژەکان یان هەڵەکان یان خراپەکانی رابردووە بە ئاراستەیەکی جیاواز. هۆکارێکی قوڵبونەوە و فراوانبونی سنوری گرفتەکان و هێنانە ناوەوەی کەسانی تر و تێوەگلاندنیانە لە گرفتەکاندا. درێژکردنەوەی ڕەهەندی کاتە لە ڕوداوەکاندا، واتا زیادکردنی کاتی گرفتەکانە بۆ کاتێکی نادیار. جۆرێکە لە توندوتیژی و بەرهەمهێنی توندوتیژییە. (مێژوی تۆڵە، هێندەی مێژوی خودی مرۆڤ کۆنە) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :١١٧).

کات و جۆری تۆڵەسەندنەوە بەپێی هەڵکەوت و کلتورەکان جیاوازن، بەهەمانشێوەی لێبوردەیی بە گوێرەی کەس و بابەتەکان دەگۆڕێت. لە کلتوری کوردیدا، تۆڵەسەندنەوە، پانتاییەکی فراوانی هەیە. (نێرینەیەك ئەگەر نەیتوانی تۆڵە بسێنێت، ڕێزی خۆی لەدەستدەدات. پێویستە پیاو بەدەستی خۆی هەقی خۆی بستێنێت) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :١١٩). ژمارەیەکی زۆر پەندی لەسەر وتراوە. هاندانێکی بەرچاو بۆ تۆڵەسەندنەوە لەپەندەکاندا بەرچاو دەکەوێت و بەتەواوی دژایەتیی پەندەکانی لێبوردەیی دەکەن. کۆمەڵە جیاوازەکان جیهانبینیی جیاوازیان بۆ تۆڵە هەیە. هەیانە جەخت لەیەکسانی و دادپەروەری لەتۆڵەدا دەکەنەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە ﴿**فمن إعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم واتقوا الله...**﴾(البقرة: ١٩٤) هەروەها ﴿... **إن النفس بالنفس والعين بالعين والأنف بالأنف والأذن بالأذن و السن بالسن...**﴾(المائدة: ٤٥) هەروەها ﴿**جزؤا سيئة سيئة مثلها**﴾ (الشورى: ٤٠). واتا تۆڵەسەندنەوەکە هاوشێوەی ستەمەکە بێت؛ نەکەمتر نەزیاتر. کوردیش هەندێجار هاوڕایە و دەڵێ :

**٣٩)تۆڵەی شێری بە شێری. تۆڵەی ( .... ) بە ( .... ).**

جیهانبینییەکی تر لەپەندەکاندا سەبارەت بە جۆری تۆڵەسەندنەوە هەیە کە زۆر توندڕەوە و زیادڕەوی دەکات. واتە ڕەفتاری تۆڵەکە زۆر لە ڕەفتارە هەڵەکەی یەکەمجار گەورەتر و توندترە، بۆ نمونە :

**٤٠)لەجێی مست پێلەقەیە.**

**٤١) لە جێی سندان قوزەڵقورتە.**

**٤٢) ئەوەی دەرزییەکی تێراکردی، سوژنێکی تێراکەوە.**

**٤٣) تۆڵە بە سەبرە ئەما بەزەبرە.**

واتا مەرج نییە یەکسەر تۆڵە بسەنرێتەوە، دەشێ کاتێکی تر بێت (واتە لێخۆشبون نییە)، تا زەمینە سازی بۆ دەکرێت بەڵام کاریگەری و ئەنجامەکەی زۆر گەورەتر و بەهێزتر دەبێت.

پەندێکی ترمان هەیە کە زۆر گرنگی بە ڕەهەندی کات دەدات، بەپێچەوانەی پەندەکەی پێشو، جەخت لە تۆڵەی گەرماوگەرم (یەکسەر) دەکاتەوە، دەڵێ :

**٤٤)ئەو خوێنەی شەوی بەسەردا تێپەڕێ، تۆڵەی فەوتاوە.** یاخود

**٤٥)حاشا لەو خوێنەی شەوی بەسەردا بێ.**

هەندێجار، تێپەڕبونی کات هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی خەم و ئازاری گرفتەکان و لەو ماوەیەشدا دەشێ بیروڕاو تێڕوانینی کەسەکان سەبارەت بە تۆڵە ورووداو و گرفتەکان بگۆڕێن، ئەمەش هەندێجار دەبێت بە هۆکارێك بۆ لێبوردەیی نەك تۆڵەسەندنەوە. پەیرەوکارانی ئەم پەندە زۆر لەو گۆڕانە دەترسن بۆیە لە تۆڵەسەندنەوەدا دژی تێپەڕبونی کاتن.

بەپێی کلتوری ئێمە، تۆڵەسەندنەوە جۆرێکە لە بوێری وئازایەتی و سەربەرزی و... (کەسی تۆڵەسێن، کەسێکی گەورەیە) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :١٣٠). بەڵگەش بۆ ئەمە نمونەی ئاخاوتنەکانی رۆژانەمانن کە کاتێ هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەکەین دەڵێین یان دەبیستین :-

**٤٦)ئەگەر پیاوبم تۆڵەت لێدەکەمەوە / ناهێڵم ئەوەت بەسەرەوە بچێت.**

**٤٧)ئەگەر پیاو بیت تۆڵەی خۆت دەکەیتەوە.**

**٤٨)ئەگەر ژن بم ئەو دڕکەت لەبنی پێی دەردەهێنم.**

هەروەها پێیانوابووە کە تۆڵە سود یان قازانجی هەیە بۆیە وتویانە :

**٤٩)تۆرە بە تۆرە، قازانجی زۆرە.**

**٥٠)خوێن نابێ بەئاو.**

ئەم پەندە باس لەوە دەکات کە ئازار و خەمی ستەم و کارە نابەجێیەکان هێندە زۆرو گەورەن لەبیر چونەوەیان ئەستەمە. هەندێکی تریشیان گرنگی بە چۆنیەتی و چەندێتیی تۆڵەسەندنەوە نادەن بەڵکو گرنگ ئەوەیە زیان بە بەرامبەرەکەت یان دوژمنەکەت بگەیەنیت و تۆڵە بکەیتەوە، بۆیە وتویانە:

**٥١)دوژمن کەریشی (.....) هەرچاکە.**

بەتێڕوانین لەو کۆمەڵە پەندەی کە باسکران دەبینین ژمارەی پەندە تۆڵەسێنەکان زۆر لە پەندە لێبوردەکان زیاترن. بێگومان ئەمە وادەکات کە کاریگەریشیان زۆر زیاتر بێت و رووداوەکانی کۆمەڵی کوردیش، بەئێستاشیەوە، بەڵگەی ئەم رایەن کە کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی توندوتیژە.

بەکارهێنانی ئەم پەندانە لە کردەی پەروەردەدا؛ زیاتر توندوتیژی بەرهەمدەهێنن نەك لێبوردەیی. پێویستە بە شێوەیەکی زیاتر گرنگی بە پەندە لێبوردەکان بدرێت و نەوەکانیان پێ پەروەردە بکرێن ئەمەش بەوە دەکرێت کە لە واقیعدا بەڕاستی لێبوردەیی لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا لە هەمو ئاستێك بەرجەستە بکرێت و نەوەکان بە لێبوردەییەوە پەروەردە بکرێن، تا فێری لێبوردەیی ببن نەك تۆڵە سەندنەوە.

## ٤-٢/٣) ژن و پیاو :

ژن، ئەو مرۆڤەی کەتەواوکەر و لایەنێکی سەرەکیی ژیان و نیوەی کۆمەڵ و بەهەشت لەژێرپێیدایە، ناشێ لە هزرو تێڕوانینی کۆمەڵدا پانتاییەکی فراوان داگیر نەکات و لەدەربڕینەکانیشدا رەنگدانەوەی نەبێت. بەحوکمی ئەو رۆڵە گرنگەی لەژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵدا دەیگێڕێت جێگای گرنگپێدانی پیاو بووەو ئەوەش لەزماندا رەنگیداوەتەوە. ژمارەیەکی زۆر پەندی لەسەر وتراوەکە رێژەیەکی یەکجار زۆریان دەربڕینی پیاون و دەربڕی هەست و جیهانبینیی پیاو سەبارەت بە ژن بەرجەستە دەکەن. جگە لە پەندەکانیش، بەشێوەیەکی گشتی، لەزۆربەی بابەتەکانی ژیاندا دەربڕینەکان دەربڕینی پیاون و پیاو ئامادەیی

زیاتری هەیە لەژن. ئەمەش جارێکی تر جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو بۆچونەی کە پێیوایە (جیهان، سیستەمێکە پیاو دروستیکردووە) (ئەجم خالید ئەلۆەنی:٢٠٠٨ :٧٣)، بۆیە ژمارەی پەندەکانی پیاو زیاترن. لەبەرامبەریشدا ژمارەیەکی کەم پەندی کوردیمان هەن کە دەربڕینی خودی ژنانن، جا چ سەبارەت بەخودی خۆی دەربیبڕیبێت، یان سەبارەت بە پیاو و دەوروبەر.

جیاوازیی رەگەز، جگە لەجیاوازییە بایۆلۆژییەکە، زیاتر جیاوازییەکی کلتوری و دەرونی و کۆمەڵایەتییە. بونی ئەم جیاوازییانە دەبێ لەزماندا رەنگدانەوەی هەبێت[1]. پەندەکان رەنگدانەوەی ئەم لایەنانەن و لەهەمان کاتدا درێژەپێدەرو دوبارە دروستکەرەوەی هەمان جیهانبینین لەنەوەکانی تردا، کە گوێبیستی پەندەکان دەبن. بێگومان ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر کەسێتیی تاك و کۆمەڵ دەبێت.

ئەو پەندانەی لەسەر ژن وتراون لایەنی ئەرێنی ونەرێنیی ژن دەخەنە ڕو؛ هەندێکیان باس لەسروشت و هەڵکەوتەی ژن دەکەن. هەندێکیان باس لەچۆنیەتیی رەفتارکردن لەگەڵ ژن دەکەن. هەندێکی تر باسی ئاست و پێگەی ژن و هەزرو تێڕوانینەکانی ژن دەکەن. هەیشیانە باس لە ئەرکەکانی ژن لەژیانی کۆمەڵایەتیی تاك و کۆمەڵدا دەکات. بەشێوەیەکی گشتی، پەندەکان دو جەمسەرن؛ جەمسەرێکیان ئەرێنییە و لەبەرژەوەندیی ژندا وتراون. ئەرك و رەفتاری ژنیان بەرز نرخاندووە و وەك مرۆڤێکی بەتوانا بەرجەستەیان کردووە. جەمسەرەکەی تریان نەرێنییە؛ لێرەدا ژن بونەوەرێکی نامۆ و پەراوێزخراوە، وەك سەرچاوەیەك بۆ چێژلێوەرگرتنی پیاو و دواتر نەهامەتییەکانی ژیان لە شەڕ و فیتنە و فێڵ و گریان وێنا کراوە(پەخشان سابیر حەمەد :٢٠١٠ :٥٧).

٥٢) **ژن کۆڵەگەی ماڵە.**

ئەمە واتایەکی رونی هەیە کە گرنگیی پێگەی ژن لەماڵدا دەخاتە رو کە راگری خێزان و ماڵە. بۆیە وتویانە:

٥٣) **ژنت بمری، ریست دەبیتەوە خوری.**

واتا هەمو ئەوانەی ئەنجامتداون، شتێکی ئەوتۆ نابن و پێویستە لەسەرەتاوە دەست پێبکەینەوە، چونکە :

٥٤) **ماری بێ ژن، وەکو کاولە ئاشیە.**

هەروەها پیاو پێیوایە کە :

٥٥) **بەختی باش، ژنی باشە.**

لە پەندێکی تردا کەباس لەیەکسانیی ژن و پیاو دەکرێ لەلایەنی بوێری و چاو نەترسیدا، دەوترێ :

٥٦) **شێر لەبێشە دەردەچێت، چ نێر چ مێ.**

هەروەها تێڕوانینی پیاو بۆ ژن، لەسنوری ئەرك و کارەکانی ژندا، چاوەڕێکردنی کاری زۆرو قورسە کەبەهەمو ژنێك ناکرێ. بۆ نمونە وتراوە:

٥٧) **ژنێکم دەوێ ژنانە، پێستە بکا بەهەمبانە.**

دیارە ئەم کارە لەوزەی ژناندا نییە چونکە پێویستی بەکات و کارو هێزی زۆر دەبێت کەبۆ ژنان ناڕادەیەك گرانە. ئەگەر لەدیوەکەی تریەوە لەو پەندە بروانین ئەوا هەمو ئەو ژنانەی کەناتوانن کاری قورس و گران بکەن لەئاستی ژنێتیان کەم دەکاتەوە.

---

[1] ) بروانە (٤/١) لەبەشی یەکەمی ئەم نامەیە.

**٥٨)لەسەگی دڕ، لەحاکمی کوڕ، لەئافرەتی دەمشڕ بترسە.**

ئـەم پەنـدە سیمایەکی باشـی ژن دەردەخـات کـە نهێنیپـارێزە. هـەر ژنێـك ئـەم سیمایەی تێدا نـەبو، پێویست بەئاگاداربون و خۆلێپاراستن دەکات، بەڵام بەیەکـەوە هاتنی ( سـەگ و حـاکم و ژن ) لـەیـەك دەربڕیندا شیاو نییە.

بەشێوەیەکی گشتی، بـەکارهێنانی ئـەو پەندانـەی کەلایـەنی ئـەرێنیی ژن و پێگـەو گرنگیـی ژن دەردەخـەن، لەپەروەردەکردنی نەوەکاندا، تێڕوانینێکی ئەرێنی و مرۆییانە لەسەر کەسێتیی ژن و تێڕوانین بۆبـەهای ژن دروست دەکەن.

لەبەرامبـەر ئەمانـەدا، ژمارەیـەکی زۆر پەندی تـر هـەن کەلایـەنی نـەرێنیی ژن  دەخەنـە ڕو، کەلـەڕوی چەندێتییەوە ژمارەیان زۆر لەو پەندانە زیاترە کە بەنەرێنی باس لە کەسێتیی ژن دەکەن.

**٥٩)ژن، عەقڵی لەکۆشیەتی، کەهەستا لێی بەردەبێتەوە.**

**٦٠)ژن، زۆر کەم بیر دەکاتەوە، مەگەر لەبەر ئاوێنە.**

**٦١)ژن، پرچی درێژە، لەبیردا زۆر کورت و گێژە.**

بەکارهێنانی ئـەم پەندانـە، تێڕوانینێك لەسـەر کەسێتیی ژن دروست دەکـەن کـە نـەتوانێت خـۆی خاوەنی بیرکردنەوە و بڕیاری خۆی بێت، چونکە زۆر کەم بیر دەکاتـەوە، گـەر بیریش بکاتـەوە ئـەوا نـازانێ چۆن و کەی بیر دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا کەمعەقڵ و نەزانە. کاری بێ بیرکردنەوەش سیمای کەسێتیی هەڵەشەیە.

**٦٢)ژنی شەرمن، شارێك دەهێنێ و پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ.**

ئــەم پەنــدە جــەخت لەسەر(شــەرم) دەکاتــەوە (شــەرم، کوشــتنی خــودە، بــۆ رازیکردنــی ئــەوی دی. کۆمـەڵگاکانی شـەرم، ئـەو کۆمەڵگایانـەن کـە خودیـان تیـا بەرهەمنایەت)(بـەختیار عـەلی:٩). گـەر ئێمـەش لەشەرمدا جەخت لەسەر داواکردنی مافەکان بکەینەوە هاوکێشە کە یەکسان دەبێت بە:

(ژن داوای مافـەکانی نـەکات شـارێك دەهێنـێ) چونکـە داواکردنـی مـاف پێویسـتی بـەجۆرێك لـە بێشـەرمی و بوێری هەیە کەقسە بکات و بێدەنگ نەبێت. واتا دەکرێ بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە :

شەرمنترین ژن، واتا بێدەنگترین ژن، ئەویش واتـای مـافخوراوترین ژن دەگـەیـەنێ کـە لەکۆتایدا بـەڕێزترین ژن دەردەچێت.




واتا لەبازنەیەکدا دەسوڕێتەوە یەکتری تەواو دەکەن، کە شتی ترو تێڕوانینی تر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

**٦٣)ژن، بێدەنگ بی لەمارێ خۆ، باکیژی گاوانی بی.**

**٦٤)بێدەنگی جوانترین خشڵە بۆ ئافرەت.**

بەم پێیە پەسندترین ژن، خاوەن کەسێتییەکی شەرمنەو ئەمەش سیمایەکە لە سیماکانی کەسێتیی گۆشەگیر (المنطوی).
دواتر چەندێتی و چۆنیەتیی ئاخاوتنی ژن جۆرە لێکدانەوەیەکی تری بۆ دەکرێ، بۆیە دەوترێ :

**٦٥)گۆتە گۆتی ژنان، کوشتنی مێردان.**

**٦٦)دەمی ژن، هیچ کاتێك پشودانی نییە.**

**٦٧)دڕك تیژە، زمانی ژن تیژترە.**

**٦٨)لەسەگی دڕ، لەحاکمی کوڕ، لەئافرەتی دەمشر، بترسە.**

بەشێکی تری پەندە ژنناسینەکان، بەزەقی تێڕوانینی پیاو سەبارەت بەژن دەخەنە ڕو، کەجیهانبینی و پۆلێنکردنی کۆمەڵ و دەوروبەر تیایاندا ڕەنگدەداتەوە. پێدەچێت هەمویان زادەی بیرو جیهانبینیی پیاو بن و بەهای ژن نیشان دەدەن:

**٦٩)ئافرەت ماری بێژەهرە.**

**٧٠)ژن و ریوی یەك تەبیعاتن.**

**٧١)ژن بەرازی بێچەکە.**

**٧٢)ژن بێباوەڕیشە، خۆشباوەڕیشە.**

**٧٣)ژن، وەك هێستری وایە؛ هەر مانگەی هەوایەکی فێر دەبێ.**

**٧٤)ژن، داری شکستە.**

**٧٥)ژن و تفەنگ و ماین، لەکن کێ بن هی وین .**

**٧٦)ئەسپ و چەك و ژن، بێوەفان.**

**٧٧)گەر ژنێکت بوێ سێ شتی باشی هەبێ، دەبێ سێ ژنی باشت هەبێ.**

**٧٨)ئافرەت فریشتەیە، بەڵام هەرە ساکارەکەی.**

**٧٩)کەس بەشەیتانی نەوێرا ژن نەبی.**

**٨٠)ژن بکەی بەکوێخا، چلەی زستان بزن دەبڕێتەوە.**

**٨١)جێیەك ژنی لێی حاکم بی، شەیتان نۆکەرە.**

ئەم پەندانە زۆر گشتین و هیچ هەڵاوێردنێکیان تێدانیە، تەنیا ئەو پەندەیان نەبێ (ئافرەت فریشتەیە، بەڵام هەرە ساکارەکەی)، ئەوانیتر گشتێنراون بەسەر هەمو ژنێکدا کە ناشێ لەواقیعدا هەمویان وابن. دەشێ لەهەر پەندێکدا ژن هەبێ وابێت (هەروەك پیاویش هەیە وایە)، بەڵام ئەوسا دەبێتە ڕێژەیی نەك بەو ڕەهاییەی کە لەدەربرینەکاندا هاتون. (بەشێك لەپەندەکان، ژن لەڕوی زیرەکی و ژیری و تواناوە، لەپلەیەکی نزمتر لەپیاو دادەنێن کە هێندە شایانی بایەخپێدان و ڕێزگرتن نییە و تەنیا بۆ خزمەتی ماڵ و منداڵ و پیاوە) (پەخشان سابیر حەمەد :٢٠١٠ :٥٧).
بەم شێوەیە پەندەکان کاریگەرییەکی نەرێنیی ئەتۆ لەسەر کەسێتی ژن دروستدەکەن لەخۆبەکەمزانین و نەبونی متمانە بەخۆی لەڕوی بەهای کۆمەڵایەتی و مرۆیی خۆی، هەروەها لە چۆنیەتیی ڕەفتارکردنیشیدا، پشت بەخۆی نەبەستێت. واتا کەسێتییەکی پشتبەخەڵکبەستو و ئیلهامی بەرهەم دەهێنن. جگە لەمەش نەبون

یان کەمیی متمانە بەخودی خۆی سیمایەکی کەسێتیی دەمارگیرە (العصابية) و بێباوەڕییش سیمای کەسێتیی چەوسێنەرە (الشخصية الاضطهادية ).

هەروەها کەسێتی دژە کۆمەڵیش زۆرترین ئەو سمایانەیان تێدایە کەنەرێنین وەك (خراپن، زۆردارن، فێڵبازن، بێوەفان...) لەهەمان کاتدا سیمای کەسێتیی هەڵەشەیان تێدایە کەسود لە هەڵەکانیان وەرناگرن و دوبارەیان دەکەنەوە.

لەبەشێکی تری پەندە ژنناسینەکاندا، چۆنیەتیی رەفتارکردنی کۆمەڵ( بەتایبەتی پیاو) لەگەڵ ژندا دیاریکراوە؛ هەندێ لە پەندەکان ئاگادارکردنەوەی پیاون بۆ خۆ ئامادەکردن لە چۆنیەتیی رەفتارکردن (کە پەندەکانی پێشتریش دەگرێتەوە)، هەندێکی تریشیان راستەوخۆ و راشکاوانە پێویستیی چۆنیەتیی رەفتارکردن لەگەڵیدا دەخەنەڕو.

**٨٢)ژن کە توڕەبوو، گۆزەی پڕ نهێنی دەشکێنی.**

**٨٣)بەسۆزەوە لەگەڵ ئافرەت بدوێ لە عەقڵ باشترە.**

**٨٤)بە تەزبێحی ملی ژن و خۆشیی زستان باوەڕ مەکە. یان ( ئەو کەسەی باوەڕ بە ژن و خۆشیی زستان بکا، ماری خۆی کاول دەکا).**

**٨٥)مەکری بێوەژنان، رێوی دەکاتە کونان.**

**٨٦)ژن لە پاش سارەکی، هەسپ لە پاش مانگەکی مەتحی بکە.**

**٨٧)دارێك لەسەر سەگ، سەد لەسەر ئافرەت.**

**٨٨)ژن بە تریزە کەر بە نەقیزە.**

کۆمەڵی کوردی، هەندێ پەندی وتووە کە لە شێوەی بەراوردداں لە نێوان نێرو مێ دا، مەبەستی سەرەکیش لە بەراوردەکە خستنەڕوی جیاوازییەکانە، کە نەك تەنیا جیاوازن بەڵکو تەواو دژیەکن، وەکو:

**٨٩)کوڕ گۆی زێڕینە، کیژ ماری خەرکینە.**

**٩٠)کوڕ تاڵانگێرەوەیە، کچ تاڵانبەرە.**

**٩١)زەلام بۆ کوشتن، ژن بۆ دانیشتن.**

**٩٢)پیاو بەبێکەس هەژار دەبێ ژن بەبێکەس هاردەبێ.**

**٩٣)لەگەڵ کوڕم کێو ئەبڕم، لەکەڵ کچم بۆ کوێ بچم؟**

**٩٤)بابترن چادەبی، داکترن چانابی.**

هەندێك لە پەندەکان گەر بە شێوەیەکی تر لێکبدرێنەوە؛ هەست بە تەواوکاری و تاڕادەیەك یەکسانیی نێرو مێ دەکرێت، بەڵام بەئاشکرا پێچەوانەکەی دەربڕاوە. بۆ نمونە:

**٩٥)خوشکی بێبرا، داری بێگەڵایە.**

لەم پەندەدا، بەئامادەبونی هەردو رەگەز و کەسێتییەکە، وێنەی دارو گەڵا نیشاندەدات، کەتەواوکەری یەکترین و بەیەکەوە جوانن و دەژین. (هەمیشە مەرجی ئامادەبونی ئەوانی دیکە پێویستە، بۆ ئەوەی تاك کەسێتیی خۆی بۆ دەربکەوێت یان لەخۆی تێبگات) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨: ٤٠)، بەڵام کرۆکی پەندەکە باس لە ئامادەبونی هەردوکیان ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە باس لەئامادەییی یەکێکیان و نەبونی

ئـەویترە. لـەبارەدا بـونی یـەكێكیان بەتـەنیا؛ نـەك هەرسـودی نییـە، بـەڵكو هـەمو كـات جێگـای گومـان و مەترسییە. ئەمەش چەند نمونەیەكی تری هەمان تێڕوانینە :

**٩٦)خوشكی بێبرا، خانیی بێ ستونە.**

**٩٧)خوشكی بێبرا، ماڵی بێچرا.**

**٩٨)ژنی بێماڵ و مێرد، رەزی بێپەرژینە.**

لەم خشتەیەدا پوختەی بەراوردەكە دەخرێتەڕو:

| مێ | نێر |
|---|---|
| رەز | پەرژین |
| خانو | ستون |
| ماڵ | چرا |
| ماڵی خەڵك | گۆی زێڕین ( ماڵخۆ ) |
| تاڵانبەر | تاڵانگێڕەوە |
| دانیشتن | كوشتن |
| هار | هەژار |
| جێگیربون (نەجولان ) | ڕۆیشتن و كێو بڕین |
| چەقبەستو ( چاكنەبون ) | گۆڕان و چاكبون |

پەیوەندیی خزمایەتی و پۆلێنكردنیان و ناونانیان، بەشێكی گرنگن لە لێكۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەكاندا، ئێمە تەنیا باس لەیەكێكیان دەكەین.
بەهۆی ئەو تێڕوانینە نەرێنییەی كەبەرامبەر بەژن لەكۆمەڵی كوردیدا هەیە و لەپەندەكاندا خرانـەڕو، دەبینین ئـەم پۆلكردنـە بۆ بەشێك لەڕەگەزی نێریش هەیە كـە(زاوا) یـە. بـەهۆی ئـەوەی ئـەو پەیوەندییـە خزمایەتییـە لەڕێگـەی ژنـەوە دروستدەبێت؛ بەهایـەكی كـەمی بـۆ دانـراوە ( پێمانوایـە تێڕوانینێكـی سێكسـی لەپشـت ئـەم پۆلێنكردنەوە هەیـە، ئەمـەش لەكۆمـەڵی ئێمـەدا هەرچەنـدە بەڕێوشـوێنە ئـاینیی و یاساییەكەشیدا تێپـەڕبوبێت، هەرمایـەی نـەنگی بـووە، لەبـەر ئـەوە بـە (پشـت) دانـەنراوە) بـۆ كـەمكردنـەوە و تێهێنانـەوەی ئـەم تێڕوانینـە، وتراوە :

**٩٩) زاوا، كەری خەزورانن.**

**١٠٠)خودا بدا مەرگم، زاوا نـەكا بەرگم.**

**١٠١) بەهەزار زاوا، ماڵێك نابێ ئاوا.**

هەرچەندە قسەکەر( پەندبێژ) بەڕاستەوخۆیی دەرنەکەوتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەسێتی و کاراکتەری ژن لەپەندەکەدا ونە و نەکراوە بەلایەنێك لەلایەنەکان، پێمانوایە پەندێکی پیاوانەیە نەك هی ژنان. جگە لەوەش، پێدەچێت خەزورەکان بیریان چوبێت کەسەرەتا خۆیان (زاوا )بون.

## ٢/٣-٤-١) پەندی ژنان:

مەبەست لەو پەندانەن کەژن دەریبڕیون. بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەژنان تیایدا ژیاون و پەروەردەکراون؛ ژن نەیتوانیوە یان بواری پێنەدراوە کە بدوێ، یان لێدوانەکانی بەهۆی ژنبونییەوە پەسەندنەکراون و پشتگوێ خراون[١]. لەبەرامبەر ئەو هەمو پەندەی کەپیاو دەریبڕیون، دەبینین ژن چەند پەندێکی دەربڕیوە کەلە چەندێتیدا ژمارەیان زۆر کەمە وهەندێکیان سەبارەت بەپیاون هەیشیانە پەیوەستە بەخودی خۆیان.

**١٠٢) مێرد کەسواربو، یارە، کەدابەزی مارە.**
**١٠٣) مێردی باش لە داك و باب چاترە، مێردی خراپ لە کۆرانان چاترە.**
**١٠٤) هەوێ، لۆم ببیتە کراس وکەوێ؛ هەرنامەوێ.**
**١٠٥) پیامابکە سوژن؛ بانگم بکە ئاغا ژن.**

(مێردی باش، لەداك و باب چاکترە) هاوشێوەی ئەو جیهانبینییەیە کە پێیوایە (بەختی باش ژنی باشە)، بەڵام بەشی دووەمی پەندەکەی ژنان کەدەڵێ (مێردی خراپ لە...)، ئەوپەڕی رادەستبون و رازیبونە بە خراپییەکانی (مێرد) لەپێناو دەربەدەرنەبون و مانەوە لە ماڵێکدا و لەژێر سایەی پیاوێکدا. مێژوی ژنانیش لە رابردودا بەڵگەی سەلمێنەری ئەم راستییەن.
لە ئێستادا، بەهۆی گۆڕانی سەردەم و بارودۆخی ژن، تاڕادەیەك، لە کۆمەڵێ کوردیدا ژن بەهەمو خراپییەکانی مێرد رازی نابێت (هەرچەندە کاریگەری هەرماوە و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە) بۆیە گەر تێبینیی رێژەی جیابونەوە بکرێت لە ئێستادا بەبەراورد لەگەڵ (٣٠) ساڵ بەر لە ئێستا دەبینرێ کە جیابونەوە رێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بەشێکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێك لە ژنان پێیانوانییە کە(مێردی خراپ لەکۆرانان چاترە) هەروەها ئێستا وەکو پێشتر نییە کەژن بەبێکەسی و گوزەرانخراپی بمێنێتەوە و بەشێکیان پێگەی ئابوریی خۆیان هەیە.
سەبارەت بەوپەندەش کەدەڵێ (**پیاما بکە سوژن، بانگم بکە ئاغاژن**)، ئەمە رازیبونە بەو پەڕی زەلیلی لە پێناو ناوێکی گەورەدا، یاخود ناوێکی گەورەو ناوەڕۆکێکی بۆش. ئەم پەندە رەنگدانەوەی چینایەتی و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەڕونی تێدا دەرکەوتوون. بێگومان ژنێك لەناو ئەم تێڕوانین و پەندانەدا پەروەردەبێت، بیرکردنەوەو جیهانبینیی هەر ئەوەندە فراوان دەبێت.

---
[١] ) بڕوانە (٤/١) لەبەشی یەکەمی ئەم نامەیە.

ئـەو تێڕوانینـەی پیـاو بـۆ ژن و هـەمان تێڕوانینــی ژنـیش بـۆ پیـاو، کاریگـەریی نـەرێنی لەسـەر ژیـانی کۆمەڵایەتیی هەردو ڕەگەز دروستدەکات و دەیانکات بە دو بونەوەری نـامۆ بەیـەکتری. ئەمـەش دەبێتـە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و کێشەی خێزانی و دواتر کۆمەڵایەتی.

١٠٦) پیاو دەڵێ: **سێبەری سوژنێ، بەقای ژنێ.**

١٠٧) ژن دەڵێ: **سێبەری بەردێ، بەقای مێردێ.**

ئەمە هەڵسەنگاندنی ئەو دو ڕەگەزەیە بۆ یەکتری، متمانەی ژنـە بـە مێرد و بـە پێچەوانشـەوە. ئەمـە بۆچونی باوکـە بـۆ دایـك و بـە پێچەوانشــەوە. بـەردەوامبونی ئـەم پەندانــە، بـەردەوامبونی بێمتمانــەییی ژن و پیـاوە بەیەکتری. بـەکارهێنانی ئـەم پەندانـە لـە پـەروەردەی نـەوەکاندا بـەدگومانی بەرهـەمدەهێنێ و کێشـەکان زیـاتر دەکات و زیاتر لە یەکتریان دوردەخاتەوە.

## ٢/٣-٤-٢) سیماکانی کەسێتیی ژن لە بەشێك لە پەندەکاندا:

ژن : ئـازا (شـێر )، کوڵەکـە، فریشـتە، کارکـەر، بێعـەقل، فێڵبـاز( ڕێـوی )، مـار، بێوەفـا، ئۆینبـاز، مـەکرۆ، تیژ(دڕك)، بەراز، بێبـاوەڕ، خۆشبـاوەڕ، نـەزان، هێستر، کـەمبیرکردنـەوە، تالانبـەر، مـاڵی خـەڵك، لەشـەیتان بەولاوەتر، داری شکست، زۆر بڵێ، بیرکورت، نهێنی درکێن، بەبۆڵە بۆڵ، گێژ، شیاوی لێدان...

چەند تێبینیەك.

١. دژیـەکی لـەنێوان هەنـدێ سـیماکاندا هەیـە، وەکـو کۆڵـەکـە و داری شکسـت فریشـتەو شـەیتان، بێبـاوەڕ خۆشباوەڕ.

٢. سیما نەرێنییەکان، گەلێك لەسیما ئەرێنیەکان زیاترن.

٣. بەشێك لەسیماکان، سیماو ناوی ئاژەڵن.

بەرهـەمی ئـەو کلتـورو پەروەردەیـە، ئـەو کەسـیتییەیە، کـە ژن خـاوەنی ئـەو سـیمایانە بێـت کـە پێشتر باسکران. لێرەدا پێویستە بپرسین، ئایا کاریگـەریی ئـەم تێڕوانین و پەندانـە لەسـەر جیهـانبینیی ڕەگـەزی نێر چـی دەبێـت کەلەمنداڵییـەوە بـەم پەندانـە پـەروەردە بکرێـت؟ بێگومـان درێژکـراوە و بـەردەوامی بەهـەمان جـۆری کەسـێتی و جیهـانبینیی دەدات. واپێویسـت دەکـات کـە سـیماکانی کەسـێتیی پیـاو زۆر جیـاوازبن لـە سـیماکانی کەسـێتیی ژن، بۆیـە هـەمو کاتێـك خـۆی بـەپارێزەر و شـوان و خـاوەن و.... ی ژن دەزانێـت. بـەدەربڕینێکی تـر، گـەر ژن خـاوەنی کەسـێتییەکی لاوازو جەسـتەیەکی بێهێـزو بیرێکـی کـورت بێـت؛ ئـەوا پێویستە پیاو پێچەوانە بێت؛ تا هاوسەنگیی ژیان ڕابگرێت. لەبەر ئەوەشە هەر کاتێك ژن بەگوێرەی ڕێنمایی و یاساکانی پیاو ڕەفتار نەکات، ئەوا شێوازەکانی سزا بەلێدان و تـەمێکردن تادەگاتـە کوشتن، پـەیڕەودەکرێ، تـاکو پیـاو، کەسێتیی خـۆی ون نـەکات و نەیشێوێنێ. ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی (تـەواوی دنیـا پێیزانیوە کـە کورد میللەتێکی ژنکوژە) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨: ٢٠٠). لێرەوە دەگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی کە (قەدیس ئەکتینۆس) وتویـەتی: (سیستەمێکی سروشتییە لای مرۆڤ کە ئـافرەت ملکەچی پیـاو و منداڵ و

کەسوکاری بێت، چونکە لە پێویستییەکانی دادپەروەرییە کەوا عەقڵی لاواز ملکەچی عەقڵی بەهێز بێت)(نەجم خالید ئەڵوەنی:٢٠٠٨ :٧٣). ئەم تێڕوانینەش پەندێکی تر بەرهەمدەهێنێ کە پێیوایە :

١٠٨) **پیاوی بێغیرەت، خۆی بەقوربانی ژنان دەکا.**

غیرەت : + ئازایەتی، + زاڵبون، + توندی (رەقی)، + قبوڵنەکردن، + بەرەنگاربونەوە

بێغیرەت،واتا هیچ یەکێك لەم سیمایانەی تێدانییە یاخود بەم شێوەیە :

بێغیرەت : - زاڵبون، - توندی، - قبوڵنەکردن لەخۆدەگرێ.

بەسەرنجدان لەپەندە پیاو ناسێنەکاندا سیماکانی کەسێتیی پیاو زیاتر رون دەبنەوە :

١٠٩) **پیاو کۆڵەگەی ماڵە.**

هەمان واتای ئەو پەندە دەگەیەنێ کەدەڵێ ( ژن کۆڵەگەی ماڵە )،بەڵام لێرەدا پیاوە.

١١٠) **پیاو لەناو پیاوان نەبێ، بۆ سەربڕین باشە.**

( سەربڕین و مردن و کوشتن ) لەناو پەندەکانداو لە دەربڕینی رۆژانەشدا زۆر دوبارە دەبنەوە. ئەمەش نیشانەی ئاساییبونی ئەم کردارانەیە لە کلتوری کورددا[1]، کەتوندوتیژی و بێبەهاییی مرۆڤ لە کۆمەڵدا دەردەخات.

١١١) **پیاو، یەکجار دەمرێ.**

١١٢) **زەلام بۆ کوشتن و ژن بۆ دانیشتن.**

ئەم پەندە، مەرجێکی تری کەسێتیی ژن و پیاوی تێدایە، کە نێر، هەر لەسەرەتاوە پێویستە، کوشتن، بەلایەوە ئاسایی بێت، واتا دەبێ بکوژێت تا رۆژێك خۆی دەکوژرێت، ئەمەش ئەو بیرە لای مرۆڤ دروستدەکات کە رەگەزی نێر چارەنوسی کوژرانە. (ئیبراهیم داقوقیش دەڵێت: پیاو کوشتن لای کورد، نیشانەی ئازایەتی و پاڵەوانێتییە) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :٦٥). کەوابێت نابێ دابنیشێت و سەیرکەر بێت، بەڵکو پێویستە بەهۆکاری جیاواز خەڵك بکوژێت، چونکە دانیشتن و سەیرکردن، لە کلتوری کۆمەڵدا، سیمای کەسێتیی ژنە. ئەمەش بێڕێزیکردنە بە ژن. (مێژوی ژنی کوردیش لێوانلێوە لەگریان و خۆڕنینەوە و خۆڕاژەندنی دەم شین و شەپۆڕ)(محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :١٩١ - ١٩٢).

١١٣) **قسەی پیاوان سەنەدە.** یان ( **پیاو، عەیبە لەقسەی خۆی پەشیمان بێتەوە** ).

لە منداڵییەوە تێڕوانینێك لەلای رەگەزی نێر دروستدەبێت کەهەر قسەیەکی کرد ئەم قسەیە یەکجارییە و پەشیمانبونەوەی نییە، چونکە ئەمە مەرجێکە لە مەرجەکانی پیاوبون ( پیاوەتی )، گەر بیەوێ پیاوانە رەفتار بکات یان کەسێتییەکی پیاوانەی هەبێت ئەوا دەبێ راستگۆ بێت. ئەگەر نا، ئەوا مەرجێکی گرنگی پیاوەتی لە دەست دەدات.

بێگومان پیاوەتی ( پیاوبون ) جەمسەرێکی ئەرێنیەو ناپیاوییش (پیاونەبون) جەمسەرە نەرێنییەکەی کەسێتیی مرۆڤە، کە لەناو کۆمەڵدا یەکسانە بە ژنبون (کەسێتیی ژن)، ئەمەش نەنگییەکی گەورەیە بۆ رەگەزی نێر، واتا لە نێوان کەسێتیی پیاو و کەسێتیی ژندا هیچ نێوانگیرییەك نییە یان پیاوانەیە یان ژنانەیە ( ناپیاوە ). لێرەدا

---

[1] ) لە (١/٣- ٨)دا ئەم یاسایە باسکراوە:
ڕێژەی بەکارهێنانی دەربڕینەکان = ڕێژەی ئامادەیی چەمکەکان لە کۆمەڵدا.

پێویستە سەبارەت بە هەژمونی زمان هەندێ شت بوترێ؛ هاتنی (پیاو) و ئامادەنەبونی (ژن) لە زمانی پەندەکەدا، دەرکردنی ژنە لە سنوری واتای پەندەکەدا. بەدەربڕینێکی تر قسەی ژن بەهەند وەرناگیرێ. هەروەها هاتنی (پیاو) لەبری (مرۆڤ)، ئەمەش کەمبەهاییی ژن دەسەلمێنێت. لەهەردو بارەکەدا پێگەی (پیاو) باڵایە و پێگەی (ژن) لەخوارەوەیە. ئەمە هەژمونی زمانی هۆنینەوەی پەندەکەیە.

پەشیمانبونەوەش پێویستی بە لێکدانەوە هەیە :

١- ئە م پەندە لایەنێکی ئەرێنی تێدایە؛ مرۆڤ ( تەنیا پیاو نا)، بڕیاری خێرا و بێبنەما و بێبیرکردنەوە نەدات. بیرکردنەوەی فراوان بێت و گشت لایەنەکانی بابەتەکە تاوتوێ بکات و دڵنیابێت کە بۆچونەکانی (بیرەکەی) لایەنی راستی و ئەرێنییان زۆر زیاترە لە نەرێنی، یاخود لایەنی نەرێنی تێدانیەو لۆژیکییە، ئینجا بڕیاربدات بۆ ئەوەی دواتر پەشیمان نەبێتەوە چونکە قسەکەی سەنەدە و پەشیمانبونەوەش نەنگییە. بەم پێیە پێویستە مرۆڤ راستگۆ بێت.

گەر بەم تێڕوانینەوە کار بەو پەندە بکرێت، ئەنجامی زۆر باشی دەبێت، بەتایبەتی لەناوەندەکانی بڕیاردا (کۆمەڵایەتی و سیاسی و حکومی)، چونکە ئەو هەمو بڕیارو بە ڵێنانەی کە رۆژانە بە کۆمەڵی کوردی دەدرێت، گەر هەمویان سەنەدبن و جێبەجێ بکرێن؛ ژیانی کۆمەڵی کوردی جۆرێکی تر دەبێت، زۆر جیاواز لە ئێستا، بەڵام دەبینین رێژەیەکی یەکجار کەمیان لێ جێبەجێ دەکرێت و پێشیان نەنگی و شورەیی نییە و قسەکانی خۆشیان بەسەنەد دانانێن. دواتریش کە درکیان بە نالۆژیکیی بڕیارو بەڵێنەکانیان کرد، پەشیمانبونەوەی خۆیان راناگەیەنن، چونکە :

**راگەیاندنی پەشیمانی = راگەیاندنی نالۆژیکیی بڕیارەکە = بیرکردنەوەی بێبەنەما**

ئەمەش سیمایەکی دیاری مرۆڤی خێڵەکییە (دانبەهەڵەدانان و ڕاگۆڕین، بە بێهێزی و دۆڕان و نەنگی دەزانێت) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨: ٧٤).

٢- لایەنێکی تری ئەم پەندە، نەرێنییە. لە کاتێکدا مرۆڤ بڕیاریداوە و قسەی کردووە، دواتر تێدەگات کە بڕیارەکەی لە شوێنی خۆیدا نییە و هەڵەیە، یاخود لایەنی نەرێنیی زیاترە، بەڵام لەبەر هەژمونی ئەو پەندە کە پەشیمانبونەوە لە سیماکانی پیاودا نییە و شورەییەکی گەورەیە و وتەکانی بەسەنەد وەرگیراون؛ بۆیە لەسەر هەڵوێستەکەی بەردەوام دەبێت، کە هەڵوێستی نەرێنیتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەشێکی زۆری کێشەکانی رۆژانەی کۆمەڵی کوردی، بەناوەندە کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و سیاسییەکانیشەوە، لەم تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرن. گەر ئەم پەندە بە شێوازێکی تر بوایە، بەشێك لە کێشەکان چارەسەر دەبن. بۆنمونە :

١١٤) **( قسە، بڕیار، بەڵێن )ی بێبیرکردنەوە و بێ بنەما عەیبە.**

١١٥) **کاتێ زانیت قسەکەت نابەجێیە، پەشیمانبەوە.**

لەپەندێکی تردا وتراوە:

١١٦) **پیاوی دو ژن، دەبێ دو هەمبانە درۆی پێبێ.**

هەرچەندە ئەم پەندە تایبەتە، بەڵام بەتەواوی پێچەوانەی پەندەکەی ترە کە دەبو راستگۆ بێت، کەچی لێرەدا راشکاوانە پێیوایە پێویستە درۆزن بێت. ئەمەش بێڕێزییەکی ئاشکرا و گەورەیە بەرامبەر بە هەردو رەگەز و کۆمەڵیش. جارێکی تر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژن خۆشباوەڕە و پیاویش درۆزنە.

ئەو جیهانبینییەی سەبارەت بە ژن و پیاو لەم پەندانەدا هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ژن و پیاو توندە، بەڵام لەسەر ژن زۆر توندترە، پەروەردەکردنیش لەو خاڵەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئەم جیهانبینییە دەکرێ بە بنەما. زمانیش ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات کە گواستنەوەی کلتور و جیهانبینییەکەیە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

## ٥-٢/٣ ) گۆڕان و چەقبەستویی:

گۆڕان واتا رودانی جیاوازی لە شێوە و ناوەڕۆکی دیاردەیەکدا بەجیاوازیی کات و شوێن. بەپێچەوانەشەوە، مانەوەی وەکو خۆی یان بەشێوە کۆنەکەی کە هەیە، مانای وەستان و چەقبەستویی دەگەیەنێت. گۆڕان، نیشانەی زیندوێتییە و چەقبەستوییش بە پێچەوانەوە. گۆڕان، دەشێ بەدو ئاراستەدا روبدات، واتا دیاردەکان بەرەو ئاراستەی جیاواز بەرێت. ئاراستەیەکیان لایەنی ئەرێنییەو ئاراستەکەی تریش نەرێنی، کەهەردوکیان رێژەیین.

چەند پەندێك بەنمونە لێکدەدەینەوە بۆ زانینی چۆنیەتیی تێڕوانین بۆ گۆڕانکاری و چەقبەستویی. ئەو پەندانەی کەچەندین نەوەیان پێ پەروەردەکراوە و ئێمەش نەوەکانی داهاتویان پێ پەروەردە دەکەینەوە، تاچەند گۆڕانخواز دەبن یان تاچ رادەیەك لە گۆڕان دەترسن و پارێزگاری لە دیاردەکان دەکەن تا وەکوخۆیان کەهەن، بمێننەوە.

١١٧) **خوی شیری هەتا پیری.**

ئەم پەندە وامان تێدەگەیەنێ کە مرۆڤ رەفتارێك یان رەوشتێك کە لە منداڵییەوە فێری بو، بەدرێژایی تەمەنی لەسەری بەردەوام دەبێت و ناتوانێ دەستبەرداری بێت. ئەم پەندەش بەزۆری بۆ ئەو خو و خاسیەتە خراپانە بەکاردێت کە کۆمەڵ بەقێزەون و دزێو سەیریان دەکات. بۆ نمونە گەر کەسێتییەکی شەڕانگێزی هەبو، هەربەم کەسێتییە دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت. بەم شێوەیە بواری گۆڕان بۆ کەسی (هەڵەکەر) بەجێناهێڵێ و دەچێتە خانەی رێژەی نەگۆڕەوە. کاتێ ئەم پەندە چەند جارێك لە ئاخاوتنەکاندا بۆ کەسێك بەکاردێت، دەوروبەرەکە ئەوەیان لا دەچەسپێ کەئەم مرۆڤە شیاوی گۆڕان و باشبون نییە، واتا تێڕوانینێکی نەرێنیی لەسەری دروستدەبێت، کەتێڕوانینەکەش جارێکی تر بواری گۆڕانی نییە. لەبەرامبەریشدا، خودی مرۆڤەکە دڵنیا دەبێ لەوەی کە دەوروبەرەکەی چاوەڕوانی گۆڕانی ئەرێنیی لێناکەن و بواری بەخشین و لێبوردەیی و هەلێکی تر بۆ گۆڕان بەدیناکات. لەبەر ئەوە ئەگەری بەردەوامبون لەسەر رەفتارەکە زۆر زیاترە لە ئەگەری گۆڕان. بەدەربڕینێکی تر، کەسێتییەکی ناتەندروستی دەبێت و ئەو تێڕوانینەی لادروست دەبێت کە (دەوروبەرەکەم، هەربەم شێوەیە سەیرم بکەن و متمانەم پێنەکەن، بۆچی وازبهێنم باهەر بەردەوام بم). دروستبونی ئەم هەستە لەناخ و تێڕوانینی هەر کەسێکدا هەمو ئەگەرەکانی گۆڕان لاواز دەکات و ئەگەرەکانی سوربون و بەردەوامبون بەهێزتر دەکات. بەکورتی ئەم پەندە بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بە گۆڕان نییە و کەسێتییەکە وەکو خۆی بەنەگۆڕی دەهێڵێتەوە.

١١٨) **گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە.**

ئەم پەندە ئەوە دەگەیەنێ کەنەوەی نوێ (منداڵ)، هەڵگری هەمان سیما (خەسڵەت) و رەفتارو رەوشتەکانی نەوەی پێش خۆیەتی(باوان). واتا لەهەردولایەنی بۆماوە و ژینگە، هەمان سروشتمان

پێدەبەخشنەوە.ئەم پەندە، بۆ هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی و بەکاردێت، واتا سیماو رەوشتە سەرەکییەکە لای پنجەکەیە کە باوانە، یان ئەوەی پێشترە و ئەوەی نوێ کەمنداڵەکانن یاخود گیایەکەیە، کۆپیی نمونەکەی پێش خۆیەتی. ئەم پەندەش باوەڕی بەگۆڕان نییە کەدەشێ لەهەردو لایەنی بۆماوەو ژینگەی کۆمەڵایەتی هەروەها هەردو جەمسەری ئەرێنی و نەرێنیدا گۆڕانکاری روبدات و نمونە تازەکە هەڵگری هەمان سیماو رەفتاری نمونەی پێشتر نەبێت، چونکە گۆڕان لەیەکەی کاتدا رویداوە و کاتێکی زۆر لەنێوان هەردو نمونەکە یان نەوەکەدا هەیە. لەم پەندەدا کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئامادەییەکانی تاك ( استعدادات الفرد) فەرامۆشکراوە، کەدەشێ لەوماوەیەدا و لە جیاوازیی تاکەکاندا جیاوازیی تر دروست بوبێت و ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە رەفتارو کەسێتیی تاکەکاندا. دەتوانین بڵێین ئەم پەندە بڕیارێکی پێشوەختە لەسەر کەسێتیی نەوەیەك یان کەسێك کە هەڵسەنگاندنەکە لەسەر خودی خۆی نەبووە بەڵکو بۆ کەسەکانی پێشترو لەو گەورەتر بووە، کە زۆ جار ئەم بڕیارە بە هەڵەماندا دەبات و سیماکانی کەسێتیی کەسێك بەسەرکەسێکی تردا دەسەپێنێت کە دەشێ زۆر جیاوازبن. واتا ئەم پەندەش باوەڕی بە گۆڕان نییەو بوار بە گۆڕان نادات، بۆیە دەشێ کەسانێك بە هۆی باشی و دەرکەوتویی باوانیان خۆیان بە کەسێتییەکی باش نیشان بدەن و لە راستیشدا خاوەنی کەسێتییەکی پێچەوانە بن. یاخود بە پێچەوانەوە، خۆی خاوەنی کەسێتییەکی باش بێت، بەڵام بەهۆی ناتەندروستیی کەسێتی نمونەکانی پێشوی (ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی)، دەوروبەرەکەی پێیانوایە کە ئەو نمونەیەکی کۆپیکراوی ئەوانە، واتە (گیا لەسەر پنجی خۆی رواوەتەوە)، جارێکی تر هەمان رێچکە بگرێتەبەرو ببێتە خاوەنی هەمان کەسێتی.

بەشێکی تری سیمای زیندوێتی و چەقبەستویی ئەوەیە کە هەندێ جار جوڵەیەك یان سیمایەکی گۆڕانکاری بەدیدەکرێ، بەڵام بە دەربڕینی پەندێکی دژە ئاراستە ئەم جوڵەیە کپدەکرێتەوە. بۆ نمونە:

**١١٩) تۆبەی گورگ، مەرگە.**

**١٢٠) ئەوەی بە بێوەژنی دەیکەی، بە کچێنی بتکردبا.**

**١٢١) پەشیمانی دادنادا. ( کەڵکی نییە)**

**١٢٢) (.....) بەپیری تۆبە دەکات.**

**١٢٣) قومارچی لە بێپوڵیدا تۆبەدەکا.**

**١٢٤) سواربون عەیبێك و دابەزین دو.**

ئەم پەندانەو چەندانی تریش دژی گۆڕان و نوێبونەوەن، لەبەرئەوە هیچ بوارێك بە گۆڕانکاری نادەن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی؛ ئەو ژینگەیەی کە ئەو پەندانەی تێدا بەکاردێت، گۆڕانگاری زۆر بە گران تێدا روبدات یان هەر رونەدات. واتا کەسێتییەکان کەسێتیی چەقبەستو دەبن، چونکە پەندەکان هاندەر نین بەڵکو هەمیشە هەستی پەشیمانکردنەوە و ساردکردنەوە دروستدەکەن. هەروەها گەر پەشیمانی بە کەڵك بێت (داد بدات)، بەشێك لە هەڵەکان یان خراپییەکان چەندبارە نابنەوە، بەڵام چونکە ( پەشیمانی دادنادات)، زۆربەی هەڵەو خراپەو تاوانەکان بەردەوام دەبن و گۆڕانکاری بە ئاراستەی ئەرێنی رونادات. گەر هەمان تێڕوانین لەسەر ئاستی کۆمەڵیش بخەینەڕو، هەمان ئەنجام دەبینینەوە، چ لە بواری کارگێڕی یاخود رامیاری یان کۆمەڵایەتیدا. زۆربەی گۆڕانکاری و چاکسازییە دەرنگوەختەکان بە پەندێك لەو پەندانە بەرپەرچ دەدرێنەوە یان هەمو ئەو کەس و رێکخراو و بزوتنەوە و حیزبانەی مەبەستیانە گۆڕانکاری لە سیستەمی بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتییدا بکەن، کۆمەڵ سەیری ژینگەی سەرهەڵدان و رابردویان دەکات؛ پێش ئەوەی سەرنجی بۆچون

و بیروڕاو بەرنامەی گۆڕانکارییەکانیان بدات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوەڕو متمانەی بە گۆڕانکاری نییەو خۆی دڵنیا دەکاتەوە لەوەی کە :

**١٢٥) کەشکیش برای دۆیە.**

**١٢٦) ژنی خراپ منداڵی ڕەسەنی لێناکەوێیەوە.**

**١٢٧) کیژی داکخرا، پەسند نینە.**

**١٢٨) دێڵی حیز، گۆڵی گورگخنکێنی لێ نابێ.**

بەشێکی ئەم پەندانە ڕاستەوخۆ باس لە پەروەردە دەکەن. بەهۆی ئەوەی کە منداڵ لەسەرەتاوە لەگەڵ دایکیدایە و بەشێکی زۆری کردەی پەروەردە لەئەستۆی دایکە؛ لەبەرئەوە تێڕوانین بۆ گۆڕان و دروستبونی جیاوازی لەنێوان نەوەکان لێرەدا نییە. کە ئەمانەش دیسان سیمای گۆڕانکاری لە کەسێتیی تاك و کۆمەڵدا بەرەو چەقبەستویی دەبەن و گەشەکردن و بەرەوپێشچون دەوەستێنن، یان زۆر دوایدەخەن، چونکە ئەمانە هۆکارێکن بۆ پێشگریکردن لە گۆڕان.

ئەم پەندانەی خوارەوەش بەهەمان لێکدانەوەی پێشتر، بەبۆچونی ئێمە، دژە گۆڕانن و هۆکارن بۆ گەشەنەکردن و چەقبەستویی وخولخواردنەوە لە کایەیەکی سنوورداردا.

**١٢٩) تەبیعەت دەرمانی نییە.**

**١٣٠) ئەوەی لە مشك بێ جەواڵ ئەدڕێ.**

**١٣١) بزن تارەت هەڵناگرێ.**

**١٣٢) مار بە مار خۆی نەچی، حەرامە.**

**١٣٣) سەگ، هەر سەگی لەپاش بەجێ دەمینێ.**

**١٣٤) گورگ و مەڕ بەیەکەوە ناژین.**

**١٣٥) داکی ببینەو دۆتی بخوازە.**

**١٣٦) دەستی شکاو، جێی خۆی ناگرێتەوە.**

**١٣٧) سەگ ناکرێ بە ئەمینداری کولێرە.**

**١٣٨) قونێك فێرە تڕین بی، پێی تەرك ناکرێ.**

**١٣٩) هەرچۆنێك بێت، هێستر دایکی ماییەو باوکی کەرە.**

**١٤٠) دەستێ بەدزی و قنگێ بە حیزی فێربوبێ؛ بەمردن نەبێ رزگاری نابێ.**

حەزنەکردن بە گۆڕانکاری، سیمایەکە لە سیماکانی کەسێتیی گۆشەگیر( المنطوی) و کەسێتی نەسەلمێن (العنیدة). لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە، کۆمەڵی خێڵەکی حەز بە گۆڕان ناکات. (خێڵ لەگەڵ گۆڕاندا نییە و هەردەم فۆبیای گۆڕانی لەگەڵدایە و سڵی لێدەکاتەوە) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :٣٢١).

لەبەرامبەر ئەو ئاراستەیەدا، ئاراستەکەی تر دەبینرێ کە باوەڕی بە گۆڕان هەیە و دژی چەقبەستوییە و پێییوانییە کە گیا لەسەر پنجی خۆی بڕوێتەوە، بەڵکو پێیوایە کە:

**١٤١) مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکات.**

**١٤٢) ئینسان گا نییە، تا دەمرێت لە پێستێکدا بمێنێتەوە.**

واتا دەشێ نمونەی پێشو نمونەیەکی خراپ یان کەسێتییەکی ناتەندروست بوبێت، بەڵام ئاساییە کە نمونە تازەکە کەسێتییەکی پەسەند و تەندروست بێت. لەم پەندانەدا تایبەتمەندییە کەسییەکان لەبەرچاو گیراوە. کاتێ

ئەم دەربڕینە بەکاردێت گوێگرکان تێدەگەن کە هەر کەسێك کەسێتییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە کەسانی تری دەوروبەری جیاوازە.
هەر لەو ئاراستەیەدا، جۆرێکی تر لە باوەڕبون بە گۆڕان تێبینی دەکرێت کە تەنیا باوەڕیان بە گۆڕانی نەرێنی هەیە نەك گۆڕانی ئەرێنی بۆیە دەوترێ:

**١٤٣) عاقڵ کەر دەبێ، کەر عاقڵ نابێ.**

**١٤٤) عاقڵ شێت دەبێ، شێت عاقڵ نابێ.**

واتا باوەڕی بەگۆڕان هەیە، بەڵام تەنها لە بەشی یەکەمی پەندەکەدا، لەباشەوە بۆ خراپ یا لەئاساییەوە بۆ نائاسایی و نەگونجاو و نەشیاو کە گۆڕانێکی نەرێنییە، لەبەر ئەوە دیسان کەسێتییەکی چەقبەستو بە ئاراستەی ئەرێنی دروستدەکات.
هەر لەو ئاراستەیەدا (باوەڕبون بەگۆڕان)، جیاوازیی رەگەزی (نێرومێ) بەزەقی دێتەناو بابەتەکەوە و وەك لایەنێکی سەرەکی لە تێڕوانین بۆ گۆڕانی کەسێتی و رەفتاری مرۆڤەکان رۆڵدەگێڕێ. لەپەندێکدا دەوترێ:

**١٤٥) بابتڕن چادەبێ، داکتڕن چانابێ.**

لێرەدا تێڕوانین بۆ گۆڕانی ئەرێنیی رەگەزی مێ لەئاستی سفردایە وشیاوی گۆڕان نییە، بەڵام رەگەزی نێر، شیاوی گۆڕانە و بەئاراستەی ئەرێنیدا دەگۆڕێت. کاتێك ئەم پەندە بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ بەکاردێت، تێڕوانینێکی نەرێنی بەرامبەر بەڕەگەزی مێ لەلای دروست دەبێت کە (رەگەزی مێ شیاوی گۆڕانکاریی ئەرێنیی نییە)، ئەمەش دەبێت بە بنەمایەك بۆ بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانی لەداهاتودا و لەگەڵیدا گەورە دەبێت و دەبێت بەبەشێك لە کەسێتیی.

لەکۆمەڵی کوردیدا گۆڕانێکی روکەشی هەست پێدەکرێ، بەڵام ناوەرۆکی گەلێك لە بابەت و کێشەکان هەروەك خۆیانن. ئەمەش دەیسەلمێنێ کە (بەها کۆمەڵایەتییەکانی کە لە رابردودا پەیڕەودەکران نەگۆڕاون و تائێستاش زۆربەی خەڵك پێیانەوە پەیوەستن. ئەمەش واتای ئەوەدەگەیەنێ کە ململانێی نێوان بەها شارستانییە نوێیەکان و بەها خێڵەکییە کۆنەکان بەردەوامە)(بختيار ابراهيم فتاح :٢٠٠٧: ١٥٠).
ئەوەی لەو پەندانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە پەندە دژەگۆڕانەکان لەژمارەدا گەلێك زۆرترن لە پەندە گۆڕانخوازەکان، هەروەها کەسێتیی رەشبین بەرهەمدەهێنن.
ئەم دەربڕین و زاراوانە کەرستەی بنیادی پەندەکانن ( گیا، پنج، روانەوە، کەشك، دۆ، جەواڵ، گورگ، دێر، سەگ، مشك، بزن، مەڕ، هێستر، ماین، کەر، سواربون، دابەزین، گا، پێست، مریشك، هێلکە...) کەهەمویان رەنگدانەوەی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی – ئاژەڵدارن.

## ٢/٣-٦) خێڵگەرایی:

لەبەشی یەکەمدا سەرەتایەك لە دیاردەی خێڵگەرایی لەکۆمەڵی کوردیدا باسکرا، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو پەندانەی کە بەردەوامی بە سیستەم و پێکهاتەی خێڵ دەدەن، بخەینەڕو.

**١٤٦) کەر و هێستر لەقە لەیەك نادەن.**

ئەندامانی خێڵ، ئەگەر بیروبۆچونی جیاوازیشیان هەبێت، شەڕو کێشەیان لەگەڵ یەکتریدا نابێت، یاخود نابێ هەیانبێت، چونکە پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن لەنێوانیاندا هەیە. ئەگەر کێشەش هەبێت ئەوا خاڵێکی لاواز و نەنگی بۆ خێڵەکە دەهێنێتە ئاراوە و پێویستە بەزویی چارەبکرێت، نابێ درێژە بکێشێت چونکە بەتێڕوانینی ئەوان خێڵەکانی تر پێی ئاسودە دەبن. لەم بارەیەوە چەند پەندێکمان هەن :

١٤٧) **گورگ، یەکتری هەڵنادڕن.**

١٤٨) **خەنجەر، کالانی خۆی نابڕێ.**

١٤٩) **سەگ، گۆشتی سەگ ناخوات.**

١٥٠) **نینۆك و گۆشت لێکنابن.**

پەیوەندیی تاکەکانی خێڵ، لەسەر بنەمای خزمایەتی و خوێن دامەزراوە (محەمەد فەریق حەسەن حەسەن:٢٤)، لەبەرئەوە خزمایەتی گرنگییەکی زۆری هەیە و لەپەندەکانیشدا رەنگیداوەتەوە.

١٥١) **خزم، گۆشتت بخوا؛ ئێسقانت ناشکێنێ.**

١٥٢) **خزم، لەدین بێ ( ببێت )، لە خوێن نابێ.**

١٥٣) **خزم، قیبلەیە؛ قەت خراپ نابی.**

لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەشدا تێڕوانینێکی تر بۆ خزم هەیە؛ تەواو پێچەوانە و دژە، کە دەڵێ :

١٥٤) **پیاو، لەکوانوی خۆیەوە ئاو دەچێتە ژێری.**

واقیع و رووداوەکانی ژیان، ئەم راستییەیان سەلماندووە کە ئەوەی خزم پێت دەکات بێگانە ناتوانێت، بەڵام تائێستاش بەشێوەیەکی گشتی لەکۆمەڵی کوردیدا خزم خزمێنە و خێڵگەرایی زاڵە.

بڕیارێکی تری نادروستی خێڵ قبوڵکردنی رەها و پێشوەختی هەمو لایەنێکی ئەرێنی و نەرێنیی ئەندامەکانی خۆی و رەتکردنەوەی بەرامبەرە. بەدەربڕینێکی تر ئەندامانی خێڵەکە بەهەمو رەفتار و سیما نەرێنییەکانییەوە لەکەسێکی باشی دەرەوەی خێڵ باشتر و پەسەندتر و لەپێشترە. ئەمەش چەند نمونەیەکە لە پەندەکان:

١٥٥) **سە بە؛ لەقەومی خۆ بە.**

١٥٦) **خزم زۆر بن؛ با گا و گۆلك بن.**

١٥٧) **شێتێکی ناسیاو لە عاقڵێکی نەناس باشترە.**

١٥٨) **کەپو، کەپوی خۆتە با چڵمنیش بێت.**

١٥٩) **خزم قیبلەیە؛ قەت خراپ نابی.**

مرۆڤی خێڵەکی، ئارامی و بونی خۆی تەنیا لەناو خێڵەکەیدا دەبینێتەوە، لەبەرئەوە لەدەرەوەی خێڵدا هەست بە ترس و تەنیایی و دڵەڕاوکێ و نامۆیی دەکات و دڵنیایی لەدەستدەدات و بونی دەکەوێتە مەترسییەوە. بەشێوەیەکی تر؛ هەردەم خێڵ پشتیوان و قەڵغانێکی گەورەیە بۆی. ئەمەش بەڕونی لەهەندێ پەندی خێڵگەرادا رەنگدانەوەی هەیە :

١٦٠) **مەڕ لەمێگەل دابڕێ؛ گورگ دەیخوا.** یان، **مەڕی بێشوان؛ گورگ دەیخوا.**

١٦١) **دەفری بێسەرپۆش؛ پوشی تێدەکەوێ.**

١٦٢) **ئارو، بەبڕکەوە جوانە.**

هەمو ئەو پەندانە پێماندەڵێن، کە مرۆڤ بەبێ خێڵ، جگە لە بونەوەرێکی لاواز و بێدەسەڵات هیچی تر نییە. لەڕاستیشدا ئەم بۆچونە لەکۆمەڵێکی خێڵەکیدا راستە؛ چونکە دواجار هێز و دەسەڵات بڕیار دەدات و شتەکان یەکلایی دەکاتەوە، کە تاك بەبێ خێڵ ئەو هێزەی نییە.

تاکی کورد، بەرادەیەك لە دەوروبەر و ئەندامانی کۆمەڵ و خێڵ دەترسێت کە پێیوایە:

١٦٣) **لۆمەی عەبدی، لەعەزابی قەبری ناخۆشترە.**

ئەم جیهانبینییە وادەکات کە تاکەکانی کۆمەڵ، هیچ هەوڵێك بۆ دەرچون لەیاساکانی کۆمەڵ و خێڵ نەدەن؛ نەك توشی لۆمە و سزاکانیان ببنەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە سزاکانی خێڵ لەسزاکانی ئاین توندتر بن.

ئەو پەیوەستبونەی ئەندامانی خێڵ بەیەکترییەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە بیروڕای جیاواز ،لەناو خێڵدا، زۆر کەم بێت و دژیەکی تیایدا کەم بێت و گۆڕان تیایدا ڕونەدات و هەمو بۆچونێکی جیاواز بەدژایەتی و هەڵگەڕانەوە و دەرچون لە یاسا و نەریتەکانی خێڵ لێکبدرێتەوە، ئەمەش کارێکی نەشیاوە و بە بێوەفا و بێئەمەك و لادەر لەقەڵەم دەدرێ و پێی دەوترێ:

**١٦٤) ریوی لەکونی خۆی هەڵگەڕێتەوە؛ گەڕ دەبێ.**

١٦٥) **تفی سەرەوژور، بە ڕوی خۆت دەکەوێتەوە.**

لەبەرامبەر ئەو پەیوەستی و هاوچارەنوسییەدا، خێڵ، وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، پشتیوانی لە ئەندامەکانی دەکات و لەکاتە سەختەکاندا بەرگرییان لێدەکات، بۆیە وتویانە :

**١٦٦) مەڕ، پێ لەبەرخی خۆی نانێ.**

١٦٧) **عێل باوانی عێلە.**

لەم پەندانەی سەرەوەدا، تێبینیی ئەوە دەکرێ کە :

١. بەشێکیان دەربڕینی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی- ئاژەڵدارین.
٢. زۆر سەرسەختانە بەرگری لەسیستەمی خێڵایەتی دەکەن کەلەئێستادا ئەو سیستەمە پەسەند نییە و گرفت و کێشەکانی گەلێك لەباشییەکانی زۆرترن.
٣. سەبارەت بە چەندێتی و چۆنیەتیی ئەندامانی خێڵ؛ چۆنیەتی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو چەندێتی گرنگە؛ واباشە ژمارەی ئەندامانی خێڵ زۆر بێت، چونکە مانای زۆریی هێز دەگەیەنێت.

## ٢/٣-٧) ڕێکخستن وکارگێڕی:

ژینگەو سروشتی کوردستان و هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە، وایکردووە کە بەڕێوەبردن و کارگێڕی لە شوێنە جیاوازەکاندا سەخت و جیاواز بێت. کورد، بەگوێرەی کۆمەڵەکەی بیری لە زۆربەی لایەنەکارگێڕییە گشتی و تایبەتییەکان کردۆتەوە، لێیان راماوە و سەرنج و تێبینیی لەسەریان هەبووە. لەبەر ئەوە ژمارەیەکی بەرچاو پەندی بۆ ڕێکخستن و کارگێڕی وتووە. لەسەر زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، کارگێڕی، ماڵداری، دابەشکردنی کار و تەنانەت ئاخاوتن و بیستن و راستگۆیی و... هتد پەندمان هەیە. بەکارهێنانەوەی پەندەکان لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵدا، پێویستە رەنگدانەوەیان هەبێت.

لەرابردودا، بەحوکمی زۆریی کارگێڕیی بچوك بچوك لەکوردستاندا، هەر کۆمەڵە دێیەك کارگێڕو سەرخێڵێك (ئاغا، بەگ، کوێخا...)بەڕێوەی بردوون و سەرۆکایەتیی کردون. ئەم هەمو کارگێرییە و نەبونی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتو و زۆریی ئیشوکارە جەستەییەکان و سروشتی کۆمەڵی کوردی کە کۆمەڵێکی دەرەبەگی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە هۆکارێکی گرنگ بون بۆ وردبونەوە لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنیان و کارکردن تیایاندا.

گرنگیی پلاندانان لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵدا لەئاستێکدایە کەئێستاو ئایندەی کۆمەڵی لەهەمو بوارەکاندا پێوەبەندە. کورد، بەئەزمون، بەو باوەڕەوە گەیشتووە کە کاری بێپلان سەرکەوتنی ئەستەمە و ئەنجام و ئامانجی چاوەڕوانکراو بەدی ناهێنێ. بۆیە جەخت لەسەر پلان و بەرنامەڕێژی کراوەتەوە.

**١٦٨) پێش ئەوەی بچیتە ناو بیر، بیرلە هاتنەدەرەوەت بکەوە.**

لێرەدا جەخت لەسەر پلاندانان بۆ کارەکان کراوەتەوە، بەشێوەیەك کە بزانرێ هەنگاوە یەکبەدواییەکەکان چین و چۆنن و دواتر چی رودەدات و چۆن چارە دەکرێن.

**١٦٩) فێرە رۆیشتن بە، ئینجا غاردە.**

ئەم پەندە جەخت لەسەر پلەبەندی لە کارکردندا دەکات، کەناکرێ یەکسەر لە هەنگاوی دووەم و سێیەمەوە دەست بەکارکردن بکرێت، یان لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا یا لەئاڵۆزەوە بۆ ئاسان. ئەم پەندە پێیوایە کە ئەو کارانەی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، پەیوەستییەکی پلەبەندییان هەیە.

کاردابەشکردن، لەپلاندانانندا بەشێکی گرنگە و کورد باوەڕی پێی هەبووە کەپێویستە هەرکارێك بەپێی سروشتی خۆی و تواناو کارامەیی کەسەکان دابەش بکرێن.

**١٧٠) نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب.**

واتا کورد سودی کاردابەشکردنی زانیوە. شارەزایی و توانای کەسەکانی بۆ سەرکەوتنی کارو پیشەکان لەبەر چاو گرتووە.

**١٧١) دو گندۆرە بەدەستێك هەڵناگیرێ.**

**١٧٢) قەزوانکرۆشتن و مانگا دۆشینیان نەوتووە.**

ئەنجامدانی زیاتر لەکارێك لەیەك کاتدا و لەلایەن یەك کەسەوە (بەتایبەتی گەر سروشتی کارەکان لەیەکەوە دوربن) لەگەڵ بنەماکانی پلاندانان و وردی و پسپۆری و کاردابەشکردندا ناگونجێت و لەئاستی (Quality) ئەنجامی کارەکان کەمدەکاتەوە. هەروەها رەهەندی کات، لەم پەندانەدا، بەهەند وەرگیراوە و بەشێك بووە لە پلانی کارەکان.

**١٧٣) کەنگرو ماست بەوەعدی خۆی.**

جەخت لەوە دەکاتەوە کەپێویستە کاتی کارەکان لەبەر چاو بگیرێت و بەگوێرەی سروشتی کارەکە رەفتار لەگەڵ کاتدا بکرێت، چونکە پێشخستن و دواخستنیان، بەبێپلان، ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. هەروەها پێیانوایە کە هیچ کارێك، بەگەورەو بچوکیانەوە، لەخۆڕا ئەنجام نادرێت و تەواوناکرێت، هەمیشە پێویستە کەسێك دەستپێبکات و هەنگاوبنێت بۆ ئەنجام دانیان.

**١٧٤) کاری ئەمڕۆ، مەخەرە سبەینێ.**

**١٧٥) ئیش شێرە، کەدەستت پێکرد ڕێوییە.**

**١٧٦) ئیش کەرە، تاڵیینەخوڕی ناڕوا.**

**١٧٧) پەلەکردن پەشیمانی لەدوایە.**

هەندێك لە پەندەکان فێرمان دەکەن کەکاری بێهودە نەکەین، چونکە ئەنجامی نابێت؛ وزە و توانای هزری و جەستەیی و کات بەفێڕۆدەچن :

**١٧٨) نەبۆ کوێر هەڵپەڕە، نەبۆ کەڕ گۆرانی بڵێ.**

**١٧٩) کەزانیت نازانیت مەیکە.**

هەندێکی تر لەپەندەکان هەڵوێست و چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکانمان بەشێوەیەکی دروست فێر دەکەن:

**١٨٠) راستبە و بڕۆ ڕێی شێر.**

**١٨١) پاك بە؛ بێباك بە.**

ئەم پەندانە کەسێتیی متمانە بەخۆ بەرهەم دەهێنن.

هەندێك لەپەندەکان، دەرهاویشتەی باری ئابورین و پلانێکی ئابوری بەگوێگرەکانی دەگەیەنێت. لەزۆربەی بوارەکاندا، تەنانەت لە ئاخاوتنیشدا، جۆرێك لەئابوریکردن فێری کۆمەڵ دەکەن.

**١٨٢) دەستبڵاوی ئەمڕۆ، سواڵکەری سبەیە.**

**١٨٣) ئەوەی هەتە، هەموی سەرف مەکە. ئەوەی دەیزانی، هەموی مەڵێ. ئەوەی دەیبیستی، بەهەموی باوەڕمەکە.**

**١٨٤) تاقسە زۆر بێ، ئیش کەم دەبێ.**

**١٨٥) قسەی کورت درێژ مەکە. ڕێی نزیك دور مەکە.**

ئەم پەندانەی خوارەوە ڕێکخستن و کارگێڕییەکی تایبەتییان هەیە و ڕێنمایی زۆر بەسود بۆ ڕێکخستن بەتاك و کۆمەڵ دەبەخشن.

**١٨٦) قسە لەکن ساحێبی گیرنەبێ، لەکن خەرکی ناشرێتەوە.**

**١٨٧) بزن، بۆ شەوێك جێی خۆی خۆشدەکات.**

**١٨٨) تا ماشە هەبێ، دەستی خۆت مەسوتێنە.**

**١٨٩) شوان، تادانیشێ، ڕانەکەی دور ئەکەوێتەوە.**

**١٩٠) بەرزفڕین، ملی پیاو ئەشکێنێ.**

**١٩١) هەمو شت بەخوێ، خوێش بەمەعنا.**

**١٩٢) شەڕ بەشیر، مامەڵە بەدراو.**

**١٩٣) چێشتی زۆرکابان یان سوێرە یان بێخوێیە.**

چەند پەندێکی ترمان هەن، کە ڕادەستبون بەواقیعیان تێدایە و هەستی بەرەنگاربونەوە و کۆڵنەدان لای تاك و کۆمەڵ دروستناکەن، بەڵام جۆرێك لە خۆگونجاندن و خۆڕێکخستنیان تێدایە، کەمرۆڤ کاری ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێکبخات.

١٩٤) ڕیش، نەبێ بەتوشتەوە، کەبو بەتوشتەوە ئەبێ شانەی بۆ هەڵگری.

١٩٥) کراسەکەت لەقەدەر قوماشەکەت ببڕە.

١٩٦) ئەوەی هەمو شت لەبەرکا، قەت ڕوت نابێ. ئەوەی هەمو شت بخوا، قەت برسی نابێ.

بەسەرنجدان لەو پەندانەی کە لە ڕێکخستن و کارگێڕیدا خرانە ڕو، تاکە خاڵێکی نەرێنی کە هەبێت رادەستبونە بە واقیع لەو پەندانەی کۆتاییدا بەرچاو دەکەون. بەشێوەیەکی تر هەمویان لایەنی ئەرێنییان هەیە. هەر کۆمەڵێك کار بەو پەندانە بکات کەسێتی متمانە بەخۆ و تەندروستی دەبێت. لەڕوی ڕێکخستن و کارگێڕیشەوە باشترین بەڕێوەبردنی لەگشت بوارەکانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و... دا دەبێت، کە هەمو کارێك وەکو پێویست لەکات و شوێنی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا کۆمەڵی کوردی، نەوەکانی بەو پەندانە پەروەردە دەکات؟ یاخود لەواقیعی کۆمەڵی کوردیدا بەڕێوەبردن و حوکمڕانیی ئێستای کورد، هەژمون و رەنگدانەوەی ئەو پەندانەی بەسەرەوەیە؟

بەپێی ئەو ئامار و راپرسییانەی رۆژانە لەمیدیا و دەزگا و ڕێکخراوە نیمچە فەرمییەکاندا دەخێنە ڕو، حوکمڕانیی کورد زۆر لەئاستی پێویست لەخوارترە و هەژمون و رەنگدانەوەی ئەو پەندە کارگێڕییانەی تێدا بەدیناکرێت. ئەمەش دیسان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارێکی تر، کەبۆ چی لەگەڵ ئەم هەمو لایەنە ئەرێنییەی کەپەندەکان هەیانە، کەچی کاریگەرییان نییە ؟

ئایا سەردەمی پەندەکان بەسەر چووە ؟ یان پەیوەندی بە سروشتی پێکهاتە و کەسێتیی کۆمەڵی کوردییەوە هەیە ؟ کە ئەمەیان پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی.

هەروەها بەگوێرەی ئەو دەربڕینانەی کەلەپەندەکاندا بەکارهاتون، وەك : گندۆرە، کەنگر، ماست، شێر، رێوی، کەر، لێخورین، بزن، ماشە، شوان، ڕان (مێگەل )، بەرز فڕین..... دەردەکەوێت کەئەم پەندانە هی کۆمەڵێکی کشتوکاڵیی - ئاژەڵدارین.

### ٢/٣-٨) ئـــاین:

ئاین، بریتییە لەبەرنامەیەك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئەو هێزەی کەباوەڕی پێی هەیە. (ئاین سەرچاوەی وزە و پاڵنەرێکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی ریشەیی؛ چونکە گەیشتن بەکۆمەڵێکی نوێ، بەبێ گۆڕانێکی قوڵ لەویژدانی مرۆڤدا، ئەستەمە) (اریك فروم:١٩٨٩ :١٢٥). کۆمەڵی کوردی، کۆمەڵێکی فرەئاینە و زۆرینەی موسڵمانن. بەسەرنجدان لە دەربڕینەکانی رۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردی، هەست بەهەژمونی ئاین، بەتایبەتی ئیسلام، لەدەربڕینەکاندا دەکرێت. ئێمە پێمانوایە کە :

**ڕێژەی بەکارهێنانی دەربڕینەکان = ڕێژەی ئامادەیی چەمکەکان لەکۆمەڵدا**

بەدەربڕینێکی تر، زۆری و کەمیی دەربڕینە ئاینییەکان، بەهەژمونی ئاین لەکۆمەڵدا پەیوەستن.

باوەڕبون بەنادیار(الغیب) و بەیەزدان و دەسەڵاتە ڕەهاکانی، لەسەر تاپای ژیان و مردنی مرۆڤدا بەچارەنوس و ئەجەل و باوەڕداری و کافربونیشەوە، بەشێکی سەرەکین لەپەندە کوردییە ئاینییەکاندا.

١٩٧) **رسق و ئەجەل غايبن.**

ئەم پەندە رەنگدانەوەی ئەم ئایەتەیە ﴿... **وماتدري نفس ماذا تكسب غدا وماتدري نفس بأي أرض تموت...**﴾( لقمان : ٣٤).

**١٩٨) مردنيش بەنۆرەيە.**

**١٩٩) سەر بێ ئەجەل ناچێتە ژێر گڵ.**

**٢٠٠) برا لەپشت برا بێ، مەگەر قەزا لەلای خودا بێ.**

٢٠١) **ئەوەی لەخوای غافرە؛ كافرە.**

**٢٠٢) خوا كەسی بێكەسانە.**

٢٠٣) **لەوە بترسە، لەخوا ناترسێ.**

هەندێ لەپەندەكان باس لەچارەنوس دەكەن، كەباوەڕبون بەدەسەڵاتی رەهای یەزدان و بێدەسەلاتیی مرۆڤ لەئاست روداوەكان و گۆڕینی ئەنجامی كارو چارەنوسدا پیشان دەدەن.

٢٠٤) **وەهایە وەهانابێ، ئەوەی خودا بنوسی بەكەس رەت نابێ.**

ئەمەش هەژمونی ئەم ئایەتەیە ﴿ **قل لن يصيبنا إلا ماكتب الله لنا...** ﴾ ( التوبة : ٥١).

٢٠٥) **چارەنوس بەكەس رەت نابێتەوە.**

٢٠٦) **چ لەنیوچەوانی نوسرابێ، دەگاتە جێ ( هەرئەوەیە ).**

٢٠٧) **خوایار بێ، بادوژمن هەزار بێ.** ( ئەم پەندە، تاكێكی كەمتەرخەم و بێ بەرنامە بەرهەم دەهێنێ )

٢٠٨) **خوا، بۆ هەر دەردێك دەرمانێكی داناوە.** ( واتا بەدوای چارەسەردا بگەڕێ، هەیە)

**٢٠٩) كاری خوداو تەگبیری عەبدی زۆر لێكدورن.**

٢١٠) **دەسەڵاتی كاری خوامان نییە.** یاخود، **لەگەڵ كاری خوادا هیچ ناكرێ.**

هەژمونی زمانی ئەم پەندانە لەهەندێ باردا زۆر ئەرێنین؛ لەكاتی ڕودانی هەر كارەساتێكدا گەر مرۆڤ وابیر بكاتەوە كەئەم كارە ویستی یەزدانەو هەردەبو وابێت، هیچ كەس و هۆكارێك نەیدەتوانی ئەو ئەنجامە بگۆڕێت، ئەوا رازیبون و رادەستبونە بەو واقیعە و دەرنەچونە لەویستی یەزدان و رێگرە لەهەوڵدان بۆ هەر كارو رەفتارێكی تر كەدەشێ روداوی خراپترو ناخۆشتری بەدوادابێت. بەپێچەوانەشەوە لەكاتێكدا ئەو تێڕوانینە لەئارادا نەبێت، واتا باوەڕنەبون بەدەسەڵاتی رەهای یەزدان و بێدەسەڵاتیی مرۆڤ، تێڕوانینێكی تر هەژمونی دەبێت كەوادەكات مرۆڤەكان بەدوای هۆكاری روداوەكاندا بگەڕێن كەلەئەنجامدا هەندێجار بیری تۆڵەسەندنەوە و سزادان و هەستكردن بەئازاری ویژدان و خۆسەرزەنشتكردنی درێژخایەنی لێدەكەوێتەوە، كەئەمانەش هەندێجار نەرێنین و ئەنجامی باشیان نابێت. هەروەها دەشێ هاندەربێت بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هۆكارو چارەسەری گرفتەكان.

هەرلەو پەندانەدا کەرەهەندێکی ئاینییان هەیە، باس لەدابەشکردنی داهات و دەسکەوتەکان کراوە، کەئەمیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ خراوەتەوە پاڵ یەزدان و ڕۆڵی خودی مرۆڤ پەراوێزخراو و بێسود پیشان دراوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کەقسەی ئێمە تەنیا لەسەر پەراوێزخستنی هەوڵەکانی مرۆڤە.

٢١١) **خوا بتداتێ، ناڵێ کوڕی کێی.**

ئەم پەندە باس لەنەژاد و خێڵ و بنەماڵە دەکات، بەڵام بەلای رەفتارو هەوڵ و کارەکانی مرۆڤدا نەچووە.

٢١٢) **خوا،ماڵی لەقەدەر ردێنی پیاوی دەدا.** ( ردێن پێوەرێکی لۆژیکی نییە).

٢١٣) **خوا، تاسەربدا، رزقیش ئەدا. یان سەری بێرزق لەژێر خاکدایە.**

٢١٤) **خوا تادەرگایەك نەکاتەوە، دەرگایەك داناخات.**

لەم پەندانەدا، هەوڵ و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ هیچ ئەژمارێکیان بۆنەکراوە، ئەمەش لەگەڵ گوتارە ئاینییەکەدا ناگونجێت کەدەڵێت: ﴿ **لیس للانسان الاماسعی**﴾ (نجم :٣٩) بۆچونەکە وایە کە خۆتان هەوڵ بدەن، یەزدانیش هاوکارتانە، بەبێ هەوڵی خۆتان هیچ کارێك رونادات یاخود ﴿... **ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا مابأنفسهم...** ﴾ ( الرعد :١١) گەر خۆتان نەگۆڕێن، خوا هیچ شتێکتان بۆ ناگۆڕێت.

ئەو جیهانبینییەی کەپێیوایە مرۆڤ پێویستی بەهیچ کارو بیرکردنەوەیەك نییە هەموشتێك لەسەروی ئەوەوە یەکلایی کراوەتەوە و هەوڵەکانی خۆی بێسود و بێبایەخن، بەشێوەیەکی رونتر و راشکاوتر لەم پەندانەدا دەردەکەوێت.

٢١٥) **ئەگەر خوا هێنای، پاڵدەوە.**

٢١٦) **ئەگەر خوادای، بنو. ئەگەر خوا بردی، هەر بنو.**

رۆڵی مرۆڤ، لێرەدا، سفرە. ئەم جیهانبینییە، نابینایە. رەهەندی کات بۆ بیرکردنەوە و کارکردن و بەئاگابون، بەهەمان شێوە سفرە. ئەم پەندانە مرۆڤێکی هەوڵدەر و کارکەرو بیرکەرەوە بەرهەم ناهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، مرۆڤێکی تەمبەڵ و کارنەکەر و بیرکۆڵ و بێبەرنامە بەرهەم دەهێنن، واهەستدەکات پێویستی بەبیرکردنەوە و هەوڵدان نییە، چونکە خۆی رادەستی روداوەکان کردووە کەنازانێ بەرەوکوێی دەبەن.
داهێنەرو پەیرەوکەرانی ئەم پەندانە لەخاڵێکدا وەستاون؛ چیتر لەسەر زەویدا و لەناو مرۆڤەکاندا بەدوای هۆکارەکاندا نەگەڕاون و ناگەڕێن. هەروەها ئامادەی بیرکردنەوەش نین؛ بەڵکو هەر لەوخاڵەوە گشت هۆکارو چارەسەرەکانیان حەواڵەی ئاسمان و یەزدان کردووە.

چەمکی تەبایی و بەیەکەوە ژیانی کۆمەڵ و بیرە جیاوازەکان سیمایەکی شارستانی و مرۆییە. لەئاینی ئیسلامیشدا باسی لێوەکراوە؛ ﴿ **إنا جعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفو ان اکرمکم عندالله ...**﴾(الحجرات:١٣) بەڵام لەپەندێکدا دەوترێ :

٢١٧) **گاور کوشتن غەزایە. بێمروەتیش بەڵایە.**

ئەم پەندە دوچەمکی دژیەکی تێدا کۆکراوەتەوە،کە (کوشتن و بێمروەتی) ن. لێرەدا قسە لەسەر بەشی یەکەمی پەندەکە دەکرێت کە دژی بەیەکەوە ژیانی ئاینە جیاوازەکانە. دەربرینی (گاور – کافر) لەئاینی

ئیسلامدا بۆ نەیارانی ئیسلام و خەڵکانی ناموسڵمان بەکاردێت. گەر لەئێستادا کاربەم پەندە بکرێت چەندبارەبونەوەی بەکۆمەڵکوشتنی هاوشێوەی ئێزیدی و ئەرمەنەکان، کارێکی چاوەڕوانکراو دەبێت. لەکاتێکدا کوشتنی بێهۆکار یان بەمەبەست لەئایندا ڕێگەپێدراونییە ﴿... **فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر**...﴾ (الكهف: ٢٩). هەروەها ﴿ **من قتل نفس بغير نفس اوفساد فى ألارض وكأنما قتل الناس جميعا**... ﴾ (المائدة:٣٢). لەلایەکی تریشەوە ئەم پەندە ڕەوایی بەکوژرانی ئەو کوردانە دەدات کەسەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان بەرگرییان لەخاك و ئاینی خۆیان کردووە، چونکە بەم پێوەرە ئەوان کافربون. ئەم دژایەتیکردنەی ئاینەکانی تر پانتاییەکی فراوانتری وەرگرتووە و بۆ ناو بوارەکانی تری ژیانیش گوازراوەتەوە :

٢١٨) **حە فت بەرازی بکوژی، بەکافرەکی هەیە.**

بەراز، بەهۆی ئەوەی ئاژەڵێکی زیانبەخشە بۆ کشتوکاڵ و لەئاینی ئیسلامدا بە ئەرێنی باس نەکراوە و گۆشتەکەی بۆ خواردن ناشێت، ئەمانە وایانکردووە ئەم پەندە بێتە ئاراوە. کارکردن بەو پەندە کێشەی نێوان ئاینەکان قوڵتر دەکات و هاندەرە بۆ ئەو کەسانەی کەناتوانن خەڵکی (کافر) بکوژن، روبکەنە بەراز کوشتن کەئەمەش لەگەڵ ئاژەڵ دۆستیدا کۆك نییە. لەلایەکی تریشەوە جەخت لەکوشتن دەکاتەوە کەئەوپەڕی توندوتیژییە. هەروەها مرۆڤی ناموسڵمان و ئاژەڵی لەیەك ئاستدا داناوە.

٢١٩) **هەزار گوناح و یەك تۆبە.**

یەکێکە لەو پەندە باوانەی لەکۆمەڵی کوردیدا زۆر بەکاردەهێنرێ. چەمکی (گوناه) لەو پەندەدا پۆلێن نەکراوە و زۆر گشتییە. پەندەکە بەڵگەیە بۆ بەخشندەیی و میهرەبانیی یەزدان، کەدەکرێ بەدو جۆر لێیکبدرێتەوە :
لایەنێکی ئەرێنی ئەوەیەکە مرۆڤ لەلێبوردەیی یەزدان بێهیواناکات و هەر کاتێك بیەوێت دەتوانێ بگۆڕێت. مرۆڤ بۆ گەڕانەوە بۆ لای یەزدان و دورکەوتنەوە لەڕەفتارە نەخوازراو و خراپەکان هاندەدات. هەمان تێڕوانین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مرۆڤ بۆ خراپەو ڕەفتاری نابەجێ هاندەدات، بەوەی کەلەئێستادا لەسەر ئەو ڕەفتارانەی بەردەوام بێت و وازهێنان و گەڕانەوە کە لە پەندەکەدا بەتۆبە ناوبراوە، بۆ کاتێکی نادیار دوابخات، چونکە لەبەخشندەیی و لێبوردەیی یەزدان دڵنیایە.

٢٢٠) **خوا کێو نەبینێ، بەفری تێناکا.**

واتاهیچ ڕوداوێك نابەجێ و بێهۆ نییە. زیاتر بۆ ئەو کاتانە بەکاردەهێنرێت کە کارەساتێکی نەویستراو بەسەر کەسێك یان کۆمەڵێکدا دێت، کەدەوروبەرەکە بەشایانی نازانن. بەدەربڕینێکی تر، یەزدان هەرشتێك بەسەر هەر خەڵکێکدا بهێنێت، داناییەکی (حکمة) تێدایە و بێهۆنییە و شایانیەتی. ئەم پەندەش وابەستەیی و پەیوەستیی کۆمەڵی کوردی بەئاین و دەسەڵاتی ڕەهای یەزدانەوە دەسەلمێنێت، کەپێویستە مرۆڤەکان بەهەمو کارو ڕوداو و پێشهاتێك ڕازی بن کەبەسەریان دێت، چونکە ویستی یەزدانی لەسەرەولەجێی خۆیەتی.

٢٢١) **ئەولادی خراپ، غەزەبی خوایە.**

ئەمەش جارێکی تر هەڵاتنە لەبەرپرسیارێتی و دۆزینەوە و دانانن بەهەڵە و هۆکارەکان و گێرانەوەیانە بۆ ئاسمان. مەبەست لە(خراپ) لەم پەندەدا لادانە لەبنەما پەروەردەیی وکلتوری و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ و خێزان، کە کەسێتیی دژەکۆمەڵ وناتەندروست دەگرێتەوە. لەپێکهاتەی کەسێتیدا باس لەوەکراوە کەپەروەردە رۆڵی سەرەکی لەدروستبونی کەسێتیدا دەگێرێت. بەدەربڕینێکی تر، پەروەردە، بەرپرسی یەکەمە لە چۆنیەتیی کەسێتیی تاکەکانی کۆمەڵ. لەمەشدا کۆمەڵ و کلتوربەرپرسن و کردەکە لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەچێت. واتا خێزان وکۆمەڵ لەبونی (ئەولادی خراپ) بەرپرسن، بەڵام خێزانەکان ناتوانن یان نایەنەوێ بەرپرسیارێتییەکە بگرنە ئەستۆ، بۆیە بە (بەغەزەبی خوا) ی دەزانن و دەناسێنن. ئەمە کەمکردنەوەیە لە گرنگی و بەهای کردەی پەروەردەکردن، چونکە هەر چۆنێك منداڵ پەروەردەبکرێت، گەر خوا غەزەب لەباوانی منداڵەکە بگرێت؛ ئەوا خراپ دەردەچێت و مرۆڤەکانیش لەئاستیدا بێچارە و دەستەوستان دەبن.

بەتێروانین لەو پەندانە، دەربرینەکانی { خوا (زۆر جار )، رسق، ئەجەل، قەزا، کافر، عەبد، غەزەب، گوناح، تۆبە، پێغەمبەر، غەزا} بەرچاو دەکەون، کە گشتیان رەهەندی ئاینییان هەیە و جگە لە (خودا) کە گشتییە، هەمویان دەربڕین و رەنگدانەوەی ئاینی ئیسلامن. بەدەربڕینێکی تر، لەپەندەکاندا هەژمون و کاریگەریی ئاینەکانی تر نابینرێن.

## ٣/٢-٩) پشتبەخۆبەستن و کۆڵنەدان:

پشتبەخۆبەستن یان متمانە بەخۆبون، چەمکێکی بنەڕەتییە لەبنیادی کەسێتیدا و ئامانجێکی سەرەکیی کردەی پەروەردەکردنە. لەم بارەیەوە، کۆمەڵێك پەندی کوردی هەن کە کەسێتیی متمانە بەخۆو پشتبەخۆبەستو بەرهەم دەهێنن.

٢٢٢) **خۆڵی بەر ئاگردانی خۆت بخۆی لەپڵاوی خەڵك باشترە.**

٢٢٣) **گۆشتی رانی خۆت بخۆ لەمنەتی قەساب باشترە.**

٢٢٤) **ئەو ئیشەی خۆت پێتدەکرێ، بەکەسی مەکە.**

٢٢٥) **ئیش بەدەست و مستی خۆت نەبێ، فایدەی نییە.**

٢٢٦) **خێڵی پەنا بەخوا،ساڵی دوجار تاڵان دەکرێن.**

٢٢٧) **دەست پانکەیتەوە، لەپێ دەکەویت.**

٢٢٨) **هەرچی بۆی نەکۆشی؛ پێی ناگەی.**

٢٢٩) **ئاو بتبا، لەپردی نامەرد مەپەڕەوە.**

٢٣٠) **بەتەمای چەلاوی خەڵك نان لەقاپ مەگوشە.**

٢٣١) **ئەوەی بەتەمای دراوسێ بێ، بێ شیو سەر ئەنێتەوە.**

٢٣٢) **دەستەبرا بەتەمای دەستە خوشکێ، هەر بێ ژن دەبێ.**

٢٣٣) **بەتەمای مەلای لەئیمانی مەگەڕێ.**

٢٣٤) **کوڕ بە مەلەی باوکی ناپەڕێتەوە.**

جیهانبینییی ئەم پەندانە پشبەخۆبەستنە. بەگشتی پێمان دەڵێن کە لە خاڵێکی دیاریکراودا بەهیوای هاوکاری و هەوڵی خەڵکانی تر مەوەستن و کۆڵ مەدەن، بەڵکو لەهەوڵدان و کۆششکردن لەکارەکاندا بەردەوام بن و هەنگاوی کارەکانی خۆتان بەرەوپێش بەرن تا بەئامانج دەگەن. واتا بەدیهێنانی ئامانجێکی بچوك، یان بەشێك لەئامانجێکی گەورە بەهەوڵی خۆت زۆر باشترە لەبەدیهێنانی ئامانجێکی گەورە، کەبەهەوڵ و ماندوبونی خۆت نەبێت.

هەرچەندە ئەم پەندانە لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤ و هاوکاریکردن کە کۆڵەکەی دروستبونی کۆمەڵن یەکناگرنەوە، بەڵام پێمانوایە کەئەم پەندانە هێندەی پشتبەخۆبەستن بەرهەم دەهێنن بەو ڕادەیە دژایەتی هاوکاریکردن ناکەن. لەبەرئەوە پێویستە گرنگیی زیاتریان پێبدرێت لەبواری جێبەجێکردن و لەژیانی رۆژانەدا جەختیان لەسەربکرێتەوە و کاریان پێبکرێت، چونکە ئەو نەوەیەی کار بەم جیهانبینییە بکات نەوەیەکی متمانەبەخۆ و پشتبەخۆبەستو دەبێت.

## ٢/٣-١٠) رادەستبون (خۆبەدەستەوەدان):

رادەستبون، واتا وازهێنان لەهەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەنجامەکان و بەرەنگاربونەوەی دژوارییەکان. بەدەربڕینێکی تر، رازیبونە بەو واقیعەی کەهەیە یان سەپێنراوە، کەمەرج نییە ئەم واقیعانە رەوابن و لەبەرژەوەندیی گشتی و تاکدابن، بەڵام کۆمەڵێك هۆکار بونەتە هۆی زەمینەسازی و رێکخستنی لایەنەکانی و لەکۆتاییدا واقیعێك بەرهەم هاتووە کە یادەبێ بەرەنگاریی بکرێت و کەس پێی رازی نەبێت، یاخود دەبێ پێی رازی بن و رادەستی بن. لەکۆمەڵی کوردیشدا کۆمەڵێك پەند هەن کەپێچەونەی پەندەکانی پێشترن و بەتەواوی سیمای رادەستبونیان پێوە دیارە. هەرگیز تاکەکانی کۆمەڵ بۆ روبوڕوبونەوە و بەرەنگاری و هەوڵدان هاننادەن. بۆ نمونە :

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣٥) | **کەچویتە شاری کوێران؛ دەست بەچاوتەوە بگرە.** | ( خۆونکردن ) |
| ٢٣٦) | **لەگەر عامێ، هەروە شامێ.** | (توانەوە لەناو کۆمەڵدا ) |

ئەم دو پەندە لێسەندنەوە و بەتاڵکردنی مرۆڤە لە بیرکردنەوە، کە گرنگترین سیمای مرۆییە. واتا بەمێگەلکردنی کۆمەڵی مرۆییە. هەروەها بەتەواوی پێچەوانە و دژایەتیی لەگەڵ جیهانبینیی بونگەراکاندا هەیە کە دەڵێن: من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم.

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣٧) | **ئاو بەهەورازا هەڵناگەرێ.** | (هەوڵ مەدە) |
| ٢٣٨) | **ئاو کە رژا؛ خڕناکرێتەوە.** | (هەوڵ مەدە) |
| ٢٣٩) | **کە ڕیشت هات؛ ئەبێ شانەی بۆ هەڵگری.** | (رادەستبون) |
| ٢٤٠) | **ئاسنی سارد مەکوتەوە.** | (هەوڵ مەدە - کاری بێهودە) |
| ٢٤١) | **دوای کڵاوی بابردو مەکەوە.** | (هەوڵ مەدە) |
| ٢٤٢) | **لەدو چوان مەچو.** | (هەوڵ مەدە) |
| ٢٤٣) | **دنیا سێبەرە؛ هەتا بچیە دوی نایگەیێ.** | (هەوڵ مەدە ) |

بەسەرنجدان لەو پەندانە تێبینی ئەوە دەکرێ کەنەك هەرگیز هەوڵی گۆڕینی واقیعەکان نادرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵی پەشیمانکردنەوە و ساردکردنەوەی کەسانێك دەدەن کەدەیانەوێ هەوڵێك بۆ دروستکردنی جیاوازی بدەن، یان بەو واقیعە رازی نەبن کەهەیە.
هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە کەدەنگ و رەنگێکی جیاواز لەو دەنگ و رەنگە بڵاو و زۆرەی کۆمەڵ، دەنگ و رەنگێکی ناوێزە دەبێت و کارێکی بێهودە و بێسود ونەویستراوە. هەمو ئەمانەش جارێکی تر رێگای رادەستبون بەواقیع پیشانی تاکەکانی دەدەن نەك بەرەنگاربونەوە.

لەهەندێ پەندی تردا بابەتەکە، لەوەی باسکرا، قوڵترە؛ نەك تەنیا رادەستبون بەواقیع پیشان دەدات، بەڵکو جگە لەوە شکانی بەهای تاك و خۆبەکەمزانینیش پیشان دەدات :

**٢٤٤) پیاو بەدۆستی داکی نەوێری؛ دەبی پێی برێ خارە.**

**٢٤٥) دەستێك نەتوانی بیبری، ماچی بکە.**

**٢٤٦) ناتوانی بەگژیابچی؛ تەعزیمی لێ بکە.**

**٢٤٧) پیاو لەناچارییا بەجولەکە دەڵێ : بەرێشی مەردانەت قەسەم.**

**٢٤٨) گەر سەری دراوسێکەتیان تاشی، سەری خۆت بخوسێنە.**

ئەم جیهانبینییە زۆر کورتبین و بەرتەسکە. دەوروبەر و جیهان بەسەر دو ڕەنگی ڕەش و سپیدا دابەش دەکات (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨ :٤٩). لەنێوان ئەم دو رەنگەدا رەنگی تر زۆرن، بەڵام ئەو هیچیان نابینێت. ئەم پەندانە وا لە تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن کە ئەگەر نەیتوانی سپی بێت، ئەوا پێویستە رەش هەڵبژێرێت. لەپێکهاتەی ئەم پەندانەدا دژیەکییەك هەیە، بۆ نمونە ( پێنەوێران وخارە، دەستبڕین و دەستماچکردن، بەگژداچون و تەعزیمکردن،... هتد). لەنێوان هەریەك لەم جوتە چەمکانەدا، کۆمەڵێك چەمکی تر هەن کەئەم جیهانبینییە نایانبینێت. بۆنمونە لەنێوان بەگژداچون و تەعزیمکردندا، بەگژدانەچون و بەرگریکردن و قسەکردن و داواکردن و بێدەنگی و... هەن، کەجیاوازییان لەگەڵ تەعزیمکردندا زۆرە، بەڵام ئەم پەندە نایانخاتەڕو. لەبەرامبەردا رێگای زەلیلی و ریسوایی پیشانی نەوەکان دەدات. بەکارهێنانی ئەم پەندانە لەپەروەردەی نەوەکاندا، کەسێتیی پشتبەخەڵکبەستو بەرهەم دەهێنن کەنزمی و زەلیلی و خۆبەکەمزانین و رادەستی قبوڵ بکات.

## ٣/٢-١١) خۆپەرستی:

خۆپەرستی[١]، دیاردەیەکی ترە لەهەندێ لەپەندەکاندا بەرچاو دەکەوێت و بەکارهێنانیشیان، جارێکی تر، خۆپەرستی بەرهەم دەهێنێتەوە. لەخۆپەرستیدا، تاك، بەرژەوەندی و حەزە تایبەتییەکانی خۆی دەخاتە سەروی بەرژەوەندیی گشتییەوە. لەجیهانبینیی ئەودا تەنیا خۆی بونی هەیە. هەندێجار کەسێتییەکی نەرگسییەو لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە زۆر خۆپەرستە. گەر سەرنجی ئەم پەندانە بدەین، ئەو بارە دەخەنە ڕو کەباسکرا.

**٢٤٩) کەمن نەمام، باڵەدوای من دنیا وێران بێ.**

١) لە بەشی یەکەم (٢/١-١) و بەشی دووەم (٣/٢-١١- ٤)ی ئەم نامەیەدا باسی خۆپەرستی کراوە.

۲٥۰) وەختەکی ئەمن لەتێنان خنکام، یارەبی قەترە ئاوەك لەئاسمانێ نەیەتە خوارێ.

۲٥۱) لەمن نەدەن لەبرام بدەن؛ وەدەزانم لەجواری کای دەدەن.

۲٥۲) هەرماڵێك من لێی بوم بێبەری؛ چ دۆم بیبا، چ تەتەری.

۲٥۳) دنیا پڕ (. . .) بی، بستەك لەمن دوربی.

۲٥٤) ئاگرە سورە، لەخۆم دورە.

۲٥٥) هەر پەنجەو خوێنی خۆی لێدێ.

۲٥٦) نازانم رەحەتی گیانم.

ئەمە ئەو بارە مەترسیدارەیە کەتاك، جگە لەخۆی، هەست بەکەسی تر ناکات. یان خۆی لەسەروی مرۆڤەکانی ترەوە دەبینێت یاخود بەچاوێکی نامرۆڤانەوە لەدەوروبەر دەڕوانێت.
ئەم پەندانە کەسێتییەك بەرهەم دەهێنن لەلوتکەی خۆپەرستیدایە و هەندێ لەسیماکانی کەسێتیی دژەکۆمەڵیان تێدایە. جیهانبینییەکی نامرۆڤانەی هەیە (مەبەست لەوەیە هەست ناکات ئەوانەی دەروبەری وەکو ئەو مرۆڤن).

### ۲/۳-۱۲) هەلپەرستی:

لەپەندێکی تردا هەستدەکرێ جیهانبینییەکە بووە بەئێستابینی، چونکە تەنیا لەئێستادا دەژی.

۲٥۷) حازری بەناحازر مەدە. لەسەر فرسەتی باز مەدە.

۲٥۸) نان ئەو نانە، ئەمڕۆ لەخوانە.

ژیان لەم پەندانەدا نەڕابردو و نەداهاتوی نییە. تەنیا ئێستا ژیانە، ئێستا بونە. هەست بەوە ناکات کەڕابردو ئێستای بەرهەمهێناوە. هەروەها بیر لەنزیکترین کاتی داهاتوش ناکاتەوە.

۲٥۹) ئەگەر بات بو بایدە. ئەگەر بات نەبو گێ بدە خۆت ماتدە.

۲٦۰) حەقی کفن بەمن ببڕێ؛ مردو گۆڕبەگۆڕ بێ.

ئەم پەندانە لەلوتکەی هەلپەرستیدان و کەسێتیی هەلپەرست بەرهەم دەهێنن. لەزۆربەی سیما مرۆییەکانی وەك ویژدان و سۆزو بەزەیی بەتاڵکراون، چونکە ژیان تەنیا لەو هەلەدا دەبینن کەبۆیان هەڵدەکەوێت تا قۆرخی بکەن.

### ۲/۳-۱۳) سامان و چینایەتی :

باری ئابوری، هۆکاری سەرەکیی دروستبونی چینەکانی کۆمەڵ بووە، کەدابەشیکردون بۆ چینی بۆرژوا و بۆرژوای بچوك و کرێکار (پرۆلیتار). لەڕابردوی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردیدا بونی ئەم دیاردەیە، بەچەمکە مارکسییەکەی، جێگای گومانە، چونکە ئەم چینانە خاوەنی بەرهەمێکی ئەوتۆنین و ئەم تێروانین و گفتوگۆیەش لەتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا جێگای نابێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سادە جیاوازیی باری ئابوری هەژمون و رەنگدانەوەی لەسەر بیرو کلتورو ژیانی کۆمەڵی کوردیدا هەبوە؛ لەزمانیدا رەنگیداوەتەوە و

بۆتـە هـۆی دروسـتبونی جیـاوازی لەپێگـە و بـەهای کۆمەڵایـەتیی تاکەکانـدا[1]. (پەنـدیش بەئاوێنـەی بـاری چینایـەتی و کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیریی کۆمـەڵ دادەنرێـت لەقۆناغـەکـانی گەشـە و پەرەسـەندنی مێژویـی و شارستانیدا) (عادل گەرمیانی:).

کێشەی ئاغا یان دەرەبەگ لەگەڵ جوتیارو هەژاراندا، کێشـەیەکی ئـابوری – کۆمەڵایـەتیی زۆر کۆنـە، تائێسـتاش درێـژەی هەیـە و بـەپێی قۆناغـە مێژوییـەکان شـێوازی جیـاوازی وەرگرتـووە. (قۆنـاغی دەرەبەگایەتی، تاکو ئێستا رۆڵە مەعنەوییەکەی ماوە و تـەنیا رۆڵـە ئابورییەکەی کزبووە و خۆی لەشێوەی سـەرداریتیی خێڵ و هەنـدێ پاشماوەی بیروبـاوەڕی سـەردەمی دەرەبەگایەتیدا دەنوێنێ) (عـادل گـەرمیانی:) لـەڕوی کۆمەڵایەتییـەوە، ئاغاکـان پلەیـەکی بـەرزتریان پێبەخشـراوە، بـەڵام ئێمـە پێمانوایـە کەئەوپلەیـە رەهەندێکی ئابوریی هەیە کەدواتر پاراستنی ئـەو پێگە ئابورییە پێویستی بـەهێزو دەسـەڵات هەیـە کەئـەوان هەیانە.

ئەمانە هۆکاری سەرەکی جیاوازییەکانن کەدەبن بەهۆی دروستبونی جیاوازیی تر، نـەك رەهەنـدی مرۆیـی و کۆمەڵایـەتی. ( لـەڕوی ئەسڵ و رەچەڵەکـەوە هیچ جیاوازییـەك لـەنێوان ئاغاو کرمانجدا نییـە، ئەگـەر چـی ئەوان خۆیان بەباڵاتر دەزانن ) (محەمەد فەریق حەسەن :٢٠٠٨: ٧٣). لەم چەند پەندەدا کێشەی چینایەتی و لادێ و شاری هەروەها تێڕوانینی چینەکانیش سەبارەت بەیەکتری بەڕونی دەردەکەون :

٢٦١) **کرمانج، کە پارەی بو؛ یاژنی هەردەگری، یان پیاوی دەکوژی.**

٢٦٢) **کرمانج، هەویری جۆیە؛ هەتا بیشێلی کەمە.**

٢٦٣) **کرمانج، ئەگەر تێر بی؛ یا(.....)، یا(......).**

٢٦٤) **جو و جۆت، کرمانج و خاتونییان نەگۆتییە.**

ئەمە جیهانبینییەکی رەگەزپەرستانەیە و بەسەرنجدانیان دەردەکەوێ کەدەربڕینەکان هی (کرمانج) نین بـەڵکو یان هی (ئاغا) کانن یان هی (شاری) یەکانن. پەروەردەکردنی نـەوەکان بـەم پەندانـە جیاوازی و گرفتـەکان قوڵتردەکاتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی کۆمەڵایـەتی و مرۆیـی. لەبەرامبـەر ئەمەشدا خـەڵکی تـر دەڵێن :

٢٦٥) **ئاغا ببێ بەپرد، بەسەریا مەڕۆ.**

ئەم پەندانەش جارێکی تر جیاوازییە چینایەتییەکان دەسەلمێنن :

٢٦٦) **بەکارەکەر بڵێی خانم؛ کاسەو کەوچك ئەشکێنێ.**

٢٦٧) **ئاشەوانیی ئاشی میران؛ خوڵامەتییە.**

٢٦٨) **نانەکی کەمتر بخۆ، خورامەکی زیاتر راگرە.**

٢٦٩) **بمنوێنن بەجلی گایە؛ پێمبڵێن ژنی ئاغایە.**

٢٧٠) **نۆکەری ماڵی خۆتبە و ئاغای جێیان.**

٢٧١) **نانی ئاغایان بۆ نۆکەران منەتی نییە.**

---

[1]) بروانە (٦/١) لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا.

٢٧٢) **نۆکەری بێخەڵات و بێبەرات؛ تاجی سەری ئاغایەتی.**

لەگەڵ ئەمانەشدا، پەند هەیە کە جیاوازیی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە و مرۆڤەکان بەیەکسانی سەیردەکات و پێیانوایە کە ناشێ مرۆڤ، بەواتا چینایەتی و مرۆڤایەتییەکەی، بچوك و خزمەتکار بێت:

٢٧٣) **بچوکی کەس مەبە، بچوکی خۆت بە.**

سەبارەت بەسامانیش،دوجیهانبینیی جیاواز لەپەندەکاندا هەن :

یەکەم / پێیوایە سامان لاوەکی و بێبایەخە. هەروەها هەندێ لایەنی نەرێنیی سامان دەخاتە ڕو. ژمارەی ئەم پەندانە کەمن.

دووەم / پێیوایە سامان بنەمایەکی بنەڕەتیی ژیانە و بەئەرێنی لێی دەڕوانێت، هەندێجار بەهاو گرنگییەکەی دەگات بەبەهاو گرنگیی خودی مرۆڤ، ژمارەی پەندەکانیش زۆر زیاترن.

## ٢/٣-١٣-١ ) جیهانبینیی یەکەم:

٢٧٤) **پارە (ماڵی دنیا )، چڵکی دەستە.**

چڵك : +پیسی +خراپی +زوپەیداکردن +زولەدەستدان

بەشێوەیەکی گشتی جیهانبینیی ئەم پەندە وایە کەسامان هێندە ناهێنێ مرۆڤ بەشێکی زۆری تەمەنی بۆ تەرخان بکات، چونکە ئەو سیمایانەی هەیە کەباسکران.

٢٧٥) **پارەی زۆر، سەر شۆڕی ئەهێنێ.**

٢٧٦) **سەروەتی گەورە، دەردی گەورەیە.**

٢٧٧) **تەماع سەڕی نەبڕی؛ سەرت ئەبڕێ.**

٢٧٨) **پیاو هەتا پتری لەپاش بەجێ بمێنێ، خەفەتی پتر دەباتە بن گڵی.**

٢٧٩) **ئەوەی دەیخۆی ماڵە، ئەوەی دەمێنێتەوە میراتە.**

ئەم جیهانبینییە، زۆر بەسادەیی و لاوەکییەوە دەڕوانێتە باری ئابوری و سامان و پارە. گەر لەڕەهەندی مرۆیی و بەهای کۆمەڵایەتییەوە سەیری ژیان و مرۆڤ بکەین؛ لۆژیکێکی مەزن لەو پەندانەدا هەیە، ئەویش مرۆڤ لەهەمو شتێك بەنرخترە، بەڵام لەواقیعی ئێستای کۆمەڵی کوردیدا، هەست بەهەژمونی ئەم پەندانە ناکرێ. ئەو کێشە ئاڵۆزو کارەساتە گەورانەی کەئێستا لەکۆمەڵی کوردیدا لەسەر پارەو باری ئابوری لەئارادان، پێچەوانەی ئەو پەندانە دەسەلمێنن. لۆژیکێکی تر لەپشت ئەو پەندانەوە هەیە، ئەویش چۆنیەتیی بەدەستهێنانی سامانە. بەدەستهێنان بەدو ڕێگادەبێت؛ یەکێکیان ڕێگای تەندروستە کەسامانەکە هێندە زۆر نابێت ببێتە کێشە بۆ خاوەنەکەی. ڕێگای دووەمیش ناتەندروستە کەبەشێکی ئەم پەندانە مەبەستیانە (سەرشۆڕی ئەهێنێ). پێویستە بپرسین ئایا ئەو پەندانە کاڵفامانە سەیری ژیان و گرنگیی ئابوری دەکەن ؟ یاخود مرۆڤەکان تێڕوانینیان گۆڕاوە و ئەم پەندانە لەکارکەوتون و سەردەمیان بەسەر چووە ؟

هەمو کێشە مرۆییەکانی سەر گۆی زەوی لەسەر لایەنی ئابوری بووە، یان ئابوری هۆکاری سەرەکیی کێشەکان بووە بەئێستاشەوە. ئایا بەڕاستی پارە چڵکی دەستە ؟

۲-۱۳-۲/۳ ) جیهانبینیی دووەم:

۲۸۰) **کەپارەت بو؛ کەس ناپرسێ کوڕی کێی.**

۲۸۱) **هەر کەسێ نانی نەبێ، ناوی نییە.**

۲۸۲) **شتی کەم، تیز بەخاوەنییەوە دەکا.**

۲۸۳) **نازت بەقەد جیازت.**

۲۸٤) **ئەوەی کەرێکی نەبێ، کەرێك ناهێنێ.**

ئەمە دەربڕینی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی – ئاژەڵداریی نامرۆڤانەیە. ئەژمارکردنی بەهای مرۆڤ بەڕێژەی هەبون یان نەبونی سامان، کەمکردنەوەو شکاندنی بەهای مرۆڤ و لەمرۆڤایەتیخستنی مرۆڤە.

پەروەردەکردنی مرۆڤ بەم پەندانە (ئەوانەی دواتریش)، کۆمەڵێك بەرهەم دەهێنێت کەتیایدا ئەم جیهانبینییە پەیڕەو دەکرێت :

## بەهای مرۆڤ = سامانەکەی یان بەهای کەلوپەلەکانی

لەم جیهانبینییەدا، داهێنان و ئەدەب و هونەر و زانست و تەنانەت ئاینیش، هیچ بەهایەکیان نییە، چونکە

۲۸۵) **دەوڵەمەندی (هەبونی)، هەمو عەیبێك دادەپۆشێ.**

تەنانەت بنەماڵە و نەژاد و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیش، هیچ بونێکی نامێنێ و رەفتار و رەوشت و کەسێتیی مرۆڤیش ئەژمار ناکرێ. لەم پەندانەدا وتراوە :

۲۸٦) **هەبوبە، کوڕی گو بە.** ( ئەمە لێسەندنەوەی مرۆڤایەتی و پێبەخشینی سامانە).

۲۸۷) **ئەگەر هەتبی بەمام و خاری، ئەگەر نەتبی بێکەسوکاری.**

۲۸۸) **هەتا گندۆر گندۆربو؛ قەوم و قیلەمان زۆر بو، گندۆر هاتە بڕانێ؛ خزم هاتنە قڕانێ.**

۲۸۹) **زەنگینی؛ هەنگینی. فەقیری؛ زەهیری.**

۲۹۰) **کەس بەپیاوی فەقیر ناڵێ ماڵت لەکوێیە.**

۲۹۱) **کیسەی پڕ برادەری زۆرە.**

ئەم پەندانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەبون و نەبونی سامانەوە پەیوەستن.

جگە لەو سیمایانەی کەباسکران هەندێ سیمای تر لەو پەندانەدا بەدیدەکرێ :

۲۹۲) **پیاوی باغەرگەرم، زەینی ڕۆنە.**

واتا سامان و لایەنی مادی، دەبێتە هۆی کرانەوی بیر. ئەمەش دژایەتی ئەو وتەیە دەکات کەپێیوایە (پێویستی، دایکی داهێنانە).

۲۹۳) **پارەی خۆت بدە و مەلای لەمزگەوتێ دەرکە.**

سامان، بێباکی و دەستڕۆیشتویی بەخاوەنەکەی دەبەخشێ.

۲۹٤) **فەقیری، سەر بەپیاو شۆڕ دەکا.**

نەبونی سامان، دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەرزی و ئازادییەکانی تاك. ئەم پەندە دژایەتی لەگەڵ پەندێکی پێشتریشدا هەیە کەباسکرا (**پارەی زۆر سەر شۆڕی ئەهێنێ**).

یەکێك لەپەندەکان ڕەهەندێکی دەرونیی هەیە. لایەنێکی دەرونیی مرۆڤ دەخاتە ڕو کەپێویستییەکانی مرۆڤ کۆتایی و تێربونیان نییە. سامانیش یەکێکە لەپێویستییە سەرەکییەکان و ئامرازێکی سەرەکیشە بۆدابینکردنی بەشێکی زۆری پێویستییەکانی تر. لەبەر ئەوە مرۆڤ، بەردەوام هەوڵی کۆکردنەوەی دەدات.

٢٩٥) **ماڵ هەتا زۆرترە؛ شیرنترە.**

ئەوە دەردەخات کەمرۆڤ تاسامانی زیاتری هەبێت، چێژی زیاتر لێوەردەگرێت و لەلای خۆشەویستتر دەبێت. لەهەمان کاتدا هەندێکیان خەرجییەکانیان کەمتر دەکەنەوە بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی سامانەکەیان. ئەمەش ئەو بارە دەرونییەیە کەسامان لەلای مرۆڤ دروستی دەکات.

لەم پەندانەدا، تێبینی دەکرێت کەهەندێکیان بەڕونی ناوی (پیاو) دەهێنن و ئەوانی تریش بەناڕاستەوخۆ هەر مەبەستیان پیاوە. واتا بەهیچ شێوەیەك (ژن) لەو پەندانەدا هەژمونی نییە. ئەمەش بەڵگەیە کە ڕەگەزی مێ سەرچاوەی داهاتی خێزان نەبووە (تەنیا گەر فرۆشرابێت)، بۆیە لە هیچ پێگەیەکی ئابوریدا ئەژماری بۆ نەکراوە و لەپەندەکاندا ناوی نەهاتوە.

ئەم دەربڕینانە لەپەندەکاندا بەدیدەکرێن ( فەقیر، دەوڵەمەند، نەبونی، هەبو، ماڵ، میر، خوڵام، کارەکەر، نۆکەر، خزمەتکار، خاتون، خانم، ئاغا، کرمانج، ئاغاژن، کیسەی پڕ، سەروەت، باغەرگەرم، زەنگین، برسی، تەماع، جیاز، ئاشەوان، جۆت، هەویری جۆ، ژنهەڵگرتن، زەڕین...) کەدەرهاویشتەی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی - ئاژەڵداری و سیستەمێکی دەرەبەگایەتین و چینایەتی دەردبڕن.

### ٣/٢-١٤) ڕەهەندی دەرونی:

باری دەرونی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ هەیە و کاراترین ڕەفتاریش بۆ ڕەنگدانەوەی باری دەرونیی مرۆڤ؛ ڕەفتاری زمانییە. واتا ئاخاوتن ڕەنگدانەوەی بیرو باری دەرونیی ئاخێوەرە.

هەستکردن بەکەمی (الشعور بالنقص)، هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبونی بارە دەرونییە ناجێگیرەکان و سەرهەڵدانی ئیرەیی و تانەلێدان و... هتد. چەند پەندێك لەپەندە کوردییەکان ڕەهەندێکی دەرونییان هەیە و جۆرێك لەهەستکردن بەکەمی یان ئیرەیی هۆکاری دەربڕینیان بووە.

٢٩٦) **درێژ، عەقڵیان لەئەژنۆیە.**

٢٩٧) **درێژ، خزمەتکاری کورتانن.**

٢٩٨) **چاوشینی چاوکتکانی، دەستەبرای شەیتانی.**

٢٩٩) **چاوی شین، پەسەند نییە.**

(ج- فیلد، لەلێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیدا، باسی لەسیما و خەسڵەتی جەستەیی کورد کردووە و هەندێ زانیاری خستوتەڕو. لەوانە :

بەرزیی باڵای کورد، بەشێوەیەکی گشتی (١٦٦سم) تێپەر دەکات و پەلیان کورتە و نێوچەوانیان پانە، سەریان خڕە، روخساریان هەندێجار مەیلی درێژی هەیە. لوتیان هەڵۆیانی هەڵکەوتووە و بەحوکمی سەختی و ساردیی سروشتەکەیان؛ مودارن. چاویان رەشە... هتد) ( بختيار ابراهيم فتاح: ٢٠٠٨ :٤١).
بەگوێرەی پەندەکان، لێرەدا، دوخاڵ باس دەکرێن کەبەرزیی باڵاو رەنگی چاون. (١٦٦ سم ) بۆ باڵا پێوەرێکی زۆر نییە و بەلای کورتیدایە نەك بەرزی. واتا بەشێوەیەکی گشتی کورد باڵا بەرز نییە بەڵکو مامناوەندە و بەلای کورتیدایە. ئەم هەستکردن بەکورتییە، بۆتە هۆی ئیرەییبردن بەباڵابەرزەکان، هەردوکیشیان بەیەکەوە ( کورتی وئیرەیی ) بونەتە هۆی وتنی ئەو پەندانە لەسەر باڵابەرزەکان. رەنگی چاویش، کەرێژەیەکی یەکجارزۆری کورد چاویان رەشە و رێژەیەکی یەکجار کەمیش رەنگی چاویان (سەوز یان شین)ە، ئەمەش لەسەردەمێکدا ناوازەیی لەجوانیدا هێناوەتە ئاراوە، بۆتە هۆی وتنی پەندەکانی تر.

ئەم پۆلێنکردنەی کەسێتیی تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای باڵاو رەنگی چاو، جیهانبینییەکی لۆژیکی و زانستیانە و ورد نییە. لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانیان لەکردەی پەروەردەدا، کەسێتییەك بەرهەم دەهێنێ کەباڵا بەرزو چاوشینەکان هەردەم بەدەوروبەرەکەی خۆیان نامۆبن و گومانیان لەبۆچون و تێروانینەکانی دەوروبەریان هەبێت. هەروەها دەوروبەریش تێروانینێکی نەرێنیی لەسەریان دەبێت.

### ١٥-٢/٣) تەمەن:

پێشتر باس لەقۆناغی منداڵی کرا[1] و ئێستاش باس لەپیری دەکەین. قۆناغی تەمەنی پیری بەگوێرەی کۆمەڵە جیاوازەکان، جیاوازی لە دیاریکردنیدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، بەحوکمی هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژویی و سیاسیی کوردستان، کورد تەمەنی درێژ نییە، بەتایبەت لەئێستادا. جیهانبینیی کورد بۆ پیری لەپەندەکاندا بەم شێوەیە:

٣٠٠) **پیری و سەد عەیب.**

٣٠١) **پیری بەعومر ناژمێررێ.**

٣٠٢) **ئاخری عومری و هەوەڵی تڕویی.**

٣٠٣) **پیاو کەپیربو؛ چۆلەکەی پێدەگرن.**

٣٠٤) **گورگ کەپیربو؛ دەبێتە گاڵتەجاڕی سەگ.**

ئەم جیهانبینییە، رەشبینە و بێبەهاییی ئەم قۆناغەی تەمەنی مرۆڤ دەردەخات. وادەردەکەوێ کەتاکی کورد، لەم قۆناغەدا، هەست بەبێکەڵکی و زیادیی خۆی دەکات. واهەستدەکات کەبووە بەبارێکی گران بەسەر ئەو کەسانەی دەوروبەری کەبەشی زۆری تەمەنی خۆی لەپێناو ئەواندا بەڕێکرد. ئەم پەندانە کەسێتیی رەشبین بەرهەم دەهێنن. کاریگەرییان لەسەر قۆناغەکانی تری تەمەنیش هەیە؛ وادەکەن بەرلەهاتنی ئەم قۆناغە بەکاتێکی زۆر، سڵی لێبکەنەوە و مەترسییان لێی هەبێت.
گەنج و تەمەنی گەنجێتی، بەشێکیزۆری کۆمەڵ و تەمەن پێکدەهێنێ؛ قۆناغێکی زێڕینی تەمەنی مرۆڤە، کە لەلوتکەی چالاکی و بوێریدایە، بەڵام لەپەندەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

[1]) بڕوانە (٥/١) لەبەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا.

### ٢/٣-١٦) ناوبانگ :

هەندێ لەپەندەکان جەخت لەناوبانگی[1] مرۆڤ دەکەن و گرنگییەکی زۆری پێدەدەن. بۆنمونە :

**٣٠٥) مردییەکی بەناو، لەزندییەکی بێناو چاترە.**

**٣٠٦) کارێ بکە ناوت بمێنێ.**

ئـەم پەنـدە زۆر روکەشـانە لـەناوبانگ دەدوێ. قـوڵ نییـە و ناوبـانگی پـۆلین نـەکردووە. دیارینـەکراوە کـام ناوبانگی مەبەستە، باش یان خراپ. بێگومان هیچ کەسێك بـە (مامناوەند) بـەناوبانگ نـەبووە، یـا بـەرەفتاری باش و ئەرێنی ناوبانگی هەیە، یان بەپێچەوانەوە. لەو جیهانبینییەدا گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بەناوبانگ بێت. بەکارهێنانی ئەو پەندانە لەپـەروەردەدا، تاکـەکانی کۆمـەڵ بۆ گرینگیدان بـە پەیداکردنی ناوبانـگ هانـدەدات. ئەو تێڕوانینە دروستدەکات کەهەرکارێك بکرێت تەنیا بۆناوبانگ بێت. هیچ کارێك لـەپێناو ویژدان و بـەهای مرۆییدا، بەبێدەنگی، ناکرێت، گەر ناوبانگی پێ دەرنەکرێت. ئەمەش وادەکات هێندەی گرنگی بـەراگەیاندن و ریکلام و زیادەڕۆیی ناوبانگ دەدرێت؛ ئەوەندە گرنگی بەجۆرو چۆنیەتیی کارەکە نـەدرێت چونکـە لـەپێناو ناوبانگدایە، ئەمەش سیمایەکی کەسێتیی پەرکەمییە. ئەم جیهانبینییە دژایەتیی لەگەڵ چەند پەندێکی تردا هەیـە کەپێیانوایە :

**٣٠٧) چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە.**

**٣٠٨) بێناوی لەبەدناوی باشترە.**

ئەم جیهانبینییە جەخت لەسەر کار و ناوبانگی باش لەناو کۆمەڵدا دەکاتەوە. دەبێت بەهاندەر کە نـەوەکان هەوڵ بۆ ئەنجامدانی کاری باش بدەن، کـە لەخزمـەتی کۆمەڵدا بێت، واتـا گرنگی بـە چۆنیـەتی بدرێت نەك چەندێتی. هەروەها بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن کار ناکرێت.

### ٢/٣-١٧) بەخت:

بـەخت، واتـا رودان یـان رونـەدانی کارێك (ئـەرێنی یـان نـەرێنی)، بـەبێ بەرنامـە و پـلان. بەبـەختی و بەدبـەختی، وەڵام و هۆکـاری ئـەو رووداوانـەن کـە بـەپێی پـلان رویاننـەداوە. کـورد، وەك هـەر گـەلێکی تـر، بەرێژەی جیاواز، لەپێشهات و رووداوەکانیدا باوەڕی بە بـەخت هـەبوە و هەیـە. بەشێوەیەکی گشتی، مرۆڤ، کـە لەکارێکدا شکسـت دەهێنێـت، حـەزدەکات جگـە لـەخۆی، هۆکـارێکی تـر بـۆ شکسـتەکەی بدۆزێتـەوە. بەدەربڕینێکی تر لەدەرەوەی بیرکردنەوە و توانـای خۆیدا بۆ هۆکارێك دەگـەڕێت کەشکستەکەی بخاتـە پـاڵ. بەختیش باشترین ئامرازە بۆ ئەو بارە.

**٣٠٩) هەرچی دەبێ، بەخت و ناوچەوان دەیکا.**

لێرەدا پێویستە بپرسین؛ ئامادەیی خودی مرۆڤ لەکوێدایە ؟ رۆڵی بەرنامە و پلان چییە ؟

[1]) بڕوانە (٦/١) ی ئەم نامەیە.

لەچەند پەندێکی پێشتردا سەرچاوەی هەمو کارەکان بۆیەزدان دەگەڕێنرایەوە[1]، کەچی ئێستا بەخت و ناوچەوان ئەو ڕۆڵە دەبینن. ئەمە دژایەتیی جیهانبینیی ئاینییە.

جیهانبینیی کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ هەرچی لەدەوروبەریدا ڕودەدات و هەرچی بەسەری دێت، بەئەرێنی و نەرێنییەوە، یا دەیداتە پاڵ یەزدان یان دەیداتە پاڵ بەخت و ناوچەوان. تەنیا جارێکیش زاتی ئەوە ناکات بیرکردنەوە و بەرنامە و پلانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە و لەڕوداوەکاندا خۆی بەبەرپرس بزانێت، هەرنا، بەشێك لەبەرپرسیارێتییەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەتایبەتی لەڕوداوە نەرێنییەکاندا کەکارەساتیان لێکەوتۆتەوە و لێدەکەوێتەوە. زۆرجار لە پێشهاتە ئەرێنییەکاندا خۆی دەکات بە پاڵەوانی ڕووداوەکان، بەڵام کاتێ ئەنجامەکە نەخوازراو بو دیسان هەڵاتن لەبەرپرسیارێتی بەدیدەکرێت.

٣١٠) **ئەگەر بەختت هەبێ، تەختیشت دەبێ.**

دیسانەوە پلان و بەرنامەو هەوڵەکانی مرۆڤ بونیان نییە، ئەمەش پێچەوانەی ڕاستی و لۆژیکە. بەپێی ئەم جیهانبینییە هەرچی ئێستا لەدەسەڵاتدایە، جگە لە بەختێکی باش هیچی تری نییە و نەکردووە. ئەوە زانین و نەزانینی خودی مرۆڤە کە دەبێتە سەرچاوەی گشت کێشەو پێشهاتەکان نەك بەخت.

٣١١) **بەختی دایك، جیازی کچە.**

لەم پەندەدا بەخت خەسڵەتی بۆماوەیی هەیە. واتا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بە بۆماوە دەگوێزرێتەوە. جارێکی تر بەرنامە و پلان و ژینگە و ئامادەیی تاك و تەنانەت کردەی پەروەردەکردنیش فەرامۆشکراون. بەخت سەرچاوە و هۆکاری ڕوداوەکانە.

لە ڕاستیداپشتبەستن بە بەخت نیشانەی بێهیوابییە. کاتێ مرۆڤ پلان و ئامادەیی و هەوڵ و متمانە و هیوای نەبێ، پشت بە بەخت و ناوچەوان دەبەستێ.

کورد تا ئەو پەڕی متمانە باوەڕی بە بەخت هەیە بۆیە وتویەتی:

٣١٢) **( .... ) یش بە بەختە.**

چالاککردنی ئەم پەندانە لە کردەی پەروەردەدا، کەسێتییەك بەرهەم دەهێنێ کە هەرگیز باوەڕی بەپلان و هەوڵدان و بیرکردنەوە نەبێت، لەهەمو پرسێکی ئاسایی و چارەنوسسازدا پشت بە بەخت ببەستێت.

## ٢/٣-١٨) هەڵسەنگاندن:

لە هەندێ لە پەندەکاندا، دیاردەی هەڵسەنگاندن بەدیدەکرێ؛ کە کورد دوای ڕامان و بیرکردنەوە، خۆی و دەوروبەری هەڵسەنگاندووە. خۆی وەك گەلێك یان کۆمەڵێك هەڵسەنگاندووە و هەروەها وەکو موسوڵمانێك، پەیڕەوکەرانی هەندێ لە ئاینەکانی دەوروبەری هەڵسەنگاندووە.

٣١٣) **کورد عەقڵی لە چاویدایە.**

تەنیا درك بەو شت و هۆکارانە دەکات کە بەچاو دەبینرێن و هەمو چاوساغێك دەیانبینێ، کەمەرج نییە ڕاست بن، بەڵکو لەپشت ئەوانەوە هۆکارو بیری تر لەئارادان کە نابینرێن. بەم پێییە کورد درکیان پێناکات.

٣١٤) **کورد، زو کڵاو دەچێتەسەری.**

[1] ) بڕوانە (٢/٣- ٨ ) ی ئەم بەشە.

واتا ساویلکەیەو زو هەڵدەخەڵەتێ و لە خشتە دەبرێ. بەدەربڕینێکی تر خۆشباوەڕە. روداوە مێژوییە کۆن و تازەکانیش بەڵگەن لەسەر ئەو راستییە.

**٣١٥) کورد بدوێنە؛ شەرعی خۆی دەکات.**

**٣١٦) تورك ورەنگ، فارس و دەنگ، کوردو جەنگ.**

٣١٧) **شوانی ناپاك، لە گورگ خراپترە.**

دەربڕینی کۆمەڵێکی ئاژەڵدارییە. هەڵسەنگاندنێکی وردی کەسێتیی بەرپرس و سەرکردەیە. جیهانبینییەکی لۆژیکییانەی هەیە. هەرکاتێ سەرکردە و رابەر رو لەگەندەڵی و ناپاکی بکەن؛ کارێك دەکەن کە هەرگیز دوژمنان پێیان نەکراوە و ناکرێ.

ئەم پەندە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوەدەکات کە پێویستە هەمو کات خەڵك و دەوروبەر بەسەر سەرکردەکانەوە چاودێر بن، چونکە ناپاکیکردنی ئەوان وەکو ناپاکیکردنی کەسێکی تری ناو کۆمەڵ نییە. هەروەها پێگەو دەسەڵاتی سەرکردە لەئاستێکدایە گەر بەخراپی و ناپاکی بەکاریان بهێنێ، زیانەکانی لەماوەیەکی زۆر کورتدا زۆر لەو زیانە زیاتر و مەترسیدارتر دەبێت کە دوژمن بەماوەیەکی زۆر دەتوانێ بیگەیەنێت.

٣١٨) **لە ماڵی جو نان بخۆ، لە ماڵی دیانیش بنو.**

ئەمە دەربڕین و هەڵسەنگاندنی موسوڵمانانن بۆ پەیڕەوکەرانی هەردوو ئاینی مەسیحی و جولەکە. جولەکە لای موسوڵمانان (لە کوردستان) بە ترسنۆك و خاوێن و دەوڵەمەند ناسراون، بۆیە ئاساییە گەر نان لە ماڵی بخورێ و ناوێرێ کوشتن و دزی بکات. دیانەکانیش شەڕانگێزنین بۆیە ئاساییە کە بە دڵنیاییەوە لە ماڵیان بخەوی. هەرچەندە ئەمە ناڕادەیەك تەبایی دروست دەکات، بەڵام مشەخۆری بەرهەم دەهێنێ کە ئەرکی لەسەر دەوروبەرەکەی زۆرەو خۆیشی هیچ بەرپرسیارێتییەك لە ئەستۆ ناگرێت.

٣١٩) **فەلە غەزری، مەچوە سەری. جو هەرات، مەچوە دوی.**

ئەمەش جیهانبینیی کوردی موسوڵمانە بۆ پەیڕەوکەرانی ئاینەکانی تر. ئەم پەندە پێیوایە کە فشارخستنەسەر خەڵك، توڕەیی و هەڵچونی زیاتر دروست دەکات و هەڵگەڕانەوە بە گژداچونەوەی لێدەکەوێتەوە کە زیان دەگەیەنن. جولەکەش کە هەڵات ناوێرێ جارێکی تر بگەڕێتەوە، لەبەرئەوە دیسان پێویست بە فشارخستنەسەر ناکات.

## ٢/٣-١٨-١) لەخۆباییبون:

هەر لە خۆهەڵسەنگاندندا، دیاردەی لەخۆباییبون هەستپێدەکرێ کەلەڕوی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نییە.

٣٢٠) **کورد فیشەکدان بالەخۆی؛ شا بە سەپان نازانێ.**

جگەلەوەی کەدیاردەی چینایەتی بەپەندەکەوە دیارە، باس لەوەش دەکات کەکورد لە کاتی هەبونی و خۆشی و دەسەڵاتدا زو لەخۆی بایی دەبێت.

٣٢١) **کەر لغاو بکرێ؛ خۆی بەئەسپ دەزانێ.**

ئەمەش رەنگدانەوەی کۆمەڵێکی کشتوکاڵیی – ئاژەڵدارییە و جارێکی تر لەخۆباییبون بەرجەستە دەکات. بەکارهێنانی ئەم پەندانە ( هەڵسەنگاندن و لەخۆباییبون ) لەپەروەردەکردنی نەوەکاندا، وێنەیەکی ناشیرینی

کوردیان لادروستدەکات، بەڵام خاڵێکی ئەرێنیی گرنگ لەبەکارهێنانیدا هەیە کە بۆ بەخۆداچونەوە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو کەسێتییە کۆمەڵایەتییەی کورد سودیان لێوەردەگیرێت، چونکە پێشکەوتن و گۆڕان تەنیا بەخستنەڕوی لایەنی ئەرێنی ناکرێ، بەڵکو بەدەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و دانانی جێگرەوە و چارەی گونجاو دەکرێ گۆڕانکاری لەکەسێتیی کورددا بکرێت.

۲/۳-۱۸-۲ ) متمانە بەدەوروبەر:

متمانە، ئەو هەستە بەهێزەیە کە تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە. راگرو بنیادنەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. نەبون یان نەمانی متمانە، سەرەتا و هۆکاری سەرەکیی پچڕانی شیرازەی کۆمەڵە. لەهەرسیستەمێکی حوکمڕانیدا (سیاسی یان کۆمەڵایەتی) متمانە نەمێنێ، دوارۆژی ئەو کۆمەڵە نادیار دەبێت و ئەنجامی رەفتارو کارەکان نەرێنی دەبن. لەهەندێ پەنددا دیاردەی بێمتمانەیی هەستی پێدەکرێت :

۳۲۲) **ئەو کەسە چاکە کەهیچی بەدەست نییە.**

۳۲۳) **بەپێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە.**

۳۲٤) **هێلکەی ئەمڕۆ، لەجوجەڵەی سبەینێ باشترە.**

بەکارهێنانی ئەم پەندانە لەپەروەردەکردنی نەوەکاندا، کەسێتیی بەگومان بەرهەم دەهێنن، کەسێتیەك کەباوەڕو متمانەی بەهیچ کار و بەڵێنێك نەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی پەرتەوازەبونی کۆمەڵ و لاوازبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە تێکچونی بنەماکانی بەیەکەوەژیان و تەبایی و زیادبونی گەندەڵیی لێدەکەوێتەوە.

۲/۳- ۱۹) ناوەندگیری (میانڕەوی):

۳۲۵) **خێرا مەڕۆ بکەوی.هێواش مەڕۆ دوابکەوی.**

۳۲٦) **شەرمەکە؛ بێدەعواش دامەنیشە.**

۳۲۷) **ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.**

۳۲۸) **نەئەوەندە شیرین بە قوت بدرێی، نەئەوەندە تاڵ بە فڕێ بدرێی.**

ئەم پەندانە کەسێتییەك بەرهەم دەهێنن کەتەنیا جەمسەرێك بەتوندی نەگرێت و جەمسەرەکەی تر فەرامۆش بکات؛ بەڵکو تارادەیەك هاوسەنگی رابگرێت. کەسێتییەك کەسیمای میانڕەوی تێدایە لەبری توندڕەوی. زیادەڕەوی لەرەفتارو هەستەکانیدا ناکات. دەتوانین بڵێین کەسێتییەکی تەندروستە.

۲/۳-۲۰) بەخۆداچونەوە:

۳۲۹) **پێش ئەوەی بەخەڵك پێبکەنی، سەیرێکی خۆت بکە.**

۳۳۰) **دەرزییەك بکە بەخۆتا، ئینجا سوژنێك بکە بەخەڵکا.**

ئەم پەندانە مرۆڤ بەئاراستەیەکدا دەبەن کە بەر لەهەنگاوەکانی بیربکاتەوە و بەخۆیدا بچێتەوە. دیارە بەخۆداچونەوە سیمایەکی مرۆیی و شارستانییە و پێویستە گشت تاکەکانی کۆمەڵ، رۆژانە پێش و دوای هەڵوێست و بڕیارەکانیان بەخۆیاندا بچنەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی کەسێتی و رەفتار و هەڵوێستەکانیان، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ دوبارەنەبونەوەی هەڵەکان و سودوەرگرتن لێیان بۆ داهاتو.

لەئەنجامی توێژینەوە لەو داتایانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا خرانەڕو بەم چەند خاڵە گەیشتین:

١. هەرچەندە زمانی پەندە کارگێڕییەکان سادەن؛ بەڵام لە ناوەڕۆکدا زۆر ورد و قوڵن.
٢. پشتبەخۆبەستن، سیمایەکی بنەڕەتیی کەسێتیی تەندروستە. لەم بوارەشدا، کورد پەندی زۆرە و زمانی هۆنینەوەی ئەو پەندانە هەژمونیان لەسەر کەسێتیی تاك هەیە.
٣. زمانی بەشێك لە پەندەکان، ڕەنگدانەوە و دەربڕینی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی – ئاژەڵدارن، کە سیمای سیستەمی خێڵەکییان پێوەدیارە.
٤. خۆشەویستیی زانست و زانستخوازی لە زمانی هۆنینەوەی پەندەکاندا زۆر کەمە.
٥. لەکلتوری کورددا، ترس و تۆقاندن، پێگەیەکی گەورەیان هەیە.
٦. زمانی پەندە پەروەردەییەکان، زۆرسادە و ڕوکەشە. لە واتاشدا پشت بە هێز و توندوتیژی دەبەستن و کەسێتیی توندوتیژ بەرهەم دەهێننەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم خاڵانە بەدیدەکرێن :
   ١) بەشێوەیەکی گشتی، مرۆڤ بێبەهایە. لە زمانی زۆر پەنددا بەهای مرۆڤ بەرامبەر بەکەلوپەل و ئاژەڵ دانراوە.
   ٢) سیماکانی ژن، لە زمانی پەندەکاندا، بەزۆری نەرێنین. ئەمەش کەسێتییەکی لاواز و بێمتمانە و پشتبەخەڵکبەستو بەرهەم دەهێنێ.
   ٣) زمانی پەندەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی پیاوسالارین. پیاو زاڵە، بەرنامەداڕێژ و هەڵسەنگێن و بڕیاردەرە.
٧. بیری ئاینی ئیسلام لە زمانی پەندەکاندا ڕەنگدانەوە و هەژمونی هەیە، بەڵام قوڵ نییە و ڕوکەشە. ئەم تێبینییانەش سەرنج ڕادەکێشن:
   ١) ئەو پەندانەی کە ڕەهەندێکی ئاینییان هەیە، لەهەندێ بنەمادا، لەگەڵ ئایندا دژیەکن.
   ٢) زمانی هەندێ لەپەندەکان لەگەڵ بەیەکەوەژیانی ئاینەجیاوازەکاندا کۆك نین. هەروەها بەکەمسەیرکردنی ئاینەکانی تر بەڕونی دیارە.
٨. ژمارەی ئەو پەندانەی کە چەقبەستویی بەرهەمدەهێنن لەو پەندانە زیاترن کە گۆڕانخوازن. ئەمەش لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستە زمانییانەوە دەردەکەوێت کە لە زمانی هۆنینەوەی پەندەکاندا بەکارهاتون.

دوای توێژینەوە لە ئەنجامی ئەو داتایانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا خرانە ڕو؛ بەباشی دەزانین، لەپێناو بەرهەمهێنانی کەسێتیی تەندروستدا، ئەم پێشنیازانە بخەینە بەرچاو :

١. لەبواری کارگێڕیدا، کار بە ناوەرۆك و واتای پەندە کارگێڕییەکان بکرێت و بەگرنگی و بەهایەکی بەرزەوە لێیان بڕوانرێت؛ چونکە بەڕێوەبردن و کارگێڕییەکی نمونەیی بەرهەم دەهێنن، کەدووربێت لەهەمو سیماکانی گەندەڵی.

٢. بۆ زیاتر پەرەپێدانی سیمای پشتبەخۆبەستن لەبنیادی کەسێتیی نەوەکاندا، پێویستە ئەو پەند و دەربڕینانە زیاتر لە کردەی پەروەردەدا بەکاربهێنرێن کە ئەم سیمایە بەرهەست دەکەن.

٣. دورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی دەربڕینی توندوتیژ و ئەو پەندانەی کە بیری تۆڵە لەهزری مرۆڤدا پەروەردە دەکەن.

٤. وازهێنان لە کاراکردنەوە و بەکارهێنانی ئەو پەند و دەربڕینەزمانییانەی کە بەشێوەیەکی نەرێنی لە ژن دەڕوانن؛ بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کەسێتییەکی تەندروست و بەخشینی بەهای مرۆیی بە تاکەکانی کۆمەڵ.